# خاڵ

گۆڤارێکی هزریی ڕۆشنبیرییە
دوومانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (٢٦) کانوونی یەکەم
٢٠١٩

**ئەم ژمارەیە بە سپۆنسەری سەنتەری زەهاوی**
**بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی چاپکراوە**

**خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر**
**تۆفیق کەریم**
**٠٧٥١١٤١٢٥٤٣ - ٠٧٧٠٠٦٣٧٦٦٤**
**tofeqkarem@yahoo.com**

**بەڕێوەبەری نووسین**
**عادل سدیق**

**بەڕێوەبەری هونەریی**
**ڕەوشت محەمەد**

**ڕاوێژکاری یاسایی**
**بەکر حەمەسدیق**

**ڕاوێژکاران**

پ. د. موحسین عەبدولحەمید
پ.ی. د. عوسمان عەلی
پ.ی. د. عوسمان هەڵەبجەیی
پ.ی. د. ئیسماعیل بەرزنجی
م.ی ئیدریس سیوەیلی

**سایتی گۆڤاری خاڵ:** **www.xalkurd.com**

**تیراژ:** ١٥٠٠
**نرخ:** ١٥٠٠ دینار



# لەم ژمارەیەدا

## تەوەری ژمارە: [پێگە و ڕۆڵی عەقڵگەرایی لە شارستانێتی ئیسلامیدا]


عەقڵ و ئیشکالیەتی دیاریکردن و ئەرکبارکردن لەئەدەبیاتی ئوصولییدا ............ د. سالّح قادر زەنگی ٥

موعتەزیلە لوتکەی عەقڵانیەتی ئیسلامی ................................................ د. ئومێد عوسمان ١٤

عەقڵ و نەقڵ لە نێوان تەواوکاری و دژەوانەیی یەکتریدا ......................... وریا عەبدوڵڵا کانی توویی ٣١

هیچ قوتابخانەیەکی ئیسلامیی گرفتی لەگەڵ عەقڵ نییە ................. گفتوگۆ لەگەڵ د. سەباح بەرزنجی ٣٧

بەخواکردنی عەقڵ ........................................................................... ئیکرام کەریم ٤٤

عەقڵکاری لەنێوان ڕەوتە جیاوازەکاندا ....................................................... حەکیم ئەبوبەکر ٥٠

عەقڵانیەت لای قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامی ......................................... د. ئاراس محەمەد سالّح ٥٤

پرس و پەیڤینی خود لە دەقە پیرۆزەکاندا قورئان وەک نموونە ......................... د. کامەران محەمەد ٦١

مێژووی گەشەسەندنی عەقڵی ئیسلامی ..................................................... سەرتیپ عزیز فارس ٦٦

میتۆدی عەقڵی قورئان لە گفتوگۆی نەیاراندا ......................................... و. بەدەستکارییەوە: خالید تۆفیق ٧٦

کێشەی عەقڵ و نەقڵ لە نێوان موعتەزیلە و حەنبەلیەکاندا .......................... عەلی تاهیر لەتیف ٨٢

عەقڵانیەت ................................................................................... ئیمداد تەها ٩٧

کاریگەری کیمیابارانی هەڵەبجە لەسەر ڕەوشی مرۆیی خەڵکی شارەکە ............... عادل صدیق عەلی ١٠٥

دەروونناسیی سۆفیزم و ڕەهەندەکانی کەشف .......................................... زانا ناجی عەبدوڵڵا ١١٧

گرنگی پلاندانانی زمانەوانی بۆ ئێستای کوردستان ........................................ د. فازل حەمەسەعید ١٢٣

نووسینی (بڕایەڵ)و هەوڵی پێشەنگی زانایانی مسوڵمان .......................... خەلەف ئەحمەد ئەبو زەید ١٢٦

ناپاکیکاران لەحەقیقەت ئایا زانایانی سروشت هەڵمان دەخەڵەتێنن؟ ............و: ڕێدار ئەحمەد ١٣٠

خوێندنەوەیەک بۆ رۆمانی کۆتری ئاشتی دکتۆر نەجیب گەیلانی .. د. عەبدوڵلەتیف یاسین ١٣٦




# تەوەری داهاتوو

## ڕۆڵی بیرەوەرییەکان لەنووسینەوەی مێژوودا

ئەزموونی هەر نەوەیەک گومانی تێدا نییە مایەی سوودمەندبوونە بۆ نەوەکانی دواتر، نووسینەوەی بیرەوەری و یاداشت لەسەردەمە جیاوازەکاندا جێگای گرنگی پێدان و بایەخ بووە، لەم سۆنگەیەوە گۆڤاری خاڵ لەبەر ڕۆشنایی ئەو گرنگییەی بیرەوەری و یاداشت و زۆربوونی چاپی یاداشتنامە یان وەرگێڕانیان لەزمانەکانی دیکەوە بۆ زمانی کوردی ئەم بابەتە دەکاتە تەوەری ژمارەی داهاتوو، دەپرسین:

- تا چەند بیرەوەرییەکان شیاون وەک سەرچاوەی ڕەسەن سوودیان لێوەربگیرێت بۆ نووسینەوەی مێژووی گەلی کورد؟
- ئایا دەکرێت بیرەوەری وەک ژانرێکی ئەدەبی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و بەتیۆری گێڕانەوەخوازیی لێی بکۆڵدرێتەوە؟
- جیاوازی نێوان بیرەوەری و گەشتنامەو ژیاننامە چییە؟
- ئایا ئەو بیرەوەرییانەی کەسایەتی و سەرکردە کوردەکان دەینووسنەوە تا چەند خزمەت بە مێژووی گەلەکەمان دەکات؟
- بۆچی ئێمەی کورد درەنگ دەستمان کرد بە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانمان؟
- تا چەند بیرەوەری کوردناسەکان دەتوانێت خزمەت بە مێژووی ئێمە بکات؟
- مەرجەکانی بابەتیبوونی نووسینەوەی بیرەوەری چین؟
- خاڵی لاواز و بەهێزی ئەو بیرەوەریانەی کورد خۆی نووسیونییەتەوە چین؟
- چی بکەین، بۆئەوەی ئەم بابەتە بکەین بەکلتوور لەناو گەلی کورددا؟
- بۆچی ئیسلامییەکان لە نووسینەوەی بیرەوەریی و یاداشتدا ساردن؟ ئەمە تاچەند زیانی بەمێژوو و پاشخانی فیکری ڕەوتی ئیسلامی لەکوردستان گەیاندووە؟
- ئایا دواخستنی نووسینەوەی یادداشت گومان ناخاتە سەر وردیی و ڕاستی و دروستی زانیارییەکان؟

ئەم خاڵانەو چەندین باسی پەیوەنداری دیکە دەخەینە بەردەم پسپۆڕان و خوێنەران، بەو ئومێدەی هاوکارمان بن لەدەوڵەمەندکردنی بابەتەکەدا.




# پێگە و ڕۆڵی عەقڵگەرایی لە شارستانێتی ئیسلامیدا

ئاشکرایە کە پەرەسەندنی عەقڵگەرایی لەمێژووی ئیسلامدا پەیوەستە بە پێشکەوتنی زانستەکان و پرۆسەی وەرگێڕان و نووسین، بەشێوەیەک کە پشتبەستن بە عەقڵی ساغ و فیترەتی پاک بوو بە بنەما بۆ زۆرێک لە کایە مەعریفی و زانستییەکان و چووە ناو گرنگترین ئەو بوارانەی کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەبوو لەتەشریعی ئیسلامی و هەڵێنجانی حوکمەکان ئەویش بوارەکانی ئوسوڵی فیقهـ و تەفسیر و حوکمڕانیی بوون، ئەمە سەرەڕای ئەوەی زانستگەلێکی وەکو فەلسەفەی ئیسلامی و زانستی کەلام و لۆجیک گەشەیان کرد، لەم ژمارەیەی گۆڤاری خاڵدا توێژەران و نووسەرانی بەڕێز  بە بابەتەکانیان لەم تەوەرانە دوواون:

- مێژووی سەرهەڵدانی عەقڵگەرایی لە شارستانی ئیسلامیدا و قوتابخانە و ڕەوتە جیاوازەکانی.
- کاریگەریی عەقڵگەرایی لەسەر بوارەکانی فیقهـ و ئوسوڵ و تەفسیر.
- دەرکەوتنی فەلسەفەی ئیسلامی و عیلمی کەلام و لۆجیک وەک لێکەوتەی فراوانبوونی عەقڵگەرایی.
- سەرهەڵدان و گەشەسەندنی قوتابخانە و ئاڕاستەی فیکریی و بیروباوەڕیی جیاواز و دروستبوونی گفتوگۆ و کێشمەکێش لەنێوانیاندا.
- کێشەی نێوان عەقڵگەرایی وپابەندانی دەق.
- بەشداری کورد لە زانستە عەقڵیەکان لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆ.

لەم تەوەرەدا ئەو بابەتانەو کۆمەڵێک بابەتی دیکەش شیکراونەتەوە.

# عەقڵ و ئیشکالیەتی دیاریکردن و ئەرکبارکردن لەئەدەبیاتی ئوصولییدا هەڵوەستەیەکی پتەوکارانە






**د. ساڵح قادر زەنگی**

سەرۆکی بەشی فیقهـ و ئوصول لەزانکۆی قەتەر

بابەتی بەچاکزانین (التحسين) و بەخراپزانین (التقبيح)، کە لەئەدەبیاتی ئوصولیدا هاتووە، گوزارشتە لەناونیشانی ئەم توێژینەوەیە، ئەم بابەتەش لەوێنە مێژووییە ناسراوەکەیدا بەڵگەیەکی بەهێزو، نیشانەیەکی درەوشاوەیە لەسەر سنگفراوانیی مسوڵمانان و، توانایان لەسەر وەرگرتنی ئەو بۆچوونانەی لەژینگەی دەرەکییەوە بۆیان هاتووەو، پوختەکردن و ڕاستکردنەوەیان و، پاشان کاراکردنی وەک پێویستییەکی ئایینی، بۆ بەیەکگەیاندن و ئاشنابوون و پەیوەندیی نێوان گەل و نەتەوەو رۆشنبیری و ژیارەکان.

ڕیشەی ئەم ئیشکالیەتە بۆ کەلەپووری گریکی دەگەڕێتەوە، لە قسەکردن لەسەر خواوەنددا، لەشێوەی ئەم پرسیارە: ئایا خواوەندەکان لەبەر ئەوە لەکردەوەکان ڕازی ئەبن چونکە باش و چاکە، یان کردەوەکە باشێتی و چاکێتی لەڕەزامەندیی خواوەندەوە وەردەگرێت؟

هەروەها بیرۆکەکە دەگەڕێتەوە بۆ یاسای سروشتی (القانون الطبيعي) -کۆمەڵە ڕێسایەکی گشتیی بەرزە، لەسروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا شاراونەتەوە، ناکەونە بەر گۆڕاوەکانی کات و شوێنەوەو، عەقڵ لەتوانایدا هەیە پەییان پێ ببات- لای ئەوان، با تۆماریش نەکرابن.

ئەم بیرۆکەیەش بەدەوری سێ پرسیاری بەشوێن یەکدا هاتوو دەخولێتەوە، ئەوانیش:

پرسیاری یەکەم: ئایا شتەکان –وتە، کردار، ڕەفتار، ڕووداو، خود و کاتییەکان- چاکی و خراپیی خودییان هەیە، کە لەخودی شتەکەوە سەرچاوەی گرتبێت و، تێیدا چەسپابێت و نەگۆڕێت؟

ئەگەر وەڵامی پرسیاری یەکەم (بەڵێ)بوو، ئەوا پرسیاری دووەمی بەشوێندا دێت.

پرسیاری دووەم: ئەگەر وامان دانا شتەکان چاکی یان خراپیی خۆییان هەیە، ئایا زانینی خەسڵەتی چاکی و خراپی لەوانە، لەتوانای عەقڵی مرۆییدایە، بەبێ پەنابردن بۆ شتانێکی دەرەکی، وەک ناردنی پەیامبەران (سەلامی خوایان لێ بێت) و دابەزینی پەڕاوی ئاسمانی؟

دوای یەکلابونەوەی پرسیاری دووەم، پرسیاری سێهەم سەر هەڵدەدات بەمجۆرە:

پرسیاری سێهەم: ئەگەر عەقڵی مرۆڤ چاکی یان خراپیی شتەکان هەست پێبکات، ئایا ئەو هەست پێکردنە دەبێتە هۆی ئەرکبار (تکليف) کردن، بەو واتایەی لە گوێڕایەڵبووندا پاداشتی بۆ هەبێت، لە سەرپێچیشدا سزای بکەوێتە سەر، بەوەش مرۆڤ ئەرکبار دەبێت بەدوورکەوتنەوە لەوانەی بۆی دەرکەوتووە کە خراپە، بەو خۆلادانەش لێی پاداشتی هەیە، بەئەنجامدانیشی سزا دەدرێت لەسەری؟ بەدەربڕینێکی تر: ئایا تەکلیف تەبعێکی تەواو عەقڵی وەرگرتووە؟ ئایا هاوئاهەنگییەک هەیە لەنێوان ستایشکردن و زەمکردن، پاداشت و سزادا؟ ئایا عەقڵ بەرژەوەندی و خراپییەکان و، سوودبەخش و زیانبەخشەکان دەدۆزێتەوە، پاشان حوکمێکی شەرعی هەیە شوین بەرژەوەندییەکان بکەوێت بە فەرمان بەئەنجامدانیان و، خراپەکانیش دووبخاتەوە بە نەهیی لێکردنیان؟ بەشی عەقڵ لەتەکلیفەکاندا چییە: دامەزراندن یان دۆزینەوە؟

وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە وروژێنراوانە تێگەیشتنێک لەمەڕ چاکێتی و خراپێتی دێنێتە ئارا.

تێڕوانینەکان سەبارەت بەم شتانە زۆرن، نامەوێت بچمە نێو خستنەڕووی ئەو قسانەو بەڵگەکانیانەوە، بەڵکو تەنها وەڵامدانەوەکانیان بۆ ئەو پرسیارانە وەردەگرم، پاشان تێبینی خۆمیان لەسەر دەخەمەڕوو.

ئەم خشتەیەش وەڵامەکانیان بۆ ئەو پرسیارانە دەخاتە ڕوو:

| ئەو پرسیارانەی بیرۆکەی چاکی و خراپی پێکدێنن | وەڵامی موعتەزیلەو ئەوانەی لەگەڵیاندان بۆ ئەو پرسیارانە | وەڵامی ئەشعەریەکان و ئەوانەی لەگەڵیاندان بۆ ئەو پرسیارانە | وەڵامی ماتریادییەکان و ئەوانەی لەگەڵیاندان بۆ ئەو پرسیارانە |
|---|---|---|---|
| پرسیاری یەکەم | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ |
| پرسیاری دووەم | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ |
| پرسیاری سێیەم | بەڵێ | نەخێر | نەخێر |

**تێبینیەکانم لەسەر وەڵام و بۆچوونەکانیان:**

١- ئەوەی دەوترێت عەقڵی مرۆیی دەستەوسان و ناتوانایە لە چاکی یان خراپی رەفتارەکان تێ بگات، بۆیە پێویستە شەریعەتێک هەبێت ئاشنای چاکی و خراپیی گەورەو بچوکی شتەکانمان بکات، قسەیەکی لەڕاستیەوە دوورە، لەواقیعەوە دوورە، لەگەڵ بەدیهیاتەکاندا یەکناگرێتەوە، ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێک، لەوانە: خوای گەورە لەدەروونی مرۆڤدا چەندین ئامرازی داناوە بەهۆیانەوە جیای بکاتەوە، کە ئەوە چاک و ئەوە خراپە، عەقڵ و لەبەرچاوگرتنی دەرئەنجامەکانی لەقورئانی پیرۆزدا پێگەیەکی بۆ دانراوە، ژمارەیەکی زۆر ئایەت هەیە رووی لەخەڵکە ژیر و زانا و بەرچاوڕوونەکان و جگە لەوانە کردووە، مەنهەجی قورئان و شێوازی خیتابی قورئانی پیرۆز بۆ عەقڵی مرۆڤەکان، لەو هۆکارە زۆر گرنگانەیە، کەپەیامی ئیسلامی بۆ نەمری هەڵبژاردووە و، دەسەڵات و رێنماییەکانی بەسەر مرۆڤ و ژیاندا باڵادەست کردووە، ئەو راستیەشی کەپێویستە لەیادمان بێت ئەوەیە خیتابی شەرعی تەکلیفی روو لەمرۆڤێکە عەقڵ و پێگەیشتنی هەبێت، نەک ناتەواو وبێ عەقڵەکان. بە ئاوڕدانەوەیەکی ورد لەجیهانی پێشکەوتوو، ناچار دەبێت بە گەواهی دان و ملکەچبوون بۆ توانای ئەو عەقڵەی خوای گەورە بەمرۆڤی بەخشیووە، لێرەوە مەزنێتی ئەو رێزلێنانەی پەروەردگار بۆ مرۆڤ تێدەگات.

ئەوەتا ئیمامی حەرەمەین (٤٦٨ک مردووە) یەکێکە لەئیمامە ئەشعەریەکان، دەڵێت: «نکوڵی لەوە ناکەین، کە عەقڵەکان ئەوە لەخاوەنەکانیان دەخوازن، خۆیان لەتیابەرەکان بەدوور بگرن و، سوودە بەردەستەکان بەدەست بێنن، لەگەڵ وردەکارییەکانی، نکوڵی کردن لەمە، دەرچوونە لەمەعقول، بەڵام ئەوە دەرهەق بەئادەمییەکان، قسەکەی ئێمە لەچوارچێوەی ئەوانەیە، کە لە حوکمی خوای گەورەدا چاک یان خراپن(١)، لەبەر ئەوە پشتگیریی ئەو قسەیەی شەوکانی (١٢٥٠ک مردووە) دەکەین، کەدەڵێت: «نکوڵی کردن لە درک پێکردنی عەقڵی بە باشی یان خراپیی کردارێک، سەرکەشی و بوهتانە«(٢).

٢- وتنی ئەوەی عەقڵی مرۆڤ باڵادەستە بەسەر تێگەیشتنی چاکی و خراپی هەموو رەفتارو هەڵس وکەوتەکان (جگە لەوانەی کەپەرستشین)، ئەمەشیان قسەیەکی دوورە، هیچ بەڵگەیەک نییە بەهێزی بکات و واقیعێک نییە بیسەلمێنێت، بگرە واقیع پێچەوانەیەتی، چەندان گەل ونەتەوە لە جیهاندا و، لەم سەردەمەشدا، کەسەردەمی

**لەوڵاتانێکدا، کە لەدەستووریاندا باسی ئایین هەر نەکراوە، وێڕای باس نەکردنی دەسەڵاتەکەی لەیاسادانانەدا، ناکرێت بڕیاربەدەستان بە ئێرتیجالیەت وەسف بکەین، بەوەی ئەوان عەقڵیان ناتەواوە و پێگەیشتوو نین.**



هەستانەوەو پێشکەوتنی ڕۆشنبیری و تەکنەلۆژیایە، هەتا ئێستاش عەقڵیان بەئاگا نەهاتووە، ڕێنوێنی نەکردوون بەرەو ڕۆشنایی، بۆیە شتانێکیان لەسەر خۆیان قەدەغە کردووە، کە عەقڵیان بەناشیرینی داناوە، هەیانە خۆی لە هاوسەرگیریی بەدوور دەگرێت، هەیانە تاوان بەرامبەر کۆئەندام و ئامرازی زۆربوونی خۆی ئەنجام دەدات، هەشیانە خۆی لە سەربڕینی ئاژەڵ بەدوور دەگرێت، چونکە پێی وایە ئەوە دەستدرێژییە بۆ سەر ئاژەڵ و بەزایەدانی مافەکانییەتی، لەلایەکی ترەوە شتانێکیان ئەنجامداوە، کەشەرعی خوا بەناشیرینی داناوە، بەو پێیەی کە عەقڵ پێی باشە، بۆیە گۆشتی بەرازو مەیمون لەلایان لەهەموو گۆشتێکی تر باشترە، هەرچەندە بەپێی عەقڵ وا باوە کە ناشیرین و حەرام بێت، مامەڵەکردن بەسوو لای ئەوان بەباش دەزانرێ و چەندین دام و دەزگاو بانکی سوو وەرگریان دامەزراندووە، ڕێگەیان داوە بەئازادیی پەیوەندی جنسیی و، تێکەڵاویی نێوان نێرو مێ بەبێ کۆت و بەند، هەروا دەهۆلیان کوتا بۆ خۆخستنەڕووی مەکروهـ چێژیان لەهاوسەرگیریی لەگەڵ مەحرەم وەرگرت، یاسایان دانا بۆ هاوسەرگیریی هاوڕەگەزەکان (نێوان دوو نێر، نێوان دوو مێ)، نەک تەنها یاسادانان، بەڵکو یاساکە لەهەندێ وڵاتی ئەوروپا و لەهەندێ ویلایەتی ئەمریکا چووە بواری جێبەجێکردنەوە، زیاتر لەوەش بڵێ، وای لێهاتووە ئەو هاوسەرگیرییە بێزراوە ببێتە بەشێک لە بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ سەرکەوتنی حزبێک بەسەر حزبێکی تردا، هەموو ئەوانە لەسەر ئەو بناغەیەیە، کەعەقڵ ڕێگەی پێ دەدات و ڕێگریی لێ ناکات، دەستوەردانی ئایین لەئاراستەکردنی ژیان و ڕێنێویکردنیان بە ناشیرین داناوە، لەدەوڵەت دووریان خستوەتەوە، بگرە هەندیکیان بەیاسایەکی تایبەت پۆشینی حیجابیان لەدامەزراوەکانی دەوڵەتدا قەدەغە کردووە، ئەمانەو شتانێکی تری زۆر.

لەوانەیە کەسێک بڵێت: ئەو نموونانەی هێناتانەوە لەنموونەکانی کۆمەڵەی یەکەمدا، هەتا ئێستاش عەقڵی مرۆڤ بەباشیان دەزانێت و، لەکۆمەڵەی دووەمدا بەناشیرینیان دەزانێت، هەرکەسێکیش بۆچوونی پێچەوانەی ئەوانەی هەبێت، تەنها بەهۆی ناتەواوی لەعەقڵی و زاڵبوونی هەواو ئارەزوویەوە ئەوەی بۆ دروست بووە، یان بەپاڵنەری فیکری و عەقیدەیی.

دەڵێم: ئەوەی لەڕوونکردنەوەکەدا یان لەڕەخنەکەدا باسکرا، ناکرێت فەرامۆش بکرێت و لەبەرچاو نەگیرێت، بەڵام ئەوەی تێبینیمان کردووە، وردنەبوونە لەگشتاندنی قسەکەدا، چونکە زۆرێک لەو بابەتانە شێوەیەکی یاسایی وەرگرتووە، لەوڵاتانێکدا، کە لەدەستووریاندا باسی ئایین هەر نەکراوە، وێڕای باس نەکردنی دەسەڵاتەکەی لەیاسادانانەدا، ناکرێت بڕیاربەدەستان بە ئێرتیجالیەت وەسف بکەین، بەوەی ئەوان عەقڵیان



**پێمان وا نییە هەرچی لای خەڵك قبوڵکراو بوو، پێویستە لای پەروەردگاریش قبوڵکراو بێت، ئەوەش لای خەڵك ناشیرین بوو، لای پەروەردگاریش ناشیرین بێت، ئەو تێڕوانینە پێوانەکردنی پەروەردگاری دروستکار لەسەر دروستکراوەکەی لەخۆ گرتووە.**

ناتەواوە و پێگەیشتوو نین، چونکە ئەو پێگە هەستیارە تەنها کەسانی عاقڵەکانی کۆمەڵەکەیان بۆ هەڵدەبژێردرێت، کە لە هەموویان چاکترن و، خاوەن ئەزموون و توێژینەوەو بڕوانامەی باڵایان لەنێوادایە، هەیانە بیرمەندو ڕینماییکارن، هەروەک بە شتێکیش لەوە دوورە کە بە هەواو ئارەزوو حوکم بکات، چونکە ئەو بڕیارانە لانی کەم بۆچوونی زۆرینەی سادە (٥٠٪ زائید یەکی دەنگەکان)یان لەگەڵە، ئەمەش بواری هەواو ئارەزوو بەرتەسک دەکاتەوە، بەوەی گومان ئەوەیان پێ ببرێت، کە گوێ بە بەدیهاتنی بەرژەوەندی و خێرو چاکەی وڵات و هاوڵاتیان نادەن.

٣- عەقڵ عیللەتی (کاریگەر) نییە لە بەچاکزانین و بەخراپزانیندا، بەومانایەی عەقڵ هیچ کاریگەریی نییە لەسەر پێکهێنانی سروشتی شتەکەو دیاریکردنی حەقیقەتەکەی وەکو خۆی کە هەیە، هەر ئەوەندەیە کە عەقڵ لەئامرازەکانی ڕێنوینی و بەڵگەهێنانەوەیە، یان دەلالەتە لەسەر ئەو چاکی و خراپییەی لەشتێکدا هەیە، بەم پێیە، عەقڵ چۆنییەتی ڕەوشی شتەکان دیاریی ناکات، کە ئەوانە ڕەوشی بابەتین و لەدەرەوەی عەقڵن و دابڕاون لێی، عەقڵ خراپیی یان چاکیی ڕەفتارێک ناسەپێنێت، بەڵکو لەڕێگای بەڵگەوە حاڵەتی کردارەکەی بۆ دەردەکەوێت، لەمەدا هاوشێوەی زانستە، ئەوە پەیوەندیدار نییە بەوەی شتەکە لە چ دۆخێک یان لەناو چ دۆخێکدایە، بەبێ ئەوەی ئەو زانینە وا بکات زانراوەکە وابێت، چونکە زانین سیفەتێکی ئامادەیە لە خودی زاناکەدا، لەکاتێکدا زانراوەکە خودی شتەکەیە، جا هەردوو لایەنی دانەپاڵ و پەیوەستکردن جیاوازن، ئیتر لەسەر ئەم پێوەرە، چۆنیەتی پەیوەندیی و پەیوەستیی نێوان عەقڵ و بەچاکزانین یان بە خراپزانینی شتەکان پێوانە بکە.

٤- پێمان وا نییە هەرچی لای خەڵک چاک و قبوڵکراو بوو، پێویستە لای پەروەردگاریش چاک و قبوڵکراو بێت، ئەوەش لای خەڵک ناشیرین بوو، لای پەروەردگاریش ناشیرین بێت، چونکە ئەو تێڕوانینە لەخۆیدا پێوانەکردنی پەروەردگاری دروستکار لەسەر دروستکراوەکەی لەخۆ گرتووە، ئەمەش مەترسی ئەوەی هەیە هێدی هێدی بەرەو قسە نارەواکانی فیرقەی قەدەرییەکان بچێت، یان سەری لەو قەدەغەکراوەوە دەربچێت، کەجولەکەکان ئەنجامیاندا، لە پێوانەکردنی نێوان مەخلوق و خالق، بەجۆرێک سیفەتەکانی مەخلوقیان کردە ئەسڵێک بۆ پێوانەکردنی سیفەتەکانی خالق، جا وەسفی خوایان دەکرد بەوانەی کە ئینسانی پێ وەسف دەکرد، لەهەژاری و ڕژدی و زیادەڕۆیی، لەبەر ئەوە پێمان وانییە هەر شتێک لای عەقڵ ناشیرین بێت، دەبێ خوای دانەری شەرعیش نەهیی لێ بکات، پێچەوانەکەشی بەهەمان شێوە، ئەم بڕیاردانە لە چوارچێوەی وردبوونەوەو مشتومڕدا مایەوە، بەڵام لەڕووی کردارییەوە هیچ نموونەیەکی بۆ

ناهێنرێتەوە، هەندێک دەشتەکی، کە دوای ئاشنا بوون بە بانگەوازەکەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، موسڵمان بووبوو، پێیان وت: بەچی موسڵمان بوویت؟ چیت لە پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) بینیوە، کە ببێتە بەڵگە کەنێردراوی خوایە؟ وتی: فەرمانی بەشتێک نەکردووە عەقڵ بڵێت خۆزگە ڕێگریی لێ بکردایە، ڕێگریشی لەشتێک نەکردووە عەقڵ بڵێت خۆزگە فەرمانی پێ بکردایە، شتێکی حەڵاڵ نەکردووە عەقڵ بڵێت خۆزگە حەرامی بکردایە، شتێکیشی حەرام نەکردووە عەقڵ بڵێت خۆزگە ڕێگەی بدایە(٣)، بەڵگەی ڕاستیی بانگەوازکەی بەوە دێنێتەوە، بەوەی بڕیارەکانی چوونیەکە لەگەڵ هەموو ئەوانەی عەقڵ بەباشیان دەزانێت.

٥- عەقڵی مرۆیی لەوانەیە بەشێوەیەکی گشتی هەمووەکی دەرک بە چاکی کردەوە یان ڕەفتارێک بکات، کە وەک پێویست نییە، هەر دەبێت دەرک بە وردەکارییەکانیش بکرێت بۆ دوورخستنەوەی خراپەو، بڕینی زمانەکان لە وتی وتی و ململانێ و بەگژیەکداچوون، بۆ نموونە دادپەروەری، عەقڵمەندان لەسەر باشێتیەکەی یەکدەنگن، دەستوورەکانیش لەسەر ئەو بنچینەیە دانران، بەڵام جیاوازییەکی زۆر و تەواو دژیەک ڕوویدا لەڕێکخستنی ئەگەرەکانی و، دیاریکردنی وردەکارییەکانی لەلایەن عاقڵمەندانەوەو، پێکهاتنی دوو جەمسەری شیوعی و سەرمایەداری، شیوعیی سوور وایدەبینی، کە دادپەروەریی بۆ مرۆڤ بەدی نایەت، بەبێ هەڵوەشاندنەوەی موڵکداریی تاک و، موڵکداریی بەکۆمەڵ جێگەی بگرێتەوە، لەهەمان کاتدا جەمسەری دووەم، سەرمایەداریی وایدەبینی، کە دادپەروەری بەدی نایەت، بەبێ بوار کردنەوە لەبەردەم تاکدا، تا هەرچیی دەوێت ببێتە خاوەنی و، تواناکانی خۆی بخاتە گەڕ بۆ گەشەپێدانی موڵکەکانی، دوور لە چاودێریی دەسەڵاتی حوکمڕان. ئەوەی خستبوونیە ئەو دژیەکیانەوە بریتی بوو لەکورتبینییان بۆ مرۆڤ و پەیوەندییەکەیی بەداراییەوە، ئەوان بەشێوەیەکی تەواوەندی گشتگیری فرەڕەهەند سەیریان نەکرد، لێرەوە پێویستی زۆری مرۆڤ بۆ کەسێک سەرهەڵدەدات، کە لەیاساکانیدا دادپەروەری بۆ دابین بکات سەرهەڵدەدات، جگە لەخوای گەورەش کەسیتر لەتوانایدا نییە ئەوە دەستەبەر بکات، چونکە کەس وەک ئەو شارەزاو بەئاگا نییە لەمرۆڤ و پێویستییەکانی.

٦- پێوەری حەرامکردنی شتەکان لەشەریعەتە ئاسمانییەکانی پێشتریشدا ئەوە نەبووە کەعەقڵ بەناشیرینی دەزانێت، بەڵکو حەرامکراوەکان وەک سزایەک بووە بۆ پەیڕەوانی ئایینەکە بەهۆی لادانیکیانەوە، وەک هەندێک خواردن و خواردنەوە کەلەئایینێکدا حەرامکراوەو لەیەکیکی تردا حەرام نەکراوە، بۆ قەومێک کراوە بۆ یەکێکی تر نەکراوە (فبظلم من الذين هادوا حرمنا عليهم طيبات أحلت لهم وبصدهم عن سبيل الله كثيرا) (سورەتی: النساء: ١٦٠)، لەنێو ئەو حەرامرکاوانەدا لەبابەتێکی تردا: (وعلى الذين هادوا حرمنا كل ذي ظفر) (سورەتی: الانعام: ١٤٦)، ئیسلام هات و لەسەر بنەمای بابەتیبوون حەرامبوونی ڕاگەیاند: (ويحل لهم الطيبات ويحرم عليهم الخبائث) (سورەتی: الاعراف: ١٥٧).

٧- بەر لە دانانی شەرع، مرۆڤ لەبەردەم خوای گەورەدا لە حوکمە ئەرکبارییەکاندا بەرپرسیار نابێت، چونکە بانوو هێنانەوە بۆ خەڵک لەڕۆحی شەریعەت نزیکترەو، ئاسانتریشە بۆیان، نەرم ونیانتریشە بۆیان، هیچکەسیش هێندەی خوای گەورە عەوزری لا خۆشەویست نییە، شەهید سەید قوتب (١٣٨٥ک مردووە) لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا: (وما كنا معذبين حتى نبعث رسولا) (سورەتی: الاسراء: ١٥) دەڵێت: «ویستی سۆزو بەزەیی خوای گەورە وابوو لەسەر ئەو ئایەتە گەردوونییانەی لەلاپەڕەکانی بووندا پەخشکراوە،

لێپرسینەوە لەگەڵ مرۆڤ نەکرێت و، بە هۆی ئەو بەڵێنە فیترەتیەی لە نەوەی ئادەمی وەرگرتووە لە پشتی باوکیانەوە، لێی نەگرێت»(٤).

ئەو کەسەی ئێستا لەناوچەیەکی دوورە دەستدا دەژی کەدوورە لەتێگەیشتنی حوکمەکانی خوای گەورە هیچی لەسەر نییە، نەلەدونیادا لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێت نەلەقیامەتدا، چونکە لەبنەڕەتدا ئەستۆ پاکە (الاصل براءة الذمة)، ئەو بنەڕەتە دەمێنێتەوەو بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی پێچەوانەی ئەوە دەسەلمێندرێت، هەروەها لەبەر ئەوەی لێپرسینەوەی پێش دابەزینی شەرع، شەریعەت و دەقەکانی قبوڵی ناکات، چونکە: (لايكلف الله نفسا الا وسعها)(سورەتی: البقرة: ٢٧٦). بەڵام ئەوەی موعتەزیلەکان بۆی چوونسەبارەت بەم بابەتە لەسەر بناغەی چاکێتی و خراپێتی عەقڵمەندی، ئەمە دژە لەگەڵ ئەو بەڵگە عەقڵییانەی باسکران کەدەیسەلمێنێت کە تا پەیامەکەیان پێ نەگات نابێتە بەڵگە لەسەریان، پاشان پاداشت و سزا لەشوێنەوارەکانی گوێڕایەڵی و سەرپێچی خوای گەورەن کەلەسەر خەڵکی پێویست کردوون، هەروەها یەکێک لەئەولەویەتەکانی عەقڵ ئەوەیە کەپێش گەیشتنی پەیامەکەو روونکردنەوەی سزای لا ناشیرین بێت، بەوەش دەتوانین بڵێین شەریعەت پێش یاسا دانراوەکان کەوتووە لەبڕیاردانی بنەمای (تاوان و سزا بەبێ بوونی دەق نییە).

٨- بەتەنها تێگەیشتنی عەقڵی بۆ باشی و خراپی بەس نییە بۆ ناچارکردنی کەسی ئەرکبار (مكلف) لەسەر ئەنجامدان یان هەڵهاتنی لەخراپە، پێویستە شتێکی سەرنجڕاکێش-دەسهاتێک- هەبێت پاڵی پێوە بنێت بۆ بەدەمەوەچوون یان خۆلادان، هیچ دەسهاتێکیش نییە وەک ئەو پاداشتانەی لەپەیامی خوای گەورەدا هاتوون کاریگەرییان هەبێت لەسەر دڵ و ویژدان و هەستی مرۆڤ بیجولێنێت.

٩- نکوڵی کردنی ئەشعەرییەکان لەڕۆڵی عەقڵ لەبەچاکزانی و بەخراپزانیدا –وادیارە- نکوڵیکردنێک نییە لەخودی بابەتەکەوە سەرچاوەی گرتبێت، وەک بابەتێکی تەواو زانستی کەبابەتەکەی لەژێر مەحەکی زانستی پوختی بێلایەنی دوور لەهۆکارە دەرکییەکاندا بێت، بەڵکو لەبەرچاوگرتنی سەرئەنجامی حوکمەکە بووە، لەگەڵ ئەو هەنگاوەی بەدوای ئەو بابەتەدا دێت، ئەوەی لێی دەکەوێتەوەو خوێندنەوەی دوور و خۆپارێزی وای لێکردن ئەو هەڵوێستە ڕابگەیەنن، کەهیچ نەرمی نواندنێک قبول ناکات، زیادەڕویکردن لەمەدا لەوانەیە لەگەڵ دەقی شەرعیدا تووشی بەریەککەوتن ببێت، بۆ پتەوکردنی ئەوەی وتمان دەتوانین نموونە بەئیمامی غەزالی بهێنینەوە، ئەم زانا ئەشعەرییە کەلەدەربڕینەکانیدا جەخت لەسەر گرنگیی عەقڵ دەکاتەوە دایدەنێت بە: «ئەو حاکمەی لانادرێت و ناگۆڕدرێت، ئەو شاهێدەی شەرع کە پوختکەرەوەو راستکەرەوەیەتی»(٥).

لەوانەیە ئەمانەش لەو هۆکارانە بن کەلەپشت ئەو ڕۆڵەوە بن:

أ- پەلەکردنی موعتەزیلە لەخستنەڕووی بیردۆزەکەو زیادەڕەویکردن لە کارکردن بەعەقڵ و گەورەکردنی ڕۆڵەکەی و، توندڕەوی لە لێکدانەوەی دەقەکان، بۆ سەلماندنی دەسەڵاتی عەقڵ و، پێکدادانیان لەگەڵ تێگەیشتنی دەستەجەمعیی ئوممەت و زانایانیدا، ئەمە لەمیانی جەختکردنەوە چەندبارەکانیان لەسەر ڕۆڵی عەقڵ لەسەرەتاوە دەردەکەوێت، لەگەڵ ئەو کۆتکردنەی لەکۆتاییدا لەسەریان پێویست کرد، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە هەڵوێستەکەیان پاساو بووە زیاتر لەوەی زانستی و بابەتی بێت، لەبەر ئەوە بەرزکردنەوەی ئاڵای عەقڵانییەت وەک دروشمێکی بریقەدارو سەرنجڕاکێش بۆ کۆکردنەوەی خەڵک و لایەنگرانیان لەدەوری خۆیان سەرتایەک بوو بۆ گەیشتن بەکورسی فەرمانڕەوایەتی.

ب- خۆپاراستن و خۆپارێزی لەخراپ

بەکارهێنان و قۆستنەوە، تا بابەتەکە نەکرێتە پاساو بۆ گۆڕینی شەریعەت و هەنگاو بەهەنگاو گۆڕینی لەشەریعەتێکی ئاسمانیی پەروەردگارەوە بۆ شەریعەتێکی عەقڵی دەستکرد، یان شەریعەتێکی کۆمەڵایەتی، کە دروستکراوی داب و نەریتەکانی کۆمەڵگا بێت، ئەوەی کۆمەڵگا بەباشی زانی و جەماوەر لایان چاک بوو، ئەوە ئەو شەرع و یاسایەیە کەشایانی ژیانەو شایستەی شوێنکەوتن و بڵاوبوونەوەیە، ئەوەشی جەماوەر ڕەتی کردەوە، ئەوە لەگۆڕنراو و ڕەتکراوەیە، بەمە ئایین هەمووی بۆ خوای گەورە نابێت.

لەڕاستیدا ئەم خۆپارێزییە پاساوی خۆی هەیە، چونکە شاهیدی مێژوویی و واقیعی حاڵی موسڵمانان شتانێکی بەخۆوە بینی و هەتا ئێستاش بەخۆوە دەبینێت، کە شاهیدن ئێمە وەک موسڵمانان کەوتینە خراپ بەکارهێنانی هەندێک لەبابەتەکانمان و، خستنمانە شوێنی نادروست و نەگونجاوەوە، بەڵام ئەم خۆپارێزییە دەکرێت لەسنوورو ڕادەی خۆیدا ڕابگیرێت و، زیادەڕەوی نەکات، بەوجۆرەی حەقیقەتە زانستییە سەلمێنراوەکانیش تێپەڕێنێت و، بچێتە ناو بازنەی یاسادانانەوە.

ت- وەرگەڕانی کێشانەکان و وازهێنان لەو پێوەرانەی کەسانێکی قاڵبوو لەعیلمدا دایان ناوە، بەرەو حوکمدان لەسەر دەقەکان بەقبوڵکردن یان ڕەتکردنەوەی، دەقە قەتعییەکان لەڕووی سەلمێنراو و دەلالەتەکانیانەوە، لەقورئان و سوننەتدا، دەخرێنە ژێر تاقیکردنەوەی عەقڵی و پشکنینی تاقیگەیی، جا لەوانە ئەوەی عەقڵەکان قبوڵیان کرد ئەوە قبوڵکراوە، ئەوەشی عەقڵەکان ڕەتیان کردەوە ئەوا تا ڕۆژی قیامەت ڕەتکراوەیە، ئیتر پلە و پێگەی دەقەکە هەرچی بێت، بواری ئیجتیهادیش فراوان دەکرێت، تا تێدەپەڕێت لەبازنەی ئەوەی دەقی زەننی لەسەرە و، ئەوەش کە دەقی لەسەر نییەو، خۆی لەوەش دەدا کە دەقی قەتعیی لەسەر هەیە، بەدەربڕینێکی تر، بە پێوەرێک مامەڵە لەگەڵ دەقی شەرعی دەکات، هاوشێوەی ئەو پێوەرانەی بەهۆیەوە مامەڵە لەگەڵ دەقی تر دەکات، بۆ نموونە تەواو هاوشێوەی دەقێکی ئەدەبی، جا لەجیاتی مەنهەجی ئیسلامیی پتەو لەڕەخنە و لێکدانەوەی دەقدا، مەنهەجی تری ناجێگیرو ململانێکار شوێنی دەگرێتەوە، کە لەکەشێکی نائیسلامیدا هاتووەتە ئارا، پابەند نین بەسنووری زمان و ئەدەبی خیتابی شەرعییەوە: (أتستبدلون الذي هو أدنى بالذي هو خير) (سورەتی: البقرة:٦١).

ث- وردە وردە بەرەو گرنگیی نەدان و فەرامۆشکردنی ڕەهەندی سەرچاوەی مەعریفیی غەیبیی دەقەکان دەچێت، بەجۆرێک کە دەقە شەرعییەکان جیاوازی زۆریان هەیە لەگەڵ دەقەکانی تردا، لەوانە ڕەهەندە سەرچاوەییەکەیان، چونکە هەموو دەقێکی شەرعی قورئان بێت یان فەرموودە دوو ڕەهەندی هەیە، ڕەهەندی سەرچاوەیی کەمەبەست لێی ئەو لایەنەیە دەقەکەی دراوەتە پاڵ، واتە خاوەنەکەی کەلێیەوە هاتووە، کەوتاردەرە (قسەکەرە)، دەقە شەرعییەکان بەو پێیەی لەلای خوای گەورەوە هاتوون و لەلای پێغەمبەرەوەن (درودی خوای لەسەر بێت) ئەوا وەک پێویست دەقی مەعسومن و بەشێوەیەکی ڕەها بەدەرن لە ناتەواوی و کەم و کورتی، لەهەر بەلارێداچوون و یان کەلێنێک کەلەوتاری خەڵکیدا بوونیان هەیە، ئەم مەعسومیەتە پیرۆزی بۆ دەقی شەرعی زیاد کردووە، ئەمەش لەخۆیدا جیاکەرەوەیە لەنێوان دەقی شەرعی و دەقەکانی تردا، ئەوان هیچ مەعسومیەت و پیرۆزییەکیان نییە، دەقی یاسایی یان گوتاری سیاسی یان ئەدەبی یان مێژوویی ئیتر هەرچییەک بن و خاوەنەکەیان هەرکێ بێت و هەرپلەیەکیکۆمەلایەتی هەبێت مەعسومیەت و پیرۆزییان نییە، ئیتر شێوەی داڕشتن یان دەربڕینی هەرچەند جوان و سەرنج

ڕاکیش بێت، نەبوونی پیرۆزی بەپلەی یەکەم بۆ خاوەنەکەی دەگەڕێتەوە، چونکە ئەو خاوەن دانەریەتی و هەرچۆن بێت و هەرکەس بێت بەدەر نابێت لەلەبیرکردن و فەرامۆشکردن و هەڵەو ناتەواوی، ئەگەری ئەوەی هەیە بکەویتە بەر هەستی ئارەزوو و گومانەکان و شتانیکی فریودەر و ویستەوە. ڕەهەندی عەقڵیش ئەوا دەقە شەرعییەکان تەنها بۆ ئەوە نەهاتوون تەنها کەسانی عاقڵمەند لێیان تێبگەن. لەبەر ئەوە ڕەهەندی عەقڵی دەق لەسەر ڕەهەندی سەرچاوەیی هاوسەنگی تێک دەدات.

وتەی کۆتاییم لەسەر ئەم بابەتە ئەوەیە، عەقڵ چاکی و خراپی لەزۆربەی ڕەفتارەکاندا، نەک هەموویان هەست پێدەکات، ئەم هەستکردن و تێگەیشتنە عەقڵییە، ئەرکبابوونی شەرعیی لێ ناکەوێتەوە و لێپرسینەوەی دونیایی یان قیامەتیی لەسەر نییە، ئەو تێگەیشتنە بەتەنها ئەرکبار ناچار ناکات گوێڕایەڵی ئەوە بێت کە بۆی دەرکەوتووە چاکەو، لەوە دوور کەوێتەوە کە بۆی دەرکەوتووە خراپە، بەڵکو دەبێت پاڵنەر و وتاری شەرعی هەبێت، یان ئەوەی وتارەکە بەڕۆح و مەبەستکەیەوە ئاماژەی بۆ دەکات، ئەو دەقانەش کە لەبارەی لێپرسینەوەوە هاتوون، هاواڵی ئاحادن، ئەگەریش بابەتە گشتییە هاتووە نەفیکارەکان بەوانە تایبەت بکرێن، ئەوا وتارەکە بۆ کەسەکانی تر و واتاکانی تری، بەگشتگیری دەمێنێتەوە.

**پەراوێزەکان:**

١. أمام الحرمين، البرهان، ٨٢/١.
٢. الشوكاني، إرشاد الفحول، ص ٩.
٣. ابن القيم، مدارج السالكين. ٢٣٥/١.
٤. سيد قطب، في ظلال القران، ٢٢١٧/٤.
٥. الغزالي، المستصفى، ١٣/١.

# موعتەزیلە

## لوتکەی عەقڵانیەتی ئیسلامی






**د. ئومێد عوسمان**

ماستەر لە فیقهی جینائی. دکتۆرا لە ئوسوڵی فیقهـ و مەبەستەکانی شەریعەت. بەرهەمێکی چاپکراو و چەند توێژینەوەی بڵاوکراوەی هەیە.

**سەرەتا**

لەکۆتاییەکانی سەدەی یەکەمی کۆچیەوە تا دەهات گرفتە هزریو سیاسیو بیروباوەڕیەکان لە برەوو زیادبووندا بوو، زانایانو فەقیهانی ئەوکات خۆیان لەبەردەم چەندین پرسو کێشەی تازەو نامۆدا دەبینیەوە.

کوژرانی ئیمام عوسمان، رووداني شەڕی ناوخۆی موسوڵمانان لەسەردەمی ئیمام عەلی، دەسەڵات گرتنە دەستی موعاویەو گۆڕینی سیستمی خەلافەت لە شوراو راوێژەوە بۆ پشتاوپشتو بنەماڵەیی، کارکردنی ناراستەوخۆی ئومەویەکان بۆ چەسپاندنی بیرۆکەی جەبریەت، کوژرانی ئیمام حسەینو دواتر راپەڕینە بەردەوامەکانی: خەواریج، شیعەکان، زوبەیریەکان، عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەشعەس، دژی گەندەڵیو ستەمکاریی ئومەویەکان، هەموو ئەمانە، چەندین پرسوکێشەی فیکریان بەدوای خۆیاندا هێنا، لەوانە، پرسەکانی: پێشەوایەتیو مەرجەکانی، ئیمانو کافربوون، جەبریەتوئازادی هەڵبژاردن، هەڵگەڕانەوە دژی دەسەڵات، تاوانی گەورەو کاریگەریی لەسەر ئیمان، دادپەروەری لە دابەشکردنی سامانو داهاتی دەوڵەتدا...

هاوکات لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی ئاییني ئیسلام بەزۆربەی ناوچە دووردەستەکانداو موسوڵمانبوونی زۆرێک لە نەتەوە خاوەن کلتوورو ئایینە جیاوازەکان، چەندین پرسیاری فەلسەفیو ئاییني کەوتە بەر باسو لێکۆڵینەوە سەبارەت بە مەسەلەکانی: پێغەمبەرایەتی، زیندووبونەوە، ئاڵوگۆڕی گیان، یەکگرتن (الاتحاد) تێکەڵبوون (الحلول) گەڕانەوەی مردوو، دوالیزم، سیانەیی...

هەرلە هەمان باسداو بەهۆی لەدەسدانی شکۆو دەسەڵاتیان، هەندێک لە هەوادارو لایەنگرانی پاشماوەی ئایینە هیندیو ئێرانیەکان، کاریان دەکرد لەسەر برەوپێدانی بیرۆکەی ئیباحیەتو بێدینیو گومان خستنە سەر بنەماکانی: یەکتاپەرستیو دادی خوایی و زەرورەتی پێغەمبەرایەتیو راستێتی رۆژی دوای. هەرلەوماوەیەدا لەناوچەکانی بەسرەو کوفەو هەندێک ناوچەی شامدا دیاردەی هەڵبەستنی فەرمووده بەدەم پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەربێت)ەوە لە دەرکەوتنو گەشەکردندا بوو. لەم سەروبەندو بارو دۆخە ئاڵۆزو پڕ کێشەیەدا موعتەزیلەکان وەکو خواست و زەرورەتی سەردەم لە شاری بەسرە دەرکەوتن.

موعتەزیلە یەکەمین قوتابخانەی کەلامییە لە مێژووی شارستانیەتی ئیسلامیدا، هەوڵیداوە جۆرێک لە هاوسەنگیو تەبایی لەنێوان عەقڵودەقدا بهێنێتە کایەوەو بە شێوازێکی لۆژیکیو بە میتۆدێکی عەقڵانی راڤەی مەسەلە عەقیدەییەکانو دیاردە فەلسەفیو کۆمەڵایەتیو سیاسیەکان بکات، بنەماکانی یەکتاپەرستیو دادی خواییو ئازادیو سەرپشکایەتی مرۆڤ بچەسپێنێت، لێهاتوانەو سەرکەوتوانە روبەڕووی رەوتو تەوژمە بێدینو پەرگیرو لادەرەکانی سەردەمی خۆی ببێتەوە.

موعتەزیلەکان کەسانی بەتوانا، زمانپاراو، وردبینو قوڵبووەوە بوون، زانایانیان پێشەنگو داهێنەر بوون لە زۆربەی کایە فکریو مەعریفیو زانستیەکاندا، کاریگەریان بەسەر زۆربەی گروپو مەزهەبە ئیسلامیو مەسیحیو یەهوودیەکانەوە جێهێیشتووە.

زانایانی موعتەزیلە هەر لەسەرەتاکانی سەدەی دووەمی کۆچیەوە تا ناوەڕاستی سەدەی شەشەم بە سەدان کتێبو نووسراویان لەکایە مەعریفیو زانستەباوەکانی سەردەمی خۆیاندا لە پاش بەجێماوە، ئەوان بەرگریکاری راستەقینەی بنەمای یەکتاپەرستیو دادی خوایی بوون، داهێنەرو دەستپێشخەر بوون لە زانستەکانی کەلام، لۆژیک، فەلسەفەی زمان، زمانەوانی، فەرهەنگسازی، رەوانبێژی، ئەدەب، ئوسوڵی فیقە، دیالۆگ‌وەرەتدانەوە، راڤەی قورئان...

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بەهۆی ململانێ سیاسیوومەزهەبیو پرۆسە داگیرکاریەکانەوە، زۆربەی دەستنووسی کتێبونووسراوەکانیان فەوتاونو لەناوبراون، هەتا ئەم دواییانەش ئەو کتێبو نووسراوانەی سەرچاوەی خوێنەرانو توێژەران بوون، سەبارەت بە ئاشنا بوون بە بیروبۆچوونی موعتەزیلەکانو مێژووی دروستبوونو گەشەکردنیان، زۆربەیان لەلایەن نەیارانی موعتەزیلەوە نووسراون، ژمارەیەکی بەرچاوی ئەو نووسەرانە بەئەمانەتەوە زانیاریەکانیان نەگەیاندووە، بە ناشیرینیوشێواوی وێنای موعتەزیلەیان کردووە، بۆ نموونە لە روانگەی زۆرێک لە هەوادارانی حەنبەلیو ئەشعەریەکانەوە، موعتەزیلە کۆمەڵێکی لادەر، پیلانگێڕ، دژبەدین، موبتەدیع بوون، راستیەکانیان شێواندووە، کاریان لەسەر تێکدانی عەقیدەی موسوڵمانان کردووە..

بەڵام ئەوەی مایەی دڵخۆشییە لەسەرەتاکانی سەدەی رابردووەوە هەتا ئەمڕۆ چەندین کتێبی بەنرخی زانایانی موعتەزیلە، بە چاپگەیەنراونو بڵاوبوونەتەوە، خوێنەرانو توێژەران دەتوانن پشتیان پێببەستن بۆگەیشتن بە وێنەی دروستی موعتەزیلەو ئاشنا بوون بەبیرو بۆچوونەکانیان وەک خۆیان.

**بنەما هزریەکانی موعتەزیلە**

زانایانی موعتەزیلە کۆدەنگن لەسەر باوەڕبوون بە پێنج بنەمای هزری، کە جیایاندەکاتەوە لە سەرجەم گروپەکانی تر، لەمبارەوە گەورە زانای موعتەزیلە ئەبوحسەینی خەیات لە (٣١١ک) مردووە، دەڵێت: «هیچ کەس شایانی پێدانی ناوی موعتەزیلە نییە، هەتا دان نەنێت بە پێنج بنەمادا، کە بریتین لە: بنەمای یەکتاپەرستی، بنەمای دادی خوایی، بنەمای پلەی نێوان دووپلە دژەکە، بنەمای پەیمانوهەڕەشە، بنەمای فەرمان بەچاکەو رێگری لە خراپە، ئەم پێنج بنەمایە لە هەرکەسدا بەتەواوی رەنگیدایەوە ئەوکەسە موعتەزیلەیە»١.

هەرکام لەم بنەمایانە لەگەڵ ئەوەی نیشاندەری هەڵوێستی موعتەزیلەیە سەبارەت بەو مەسەلانەی لە خۆیدەگرێت، هاوکات دژایەتیکردنو رەتکردنەوەی بۆچوونی گروپێک یان زیاتری نەیارانیان دەردەخات، بۆنموونە: بنەمای یەکتاپەرستی، سەرجەم مەسەلەکانی بوونی خوداوبەتاکو تەنها دانانی لەخۆدەگرێت، لەهەمان کاتدا ئەم بنەمایە دژی تێکڕای بۆچوونی دەهریەکانو موشەبیهەکان و فەیلەسوفەکانو گروپە نادینیەکانە لەسەر خودا ٢. هەروەها بنەمای دادی خوایی، دژی بۆچوونی جەبریەکانە، کەهەموو کاروکردەوە مرۆییەکان دەدەنە پاڵ خودا، یان بنەمای پلەی نێوان دوو پلە دژیەکەکە، لەلایەکەوە دژی بۆچوونی خەواریجەکانە لەسەرکافرکردنی بکەری تاوانە گەورەکان، لەلایەکی دیەوە دژی بۆچوونی مورجیئەکانە کە لایانوابووە تاوانکردن زیان بە ئیمان ناگەیەنێت، لەبەرئەمە موعتەزیلەکان وتوویانە: بکەری تاوانە گەورەکان لە پلەیەکدایە لە نێوان کوفروئیماندا٣..

دیسان بنەمای پەیمان و هەڕەشە لە وردەکاریەکانیدا دژی بۆچوونی مورجیئەو زۆرینەی موسوڵمانان بووە، دەمێنێتەوە بنەمای فەرمان بە چاکەو رێگری لەخراپە، کەئەمەیان زیاتر دژی شیعەکان بووە ٤.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بدرێت کە هەندێک لە زانایانی موعتەزیلە پێنج بنەماکەیان لە دوو بنەمای سەرەکیدا کۆکردۆتەوە کە بنەمای یەکتاپەرستیو دادی خواییە، هەربۆیە دەبینین بەناوبانگترین کتێبی موعتەزیلە کەلەلایەن قازی عەبدولجەبارەوە دانراوە ناونیشانی (المغنی فی أبواب التوحید والعدل) لەخۆگرتووە.

ئێمە هەوڵدەدەین بە کورتی ئاماژە بە پێنج بنەما سەرەکیەکەی موعتەزیلە بدەینو دواتریش تیشک بخەینە سەر هەندێک بابەتی لەخۆگرتووی پێنج بنەماکە:

یەکەم- بنەمای یەکتاپەرستی: واتە رەتکردنەوەی فرەپەرستی، لەهەمانکاتدا باوەڕبوون بە خودایەکی تاکوتەنهاو بێ هاوبەش‌و بێهاوتا لە خاوەندارێتی‌و هەموو ئەو سیفەتە باڵایانەی شایانی دانەپاڵیەتی، خودا باڵادەست زیندووە، هەربووە، بێ کۆتاییە، زانایە، بەتوانایە، بێ وێنەیە، لەدروستکراوەکانی ناچێت، لەشوێن‌وکاتدا نییە، جووڵەو جێگۆرکێی نییە، هەستەکان پەی پێ نابەن...٥

موعتەزیلەکان گرنگیەکی زۆریان بەم بنەمایە داوە، چونکە تێکرای بنەماکانی تر لەم بنەماوە سەرچاوە دەگرن، هەربۆیە زۆربە توندی و بەچەندین شێواز بەرپەرچی راوبۆچوونی بێباوەڕان و دەهریەکان و مەجوسی‌و مەسیحیەکانیان داوەتەوە، لەمبارەوە ئەبوحسەینی خەیات وتوویەتی: «تەنها موعتەزیلەکان بوون گرنگیان دەدا بە بنەمای یەکتاپەرستی‌و بەرگریکردن لێی، هەربۆیە قسەکردن لەسەر یەکتاپەرستی تەنها بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە» ٦.

دووەم- بنەمای داد: مەبەست لەم بنەمایە ئەوەیە کەکارەکانی پەروەردگار هەمووی باشەو هیچ کارێکی خراپ‌و نەشیاوی لێناوەشێتەوە، قسوری ناکات لەوەی دەبێت بیکات، درۆناکات لەوهەواڵانەی دەیدات، ستەم لەکەس ناکات، بەبێ تاوان کەس سزا نادات، تاوانی کەسێک ناخاتە سەر کەسێکی تر، کاری لەئاسابەدەر لەسەردەستی درۆزنان دەرناخات، ئەوەندە داوا لەبەندەکانی دەکات بتوانن جێبەجێی بکەن، توانایان دەداتێ بەئەندازەی ئەوەی داوای لێکردوون، هەروەها وردەکاری‌و چۆنیەتی داواکانی بۆ بەندەکان ڕووندەکاتەوە، دەستگرۆییان دەکات لەرێگەی عەقڵ‌و پەیامبەرانەوە، هیچ بەربەست‌و بیانوویەک ناهێڵێت لە پێش داوالێکردندا، هەرچیشی داوا لێکردوون بۆ بەرژەوەندی خۆیانە ٧.

سێیەم- بنەمای پەیمان‌و هەڕەشە یان پاداشت‌وسزا: واتە خوای پەروەردگار راستگۆیە لە جێبەجێکردنی هەموو ئەو پەیمانانەی بەموسوڵمانانی داوەو ئەو هەڕەشانەی لە بێباوەڕان‌و تاوانبارانی کردووە، هەرکات مرۆڤەکان بەخواپەرستی تەواو و گوێڕایەڵیکردن‌وگەڕانەوە لەتاوانەکان لە دنیا دەرچوون، ئەوە شایانی پاداشتن، هەرکاتیش بە بێباوەڕی‌ویاخیبوون‌و بەردەوامبوون لەسەر تاوان لەدنیا دەرچوون، شایانی سزا وەرگرتنن، ئەمە یاسایەکە خوای گەورە خۆی دایناوەو لێی لانادات٨.

چوارەم- بنەمای پلەی نێوان دووپلە دژیەکەکە: مەبەست لەم بنەمایە ئەوەیە کە بکەری تاوانە گەورەکان لە پلەیەکدایە لەنێوان کوفروئیماندا، واتە نە باوەڕداری تەواوە، نە تەواو بێباوەڕیشە، واتە ناوو پلەیەکی هەیە لەنێوان کوفرو ئیماندا، کە زۆربەی زانایانی موعتەزیلە بە (فاسق) تەعبیریان لێکردووە، ئەگەر لە دنیادا بە راستی تۆبەی نەکردو نەگەڕایەوە سزای هەتاییە لە دۆزەخدا لەسەر رای زۆربەی زانایانیان، بەڵام سزاکەی لە کافر سوکترە،٩.

شایانی باسە ئەم مەسەلەیە لەسەرەتادا زیاتر مەسەلەیەکی فیقهی‌و ئاکاری بووە، موعتەزیلەکان وەک رایەکی نێوەندومیانڕەو لەنێو تێکرای رایە دژیەکەکاندا لەسەر بکەری تاوانە گەورەکان پەنایان پێبردووە ١٠.

پێنجەم- بنەمای فەرمان بە چاکەو رێگری لە خراپە: مەبەست لە فەرمان بە چاکە هێنانە کایەی کارە باشەکانە، رێگریش لە خراپە لابردن‌و نەهێشتنی خراپەکاریەکانە، ئەمەش واجبە لەسەر موسوڵمانان، هەرکەسەوبەپێی توانای‌و لەلای خۆیەوە جێبەجێی بکات، هەتا ئامرازو هۆکاری ئاسان هەبێت بۆ جێبەجێکردنی ئەم بنەمایە، نابێت بە هیچ جۆرێک پەنا ببرێتە بەر چەکو توندوتیژی١١.

ئەم بنەمایە لە بنەڕەتدا هەروەک هنری کوربان ئاماژەی پێداوە بنەمایەکی ئاکاری بووە، مەبەستی

موعتەزیلەكان لە جێبەجێكردنیدا، چەسپاندنی تەواوی بنەماكانی دادگەریو یەكسانیو ئازادی بووە لە كۆمەڵگەدا١٢.

موعتەزیلەكان لە بەر ڕۆشنایی پێنج بنەما سەرەكیەكە بە گشتی و بنەمای یەكتاپەرستیو دادی خواییەوە بە تایبەتی، هاتوون هەڵوێستو وردەكاریی بۆچوونەكانیان سەبارەت بە: خودا، گەردوون، مرۆڤ، عەقڵ، ئازادی، بوون، لێپرسراویەتی، لێپرسینەوەو چەندین بابەتی تری فەلسەفیوكەلامی خستۆتە ڕوو، هەوڵدەدەین ئاماژە بەهەندێكیان بدەین:

١ـ ڕەتكردنەوەی سیفاتی زیادە لەسەر زاتی خودا: لە سەربنەمای باوەڕبوونیان بە یەكتاپەرستیو پاكو بێگەرد ڕاگرتنی خوای پەروەردگار لەهەر شتێك كە شایانی نەبێت، موعتەزیلەكان سیفاتی هەربوویی (أزلی)و زیادە بەسەر زاتی خودایان ڕەتكردۆتەوە، چونكە چەسپاندنی ئەو سیفاتانە دەبێتە مایەی هێنانە كایەی فرە هەربوویی( تعدد القدماء) كە ئەمەش هاوبەشی پەیداكردن بۆ خودای لێدەكەوێتەوە ١٣.

ئەوان باوەڕیان وایە كە سیفاتی هەربوویی تایبەتمەندترین سیفەتی زاتی خودایە، نابێت هاوبەشی لەم سیفەتەدا هەبێت، تۆ كە دەڵێیت: خودا زانایەو سیفەتی زانین جیایە لەزاتی خودا، خودا بەتوانایەو سیفەتی توانین جیایە لە زاتی خودا، ئەمە هەڵەیە، بەڵكو كە دەڵێین زاتی خودا، ئیتر سەرجەم ئەو سیفەتانە لە خۆ دەگرێت، واتە زاتی خوداو ئەو سیفەتانە یەكێكن نابێت جیابكرێنەوە ١٤.

واسڵی كوڕی عەتا-لە (١٣١ك) مردووە-، بۆیەكەمجار ئەم بیرۆكەی جیانەبوونەوەی سیفات لەزاتی خودای داڕشتو ڕەتی هەر سیفەتێكی كردەوە كە جیا بێت لە زاتی خودا، مەبەست لەمەش بەرگریكردن بوو لەبنەمای یەكتا پەرستیو چەسپاندنی زاتێكی تاكو تەنهاو، بەدوور لەهەر دابەشبوونو كەرتبوونو چواندنێكو، ڕەتدانەوەی دوالیزمی فارسەكانو سیانەی مەسیحیەكانو، چواندنی موشەبیهەكانو، بەجەستەكردنی موجەسیمەكان بوو، كە هەركام لەمانە بە شێوازێكی نەشیاو وێنای خوایان كردووە ١٥.

لە دوای واسڵ زانایانی موعتەزیلە برەویاندا بەم بیرۆكەی جیانەبوونەوەی سیفات لە زاتی خواو، ڕاڤەی جۆربەجۆریان بۆ كردووە، ئەبو هوزەیلی عەلاف-لە (٢٣٥ك) مردووە- دەڵێت: زاتی خودا یەك زاتەو فرەیی لە خۆ ناگرێت، كاتێك لە ڕوانگەی توانراوەكانەوە لێیدەڕوانی، خودا توانایە، كاتێكیش لە ڕوانگەی زانراوەكانەوە لێیدەڕوانی، خودا زانایە...، واتە سیفاتەكانی زانینو تواناو ئەوانی دی لەدەرەوەی زاتی خوا هیچ واتاو بوونێكی سەربەخۆیان نییە...١٦.

ئیبراهیمی نەزام-لە (٢٢١ك) مردووە- دێت بەجۆرێكی تر ڕاڤەی مەسەلەی ناوبراو دەكات، ئەو پێیوایە كاتێك سیفەتێك دەدرێتە پاڵ خودا، مەبەست لێی چەسپاندنی زاتی خودایەوڕەتكردنەوەی سیفەتێكی نەشیاوە، بۆنموونە كە دەگوترێت: خودا زانایە، مەبەست لێی چەسپاندنی زاتی خودایەو لە هەمانكاتدا ڕەتكردنەوەی سیفەتی نەزانینە لێی، یان: خودا بیسەرە، بینەرە، بەتوانایە، زیندووە، هەموو ئەمانە زاتی خودا دەچەسپێننو سیفەتەكانی نەبیستنو، نەبینینو، بێتواناییو، مردنی لێ دوور دەخەنەوە١٧.

دواتر ئەبو هاشمی جوبائی لە (٣٢١ك) مردووە، دێت دەڵێت: ئەو سیفەتانە چەند چەمك یاخود حاڵەتێكن، لێوەیان زاتی خودا دەناسرێتو لەزاتەكانی تر جیا دەكرێتەوە، بەڵام ئەو چەمكو حاڵەتانە بەبێ زاتی خوا ناناسرێنو نازانرێت چین١٨.

زۆرینەی زانایانی موعتەزیلە سیفاتە زاتیەكانیان لە دوو سیفەتدا كۆكردۆتەوە كە سیفەتی: زانینو توانینە (العلم والقدرة)، یان ئەبوحسەینی بەسری-لە (٤٣٦ك) مردووە- هاتووە لەیەك

سیفەتدا كۆیكردوونەتەوە، كەسیفەتی زانایەتییە (العالمیة)١٩.

كەواتە موعتەزیلەكان بەجدیو دڵسۆزیو راستگۆییەوە بەرگریان لە بنەمای یەكتا پەرستی كردووە، هەوڵیانداوە ئایەتی (لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ) سورە الشوری الایة١١. وەک خۆی جێبەجێ بكەن، زاتێكی تاكوتەنهاو هەربوویان چەسپاندووە، بەدووریانگرتووە لە هەر دابەشبوونو هاوبەشیداریو چواندنو بەجەستەكردنێک.


هەروەک گەورە بیریاری كورد عیرفان عەبدولحەمید- لە (٢٠٠٧ز) مردووە- ئاماژەی پێداوە گەورەترین هەڵەی پسپۆرانی گروپو مەزهەبە ئیسلامییەكان سەبارەت بە موعتەزیلە لەوەدایە هاتوون بە رەتكەرەوەی سیفاتی ئیلاهی (المعطلة، نفاە الصفاە) ناوزەدیان كردوون، بە پێچەوانەوە، ئەوان گوتوویانە خودا چەند سیفاتێكی هەیە خودی زاتە، بوونی سەربەخۆیان نییە لەدەرەوەی زاتی ئیلاهی، كەواتە موعتەزیلەكان سیفاتێک رەتدەكەنەوە كەجیا بێت لەزاتی خوداو بوونی سەربەخۆی هەبێت ٢٠.

٢- دروستكراویی قورئان: موعتەزیلەكان بەرگریان لە تاكو تەنهایی خودا دەكردو، هەر بۆچوونێكیش ناتەبا بوایە لەگەڵ ئەم بنەمایەدا رەتیاندەكردەوە، لەم سەربەندەوە وتوویانە قورئان دروستكراوی خوایە، لە پێشدا نەبووە، دواتر هاتۆتە بوون، خودا دایبەزاندووە بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێت) وەكو بەڵگەیەكی بەهێزی پێغەمبەرایەتی، هاوكات بۆروونكردنەوەی یاساورێساو حوكمە شەرعییەكان ٢١.

كەواتە ناتوانرێت بگوترێت وتەی خودا (قورئان) سیفەتێكی هەربوویە، چونكە ئەو وتە خواییە لە سورەتو ئایەت پێكهاتووە، هەندێكی لەپێش هەندێكیەوەیەتی، چەندین داواكاریو هەواڵ لە خۆ دەگرێتو پێویستی بە هەبوونی كەسانێكە تا ئەو داواكاریانە روویان تێبكات، ئەگەر بگوترێت قورئان هەربوویی (أزلی)ە، ئەمە سەردەكێشێت بۆ هەربووییبوونی كەسەكانیش، لەلایەكی ترەوە قورئان لە وشەو پیت و دەنگ پێكهاتووە، هەربووییبوونی قورئان واتە هەربووییبوونی وشەو پیت و دەنگەكانیش، هەموو ئەمانە دەبنە مایەی چەسپاندنی فرە هەربوویی٢٢.

لەگەڵ سەلماندنی دروستكراویی قورئان بە بەڵگەی عەقڵی، موعتەزیلەكان هەوڵیانداوە پشتئەستووربن بە بەڵگەی قورئانیش، بۆنموونە لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە (إِنَّا جَعَلْنَاهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا) سورة الزخرف الایة ٣. ئەوان دەڵێن: وشەی (جعل)ەو موشتەقاتەكانی لەقورئاندا بە واتای دروستكردن هاتووە، كەواتە قورئانیش دروستكراوە، یاخود لە ئایەتێكی تردا هاتووە: (إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُون) سورة الحجر الایة ٩. لێرەدا خوای گەورە وەسفی قورئان دەكات بەوەی دابەزێندراوە، هەرچیش دابەزێندرێت ئەزەلی نییەو دروستكراوە، هەر لە ئایەتی ناوبراودا خوای پەروەردگار پەیماندەدات بە پاراستنی قورئان، كەواتە ئەگەر قورئان ئەزەلی بێت پاراستنی بۆ چییە؟، یان راشكاوانە لە قورئاندا هاتووە: (مَا يَأْتِيهِمْ مِنْ ذِكْرٍ مِنْ رَبِّهِمْ مُحْدَث) سورة الانبیاء الایة ٢. ئەمانەو چەندین بەڵگەی تری قورئانی لەسەر دروستكراویی قورئان قازی عەبدولجەبار بە وردی هێناونیو شیكردوونەتەوە٢٣.

٣- راڤەكردنی مەجازی: لە هەندێک دەقی قورئانوسونەتدا چەند سیفاتێک دراوەتە پاڵ خودا، ئەگەر بە پێی واتای دەرەكی لێكبدرێنەوە، چواندنو بەجەستەكردنی خوای پەروەردگاری لێدەكەوێتەوە، لێرەدا موعتەزیلەكان بۆ نەهێشتنو بنبڕكردنی بیرۆكەی چواندنی خودا بە دروستكراوەكانی، وازیان لە واتای دەرەكی هێناوەو لە پشت ئەو واتا دەرەكیانەوە ئاماژەیان بەواتای ترداوە، ئەمەش ئەوە نەبێت لەخۆوەو بە ئارەزوو كردبێتیان، بەڵكو لەو سەربەنەوە كە قورئان بە زمانی عەرەبی دابەزیوە، بۆ تێگەیشتنیشی دەبێت پەنا ببرێتە بەر



**موعتەزیلەکان کەسانی بەتوانا، زمانپاراو، وردبین‌و قوڵبووەوە بوون، زانایانیان پێشەنگو داهێنەر بوون لە زۆربەی کایە فکری‌و مەعریفی‌و زانستیەکاندا، کاریگەریان بەسەر زۆربەی گروپ‌و مەزهەبە ئیسلامی‌و مەسیحی‌و یەهوودیەکانەوە جێهێیشتووە.**

یاساو ڕێساکانی زمانی عەرەبی، لەسەرو ئەمەشەوە ئەوان هاتوون لە ڕوانگەی ئایەتی (لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيء) ڕاڤەی سەرجەم ئەوئایەت‌وفەرموودانەیان کردووە کە سیفاتی جەستەیی لەخۆدەگرێت ٢٤.

بۆنموونە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە: (وجَاءَ رَبُّكَ) سورة الفجر الاية ٢٢. بەپێی واتای حەقیقی یان ڕووکەش باس لە هاتنی خودا کراوە، هاتنیش سیفەتی بوونەوەرە، نابێت بدرێتە پاڵ خودا، هەربۆیە موعتەزیلەکان دەڵێن: لێرەدا مەبەست هاتنی خودا نییە بەڵکو هاتنی فەرمانی خودایە، کە ئەمەش لەزمانی عەرەبیدا دروستەو بەکار هاتووە٢٥.

یان ئایەتی (وسِعَ كُرْسِيُّهُ السَمَواتِ والأَرْض) سورة البقرة الاية ٢٥٥. موعتەزیلەکان دەڵێن لێرەدا وشەی (كُرْسِي) بەواتای زانین (عِلْم) هاتووە نەک کورسی دانیشتن. یان( كُلُّ شَيْء هَالِكٌ إلّا وجْهَهُ) سورة القصص الاية ٨٨. واتای حەقیقی‌و ڕووکەش: هەموو شتێک لەناو دەچێت دەم‌وچاوی خودا نەبێت، کە ئەمە هەڵەیەو چواندنی خودایە بە دروستکراوەکان، کەواتە واتای دروست ئەمەیە: هەموو شتێک لە ناو دەچێت زاتی خودا نەبێت. ئەمانەو چەندین نموونەی تر کە بە وردی زانایانی موعتەزیلە ڕاڤەو شیکردنەوەیان بۆکردووە ٢٦.

٤. ڕەتکردنەوەی بینینی خودا: موعتەزیلەکان زۆر بە توندی بیرۆکەی بینینی خودا لەلایەن بەندەکانەوە ڕەتدەکەنەوە، دەڵێن: بینین پەیوەندیەکی تیشکییە لەنێوان بینەرو بینراودا، تیشکی چاو تەنها مادە یاخود شتی سنووردار دەبینێت، ئەمەش سەبارەت بە خودا مەحاڵە، هەروەها دەڵێن: خودای پەروەردگار فەرموویەتی: (لا تُدْرِكُهُ الأَبْصَار وهُو يُدْرِكُ الأَبْصَار) سورة الانعام الاية ١٠٣. واتە چاوەکان پەی بەخودا نابەن ٢٧.

هەروەها لە بەرامبەر ئەو ئایەتەی کراوەتە بەڵگە بۆ بینینی خودا: (وُجُوهٌ يَوْمَئِذ نَاظِرَة. إلَى رَبِّهَا نَاظِرَة) سورة القيامة الاية ٢٢-٢٣. واتە: لە ڕۆژی دواییدا چەندین دەم‌وچاو پرشنگدارن لە خوای پەروەردگار دەڕوانن. لێرەدا موعتەزیلەکان ئەم ڕاڤەیە بە هەڵە دەزانن‌و دەڵێن: وشەی (ناظرة) بەواتای چاوەڕوانی هاتووە نەک ڕوانین، واتە ئەو دەم‌وچاوانە چاوەڕوانی ڕەحمەت یان پاداشتی خوان، هەروەها دەڵێن: ئەگەر (ناظرة) بەواتای بینین‌و ڕوانینیش بێت، مانای ئایەتەکە بەمجۆرەی لێدێت: دەم‌وچاوانێک پرشنگدارن لە گەورەیی‌ودادی خودا دەڕوانن نەک زاتی خودا. هاوکات موعتەزیلەکان تێکڕای ئەو فەرموودانەیان ڕەتکردۆتەوە کە ئاماژە بە بینینی خودا دەدەن ٢٨.

٥. سەرپشکایەتی بەندەکان، یان ئازادیی هەڵبژاردن: زانایانی موعتەزیلە کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە بەندەکان ئازادو سەرپشکن، خۆیان دروستکەرو بەدیهێنەری کارەکانیانن، ئەگەر نا، بنەمای پاداشت‌و سزا هیچ واتایەکی نامێنێت، لەگەڵ ئەمەشدا ئینکاری ئەوە ناکەن کە خودا زانایە بەهەموو ڕووداوو کاروبارو هەڵسوکەوتەکانی ڕابردوو ئێستاو داهاتووی بەندەکان ٢٩.



**موعتەزیلەکان لایانوایە سازوتەبایی رەها هەیە لەنێوان عەقڵو بووندا، بەجۆرێك عەقڵ دەتوانێت دەرکی بوون بکات بەوشێوەی هەیە، لێرەوە وتوویانە خودای باڵادەست گەردوونی لەسەر بنەمای هۆیەتی بنیاتناوە.**

لای موعتەزیلە مرۆڤەکان سەرپشکو ئازادن لەوەی دەیکەنو هەڵیدەبژێرن، ئەمەش لە رێگەی ئەو توانایەی خودا پێیبەخشیون، کە گونجاوە بۆ کردنو نەکردن، واتە مرۆڤەکان ئازادانەو بە دوور لەهەر جەبریەتێکی خوایی رێگەی باش یان خراپ هەڵدەبژێرن، ئەمەش لەخۆیدا بەڵگەیەکی بەهێزی دادی خواییە.٣٠

ئەوان دەڵێن: فەرمانو ویستی خودا گرێدراون بەیەکەوە، خودا فەرمان بەهەر شتێك بکات، ئەوشتەی دەوێت، نەهی لەهەر شتێکیش بکات، ئەو شتەی ناوێت، خوای گەورە دەیەوێت بەندەکانی نوێژبکەن، رۆژووبگرن، زەکات بدەن، حەج بکەن،....... فەرمانیشی داوە بەکردنی ئەمانە، هاوکات خودا نایەوێت بێباوەڕی، شەروالپیسی، دزیکردن، درۆکردن، .....رووبدەن، نەهیشی لەمانە کردووە، کەواتە خوای گەورە خراپەی ناوێتو نەهی لێکردووە، ئەوەشی روودەدات لەخراپەکاری، مرۆڤەکان خۆیان بەدیهێنەرو خوڵقێنەرین٣١.

واسڵی کوڕی عەتا دەڵێت: خوای گەورە دادپەروەرو کاربەجێیە، نابێت داوای شتێک لە بەندەکانی بکات کە خۆی نەیەوێت، یان شتێک بسەپێنێت بەسەریانداو دواتر لێپێچینەوەیان لە گەڵدا بکات، بەندەکان خۆیان دروستکەرو بکەری چاکەو خراپەن، لە ئیمانو، بێباوەڕیو، لاساریو، گوێڕایەڵی، لەکۆتاییدا لەسەر کاروکردەوەکانیان پاداشت دەکرێن یان سزادەدرێن ٣٢.

دەتوانین هۆکاری دەستگرتنی موعتەزیلەکان بە بنەمای ئازادیو سەرپشکایەتی مرۆڤەوە بگێڕینەوە بۆ چەند خاڵێک:

أ- راڤەکردنی دروستی پاداشتو سزا: موعتەزیلەکان دەڵێن: ئەگەر خودا دروستکەرو سەپێنەری کاری بەندەکان بێت، ئەوکات بنەما ی پاداشتوسزا هیچ واتایەکی نابێت، چونکە وەک دەڵێن: ئەگەر لە چارەی فلان نوسرابێت کافرە، ئیترئەم کەسە کافرە تاوانی چییە کە لە ئەزەلەوە نوسرابێت لە چارەیدا کە دەبێت کافربێت ؟ بۆچی خودا سزای دەدات ؟٣٣.

ب- واتاداریی داوا شەرعییەکان: ئەگەر مرۆڤەکان ئازاد نەبنو هیچ رۆڵێکیان نەبێت لە بەدیهێنانی کاروکردەوەکانیاندا، ئەوکات هیچ واتایەک بۆ بنەمای داوالێکرنی شەرعی نامێنێت، کەواتە بۆ ئەوەی داوا شەرعییەکان بەجێو واتاداربنو، کەسی باش پاداشت بکرێتو، خراپەکارانیش بەسزا بگەن، دەبێت مرۆڤەکان ئازادو سەرپشک بن لە کارو هەڵسوکەوتەکانیانداو، بەدووربن لە هەر جەبریەتوسەپێنراویەک ٣٤.

ج ـ بیانووی ناردنی پێغەمبەران: موعتەزیلەکان دەڵێن: ئەگەر خودا سەپێنەری کارەکان بێتو بەندەکان رۆڵیان نەبێت، ئیتر سوودی ناردنی پەیامبەران لە چیدایە ؟ کە خوا خۆی دیاریکردووەو بڕیاریداوە کێ دەبێتە باوەڕدارو کێ بێباوەڕ دەبێت، ئیتر پەیامبەران بۆ دەنێرێت؟

کەواتە بۆ ئەوەی ناردنی پەیامبەران بەسوود بێتوئامانج لە ناردنیان روون بێت، دەبێت دانبنرێت

بەبنەمای ئازادیوسەرپشکایەتی مرۆڤەکاندا ٣٥.

د ـ ستەم نەدانە پاڵ خودا: بەرای موعتەزیلەکان لە نێو کاروهەڵسوکەوتەکانی مرۆڤدا چەندین کاری چەوتو نەشیاوو قێزەونی وەک بێباوەڕیو، درۆو، دزیو، بەدڕەوشتیو، ستەم بەدیدەکرێت، ئەگەر بگوترێت خودا دروستکەرو بەدیهێنەری کارەکانە، ئەوکات کارە قێزەونو نەشیاوەکانیش نیسبەت دەدرێن بۆلای خودا، کە ئەمە مەحاڵە ٣٦.

هـ- واتاداریی بنەمای فەرمان بە چاکەو رێگری لە خراپە: ئەگەر مرۆڤەکان ئەوەی دەیکەن پێشتر لەچارەیاندا نووسرابێت، ئیترهیچ واتایەک نامێنێتەوە بۆ فەرمان بەچاکەو رێگری لەخراپە٣٧.

٦- پەیبردنی عەقڵ بەباشیوخراپییەکان: ورووژاندنی ئەم مەسەلەیە بە یەکەمین هەوڵی نزیککردنەوەی عەقڵودەق دادەنرێت، زانایانی کەلامو ئوسوڵی فیقە گرنگییەکی زۆریان بەم بابەتە داوە، لە پێشیانەوە موعتەزیلەکان کە خۆیان داڕێژەری بیرۆکەکە بوونو چەندین مەسەلەی تریان لەسەر بنیاتناوە.

ئەوان گوتوویانە: خوای پەروەردگار عەقڵی بەخشیوەتە مرۆڤەکان تا جیاوازی لەنێوان باشیوخراپییەکاندا بکەن، عەقڵیش توانای ئەم پەیبردنەی هەبووە لەپێش هاتنی شەرعدا، هاوکات ئەم پەیبردنە وردەکاریی مەسەلە پەرستشیو شەرعییەکان ناگرێتەوە، کەلەدەرەوەی چوارچێوەی عەقڵدان، بەڵکو رەچەڵەکی باشیو خراپییەکان، حەقیقەتە سەرەتاییوسەرەکیەکان،، بنەما مرۆییوئاکاریەکانی وەک: ناسینی خودا،، راستیودرۆ، دادوستەم، ئازادیوچەوساندنەوە، ئازاروخۆشیو هاوشێوەی ئەمانە دەگرێتەوە، دواتر کە شەریعەت دێت لەلایەکەوە جەختدەکاتەوە لەسەر ئەو باشیوخراپیانەی پێشتر عەقڵ پەی پێبردوونو دەرکی کردوون، لەلایەکی ترەوە یاریدەرە لەو مەسەلانەی عەقڵ بەباشی پەی پێنەبردووە، بەمەش شەریعەت شوێنکەوتەو تەواوکەری عەقڵە ٣٨.

بەلای موعتەزیلەوە پێش گەیشتنی شەریعەت بەمرۆڤەکان، ئەوان بەهۆی عەقڵیانەوە لێپرسراوێتیان لەسەرشانە، دەبێت بەوکارانە هەستن کە عەقڵ بەباشی دەزانێتو، لەوکارانەش دووربکەونەوە کەعەقڵ بەخراپی دادەنێت، سەرەنجام بە ئەندازەی گوێڕایەڵیو سەرپێچیکردنیان بۆحوکمی عەقڵ پاداشتوسزا وەردەگرن لەلای خودا.

٧- رێسای شیاو و شیاوترین( باشترین): پوختەی ئەم رێسایە ئەوەیە: هەرکارێک خوا دەیکات کاری باشوشیاوە، بەهیچ جۆرێک کاری نەشیاووخراپ لەخوا ناوەشێتەوە، یان هەروەک هەندێک لە موعتەزیلەکان دەڵێن خوای گەورە ناتوانێت کاری خراپونەشیاو بکات، یان دەتوانێت بەڵام نایکات ٣٩.

هەروەها خوای گەورە هەرچی سەبارەت بە مرۆڤەکانو لەپێناویاندا ئەنجامیداوە، ئەوە باشترینە کە ئەنجامیداوە، ئەگەر لەوەی بەخشیویەتیوئەنجامیداوە باشتری لەلابێتو نەیدات، ئەوە بەجۆرێک لە چرووکیوستەم دەژمێردرێت، کەبۆزاتی خوا مەحاڵە ٤٠.

موعتەزیلەکان ئەم رێساوبیرۆکەی شیاوی و باشترینەیان بەسەر هەرکام لەبنەماکانی (دروستکردن، داوالێکردن، گەڕاندنەوەو لێپرسینەوە) دا جێبەجێکردووە:

أ ـ جێبەجێکردنی رێسای ناوبراو بەسەر بنەمای دروستکردندا: موعتەزیلەکان رێسای ناوبراو جێبەجێدەکەن بەسەر بنەمای دروستکردنی مرۆڤوگەردووندا بەمشێوەیە:

یەکەم: واجبە لەسەر خودا مرۆڤەکان دروستبکات، چونکە سوودی ئەم دروستبوونە بۆ مرۆڤەکان خۆیانە، دەتوانن بەهۆی بوونیانەوە خودا بناسنو بیپەرستنوسوپاسگوزاری ببن، بەمەش پاداشتی بەهەشتوژیانی هەتاهەتایی بەدەستدەهێنن ٤١.

دووەم: خودای پەروەردگار کاربەجێیە، بەهەوانتەو بەبێ مەبەستوهۆکارێک هیچ کارێک ناکات، کەواتە هەرچی لەم دنیایەدا روودەداتو دەگوزەرێت، یان بۆ سوودی مرۆڤەکانە، یان بۆپەندوەرگرتنو بەخۆداچوونەوەیانە، لێرەوە، دروست نییە خودا شتێک بخوڵقێنێت بێسوودبێت، یان لەدەرەوەی هەستو زانینی مرۆڤەکان بێت، کاتێکیش خودا جۆرێک لەئازارونارەحەتی دووچاری منداڵان دەکاتەوە بە هۆی مردنی دایکوباوکیان، یان بە کەمئەندامبوونی خۆیان، یان مردنیان، یان کەسێک شێتوبێئەقڵە، یان کوێرە، یان بەردەوام لە ئازاردایە... سەرجەمی ئەمانە بۆ پەندوەرگرتنی گەورەکانە، هاوکات واجبە خودا بژاردە (تعویض)ی ئەم ئازارانەیان بکاتەوە، هەرلەم سەربەنەوە هەندێک لە زانایانی موعتەزیلە ئاژەڵانیشیان لکاندوە بەم کۆمەڵەوە، واتە لەسەر ئەوەی لە دنیادا سەردەبڕدرێنو ئازار دەچێژن خودا واجبە بژاردەی ئازارەکانیان بکات٤٢.

سێیەم: ئەوەی خودا لەدنیادا دەیدات باشترینە، هەتا کاتێک چاوساغێک کوێردەکات، لەشساغێک نەخۆش دەخات، دەوڵەمەندێک هەژارونابوت دەکات، کەسێک بە گەنجی دەمرێنێت، هەمووئەمانە باشترینە کە لەخواوە دەرچووە سەبارەت بەو کەسانە، کەواتە هەرچی تووشی مرۆڤەکان دەبێت لە دنیادا لە ئازارومەینەتیوخۆشیوناخۆشی هەمووی بۆسوودی مرۆڤەکان خۆیانە، لەمبارەوە ئەبوعەلی جوبائی – لە (٣٠٣ک) مردووە- دەڵێت: مەبەست لە شیاوترین یان باشترین، خۆشترین نییە، بەڵکو مەبەست لێی کۆتاباشیە، هەروەک چۆن کەڵەشاخگرتنەوەو، خوێن لێدەرهێنانو، خواردنەوەی دەرمانی تفتوتاڵ، ئازاردەرن، بەڵام ئەمانە باشترینن بۆمرۆڤەکە چونکە کۆتاییەکەیان باشەوچارەسەرن ٤٣.

چوارەم: دوای ئەوەی خودا ئەم گەردوونەی خوڵقاند، ناتوانێت لەسەر ئەو شێوەیەی کە هەیە نەڵێی زیادبکات، یان لێی کەمبکات، چونکە بەوشێوەیەی دروستی کردووە باشترینە ٤٤.

ب - جێبەجێکردنی رێسای ناوبراو بەسەر بنەمای داوالێکردن ( التكليف) دا:

- موعتەزیلەکان دەڵێن: خودای گەورە مرۆڤەکانی خوڵقاندووە بۆ بەرژەوەندی خۆیان، کە لەرێگەی ناسینی خوداوە دەگەن بە ژیانی هەمیشەیی، لەبەرئەمە واجبە لەسەرخودا داوای گوێڕایەڵیان لێبکاتو واجبات بدات بەسەریاندا، بۆ ئەم مەبەستەش پەیامبەریان بۆ رەوانەدەکات ٤٥.

- خوای گەورە داوایەک لەبەندەکان ناکات کە لە توانایان بەدەربێت، چونکە ئەگەر مەبەست لەداواکاری، چاکبوونی مرۆڤەکان بێت، چۆن واجبێک دەدات بەسەریاندا توانای جێبەجێکردنیان نەبێت ٤٦.

- لەلایەکی ترەوە کاتێک خودا داواکاری دەخاتە سەر شانی بەندەکان، واجبە لەسەری هەرچی گرێو قۆرتو بەربەستێک لەبەردەم داواکاریەکەدا هەیە نەیهێڵێت، ئەمەش بە پێدانی عەقڵی تەواو، بەتواناکردنیان لەسەر جێبەجێکردن، واتە ئازادبن لە هەڵبژاردنی چاک یان خراپ، گوێڕایەڵی یان لاساری، دەمێنێتەوە ئەوانەی کەخوا عەقڵی پێنەداون وەک شێتو گێلو هاوشێوەیان، خوای گەورە هیچ داواکاریەکی لەمانە نییە، بەڵکو بۆپەندوعیبرەتی ساغەکان دروستی کردوون ٤٧.

ج - جێبەجێکردنی رێسای ناوبراو بەسەر بنەمای گەڕانەوەو لێپرسینەوەدا:

موعتەزیلەکان دەڵێن:

- بەندەکان لە رێی عەقڵەوە دەرک بە زەرورەتی زیندووکردنەوەو لێپرسینەوەی خوایی دەکەن، چونکە کەسێک هەتا مردنی خەریکی خراپەکاری و ستەم و خوێنڕشتن و لاساریە، بەپێچەوانەشەوە کەسێکی تر تامردنی کەسێکی خواپەرستو حەقبێژو رەوشتبەرزو ئاشتیخوازە، لێرەدا ئەگەر ئەو لێپێچینەوە خواییە نەبێت و مردن کۆتا قۆناغ



**زانایانی موعتەزیلە کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە بەندەکان ئازادو سەرپشکن، خۆیان دروستکەرو بەدیهێنەری کارەکانیانن، ئەگەر نا، بنەمای پاداشتو سزا هیچ واتایەکی نامێنێت.**

بێت، ئیتر چەمکەکانی چاکەو باشەو دینداریو دنیانەویستیو عەدالەت هیچ واتایەک نادەن بەدەستەوەو، هەموو قسەی پروپووچن ٤٨.

- مانەوەی هەمیشەیی بەهەشتیو دۆزەخیەکان دەرەنجامی کاری خۆیانەو باشترینە بۆیان ٤٩.

- خودا ناتوانێت کەسێک لەبەهەشت دەربکات، یان کەسێک بخاتە بەهەشت، یان کەسێک بە دۆزەخ سزابدات، یان لە دۆزەخی دەربهێنێت، ئەگەر شیاوی ئەو شوێنانەی خۆیان بن ٥٠.

٨- تیۆرەی شاراوەییودەرکەوتن (الكمون والظهور): مەبەست لەم تیۆرە ئەوەیە خودای پەروەردگار ئەم گەردوونەی بەسەرجەم پێکهاتەکانیەوە، لەیەک کاتداو بەیەک جار دروستکردووە، بۆ نموونە خودا ئادەمو نەوەکانی لەیەک کاتداو بەیەکجار دروستکردووە، دروستکردنی ئادەم لە پێش نەوەکانیەوە نییە، دروستکردنی دایکان لە پێش مناڵەکانیانەوە نییە، بەڵکوخودا دەرکەوتنی هەندێکیانی لەناوهەندێکدا شاردۆتەوە، واتە پێشکەوتنو دواکەوتن لە دەرکەوتندایە نەک لە دروستکردن، گەورە فەیلەسوفی موعتەزیلە ئیبراهیمی نەزام باسی لەم تیۆرە کردوەو ئاماژەشی بەوەداوە کە گەردوون لە جوڵەی بەردەوامدایە٥١.

ئەم بۆچوونەی نەزام لەسەر دروستکردنی گەردوون، یەکدەگرێتەوە لەگەڵ تیۆری (تەقینەوەی گەورە) کە زانا فیزیاییەکان ئاماژەیان پێداوە.

٩- ئیعجازی قورئان: زانا موسوڵمانەکان بەگشتیو زۆرینەی موعتەزیلەکانیش هاوڕان لەسەر ئیعجازی قورئان لەلایەنی ڕێکخستن و ڕەوانبێژی و جوانسازیەوە، هاوکات ئیبراهیمی نەزام لایوایە لایەنی ڕەوانبێژیو جوانسازیو ڕێکخستنی زمانەوانی نابێتە بەڵگە لەسەر ئیعجازی قورئان، چونکە دەتوانرا لەملایەنەوە هاوشێوەی قورئان بنووسرێت، بەڵام خودا مرۆڤەکانی لەوتواناو خەیاڵاتە لاداو دووری خستنەوە، هەربۆیەئەوەی موعجیزەی قورئانەو دەکرێتە بەڵگە لە سەر ڕاستێتی بریتییە لە باسکردنی هەواڵو ڕووداوەکانی ڕابردوو داهاتوو٥٢.

١٠- یاسای میهرەبانیی (اللطف): مەبەست لە میهرەبانی یان لوتفی خودا ئەوەیە، داوا لێکراو بەهۆیەوە نزیکبێتەوە لە گوێڕایەڵیو دوورکەوێتەوە لە لاساریو بێگوێییکردن، یاخود بریتییە لەڕەخساندنی ئامرازو هۆکارو مەرجە پێویستەکان بۆ داوالێکراو، تا لە ڕێیانەوە بە باشترین شێوە واجباتە شەرعییەکان جێبەجێ بکات، لەنموونەی ئەو میهرەبانیە: ناردنی پێغەمبەران، پێدانی عەقڵ، بەڵگەخستنەبەردەم، لێرەوە زۆرێک لە زانایانی موعتەزیلە وتوویانە: واجبە لەسەر خودا تا ئەوپەڕی میهرەبانیو لوتفی هەبێت لەگەڵ مرۆڤەکاندا، تا بگەن بە گوێڕایەڵی ٥٣.

ئەم یاسایە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە بنەمای شیاوو شیاوترینەوە هەیە، کە لەئەنجامدا هەردووکیان لە بنەمای سەرەکی دادی خواییەوە سەرچاوەیان گرتووە.



**ئەوەی سەرسامماندەکات رۆحی موعتەزیلەیە، ئەو رۆحەی دەیویست رەخنەگر بێت، ئازادیخوازبێت، داهێنەر بێت، تازەگەرو ریفۆرمخوازبێت، واقیعی بێت، عەقڵانی بێت، ئایینو ئاییندارى لە خورافیات پاکبکاتەوە.**

١١- یاسای هۆیەتی (قانون السببیة): موعتەزیلەکان لایانوایە سازوتەبایی رەها هەیە لەنێوان عەقڵو بووندا، بەجۆرێک عەقڵ دەتوانێت دەرکی بوون بکات بەوشێوەی هەیە، لێرەوە وتوویانە خودای باڵادەست گەردوونی لەسەر بنەمای هۆیەتی بنیاتناوە، ئەو پەیوەندیەشی لە نێوان هۆو بەرهۆ (السبب والمسبب)دا هەیە پەیوەندیەکی زەروریو حەتمییە ٥٤.

لەم سەربەنەوە موعتەزیلەکان زۆر بەتوندی دژی چەندین دیاردەو بیرۆکە وەستاونەتەوە، لەوانە:

أ- رەتکردنەوەی سیحر و باوەڕنەبوون بە کاریگەریەکانی لەسەر مرۆڤ.

ب- رەتکردنەوەی کاریگەری ئەستێرەکان و تەلەسم و نووسینە بێواتاکان لەسەر مرۆڤ.

ج- رەتکردنەوەی دەرکەوتنی کاری لەئاسابەدەر لەسەردەستی پیاوچاکان (کرامات الاولیاء).

د- رەتکردنەوەی هەر پەیوەندی و بەریەککەوتنێکی جنۆکەو مرۆڤ ٥٥.

لەگەڵ ئەوەی موعتەزیلەکان باوەڕیانوایە پەیوەندی نێوان هۆو بەرهۆ پەیوەندیەکی زەروریو حەتمییە، هاوکات ئەوەشیان خستۆتە روو کە هەندێجار خودا ئەو پەیوەندیە تێکدەشکێنێت لەسەر دەستی پێغەمبەراندا وەکو بەڵگەیەکی راستی پەیامەکەیان.

١٢- هەڵسەنگاندنی فەرموودەو رەخنەگرتن لە هاوەڵانی پێغەمبەر: لای موعتەزیلە سەرچاوەی سەرەکی شەریعەت بریتییە لە عەقڵ، قورئان، سوننەت، کۆدەنگیی زانایان، عەقڵ یەکەم سەرچاوەیە چونکە لەرێگەی عەقڵەوە دەزانرێت کە قورئانو سوننەتو کۆدەنگیی بەڵگەن٥٦.

سەبارەت بە قورئانو سوننەتی موتەواتیر، ئەوان زۆر قسەیان نییە، دەمێنێتەوە سوننەتی ئاحاد کە زۆربەی فەرموودەکانی پێغەمبەر لەم جۆرەن، موعتەزیلەکان چەندین بۆچوونیان هەیە سەبارەت بەبەڵگەدانانیو مەرجەکانیو بواری کارپێکردنی:

شێوە کۆدەنگیەک لای زانایانی موعتەزیلە هەیە کە لە بواری بیروباوەڕدا کار بە فەرموودەی ئاحاد ناکرێت، هەندێکیان بوارەکانی پەرستش (العبادات)و تاوانو سزا(الجرائم والعقوبات)یشیان خستۆتە پاڵو وتوویانە: تەنها لە مامەڵەوکاروبارە دنیاییەکاندا کاربە فەرموودەی ئاحاد دەکرێت، هاوکات زۆرینەیان کاریان پێکردووە لە تێکڕای مەسەلەو بابەتەکاندا جگە لە مەسەلەکانی بیروباوەڕ، بەڵام چەندین مەرجیان داناوە بۆکارپێکردنی، هاوشێوەی حەنەفییەکان، لەوانە:

نابێت فەرموودەکە پێچەوانەی عەقڵو دەقی قورئان بێت، نابێت پێچەوانەی فەرموودەی بەهێزتر بێت، نابێت لەبابەتێکدا هاتبێت کە وابخوازێت دەیان کەس گێڕەرەوەی بن، دەبێت فەرموودەی تر هەبێت پشتگیری بکات، دەبێت لەهەر چینوپلەیەکدا دووکەس گێڕەرەوەی بن، هەندێکیان دەڵێن سێ یان چوار کەس... دەبێت کەسی گێڕەرەوە راستگۆ

بێت، شارەزا بێت لەو بابەتەی فەرموودەکەی تێدا هاتووە...٥٧.

هەرلەم سەربەنەوە زۆرێک لە موعتەزیلەکان فەرموودەکانی: سزای ناوگۆڕ، بینینی جنۆکە، موعجیزەی لەتبوونی مانگ، موعجیزەی هەڵقوڵانی ئاو لەناو دەستی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت)، سیحرکردن لە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت)، شەفاعەت، بینینی خوداو چەندینی تریان رەتکردۆتەوە.

سەبارەت بە بۆچوونیان لەسەر هاوەڵانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) موعتەزیلەکان وەکو مرۆڤ مامەڵەیان لەگەڵ کردوون، ئەو تەلیسمەیان شکاندووە کە هاوەڵان هەموویان راستگۆو بەمتمانەن، نابێت قسەیان لەسەر بکرێت، ئەوان رەخنەیان لە زۆر هەڵوێستو بۆچوونو گێرانەوەی هاوەڵان گرتووە ٥٨.

موعتەزیلەکان لە روانگەی یەکتاپەرستیو پاکوبێگەردییو دادی خواییەوە چەندین بابەتی تری هەستیاری فەلسەفیو کەلامیو شەرعیان وروژاندوەو قسەیان لەسەر کردووە، لەوانە، بابەتەکانی: بوون، نەبوون، بەشی دابەشنەبوو یان جەوهەری تاک، جووڵە، وەستان، تایبەتمەندیی تەنەکان، گیان، هەستەکان، چێژ، ئازار، جنۆکە، شەیتان، فریشتە، پێغەمبەرایەتیی، تۆبەکردن، پێشەوایەتی، بنچینەی زمان، وردەکاریەکانی رۆژی دوایی، وەک: سزای ناوگۆڕ، ، پردی سیرات، شەفاعەت، تەرازووی کارەکان، بەردەوامیی بەهەشتو دۆزەخ،...

گرنگیو رۆڵی موعتەزیلە لە مێژووی هزری ئیسلامیدا موعتەزیلە یەکەمین قوتابخانەی کەلامییە لە ئیسلامدا، رۆڵی بەرچاوی هەبووە لە برەوپێدانی هزری ئایینیو فەلسەفیدا، بنیاتنەری بنەما عەقڵیەکانی عەقیدەی ئیسلامییە، لە رێگەی قوتابخانەی ناوبراوەوە بزافی عەقڵگەرایی هاتە ئاراوەو توانی لە هەیمەنەی چەقبەستوویی بێماناو پەیوەستبوونی رەها بە دەقەوە کەمبکاتەوە.

پێشەوایانوقوتابیانی ئەم قوتابخانە، عەقڵیان کردبووە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی زۆرێک لە کێشە ئاینیەکانو دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان.

موعتەزیلە وەکو تەوژمێکی هزریو رێبازێکی عەقڵانی دەرکەوتنیان حەتمی بوو، دەبوا هەر ببوونایە بۆ چوونە نێو ئەو مەیدانخوازیو ململانێ فکریەی ئیسلامو موسوڵمانان دووچاری ببوون لەلایەن هەوادارانو هاوبیرانی جولەکە، مەسیحی، بەراهیمە، مانەوی، مەزدەکی، سابیئە، سومەنیو دەهریەکان لەلایەکو، بۆ رووبەڕووبوونەوەی گروپە لادەرە شیعیو سوونیەکان لەلایەکی ترەوە.

لەمبارەوە خاوەنی کتێبی (الانتصار) دەڵێت: «بێجگە لە موعتەزیلەکان کەس هەبوو بەرپەرچی دەهریەکان بداتەوە؟ کەسێک هەبوو بنەمای یەکتاپەرستی روونبکاتەوەو، بەرگری لێبکاتو بەڵگەی بۆ بهێنێتەوەو، کتێبی لەسەر دابنێتو، بە چەندین شێواز بەرپەرچی گروپە دژبە ئایینەکان بداتەوە، بێجگە لە موعتەزیلە؟ «٥٩.

گەورەیی موعتەزیلە لەوەدابوو هەوڵیاندەدا گرنگیبدەن بەبیرو بۆچوونی نەیارانو دژەکانیانو ئاشنا بن بە میتۆدو بەڵگەو رەخنەو وردەکاریەکانیان، تا بتوانن بەهەمان شێوازو رێبازی خۆیان وتووێژیان لە گەڵدا بکەنو رەتیانبدەنەوەو، لە رێگەی بەڵگە عەقڵیە حاشاهەڵنەگرەکانەوە بەرگری لە ئیسلام بکەن.

لەلایەکی ترەوە یەکەمین هەوڵ کەدرا بۆ نزیککردنەوەی دەقە ئایینیەکان لە عەقڵەوە و سەلماندنی نەبوونی نەسازی و ناڕێکی لە نێوان عەقڵو نەقڵ و فەلسەفەو ئاییندا لەلایەن موعتەزیلەکانەوە بوو.

بەهەمانشێوە موعتەزیلەکان رۆڵی بەرچاو و کارایان گێرا لە بە عەقڵانیکردنو فراوانکردنی باسەکانی زانستی ئوسوڵی فیقهدا، ئەم زانستە بە برِبرِەی پشتی زانستە شەرعییەکان دادەنرێت

و هۆكاری مانەوەی حوكمە شەرعییەكانو گونجاندنیانە لە گەڵ كاتو شوێنوسەردەمە جیاوازەكاندا، لەمبارەوە كتێبی (المعتمد فی أصول الفقه)ی ئەبوحسەینی بەسری كە راڤەو درێژكراوەی كتێبی (العمد) و بەرگی حەڤدەیەمی كتێبی (المغنی فی أبواب التوحید والعدل)ی قازی عەبدولجەبارە، بەگرنگترینو كاریگەرترین كتێبی ئوسوڵی فیقە دادەنرێت لە دوای (الرسالة)ی ئیمامی شافیعی، زۆربەی كتێبە ئوسوڵیەكانی دواتر كەوتوونەتە ژێر كاریگەریەوە.

لەلایەكی ترەوە كێ دەتوانێت لە كاریگەریو داهێنانەكانی: ئەبوعەلی قوتروب- لە (٢٠٦ك) مردووە-، ئەخفەشی ناوەند- لە (٢١٥ك) مردووە-، ئەبو زەیدی ئەنساری- لە (٢١٥ك) مردووە-، ئەبو عوسمانی مازنی- لە (٢٤٧ك) مردووە-، ئەبو حاتەمی سیجستانی- لە ٢٥٠ك) مردووە- ئەبو عوسمانی جاحز- لە (٢٥٥ك) مردووە-، ئیبن كەیسانی بەغدادی- لە (٢٩٩ك) مردووە-، ئەبو سەعیدی سیرافی- لە (٣٦٨ك) مردووە-،ئەبوعەلی فارسی- لە (٣٧٧ك) مردووە-، ئەبوحەسەنی رومانی- لە (٣٨٤ك) مردووە-، ئیبن جینی- لە (٣٩٢ك) مردووە- ، ئیسماعیلی كوڕی حەمادی جەوهەری- لە (٣٩٣ك) مردووە-، ئەبوهیلالی عەسكەری- لە (٣٩٥ك) مردووە-،ئەبوقاسمی زەمەخشەری- لە (٥٣٨ك) مردووە-، كەمبكاتەوە لە بوارەكانی ئەدەب، فەلسەفەی زمان، یاساو رێساكانی زمانی عەرەبی، فەرهەنگناسی ؟

هەرلەهەمان باسدا دەبینین زۆربەی نووسراوەكان لە ئیعجاز و رەوانبێژیی قورئاندا، كاریگەرن بە نووسینەكانی ئەبوحەسەنی رومانی و قازی عەبدولجەبارو زەمەخشەری.

یان كاتێك لە (كتاب الحیوان) و (البیان والتبیین)ی جاحزو (الخصائص)ی ئیبن جینی و (المغنی فی أبواب التوحید والعدل)ی قازی عەبدولجەبارو(الكشاف عن حقائق غوامض التنزیل)ی زەمەخشەری و (الصحاح)ی جەوهەری ورد دەبیتەوە ئەوكات دەزانیت ئەو زانایانە چی رۆڵێكیان هەبووە لە شارستانیەتی ئیسلامیدا؟ خاوەنی چ جۆرە عەقڵێكی داهێنەرو مەوسوعی بوون؟

یاخود دەبینین ئیمامی زەهەبی -لە (٧٤٨ك) مردووە-خاوەنی (سیر أعلام النبلاء) و (میزان الاعتدال) كەیەكێكە لە نەیارانی موعتەزیلە، بەڵام راستگۆیانە باسی لە دینداریو زانایەتی زۆربەی موعتەزیلەكان كردووە، ژیاننامەی حەفتاودوو كەسایەتی موعتەزیلەو قەدەریەی هێناوە كە بوخاری- لە (٢٥٨ك) مردووە-و موسلیم- لە (٢٦١ك) مردووە- گێڕانەوەیان لێوەرگرتون٦٠ .

لە سەروو هەموو ئەمانەوە تێڕوانینی موعتەزیلە بۆ بنەمای یەكتاپەرستی تێڕوانینێكی زۆر بەهێزبووە، بە جوانترین شێواز ئایەتی (لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ) لە بۆچوونەكانیاندا رەنگیداوەتەوە.

هەروەها لە رەتكردنەوەیان بۆ قەدەر و نیسبەتدانی كارەكان بۆ بەندەكان دوو مەبەستی گەورەیان پێكابوو:

یەكەم: پاكو بێگەرد راگرتنی خودا لەهەر ستەمێكو بەرگریكردن لە بنەمای دادی خوایی.

دووەم: بەرگریكردن لە ئازادی مرۆڤەكان و شیاوێتیان بۆ هەڵگرتنی لێپرسراوێتی.

ئەوە ماوە بڵێین لەوانەیە موعتەزیلەكان لە هەندێك مەسەلەدا كەوتبنە هەڵەوەو، لە هەندێك باسیشدا هەست بە زیادەڕۆیی یان قسوریان بكرێتو نەیان پێكابێت، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە گرنگەو سەرسامماندەكات رۆحی موعتەزیلەیە، ئەو رۆحەی دەیویست رەخنەگر بێت، ئازادیخوازبێت، داهێنەر بێت، تازەگەرو ریفۆرمخوازبێت، واقیعی بێت، عەقڵانی بێت، ئاینو ئاینداری لە خورافیات پاكبكاتەوە، هەوڵیدەدا بنەمای یەكتاپەرستی بپارێزێت لە چڵك و چەپەڵیەكانی چواندنو، بەجەستەكردنو، دوالیزموسیانەیی...

## سەرچاوەو پەراوێز:


١. الانتصار والرد على ابن الراوندى الملحد، تحقيق: نيبرج، الدار العربية للكتاب، القاهرة، ط١، ١٣٤٤ه،ص١٢٦.

٢. بڕوانە: الهمدانی، القاضي عبدالجبار: شرح الاصول الخمسة، تحقيق: سمير مصطفى رباب، دار إحياء التراث العربى، بيروت، ط١، ٢٠٠١، ص٧٧.

٣. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧.

٤. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧.

٥. بڕوانە: الخياط: سەرچاوەی پێشوو، ل٥. الجشمی، الحاكم: الجشمی، الحاكم: تحكيم العقول فى تصحيح الأصول، تحقيق: عبدالسلام بن عباس الوجيه، مؤسسة الإمام زيد بن على الثقافية، صنعاء، ط٢، ٢٠٠٨،ص٣٦. نادر، ألبير نصرى: فلسفة المعتزلة، مطبعة دار نشر الثقافة، الإسكندرية، د.ت، ٣٩/١.

٦. الخياط: سەرچاوەی پێشوو، ل١٣.

٧. بڕوانە: الهمدانی، اعبدالجبار: شرح الاصول الخمسة، ص٢٠٣. المغنى فى أبواب التوحيد والعدل، تحقيق: محمود محمد قاسم، دار الكتب المصرية، القاهرة، د.ت،٣/٦. الجشمی، الحاكم: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧.

٨. بڕوانە: الجشمی، الحاكم: سەرچاوەی پێشوو، ل٢١١. جار الله، زهدى: المعتزلة، الاهليه للنشر والتوزيع، بيروت،د.ط،١٩٧٤،ص ٥١. عبدالحميد، عرفان: دراسات فى الفرق والعقائد الإسلامية، مطبعة الإرشاد، بغداد، ط١، ١٩٦٧، ص٩٧.

٩. بڕوانە: الهمدانی، عبدالجبار: شرح الاصول الخمسة، ص٤٧١. الجشمی، الحاكم: سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٧. النشار، على سامى: نشأة الفكر الفلسفى فى الإسلام، دار السلام، القاهرة، ط١، ٢٠٠٨، ٥٠٣/١. جار الله، زهدى: سەرچاوەی پێشوو، ل٥١، ٥٣.

١٠. بڕوانە: جار الله، زهدى: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤.

١١.بڕوانە: الهمدانی، عبدالجبار: شرح الاصول الخمسة، ص٥٠٣. عبدالحميد، عرفان: سەرچاوەی پێشوو، ل٩٧.

١٢. بڕوانە: عبدالحميد، عرفان: سەرچاوەی پێشوو، ل٩٧.

١٣.بڕوانە: الهمدانی، اعبدالجبار: شرح الاصول الخمسة، ص١٣١.

١٤. بڕوانە: الشهرستانى: الملل والنحل، تحقيق: أحمد فهمى محمد، دار الكتب العلمية، بيروت، ط٣، ١٩٩٢ ٣٨/١.

١٥. بڕوانە: نادر، ألبير نصرى: سەرچاوەی پێشوو ٣٧/١. عبدالحميد، عرفان: سەرچاوەی پێشوو، ص٢٢٣.

١٦. بڕوانە: الاشعرى: مقالات الإسلاميين، تحقيق: محمد محيى الدين عبدالحميد، المكتبة العصرية، بيروت، ١٩٩٠، ٢٤٥/١. الشهرستانى: سەرچاوەی پێشوو٤٤/١.

١٧. بڕوانە: بدوى، عبدالرحمن: مذاهب الإسلاميين، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٩٧، ص٢٠٨. النشار: سەرچاوەی پێشوو، ٥٥٨/١.

١٨.بڕوانە: الشهرستانی: سەرچاوەی پێشوو، ٦٩/١. بدوی، عبدالرحمن: سەرچاوەی پێشوو، ص٣٤٣. عبدالحمید، عرفان: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٠.
١٩.بڕوانە: الشهرستانی: سەرچاوەی پێشوو٦٩/١. عبدالحمید، عرفان: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٥.
٢٠.دراسات فی الفرق والعقائد الإسلامیه، ص٢٣٥.
٢١- بڕوانە: الهمدانی، عبدالجبار: شرح الاصول الخمسة، ص٣٥٧. المغنی فی أبواب التوحید والعدل ٣/٧. بدوی، عبدالرحمن: سەرچاوەی پێشوو ص٤٧٣.
٢٢. بڕوانە: الهمدانی، عبدالجبار: المغنی فی أبواب التوحید والعدل ٨٦/٧. الجشمی، الحاکم: سەرچاوەی پێشوو، ص١٧٠. نادر، ألبیر نصری: سەرچاوەی پێشوو١٠٣/١.
٢٣. شرح الاصول الخمسة، ص٣٦٠. المغنی فی أبواب التوحید والعدل ٨٧/٧.
٢٤. بڕوانە: الجشمی، الحاکم: سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢.
٢٥. بڕوانە: الهمدانی، عبدالجبار: شرح الاصول الخمسة، ص١٥٣.
٢٦. بڕوانە: الهمدانی، ا عبدالجبار: شرح الاصول الخمسة، ص١٥١. الجشمی، الحاکم: سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢.
٢٧. بڕوانە: الهمدانی، عبدالجبار: شرح الاصول الخمسة، ص١٥٦.
٢٨. بڕوانە: الهمدانی، اعبدالجبار: شرح الاصول الخمسة، ص١٦٤. الجشمی، الحاکم: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٣.
٢٩. بڕوانە: الهمدانی، ا عبدالجبار: شرح الاصول الخمسة، ص٥٢٢. عبدالحمید، عرفان: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦١.
٣٠. بڕوانە: عبدالحمید، عرفان: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٢.
٣١. بڕوانە: عبدالحمید، عرفان: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٢.
٣٢. بڕوانە: الشهرستانی: سەرچاوەی پێشوو، ٤١/١.
٣٣. بڕوانە: جار الله، : سەرچاوەی پێشوو،ص٩٦.. عبدالحمید، عرفان: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٢.
٣٤. بڕوانە: جار الله،: سەرچاوەی پێشوو، ل٩٦. عبدالحمید، عرفان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٢.
٣٥. بڕوانە: الهمدانی، القاضي عبدالجبار: شرح الاصول الخمسة، ص٢٢٤. جار الله، زهدی: سەرچاوەی پێشوو، ل٩٦. عبدالحمید، عرفان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٢.
٣٦. بڕوانە: : الهمدانی، عبدالجبار: شرح الاصول الخمسة، ص٢٣١. جار الله، زهدی: سەرچاوەی پێشوو، ل٩٧
٣٧. بڕوانە: الهمدانی، عبدالجبار: شرح الاصول الخمسة، ص٢٢٥.
٣٨. بڕوانە: الهمدانی، عبدالجبار: فضل الاعتزال وطبقات المعتزلة ومباینتهم لسائر المخالفین،ص٢٣٢. البصری، أبوالحسین: المعتمد فی أصول الفقه، تحقیق: محمد حمیدالله، دمشق، ١٩٦٥، ٨٦٨/٢. السمرقندی، شمس الدین: الصحائف الإلهیه، تحقیق: أحمد عبدالرحمن الشریف، دار الکتب العلمیة، بیروت، ٢٠٠٧ ص٤٦٤. الشهرستانی: الملل والنحل٣٩/١. نادر، ألبیر نصری: سەرچاوەی پێشوو ٣٩/٢.
٣٩. بڕوانە: الشهرستانی: الملل والنحل ٣٩/١. الجشمی، الحاکم: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥. جار الله، زهدی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٢.

٤٠. بڕوانە: جار الله، زهدی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٢.
٤١. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣.
٤٢. بڕوانە: الجشمی، الحاكم: سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٠. جار الله، زهدی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣.
٤٣. بڕوانە: الشهرستانی: سەرچاوەی پێشوو٦٨/١. جار الله، زهدی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٤.
٤٤. بڕوانە: جار الله، زهدی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٤.
٤٥. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٤.
٤٦. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٥.
٤٧. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٥.
٤٨. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٥.
٤٩. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٦.
٥٠. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٦.
٥١. بڕوانە: الشهرستانی: سەرچاوەی پێشوو٥٠/١. نادر، ألبیر نصری: سەرچاوەی پێشوو ١٥٠/١.
٥٢. بڕوانە: الشهرستانی: سەرچاوەی پێشوو٥٠/١. نادر، ألبیر نصری: سەرچاوەی پێشوو١٠٩/١.
٥٣. بڕوانە: الهمدانی، عبدالجبار: المغنی فی أبواب التوحید والعدل، ٩/١٣. الشهرستانی: سەرچاوەی پێشوو ٦٨/١.
٥٤. بڕوانە: الاشعری: سەرچاوەی پێشوو٩٧/٢. النشار: سەرچاوەی پێشوو، ٥٥١/١، نادر، ألبیر نصری: سەرچاوەی پێشوو، ٢٢٠/١. تركی، إبراهیم محمد: السببیه عند القاضي عبدالجبار، دار الوفاو، الإسكندریه، گ١، ٢٠٠٤، ص٤٦.
٥٥. بڕوانە: الاشعری: سەرچاوەی پێشوو١٢٢/٢، ١٢٥، ١٢٨. الهمدانی، عبدالجبار: المغنی فی أبواب التوحید والعدل، ٢٢٦/١٥. الشهرستانی: سەرچاوەی پێشوو، ٥٢/١، ٧١. تركی، إبراهیم محمد: سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣.
٥٦. بڕوانە: الهمدانی، عبدالجبار: فضل الاعتزال وطبقات المعتزلة ومباینتهم لسائر المخالفین، مطبوع مع رسالتین للبلخی والحاكم الجشمی باسم (فضل الاعتزال وطبقات المعتزلة) تحقیق : فؤاد سید، الدار التونسیة، ص١٣٩.
٥٧. بڕوانە: الهمدانی، عبدالجبار: المغنی ، ٢٨٠/١٧. البصری، أبوالحسین: سەرچاوەی پێشوو ٥٧٠/٢...
٥٨. بڕوانە: الاشعری: سەرچاوەی پێشوو١٤٢/٢. الهمدانی، عبدالجبار: فضل الاعتزال، ص١٤٢. الشهرستانی: سەرچاوەی پێشوو ٥٠/١.
٥٩. الخیاط: سەرچاوەی پێشوو ،ص١٧.
٦٠. بڕوانە: جارالله،: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٤.

# عەقڵ و نەقڵ

## لە نێوان تەواوکاری و دژەوانەیی یەکتری دا





**خدر عەبدوڵڵا خدر**

ناسراو بەمامۆستا وریا. مامۆستای زانکۆی ڕاپەڕین
کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەتی - بەشی زمانی عەرەبی
هەڵگری بڕوا نامەی ماستەر لە زمانی عەرەبی.

**پێشەکی:**

بابەتی عەقڵ ونەقڵ بابەتێکی فرە ڕەهەندە، هەم لەکۆن و هەم لە نوێدا خراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و ڕاجیایی تیادا دروست کراوە، وە تەم و مژێک دەوری تەنیوە، هەر بۆ یەش چەندین پرسیاری جەوهەری لەناو خولگەی ئەم بابەتە دا سەرە تاتکێ دەکەن، وەک:

- ئایا بەڕاست ئەم دوانە دژبەیەکن؟ یان تەواو کاری یەکترین؟
- ئایا مرۆڤ توانای دەست بەرداربوونی یەک لەم دوانەی هەیە؟
- ئایا سنووری هەرکام لەم دوانە تا کوێ یە؟
- ئایا عەقڵ بە تەنها توانای وەڵامدانەوەی گشت پرسیارەکانی هەیەو ؟ تا چ ئاستێ بڕ دەکا؟
- ئەی نەقڵ بە بێ عەقڵ شیکار و ڕاڤە دەکرێ؟ مرواریەکانی ناوی دەردەهێنرێ؟
- ئەی نەقڵ جگە لەعەقڵ ئاراستەی چیتر دەکرێ؟
- ئایا باس کردن لە عەقڵ و عەقڵا نیەت سەرەتای بەدبین بوونە بەرامبەر بە نەقڵ؟

ئەمەو چەندین پرسیاری تر بە تەنیشت باسی عەقڵ و نەقڵەوە دێنەپێشەوە و خۆ نمایش دەکەن.

بەڵام ئەوەی کە لە بەرئەنجامی خوێندنەوەو بە دوا چووندا بۆ مان دەردەکەوێ دەتوانین بڵێین چەسپاندن و سەلماندنی هەبوونی دژایەتی بە بەڵگەی ڕۆشن کارێکی زۆر دژوارترو قورس ترە لەوەی بڵێین ئەم دوانە تەواوکاری یەکترین و دەست بار بۆ یەکتری دەگرن.

**چەمکە بەکار هاتووەکانی ئەم بابەتە:**

کە دەڵێین عەقڵ: مەبەست هەموو عەقڵێک نییە، ئەوەندەی مەبەستمان عەقڵێکی کارای ساغ و سەلیمە کە توانای تێرامان و تێگەیشتن و بەراورد کاری و ڕاڤەو هەڵێنجان و ئەنجام گیری هەبێ نەک عەقڵێکی ناتەواو و نەسەلمێن و تەڵقین کراوی پێش وەخت وەک موتەنەبی دەڵێ:

**وكم من عائب قولا صحيحا**
**و آفته من الفهم الســـقيم.**

نەقڵ: مەبەستمان لە نەقڵ لێردا وەحی خودایی یە، وەحیەک کە هیچ گومان و دو دڵییەک لە ڕاستی و دروستی بۆ پاڵدانی بۆ لای پێغەمبەر نەبێ و مەبەستتێکیش کە بمانەوێ لێی وەربگرین دەبێ زۆر دیار و ڕاشکاوو ڕوون بێ.

دژەوانەیی: واتە دژبوون بە یەکتری، و پێچەوانە بوون و نەگونجان و پێکەوە دانوو نەکوڵان.

تەواو کاری: واتە یەکتری تەواو کردن و پێکەوە سازان کەڵک لێکتر وەرگرتن و دەستبار بۆ یەکگرتن.

**عەقڵ و نەقڵ لەدونیا و هزری ئیسلامیدا:**

نە لە قورئان و نە لە سوننەتی پیغەمبەردا -درودی خودای لەسەر- شتێکمان دەست ناکەوێ کە عەقڵ بەکەم سەیر بکات و لە پلەو پایەی کەم بکاتەوە! بەڵکو ڕیک بە پێچەوانەوە چەندین ئایەتی قورئانمان هەیە کە ستایشی ڕۆل و پلەو پایەی عەقڵ دەکەن ئەوەتا خودای کار بەجێ دەفەرموێ: ((إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِأُولِي النُّهَى ))( طه: ١٢٨).

واتە: ئەمانە بەڵگەن بۆ خاوەن ژیري و عەقڵە کان زەمی ئەو کەسانە دەکا کە عەقڵ بە کار ناهێنن و کەڵکی لێ وەرناگرن وەک دەفەرموێت: ((إِنَّ شَرَّ الدَّوَابِّ عِندَ اللَّهِ الصُّمُّ الْبُكْمُ الَّذِينَ لَا يَعْقِلُونَ)) (الأنفال: ٢٢).

واتە: ئەوانە خراپترینن کە کەڕ و لاڵن و ئەوانەی عەقڵ و ژیری بە کارناهێنن، هەروەها یەکێک لە هۆکارەکانی ناردنە خوارەوەی قورئانی بە زمانی عەرەبی بۆ عاقڵ کردن و عاقڵ بوون و ژیر بوونە وەک خودای پەروەردگار دەفەرموێ: ((إِنَّا أَنزَلْنَاهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لَّعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ)) (یوسف: ٢).

گەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی پێغە مبەر د.خ و ئەسحابی پێغەمبەر کە نەوەی زێرینی یەکەمی ئیسلامن سەیر دەکەین گرفتێک نییە بە ناوی کێشەی دژایەتی هەبوون لە نێوان عەقڵ و نەقڵدا

و  هیچ جۆرە  نەگونجان و ناسازیەک نابیسین! بەڵکو ئەسحابی پێغەمبەر  گوێیان لە نەقڵ گرتووەو بەعەقڵیش لێکیان داوەتەوە و لێی حاڵی بوون و توانیویانە هاوسەنگی یەکی جوان و ڕیک و پێک لەنێوان ئەم دوانە بپارێزن

عەقڵ  شوێنی گونجاوی خۆی بێ زیادو کەم پێ دراوە  تەنانەت  دەتوانین بڵێین کە تەواوی زانا ئوسوڵی و فو قەها کانیش بێ جیاوازی کۆک بوون لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

* العقل مناط التكليف
* العقل أساس صحة العبادة
* العقل أساس قبول العبادة
* والعقل شرط في العلم والمعرفة(١).

ئەمەش  ئەگەر  مانایەکی  هەبێ  ئەوە  ڕیک ئەوەیە: کە هەرکەس عەقڵ لە دەستبدات ئەوە نەقڵ نایدوێنێ و هیچ داوا کاریەکی  ئاینی - نەقڵی - لێ ناکرێ و سروت و پەرستەشەکان و نزاو لالانەوەکانی لێ وەر ناگیرێ! تەنانەت متمانە بە زانست و زانیارەکانیشی ناکرێ! ئەوەتا پیاوێکی گەورە نەقڵانی ـ ئەگەر ئەم دەستەواژەیە دروستبێ ـ وەک ئیبن و تەیمیە دێت و  کتێبی چەند بەرگی دەنوسێ بەناوی:  درء تعارض العقل والنقل(٢).

واتە:  عەقڵ و نەقڵ ناکۆک نین و  گومانی دژ ایەتی نێوان عەقڵ و نەقڵی زۆر بەجوانی بە چەندین بەڵگە پوچەڵ کردۆتەوە.

## زیادە ڕەوی کردن لە عەقڵدا :

فەیلەسوفەکانی یۆنان و هەندێک لەفەیلەسوکانی دونیای ئیسلامیش لەوانە فارابی و کیندی و هەروەها هەندێک لەزانایانی  عیلمی کەلام  لە موعتەزیلەکان و هەندێک گروپی تریش وەک حەداسییەکان، ڕەنگە زیادە ڕەویان  لە بە پیرۆز گرتنی عەقڵدا کردبێ و تا ئەو ئاستەی  هەندێکیان بە تاکە سەرچاوەی انست و زانیاریان دانا بـێ!  وە عەقڵیان لەسنووری خۆی تێ پەڕاندبێ! تەنانەت لای هەندێک کرابێت

بە خودا!  یان لە ئاستی خودایان دانابێ!  ڕەنگە ئەمە گرنگترین خاڵی ناکۆکی نێوان  عەقڵانیەکان و حەداسیەکان لەلایەک  و ئەوانەی پێیان دەگوترێ ئەهلی نەقڵ بێ!  هەر لەبەر ئەم خاڵەشە!

**ئەهلی نەقڵ گوتویانە:**  والعقل ليس إلها يحكم بالصحة أو البطلان، وبالقبول أو الرفض لما جاء من عند الله(٣).

واتە:  عەقڵ ناکرێ بکرێتە خوا و ڕاست و چەپ بە سەر وەحی خودایدا  بێنێ و ئەوەی لەلایەن خوداوە دێت! ڕەتی بکاتەوە   وە هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە   مەجمەعی فیقهی ئیسلامی هەڵوێستیان لە حەداسیەکان وەرگرتووە   ڕایان گەیاندووە کە حەداسەتی لەم جۆرە تەوژمێکی فکری یەو عەقڵ دەکاتە خوداو  غەیب و پەنهان و شاراوە  ڕەتدەکاتەوەو، باوەڕی بە وەحی نی یەو، هەموو جۆرە بەها ئاکاری  و ئەخلاقی و توڕاسیە باشەکان دەڕوخێنێ!

لە تایبەتمەندیە هەرە دیارەکانیان پشت بەستنە بە عەقڵ بەڕەهایی و، تەنها وەرگرتنی  ئەو بەرهەم و دەستکەوت و دراوانەیە کەلە زانیاریە کرداری و ئەزموونیەکانەوە پشت ڕاست دەکرێنەوە یان بەرهەم دێن   دوور  لە بیرو باوەڕی ئیسلامی: (... إن مجلس مجمع الفقه الإسلامي الدولي المنبثق عن منظمة المؤتمر الإسلامي في دورة انعقاد مؤتمره الحادي عشر بالمنامة في مملكة البحرين، من ٢٥ – ٣٠ رجب ١٤١٩هـ الموافق ١٤ – ١٩ تشرين الأول (نوفمبر) ١٩٩٨م بعد اطلاعه على الأبحاث المقدمة إلى المجمع بخصوص موضوع «الإسلام في مواجهة الحداثة الشاملة»، وفي ضوء المناقشات التي وجهت الأنظار إلى خطورة هذا الموضوع، وكشفت وأوضحت حقيقة الحداثة بأنها مذهب فكري جديد، يقوم على تأليه العقل، ورفض الغيب، وإنكار الوحي، وهدم كل موروث يتعلق بالمعتقدات والقيم والأخلاق.

وأن أهم خصائصها عند أصحابها:

**گەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەر ــ د.خ ــ و ئەسحابی پێغەمبەر کە نەوەی زێرینی یەکەمی ئیسلامن سەیر دەکەین گرفتێك نییە بە ناوی کێشەی دژایەتی هەبوون لە نێوان عەقڵ و نەقڵدا .**



- الاعتماد المطلق على العقل، والاقتصار على معطيات العلم التجريبي بعيدا عن العقيدة الإسلامية الصحيحة..)(٤).

ئەگەر نا هیچ کەس لەدونیای ئیسلام ئینکاری ڕۆڵ و پلەو پایەی عەقڵی نەکردووەو ئیدعای ئەوەینەکردووە کە ئەمانە دژ بە یەکتری بن! خودای کارساز نەقڵی بۆ عەقڵ ڕەوانە کردووە .

### شێواندنی نەقڵ:

هەموو ئەو شتانەی کەبەناوی نەقڵەوە دەگوترێن لەیەک ئاستدانین، لە ڕوانگەی ساغ بوونەوە و ڕاست و دروستی و سەنە دوو و ئەو ڕێگایانەوە کەپێمان گەیشتون ئە مە لە لایەک ئینجا سەلیقەو دیققەت و وردەکاری کردن لە خودی ئەو وشانەی کە لە دەمی پێغەمبەرەوە ــ د.خ - وەرگیراون، هەیانە دوای شەن و کەوی کردن و بەدوادا چوون ڕاست و دروستیان و ڕیک و ڕەوانیان و وبێ گرێ و گۆڵیان سەلمێنراوە و هەشیانە هەڵبەستراوەو بەناوی خوداو پێغەمبەرەوە گوتراوە بەبێ بەڵگەو دەلیل یان پۆخڵەواتی دینە دەستکاری کراو و گۆڕاو وەکانی پێش ئیسلامەو لە ئیسرائیلیاتی جولەکەو گاورەکانەوە وەرگیراوە و خراوەتە نێو توراسی ئیسلامی و ڕاست و ناڕاست تێکەڵ کراوە ئەمەش وایکردووە هەرچی بەناوی نەقڵەوە دەگوترێ یەکسەر بێ بەدوا چوون وەرنەگیری! چونکە بەڕاستی جاری وا هەیە هەندێک لەو دەق و تێکستانە جێی سەرنجن و ناقۆڵان و ئاسان دان بەڕاستی و دروستیان دا نانرێ چونکە لە سەرچاوەیەکی لێڵ و شێواوە هاتووە!! هەربۆیە ئیبن و تەیمیە بەرەحمەت بێ دەفەرموێ:

(...وقد تأملت ذلک في عامة ما تنازع الناس فيه فوجدت ما خالف النصوص الصحيحة الصريحة شبهات فاسدة يعلم بالعقل بطلانها بل يعلم بالعقل ثبوت نقيضها الموافق للشرع وهذا تأملته في مسائل الأصول الكبار كمسائل التوحيد والصفات ومسائل القدر والنبوات والمعاد وغير ذلك ووجدت ما يعلم بصريح العقل لم يخالفه سمع قط بل السمع الذي يقال:

إنه يخالفه إما حديث موضوع أو دلالة ضعيفة فلا يصلح أن يكون دليلا لو تجرد عن معارضة العقل الصريح فكيف إذا خالفه صريح المعقول؟

ونحن نعلم أن الرسل لا يخبرون بمجالات العقول بل بمجاراة(٥) العقول ن فلا يخبرون بما يعلم العقل انتفاءه بل يخبرون بما يعجز العقل عن معرفته)(٦).

واتە: بەورد بوونەوەو سەرنج دان لەزۆربەی ئەوشتانەی کە خەڵک مشت و مڕیانە لەسەری گوایە عەقڵ و نەقل تیایاندا پێچەوانەن! بۆم دەرکەوت کە ئەوانە هەندێک گومانی بێ جێ و پوچن و هەر بەخودی عەقڵ دەتوانرێ ناڕاستی و پوچەڵیان بسەلمێنرێ! وبێ گرێ وگۆڵ نەقڵە ڕاست و دروستەکە بسەلمێنرێ! بەتایبەت لە بابەتە بنەڕەتی و سەرەکیەکانی وەک: یەکتا پەرستی و سیفات و قەدەرو پێغەمبەرایەتی و دوارۆژدا و ئەوەش کە عەقڵێکی ساغوتەندروست بۆی قوت ناچێ و وەری ناگرێ!



**خودای باڵا دەست نەقڵی بۆ عەقڵ ناردووە، بەبێ عەقڵ ناتوانین لەداواکاری خودای مەزن کەلەنێو دوتوێی نەقڵ دا هاتووە حاڵی ببین و دەستمان بگاتە مرواری و حوکمە ئاشکراو شاراوەکانی نێو تێکست و دەقەکان.**

ئەوە یان بەناو فەرموودەیەکی ئەو تویە کە هەڵبەستراوەو درۆیە بەناوی پێغەمبەرەوە دەکرێ! یان ماناو نێوەرۆکێکی هێندە لاوازو نەسەلمێنراوە بۆ بەڵگە پێهێنانەوە نابێ! چ جای ئەوەی کە پێچەوانەو دژ بە عەقڵێکی ساغ بێ!.

چونکە پێغەمبەران قسەکانیان زۆر روون و ئاشکران وە ئەوان باس لەشتانێک دەکەن کە عەقڵ توانای زانینیان نییە! نەک ئەوەی عەقڵ خۆی دەتوانێ بیانزانێ ئەوان باس لەو شتانە دەکەن کە عەقڵ دادەمێنێ بەرامبەریان و پەیان پێ نابا! نەک ئەو شتانەی کە دەتوانێ پێیان بگاو بیان زانێ! هەر وەک ئیبن تەیمیە ئەمەی لەچەند شوێنێک لە کتێبەکانی دا باس کردووە بۆ نمونە دەفەرموێ:

(...إِنَّ الْأَنْبِيَاءَ - صَلَوَاتُ اللَّهِ عَلَيْهِمْ وَسَلَامُهُ - أَكْمَلُ النَّاسِ كَشْفًا، وَهُمْ يُخْبِرُونَ بِمَا يَعْجِزُ عُقُولُ النَّاسِ عَنْ مَعْرِفَتِهِ، لَا بِمَا يُعْرَفُ فِي عُقُولِهِمْ أَنَّهُ بَاطِلٌ، فَيُخْبِرُونَ بِمُحَارَاتِ الْعُقُولِ لَا بِمُحَالَاتِ الْعُقُولِ...)(٧).

## پوختەی بابەت:

خودای باڵا دەست نەقڵی بۆ عەقڵ ناردووە، بەبێ عەقڵ ناتوانین لەداواکاری خودای مەزن کەلەنێو دوتوێی نەقڵدا هاتووە حاڵی ببین و دەستمان بگاتە مرواری و حوکمە ئاشکراو شاراوەکانی نێو تێکست و دەقەکان، ئەم دوانە بەهیچ شێوەیەک دژ بە یەکتری نین و یەکتری تەواو دەکەن هەریەکەیان بە پێی بوارو رۆڵی خۆیان، بێ تێکدانی لەنگەرو هاوسەنگی نێوانیان وە ئەم دوانە لە راستی دا پێکەوە بازنەی هەقیقەت و راستی تەواو دەکەن و بێ یەکتری نایان کرێ و ناتەواون.

پێغەمبەرانی خودا ئەو کەسانەن کە زۆر ژیر بوون و ژیرانە نەقڵیان هێناوەو گەیاندویانە و بەرجەستەکارانی عەقڵ و نە قڵ بوون ئەمە وێرای ئەوەی کە بەدرێژایی مێژوو هیچ کەودەن و گێل و شێتێک نەکراوە بە پێغەمبەر درودی خوایان لەسەربێ. هەروەک ئیبن تەیمیە ئاماژەی بۆ کردووە کە دەفەرموێ:

(...وَأَمَّا الْجُنُونُ فَقَدْ نَزَّهَ اللَّهُ أَنْبِيَاءَهُ عَنْهُ , فَإِنَّهُ مِنْ أَعْظَمِ نَقَائِصِ الْإِنْسَانِ , إِذْ كَمَالُ الْإِنْسَانِ بِالْعَقْلِ , وَلِهَذَا حَرَّمَ اللَّهُ إِزَالَةَ الْعَقْلِ بِكُلِّ طَرِيقٍ، وَحَرَّمَ مَا يَكُونُ ذَرِيعَةً إِلَى إِزَالَةِ الْعَقْلِ، كَشُرْبِ الْخَمْرِ , فَحَرَّمَ الْقَطْرَةَ مِنْهَا وَإِنْ لَمْ تُزِلِ الْعَقْلَ ; لِأَنَّهَا ذَرِيعَةٌ إِلَى شُرْبِ الْكَثِيرِ، الَّذِي يُزِيلُ الْعَقْلَ , فَكَيْفَ يَكُونُ مَعَ هَذَا زَوَالُ الْعَقْلِ سَبَبًا أَوْ شَرْطًا أَوْ مُقَرِّبًا إِلَى وِلَايَةِ اللَّهِ، كَمَا يَظُنُّهُ كَثِيرٌ مِنْ أَهْلِ الضَّلَالِ)(٨).

واتە: خودا هەموو پێغەمبەرەکانی خۆی بەدوور گرتووە لە شێتی چونکە گەورەترین کەم و کورتی یەو کامڵ بوونی مرۆڤ بە هەبوونی عەقڵەوە بەستراوەتەوە، هەربۆیە لابردنی عەقڵی حەرام کردووە جا بە هەر هۆکارێک بێ بۆ نمونە: شەراب خواردنەوە با قومێکیش بێت و عەقڵ لا نەبات چونکە رەنگە سەر بکێشێ بۆ خاردنەوەی زۆر کەعەقڵەکە لا دەبا کەواتە ئەوە چ قسەیەکە کە بگوترێ بێ عەقڵی مرۆڤ بەرو خوا دەبا هەروەک هەندێک نەفام وا دەزانن.

کە ئەمە بەڵگەیەکی بە هێزی دەستەملانبونی عەقڵ و نەقڵە لە خودی پێغەمبەران دا بە بێ بوونی هیچ جۆرە دژایەتیەک.

## پەراوێزەکان:

١- درء تعارض العقل والنقل/ ابن تيمية/ ٤/ ٣٨٨. و ٩/ ٢٠.

٢- بڕوانه: درء تعارض العقل والنقل/ ابن تيمية / عدد الأجزاء: ١٠مجلد.

٣- نقض أصول العقلانيين/ سليمان بن صالح الخراشي /١٢/٣/ دار علوم السنة.

٤- العلمانية والمذهب المالكي/ أبو سفيان مصطفى باح و السلاوي المغربي/ جريدة السبيل المغرب/١/١٩١.

٥- أو بمحارات العقول: وهي ما حارت العقول في فهمه.

٦- درء تعارض العقل والنقل/ ابن تيمية /٨٣/١و ١٤٧.

٧- الجواب الصحيح لمن بدل دين المسيح/ ابن تيمية / ٤/ ٣٠٩.

٨- لفتاوى الكبرى/ابن تيمية/ ١٨٨/١.

## سەرچاوەکان:


١. القرآن الكريم

٢. درء تعارض العقل والنقل/ أحمد بن عبد الحليم بن تيمية الحراني أبو العباس/٨٣/١و ١٤٧. الناشر : دار الكنوز الأدبية - الرياض ، ١٣٩١تحقيق : محمد رشاد سالم، عدد الأجزاء : ١٠

٣. العلمانية والمذهب المالكي/ أبو سفيان مصطفى باح و السلاوي المغربي/ جريدة السبيل، المغرب/الطبعة: الأولى، ١٤٣٣ هـ - ٢٠١٢ م/ عدد الأجزاء: ١

٤. نقض أصول العقلانيين/ سليمان بن صالح الخراشي /١٢/٣/ دار علوم السنة.

٥. و أصول أهل السنة والجماعة /أبو الأشبال حسن الزهيري آل مندوه المنصوري المصري.

٦. ( ) الجواب الصحيح لمن بدل دين المسيح/ ابن تيمية الحراني الحنبلي الدمشقي ـ المتوفى: ٧٢٨هـ / ٤/ ٣٠٩/ تحقيق: علي بن حسن - عبد العزيز بن إبراهيم - حمدان بن محمد/الناشر: دار العاصمة، السعودية/ الطبعة: الثانية، ١٤١٩هـ / ١٩٩٩م/ عدد الأجزاء: ٦

( )لفتاوى الكبرى/تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن تيمية الحراني (المتوفى : ٧٢٨هـ)/المحقق : محمد عبدالقادر عطا - مصطفى عبدالقادر عطا/الناشر : دار الكتب العلمية

الطبعة : الطبعة الأولى ١٤٠٨هـ - ١٩٨٧م

عدد الأجزاء :٦



## د. سەباح بەرزنجی بۆ گۆڤاری خاڵ:

# هیچ قوتابخانەیەکی ئیسلامیی گرفتی لەگەڵ عەقڵ نییە

عەقڵکاری و زانستە عەقڵییەکان لەو پرسە گرنگانەن مێژوێکی دورورێژیان هەیە لە رەوتی زانستە ئیسلامییەکاندا، تا ئێستا هیچ پرسێك بە ئەندازەی ئەو پرسە قسەی لە سەر نەکراوە، گۆڤاری»خاڵ» بە پێویستی زانی تەوەری ئەم ژمارەی، ئەو پرسە لەخۆی بگرێت، هەوڵ بدات لە ڕیگای نووسین و دیمانە پسپۆڕ و شارەزایانی کورد بدوێنێ، بۆ ئەو مەبەستە چەند پرسیارێکی ئاڕاستەی «د.سەباح بەرزنجی» شارەزا لەو بوارە کردووە، کە ئەمە دەقەکەیەتی.

ئامادەکردنی: گۆڤاری خاڵ

**خاڵ: پرسی عەقڵ و نەقڵ تا ئێستا زۆرترین قسەی لەسەر دەکرێت، سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم پرسە بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

د. سەباح بەرزنجی: بەشێوەیەکی گشتی بیرمەندانی مسوڵمان کۆکن لەسەر ئەو بنەمایەی کە عەقڵگەرایی خەسڵەتی هەموو زانا و شەرعزانێکە ، واتە بە بێ لێکدانەوەی ژیربێژانە و لۆجیکییانە مومکین نییە راستییە بڕوایی و فیقهیی و فەلسەفیی و ئاکارییەکان بەدەست بهێنرێن، چونکە خودی باوەڕەکان و یاسا و رێساکان و تەنانەت پیادەکردنیان لەسەرزەوی و لە ژیانی تاکەکەسیی و کۆمەڵایەتیدا بەرمەبنای عەقڵ و ژیری دامەزراون و ناشێت لەدەرەوەی یاسا عەقڵییەکانەوە ڕوانینیان بۆ بکرێت. تەنها جیاوازییەک کە هەبێ لەم نێوەندەدا بریتییە لەدوو خاڵ :

یەکەم: عەقڵکاریی لە ناوەوەی شەریعەت بێ یان لە دەرەوەی شەریعەت؟

دووەم: ئەندازە و بڕیی ئەو عەقڵکارییە لە تێگەیشتنی دەق و چەمکەکاندا چەندە؟

لەوەڵامدانەوەی ئەم دوو پرسیارە جومگەییە، رەوت و فێرگەی جیاواز و ئاراستەی جۆراوجۆر دروستبووە ، لەوەڵامی پرسی یەکەمدا قسە لەسەر ئەوە کراوە کە عەقڵ و نەقڵ دوانەیەکن لە گەڵ پەیدابوونی مرۆڤدا پەیدابوون، واتە دوو چران بەدەستی مرۆڤەوە لەبەرەبەیانی هەڵاتنی خۆری ئیدراکەوە ( ئیدراکی زاتی یان وەزعی) و کات زایەکردنە کە ئێمە بێین ئەولەوییەت بدەین بە یەکێکیان، چونکە ئەم دوانەیە هێندە پێکەوە تەباو گونجاون لێکدانابڕێن و ئەو مشت و مڕانەی لەمبارەوە دەکرێن جەدەلێکی بێ ئەنجامە، چونکە لەدەرەوەی شەریعەت عەقڵ قسەی کۆتایی دەکات و لەناوەوەی شەریعەتیش عەقڵ رۆڵی تەواو و یەکلاکەرەوەی هەیە بۆ سەلماندن و شرۆڤەکردن. لەیەکەمین ساتەکانی هاتنەخوارەوەی سرووشی ئیلاهیی بۆ سەر هەر پێغەمبەرێک رووی گوتار لە عەقڵ و ئاوەزی مرۆڤ بووە، رووی گوتار لە فیترەت و ژیریی و هوشیاریی مرۆڤ بووە، بۆیە هیچ بیرمەند و مێژوونووسێکی عەقڵانی ناتوانێت باس لە تەعتیل و ماتل کردنی عەقڵ بکات بە بیانووی ئەوەی پێشخستنی عەقڵ، پاشکۆیی نەقڵی لێدەکەوێتەوە، یان کاراکردنی عەقڵ لەگەڵ سەروەریی نەقڵ ناکۆک دەبێ، بە پێچەوانەوە بە رووناکی نەقڵ بەسیرەتی عەقڵ زیاتر و کاراتر دەبێ، سەبارەت بە وەڵامی پرسیاری دووەمیش، عەقڵ لە کیشوەری نەقڵدا حوکمڕانێکی رەهایە، مەبەستیش لە عەقڵ عەقڵی کوللی و دەستەجەمعیی و کۆی ئەزموونی دانش و تێگەیشتنی کۆڕایی خەڵکە، ئەو رووبەرەیە کە دەبێتە جوغزی پێکەوە ژییانی مرۆڤەکان. دوای بڕواهێنان بە پێغەمبەریش ئەرکی عەقڵ کۆتایی نایەت بەڵکە بەردەوام لەگەڵ دەستوورە نەقڵییەکانی خودا جۆشدەخوات و پێویستییەکانی خۆی لێ بەدەستدەهێنێت، رێک وەک ئەو کارەی پێشەواکانی وەک ئەبوو حەنیفە و مالیک و شافیعی و ئەحمەد سەبارەت بە شرۆڤەکاریی دەق کردوویانە. ئەوان هاتوون بەپێی داخوازییەکانی واقیع و پرسە کۆمەڵایەتییەکان یاسای کردەیی رۆژانەیان لەهەناوی دەقەکانەوە وەرگرتووە بۆ ئەوەی سیستەمگەلێکی ئامادە و موتەکامیل لە بەرچاوی تاک و کۆمەڵ و دەوڵەتدا بوونی هەبێت. عەقڵ لەم پرۆسەیەدا هەم وەرگرە و هەم شرۆڤەکار و هەم دابەزێنەر. هەمیشە کەسانێکیش هەبوون ویستوویانە بابەتەکە زیاتر ورد بکەنەوە بۆ ئەوەی بناغەی کارەکە پتەوتر بێت بۆ ئەوەی گومان هەڵنەگرێ و قابیلی تانە و رەخنە و کورتبڕی نەبێت. لە ئەنجامی ورد کردنەوەی زیاتر ئەو پرسیارە هاتۆتە پێشەوە کە ئەم دووانە ئەم دوو جمکە خۆشەویستە کامیان لە پێشترە؟

واتە ئەسڵی پرسیارەکە لەو کاتەوە مەترەح بووە کە ویستوویانە بزانە لەکاتی دابەزاندنە جوزئییەکاندا ئەگەر لەنێوان دوو حوکمی فیقهییدا ناتەبایی رواڵەتیی دروستبوو، یەکێکیان پشتی بە نەقڵ بەستبوو ئەویتریش پشتبەستووبووبە عەقڵ، کەسی موجتەهید لایەنگیریی لەکامیان بکات، لێرەدا چەند گۆشەنیگایەک دێتە ئاراوە :

گۆشەنیگای لایەنگرانی عەقڵ کەپییان وایە عەقڵ خاوەنی مەرجیعییەتی سەروو دەقەکانە چونکە لەبنەرەتدا دەق و نەقڵ پاساویان لەخودی عەقڵ وەردەگرن.

گۆشەنیگای دووەم وتی عەقڵا تا لەدەرووەی نەقڵ بێت خاوەنی بڕیارە، دوای سەلماندنی نەقڵ عەقڵ دەبێتە تابیع و پەیڕەو.

سێیەم گۆشەنیگا هی ئەوانە بوو کە بەنەفەسێکی درێژترەوە مامەڵەیان لەگەڵ هەردوو مەقوولەکە کرد وتیان لەراستییدا هیچ ناتەباییەک لە نێوان عەقڵ ونەقڵدا نییە چونکە ئەم دووانە دووڕووی یەک دراوی حەقیقەتن، هەردووکیان هەماهەنگ و هاوکارن و پرسەکەیان گەڕاندەوە بۆ سەرەتای بارودۆخی دینداریی.

لەم نێوەندەدا بێگومان لەناو هەموو مەزهەبەکاندا کەسانێک پەیدا دەبن کە سەرسامی کەسایەتی پێشینان دەبن و بە کردەوە نایانەوێ ئاستی هۆشیاریی ئەوان تەجاوز بکەن، بۆیە هاتن هێڵکێشییان لە نێوان عەقڵ و نەقڵدا کرد بۆ ئەوەی عەقڵ ببێتە تابیع، تابیعی بێ چوون و چرا، بۆیە هاتن رەوتی عەقڵکارییان وەستاند، ئەوەی پێی دەوترێ (بەستنی دەرگای ئیجتیهاد)، وەک رێگرییەک لە بزاڤی عەقڵکاری و عەقڵگەرایی، کە بێگومان دۆخی وەستاوی کۆمەڵگای ئیسلامیی بە کاریگەریی دەسەڵاتی پاوانخواز، زەمینەی باشی بۆ ئەم بیرۆکەیە فەراهەم کردبوو، لەلایەکی تریشەوە رۆحی قەناعەتکاری تاک و کۆمەڵگا ئەوەی پێ ئاسانتر بوو لەسەر سفرەی پێشینان بژیی و هاوشێوەی وەستانی فتووحاتی سیاسیی، فتووحاتی فیکری و فیقهی و عیلمیش بوەستێت، کە هەر دوو حاڵەتەکە بە پاشەکشێیی شارستانیی ئوممەت تەفسیر و ناوزەد دەکرێت.

ئەم جەدەلە فەلسەفییە قووڵە زووتر و پێشتر یەکلاکراوەتەوە، کە عەقڵ و نەقڵ دووانەی لێکدانەبڕاون یەکتری تەواو دەکەن و هەرکامیان بگری دەبێتە پاڵپشتی ئەوی تر. سەیر لەوەدایە هەرچی لەمبارەوە دەگوترێ قسەی کۆتایی نییە لەسەر پرسەکە.

**خاڵ: عەقڵ بەخششێکی خواییە، بۆچی هەندێک لە قوتابخانە ئیسلامییەکان گرفتیان لەگەڵ عەقڵ هەیە؟ لەکاتێک زۆرجار رەتکردنەوەی عەقڵ لە لایەن خودی ئەوکەسانە بە بەڵگەی عەقڵییە؟**

د. سەباح بەرزنجی: بڕوام وایە هیچ قوتابخانەیەکی ئیسلامیی گرفتی لەگەڵ عەقڵ نییە، ئەوەی هەیە لێکدانەوەی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ عەقڵکاریی، هەر بۆیە کەسێکی وەک شیخ ئیبن تەیمییە کە بەنەیاری سەرسەختی عەقلکاری دادەنرێت بۆ خۆی یەکێکە لەبەهێزترین رەخنەگرانی میتۆدیی عەقڵیی، ئەو لە موتلەقی عەقڵ رەخنە ناگرێ لە جۆرێکی تایبەت کە بریتییە لە عەقڵکاریی یۆنانیی نارازییە. شیخی سیووتیش بە هەمان ئەندازە دانووی لەگەڵ عەڵگەرایی یۆنانی نەکوڵاوە، وەک بڵێی پێیان وابووە ئیسلام و شەریعەت بۆخۆیان میتۆدێکی عەقڵانیی سەربەخۆیان هەیە و پێویست بەهاوردەکردنی میتۆدی عەقڵانیی ئەملاولا نییە. واتە عەقڵکاریی شەرعزانەکانی وەک شافیعی و ئیبن تەیمییە و شاتبی و سیووتیی بەمانای بوونی میتۆدی سەربەخۆی عەقلکاریی ئیسلامییە نەک گرفتیان لەگەڵ موتڵەقی عەقڵکاریی هەبوبێت.

**خاڵ: پرسی عەقڵ و نەقڵ یەکێکە لە پرسە**



## لەدەرەوەی شەریعەت عەقڵ قسەی کۆتایی دەکات و لەناوەوەی شەریعەتیش عەقڵ رۆڵی تەواو و یەکلاکەرەوەی هەیە بۆ سەلماندن و شرۆڤەکردن.

**زۆر قسە لەسەر کراوەکان، باشترین میتود بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو پرسە چییە؟**

د. یەباح بەرزنجی: باشترین میتۆد بریتییە لە میتۆدی تەواوکاریی زانستەکان ( التكامل المعرفي) کە پەیمانگای جیهانی هزری ئیسلامیی تەبەنناى کردووە و تا ئەندازەیەکی زۆر لەگەڵ رەوتی زانستخوازیی سەردەم و رای زۆرینەی زۆری پیشەواکانی پیشینیش یەکدەگریتەوە، کە هەموو زانستە عەقڵی و نەقڵی و فەلسەفی و پیوانەییەکان بەکار بهێنین بۆ خویندنەوەی دەقەکان و هەڵێنجانی پێداویستییەکانمان و رەچاوکردنی بەرژەوەندییە بەرجەستە راستەقینە سەلمێنراوەکانی زانست.

**خاڵ: موعتەزیلەکان وەک گروپێکی عەقڵانی ناسراون، هەندێک جار موعتەزیلە بەوە تۆمەتبار دەکرێن دەق«نص»پیشتگوێ دەخەن، عەقڵ پێش دەخەن، لە چ شوێنێک موعتەزیلە عەقڵ پێش «نص» دەخەن؟**

د. سەباح بەرزنجی: موعتەزیلە دەق پشت گوێ ناخەن. چونکە ئەوانیش خۆیان دەبەنەوە سەر سەلەفی ئوممەت لەرێگای حەسەنی بەسریی و موحەممەدی ئیبنولحەنەفییە و تەنانەت وەک لایەنی فیقهیی تابیعی مەزهەبی شافیعی بوون. بەڵام ناشیشارنەوە ئەوان بە ئالیەتی خۆیان قسە لەسەر دەق دەکەن و جیاوازییشیان لە خەلکانی تر ئەوەبووە کە وتوویانە هیچ رێگرێک نییە لەوەی کەئسلووبی مەنتیقزان و فەیلەسووفان بەکاربهێنین لە گەیاندن و روونکردنەوەی بیر وباوەڕی ئیسلامیی و بە شیوەیەکی عەقلیی راڤەو شرۆڤەی راستییەکانی شەریعەت بکەین. لەو شوینانەشدا کە دەڵێن عەقلیان پیشخستووە، لەڕاستییدا تەئویلی عەقڵییان بۆ دەقەکان کردووە، بۆ نموونە بۆ پرسی بینینی خودا لە قیامەتدا ئەوان تەئویلی ئایەت و فەرموودەی بینینیان کردووە، بە پێوانەیەکی عەقڵی و نەهاتوون بە بێ لێکدانەوە تەسلیمی روالەتی دەقەکان ببن.

**خاڵ: قورئان گرنگی زۆری بە بیرکردنەوە داوە، لە زۆر ئایەت داوای بیرکردنەوە دەکات، ئەوە واتای ئەوە نییە خەڵکانێک بە ناوی ئیسلام دژی هەندێک ئایەتی قورئان دەوەستتنەوە؟**

د. سەباح بەرزنجی: نەخێر بەو مانایە نییە، چونکە ئەوانیش خۆیان بە پابەندیی دەقەکان دەزانن، تەنها ئەوەندە هەیە هەر کەس بە پێی ئاستی زانستیی و مەعریفیی خۆی بیر دەکاتەوە، قورئان کە داوای بیرکردنەوە و تێفکرینی کردووە لە برواداران نەیفەرمووە پێویستە هەمووتان وەکوو زانایەکی گەورە و کامل بیر بکەنەوە، بەلکو فەرموویەتی هەرکام لە ئیوە بە پیی ئاستی هوشیاری و تیگەیشتنی خۆی بیر بکاتەوە نەک زیاتر یان کەمتر. کەواتە نابێت وا تەفسیری وەزعەکە بکەین کە ئەوانە دژی ئایەتی قورئان دەوستنەوە، چونکە هیچ مسوڵمانێک جورئەتی ئەوە ناکات دژی ئایەتی قورئان بێت، بەلکو دەبێ بڵیین ئەوە خەتای ئاستی نزمی رۆشنبیری وزانستیی و مەنهەجییانەی ئەوانە کە وا دەردەکەون. ئەگینا کافییە ئاستی هۆشیاریی و

## هیچ بیرمەند و مێژوونووسێکی عەقڵانی ناتوانێت باس لە تەعتیل و ماتل کردنی عەقڵ بکات بە بیانووی ئەوەی پێشخستنی عەقڵ، پاشکۆیی نەقڵی لێدەکەوێتەوە.



ئاگادارییان بەرز ببێتەوە بۆ ئەوەی بیکردنەوەکەیان بکاتە ئاستی پێویستی سەردەم و داخوازییەکانی.

**خاڵ: لە هەموو قوتابخانە ئیسلامییەکان خەڵکانێک هەوڵیان داوە ئەو پرسە چارەسەر بکەن، تاچەند هەوڵەکانیان کاریگەری هەبووە لەسەر شوێنکەوتووانی، بۆ نمونە ئیبن تەیمیە خاوەنی کتێبی »درء التعارض والعقل والنقل« ئەو کتێبە تاچەند کاریگەری هەبوو لەسەر شوێنکەوتووانی؟**

د. سەباح بەرزنجی: بەڵێ بێگومان لە ناو مەزهەبە ئیسلامییەکاندا کەسانێک هەڵکەوتوون کە ریشەیی لەمەسەلەکەیان روانیوە و چارەسەری ئەو ناتەباییە رواڵەتییەیان کردووە، نموونەی زیندوو بۆ ئەمە راغیبی ئیسفەهانی، ئیمامی غەززالی، ئیبن حەزم، ئیبن روشد و ئیبن تەیمییە و ئیبنولقەییم و قیرافی و شاتیبی، هەرکام لە دیگای مەزهەبی خۆیەوە لە پرسەکەی روانیوە و تا ئەندازەیەکی زۆر کاریگەرییان لەسەر دوای خۆیان داناوە.

**خاڵ: سەلەفیەتی هاوچەرخ زۆر باس لە پابەندی بە رێبازی سەلەف دەکەن، زانایانی سەلەف چۆن لە عەقڵیان روانیوە؟**

د. سەباح بەرزنجی: زانا سەلەفییە راستەقینەکانیش کەسانی گەورە و جێی ئیعتیبارن، بەرهەمی جوان و ناوازەیان پیشکەشکردووە، بەڵام عەقلکاریی ئەوان وا لەسنووری بازنەی ناوخۆیی ئایین و مەزهەبدا بۆیە لەدەرەوەی ئەو بازنەیە کاراییان نییە. سەلەفی ئوممەت عەقلیان زۆر بە گرنگ و بەهادار زانیوە، ئەوان وتوویانە ( العقل مناط التكليف).

**خاڵ: زانستە عەقڵیەکان تا سەردەمانێکی زۆر گرنگی زۆری پێ درا، هەندێک پێیان وایە ئیمام غەزالی بە نووسینی کتێبی «تهافت الفلاسفه» فەلسەفەی ئیسلامی کوشت، ئەوە تا چەند بۆچوونی دروستە؟**

د. سەباح بەرزنجی: نەخێر وانییە، ئەوە بۆچوونێکی سادە و سەرپێیە، گوایا (تهافت الفلاسفه)ی غەززالی فەلسەفەی ئیسلامیی کوشتبێ، ئەگەر وایە چۆن لیکدانەوە بۆ فەلسەفەی دوای غەززالی بکەین کە کەسانیکی گەورەی وەک فەخری رازی و ئیجیی و ئیبن روشد و ئیبن توفەیلی بەرهەمهینا، بە پیچەوانەوە من بڕوام وایە ئەو نەقدەی غەززالی گوڕو تینێکی تازەیدا بە رەوتی فەلسەفی لە جیهانی ئیسلامدا و جۆریک لە گۆرانکاریی تیدا دروستکرد و وای کرد فەیلەسووفان وردەکاری زیاتر بکەن. لە روونانی فەلسەفی شیکاریی دیاردە و راستییەکان. چونکە غەززالیش نەهات هەموو فەلسەفە بە رەهایی مەحکووم بکات، بەڵکو فەیلەسووفانی تەنها لە سی بابەتی عیلمی خودا بە جوزئییات و قیدەمی عالەم و حەشری جیسمانی بەهەڵە دانا. کە ئەمەش واتە رەتکردنەوەی فەلسەفەیە بە زمانی فەلسەفە خۆی.

**خاڵ: ئایە دەکرێت کتێبێک ببێتە هۆی کوشتنی ئەو هەموو توراسە فەلسەفەیەی زانایانی پێش خۆی؟ ئەمە بەهێزی غەزالی دەگەیەنێت لە رەخنەکانی یان لاوازی فەلسەفەی ئیسلامی؟**



## عەقڵکاریی شەرعزانەکانی وەك شافیعی و ئیبن تەیمییە و شاتبی و سیووتیی بەمانای بوونی میتۆدی سەربەخۆی عەقلکاریی ئیسلامییە نەك گرفتیان لەگەڵ موتڵەقی عەقڵکاریی هەبووبێت.

د. سەباح بەرزنجی: ئەو کتێبە نەبوەتە هۆی کوشتنی توراسی فەلسەفی، یەکەم لەبەر ئەوەی توراس نەمرە و نافەوتێت، دووەم لەبەر ئەوەی کتێبەکە بۆ خۆی بە لۆجیکی فەلسەفی نووسراوە و موعالەجەی فەلسەفی کێشەکانی فەلسەفەی کردووە، هەرچەند لە راستییدا ریگای لە سەرکیشی فەیلەسووفان گرت و زەمینەی لەباری رەخساند بۆ بووژاندنەوەی زانستە ئایینییەکانی وەک فیقهو کەلام و عیرفان و ئاشتکردنەوەی ئاین و فەلسەفە.

**خاڵ: غەزالی کێشەی لەگەڵ فەلسفە هەبوو، یاخود لەگەڵ فەیلەسوفەکان؟**

د. سەباح بەرزنجی: کیشەی لەگەل سەرکیشی و بێباکی فەیلەسووفان هەبوو، کیشەی هەبوو لەگەل مامەڵەنەکردنی ئاسایی لەگەڵ پرسە فەلسەفییەکان، ئەو ویستی بروا ئایینیەکان لە ژێر بەرداشی فەلسەفەدا نەهاڕدرێن.

**خاڵ: زانستی لۆژیک و کەلام تاچەند رۆڵیان هەبووە، لە هێشتنەوەی زانستە عەقڵییەکان لە جیهانی ئیسلامیدا، دوای پاشەکشەی فەلسفە لە پاش ئیمامی غەزالی؟**

د. سەباح بەرزنجی: ئەم دوو زانستە رۆڵیکی بنیادی گەورەیان هەبووە هەیە لە داڕشتن و گەشە و رەوتی میژوویی زانستەکان لە جیهانی ئیسلامیی بە عەقلی و نەقلییەوە، هەر لە زانستەکانی زمان (سەرف و نەحوو و رەوانبیژی) ییەوە بگرە تا فیقهو اصول و عەقیدە و تەفسیر و فەرموودە، ئەم کاریگەرییە دوای غەزالیش هەبەردەوام بوو، چونکە هەر غەزالی خۆی دەفەرموێ: ئەو کەسەی لۆجیک نەزانێت متمانە بە زانستەکەی ناکرێت. وەک وتم کاری غەزالی دژی مەنهەجیەتی کەلام و لۆجیک و فەلسەفە نەبوو، بەلکو بۆ راستکردنەوەی رەوتی فەلسەفی بوو لە خزمەتکردن بە بروا ئایینییەکاندا.

**خاڵ: رۆڵی زانایانی کورد لە زانستە عەقڵییەکان هەبوو؟**

د. سەباح بەرزنجی: زانا ئایینییەکانی کورد لە دێر زەمانەوە شانبەشانی زاناکانی دیکەی جیهانی ئیسلام لە برەودان بە زانستە عەقلییەکان چوونەتە پیش، لە سوهرەوەردییەوە تا شەمسەدینی شارەزووری کە دوو گەورە فەیلەسووفی ئیشراقین، تا دەگات بە ئەمرۆ لۆجیک و فەلسەفە و کەلام و عیرفان وەک بابەتی سەرەکی لە حوجرەکانی کوردستان خویندراون. خۆیان کتێبیان نووسیوە و راڤە و شرۆڤەیان بۆ کتێبی پیشینان کردووە و بەشداربوون لە پیکەوەگریدانی شەریعەت و حیکمەت و عیرفان. دوا کۆڵەکەی زانستە عەقلییەکان لە کوردستان بووە، مەلا باقری مەریوانی و مەلا عەبدولکەریمی مودەرریس و شیخ بورهانی حەمدی و مەلا



**موعتەزیلە دەق پشت گوێ ناخەن. چونکە ئەوانیش خۆیان دەبەنەوە سەر سەلەفی ئوممەت لەریگای حەسەنی بەسریی و موحەممەدی ئیبنولحەنەفییە و تەنانەت وەک لایەنی فیقهیی تابیعی مەزهەبی شافیعی بوون.**

حەمەئەمەینی کانی سانان و شیخ محەمەد رەمەزان ئەلبووتی و دکتۆر عیرفان عەبدولحەمید و دکتور محەمەد رەمەزان عەبدوڵڵا و دکتۆر محەمەد شەریف و دەیان و سەدان زانای تریش شۆڕە سواری ئەمە مەیدانەبوون.

**خاڵ: تا چەند زانایانی کورد لەو زانستانە توانیانە جێ دەستیان دیار بێت، شتی تازە بخەنە سەر ئەو زاناستانە؟**

د. سەباح بەرزنجی: زانا کوردەکان بە پیی سەردەمی خۆیان رۆڵیان لەو زانستانەدا هەبووە، واتە هەم نووسینی سەربەخۆ، هەم شەرح و لیکدانەوە و هەم پەراوێز و تەعلیفاتیان لەسەر کتیبە ناوازە و دەگمەن و تایبەتەکان هەبووە. باشترین نموونە عەللامە ئیبن ئادەمی بالەکی، عەللامە مەلا عەبدورەحمانی بینجوینی، عەللامە ئیبنولقەرەداغی، عەللامە زەڵمی و ئایەتوللای مەردۆخی سنەیی. تەنها چەند نموونەیەکن لەم بوارەدا.

**خاڵ: مەلا سەدرای شیرازی یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی پێگەیەکی بەرچاوی هەیە لە فەلسەفەی ئیسلامی، تا چەند رۆڵی هەبوو لە زیندوو هێشتنەوەی فەلسەفەی ئیسلامی؟**

د. سەباح بەرزنجی: بێگومان مەلا سەدرا کە فەیلەسووفیکی ئیرانیی شیعەیە و بەخاوەنی مەدرەسەیەکی تایبەتی فەلسەفی دادەنرێت، یەکێکە لە فەیلەسووفە گەورەکانی دنیای ئیسلام. ئەو دارێژەری حیکمەتی بالای مەتەعالییە، لە کتیبی ئەسفاردا ئایین و فەلسەفە و عیرفانی پیکەوە گریداوە و تەرحێکی تازەی فەلسەفی دارشتووە کە لەنێوان رەوتی مەشائییانی یۆنانی و ئیشراقییانی ئێرانی و کەلامی ئیسلامی رەوتێکی میانە و ناوازەیە. ئەوبوو توانی فەلسەفە بخاتە سەر سکەی سەردەمەکانی رۆشنگەریی و بەخۆدا هاتتنەوە و خۆشبەختانە مەلایانی کوردیش بەم رەوتە ئاشنابوون لە ریگای مەنزوومەی مەنتیق و حیکمەتی مەلا هادی سەبزەواری. من خۆم مەنتیق و حیکمەتی سەبزەواری لە خزمەتی باوکمدا فێر بووم و شانازی پێوە دەکەم. کە ئەڵبەتە قسە کردن لەسەر ئەم فەلسەفەیە بۆ خۆی زەمان و دەرفەتێکی زیاتری دەوێت.

# بەخواکردنی عەقڵ






**ئیکرام کەریم**

ئیکرام کریم، ساڵی ١٩٦٥ لەدایکبووە.
بەکالۆریۆس لەشەریعەدا.
چەند بەرهەمێکی چاپ و بڵاو بووەتەوە.

هەندێ لە مولحیدەکان ئەڵێن: ئەوەی عەقڵ قبوڵی نەکات بوونی نییە، ئیتر ئەو شتە خوا بێت، یان هەر شتێکی تر بێت، عەقڵ پێمان ئەڵێ: ئەو دینە راستە و ئەو دینەی تر راست نییە، ئەو بابەتە راستە و ئەو بابەتەی تر چەوتە، کەواتە عەقڵ ترازووی قەبوڵ و رەفزە، ئەوەی عەقڵ قەبووڵی کرد راستە، ئەوەی کە عەقڵ قەبوڵی نەکرد رەفزە.. بە شێوەیەک لافی عەقلانییەت لێ ئەدەن وەک ئەوەی کە ئەو کەسەی باسی دین بکات عەقڵی نەبێت و جێگەی بەزەیی بێت! لە کاتێکدا: عەقڵ یەکێکە لەو ئالییەتانەی خوا داویەتی بە مرۆڤ تا دەرکی حەقائقی پێ بکات، لە پاڵ ئەم عەقڵەشدا خوا ئالییەتی تریشی داوە بەم مرۆڤە تا دەرکی حەقائقی پێ بکات وەک بیستن، وەک بینین بۆ نمونە..

بۆ ئەوەی عەقڵ نەبێتە خوا لە مرۆڤ، جێگەی خۆیەتی کە زیاد لە گۆشەنیگایەکەوە بۆ عەقڵ بروانین:

١- تۆ کە کەسێکی راستگۆ هەواڵێکت بۆ ئەهێنێ بروای پێ ئەکەی با عەقڵت قبوڵیشی نەکا، یان کە عەقڵت قەبوڵی شتێک ئەکات چاوت حەز ئەکات ببینێت و بۆی بروانێت و دڵنیا ببێت، لەوەدا ناوەستێ کە عەقڵ قبوڵی کردووە و ئیتر ئەم بەدواداچوونی بۆ نەکات! ئەوە نییە تۆ شتێک کە ئەبینی حەز بەوە ئەکەیت کە زانیاری دەربارەی ببیستی و عەقڵکاری تێدا بکەی، ئەمانە بۆچی؟ چونکە هەریەک لەوانە پێوەری تاقانە نین بۆ قەبوڵ و رەفز، بەڵکو یەکتری بەهێزئەکەن و وێنەکە تەواوئەکەن بۆت..

٢- عەقڵ چەند جۆرێکە و یەک جۆر عەقڵ نییە کە پێوەر بێت بۆ قەبوڵ و رەفز، عەقڵی فەلاسیفە جیایە لە عەقڵی پزیشکەکان، عەقڵی ئەوانیش جیایە لە عەقڵی زانا ئەزمونگەراکان، عەقڵی من جیایە لە عەقڵی تۆ، عەقڵی کابرایەکی مارکسی جیاوازی زۆری هەیە لەگەڵ عەقڵی کابرایەکی لیبراڵ و دیمکرات، یان زانایەکی موسڵمان.. و بەو شێوەیە، بۆیە ئەوە راست نییە بووترێت بەتەنیا عەقڵ پێوەرە بۆ قەبوڵکردنی بابەتێک یان رەتکردنەوەی، چونکە ئەوترێت کام عەقڵ پێوەرە؟ عەقڵی فەیلەسوفەکان؟ دەی ئەوان بیروڕایان جیاوازە لەناو خۆیاندا، ئەمیان دێت و قسەی ئەویان رەتئەکاتەوەو سەدو یەک رەخنەی لێئەگرێت و گاڵتە بە عەقڵی پێش خۆی ئەکات! ئەی عەقڵی ئەدیبان پێوەرە؟ دەی ئەوانیش-بێ بەلا بن- هەر خەریکی قسەی نەستەق و وشەسازین و کارێکیان بەم بابەتانەوە نییە. ئەی کێی تر؟ عەقڵی پزیشکەکان، یان ئەندازیارەکان؟ یان پارێزەرەکان؟ یان هونەرمەندەکان؟.. ئەمانیش یەک عەقڵ و عەقڵییەت نین و هەر یەکەیان بیرو رایەکی هەیە و ئەم شتێک قەبوڵ ئەکات و ئەویان رەفزی ئەکات. ئەی عەقڵی ئەتایستەکان؟ دەی ئەمان لەوە بوونەتەوە و پێش وەختە بڕیاریانداوە کە خوا نیە و ژیان مادەیە و دین خورافەیە و تلیاکی گەلانە و بەو شێوەیە.. ئەی عەقڵی کێی تر بکەینە پێوەر؟

کەواتە شتێک بەناوی (عەقڵی رەها) بوونی نییە، تا بکرێتە پێوەر و خەڵکی قەبوڵ و رەفزی پێ بکەن، عەقڵی تۆ قەبوڵی ناکات، عەقڵی من قەبوڵی ئەکات، عەقڵی ئەو دکتۆرە قەبوڵی ئەکات، ئەوی تر قەبوڵی ناکات و عەقڵی فڵانە فەیلەسوفیش هەر رەتی ئەکاتەوە، عەقڵی تۆ لەم قۆناغەدا قەبوڵی ناکات، لە قۆناغێکی تردا کە گەشەی زیاتر ئەکەیت قەبوڵی ئەکات و گاڵتەت بەو کاتانە دێ کە ئەوەت قەبوڵ نەبووە، ئەنتۆنی فلۆ تا (٧٠)ساڵ عەقڵی قەبوڵی نەبوو خوا هەبێت، پاشان عەقڵی قەبوڵی بوو، ستیڤن هۆکینگ تا ٧٠ساڵی تەمەنی ئەیووت خوا نییە، کەچی پێش مردنی(٢٠١٨) باسیان لەوە ئەکرد کە بڕیاری هاتوەتە سەر ئەوەی ئەبێ خوایەک هەبێت! کەواتە کام عەقڵەیان پێوەرە؟

مادامێک عەقڵ گۆڕانی بەسەردا دێت و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و لە تەمەنێکەوە بۆ تەمەنێکی تر و لە پیشەیەکەوە بۆ پیشەیەکی تر و لە ئاستێکەوە بۆ

ئاستێکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت، کەواتە ناکرێ بکرێتە پێوەری گشتی و نەگۆڕ بۆ قەبوڵ و رەفز.. چونکە پێوەر ئەبێ تاقانە و نەگۆڕ بێت و لای هەمووان یەک شت بێت، نابێ ئاو لای من لەصەد پلەی سیلیزیدا بکوڵێت و تۆ بڵێی لای من لە حەفتا پلەدا ئەکوڵێت! ئەگەر پێوەرەکان گۆڕانیان بەسەردا هات و راستیەکان بە دوو پێوەر و سێ و زیاتر پێوانە کران ئەوە ئیتر مافەکان و ئەرکەکان ون ئەبن لەناو خەڵکیدا و هاوسەنگی نامێنێت لەژیاندا و( ستەم و نەزانین ) باڵ ئەکێشێت بەسەر کۆمەڵگەکاندا، تۆ بەو پێوەرەی لاتە مافی من زەوت ئەکەیت و گاڵتە بە بیر و بیرۆکەکانی من ئەکەیت و منیش بە پێوەرەکەی خۆم بۆ هەمان بابەت گاڵتە بە بیر و بۆچوونەکانی تۆ ئەکەم و مافەکانت زەوت ئەکەم..

٣- عەقڵ وەک زانایان باسیان کردووە دوو جۆرە: یەکەمیان عەقڵی(تەبعی)، دووەمیان عەقڵی(کەسبی)، جۆری یەکەمیان هەموو کەسێک هەیەتی شێت نەبێ، بەو عەقڵە ژیانی خۆی بەڕێوەئەبات، ئەوەی دووەمیان بە دیراسەو ئەزموون و تێپەڕبوونی رۆژگار کەڵەکە ئەبێت، پێشەوا عەلی کوڕی ئەبوتالیب ئەفەرموێ:

رأيت العقل عقلين.... فمطبوع ومسموع

ولا ينفع مسموع ......إذا لم يک مطبوع

كما لا تنفع الشمس... وضوء العين ممنوع

من ئەبینم عەقڵ دوو عەقڵە: سروشتی (و تەبعکراو) لە ناخدا، (بیستراو) و بەدەستهێنراو لە ژیاندا، ئەوەی کەسبی ئەکەی سوودی بۆت نابێ ئەگەر عەقڵە سروشتی و تەبعکراوەکەت نەبێ، وەک چۆن رۆژ سوودی بۆ بینینی چاو نابێ، ئەگەر چاو رۆشنایی تێدا نەبێت.عەقڵی یەکەم هەموو مرۆڤێک هەیەتی شێتەکان نەبێت، عەقڵی دووەم زاناکان هەیانە وەک خوای گەورە ئەفەرموێ:( وما يعقلها إلا العالمون)، العنكبوت/٤٣، تەنیا عەقڵی زانایان قەبوڵی ئەکات! هەندێ لە زانایان بەم شێوەیەی تر تەعبیری لێئەدەنەوە و ئەڵێن: عەقڵ دوو جۆرە: عەقڵی غەریزی.. عەقڵی کەسبی، عەقڵە غەریزیەکە لای هەموو کەسێک هەیە، شێت نەبێت، عەقڵی کەسبی لای مرۆڤە پێگەیشتووەکان هەیە.

٤- عەقڵ لەسەر (٤) هەسوون رائەوەستێت:

أ-دەماغێکی ساغ بۆ بەرهەمهێنانی عەقڵ.

ب- بوونی واقیعێکی مادی بەرجەستە تا بگوازرێتەوە بۆ دەماغ.

ج- پێنج هەستەکە بۆ گواستنەوەی واقیعەکە بە دروستی بۆ ناو دەماغ( بۆن..بینین.. بیستن.. چەشتن.. دەست لێدان ).

د-بوونی زانیاری پێش وەخت لەسەر ئەو شتانە تا دەماغ شیکارییان بۆ بکات.

واتە پرۆسەی عەقڵکردن، یان بەرهەمهێنانی شاکاری عەقڵی ئەبێ بەو چوار قۆناغەدا بڕوات، ئەگەر یەکێک لەو هەسوونانە نەبوو، ئەوە عەقڵیش بەرهەم نایەت، یانی ئەگەر کەسێک خاوەنی دەماغێکی ساغ نەبوو، یان هەستێک لە پێنج هەستەکەی یان زیاتری ساغ و سەلیم نەبوو، یان واقیع و ژینگەیەکی ماددی نەبوو ئەم کارلێکی لەگەڵدا بکات، یان زانیاری پێویستی سەبارەت بەو شتانە نەبوو کە ئەگوازرێنەوە بۆ دەماغی، ئەوە ناتوانێ دەرک یان عەقڵ دروست بکات..

بۆ نموونە: کەسێک زانیاری سەبارەت بە کتێبێکی فەرەنسی نیەو هیچ لە زمانەکە نازانێت، ئەگەر کتێبێکی فەرەنسی یان فیلمێکی فەرەنسی وەک واقیعێک بکەوێتە بەر هەستەکانی و ئەوانیش بیگوازنەوە بۆ دەماغ ئەوە ئەو کەسە هیچ بەرهەمێکی عەقڵی ناتوانێ دروست بکات لەو کتێبە یان لەو فیلمە لەبەر ئەوەی زانیاری پێش وەختی نییە سەبارەت بە زمانی فەرەنسی..

(دین و عەقڵ و عیلم) سێ وەسیلەی گەورەن


که یەکتری تەواو ئەکەن، شتی وا هەیە لە زانستدا عەقڵی رووت قەبوڵی ناکات-لەبەر ناحاڵیبوونێکی کاتی، بەڵام عەقڵ بەرچاوڕوونی وەرئەگرێت لە دین و ناکەوێتە هەڵەی رەتکردنەوەی ئەو راستییە زانستییە، بە هەمان شێوە دینیش لە زانست و عەقڵ بەرچاورروونی وەرئەگرێت و دینیش داوای ئارامگرتن و دان بەخۆداگرتن لە زانست ئەکات تا بابەتەکەی روونتر ئەبێتەوەو ئەبێتە راستی زانستی و لە بیردۆزە و گریمانە رزگاری ئەبێت..

٥- لە شارستانێتیی ئیسلامیدا (عەقڵ)و (نەقڵ) دەست لە ملانی یەکترن و یەکتری تەواوئەکەن، نەک دژ بەیەک بن و یەکتری هەڵبوەشێننەوە! بەداخەوە یەکێک لەو رەخنانەی هەندێ نووسەری عەلمانی و بەناوی عەقلانییەتەوە بەردەوام لە نووسینەکانیاندا حزووری هەیە دروستکردنی ئەو وەهمەیە گوایە: ( دین و عەقڵ دژ بە یەکن)، (ژینگە ئایینییەکان ناتوانن زەمینەسازی بکەن بۆ پێشکەوتنی زانستی)! ئەم قەناعەتەشیان بە حسابی خۆیان لەوەوە بۆ دروست بووە کە (عەقڵ)و (نەقڵ) دژ بە یەکنو لە ململانێی بەردەوام دان، یان ئەڵێن: (دەقی پیرۆز) و (ئیجتیهادی بەشەری) هەرگیز یەکانگیر نابن، دەق عەقڵ قاڵب ئەدات! ئەمە پێچەوانەی لە دەرەوەی ئیسلامو موسڵماناندا راست بێت، بەڵام سەبارەت بە ئیسلامو موسڵمانان بە دڵنیاییەوە ئەو شتە راست نییە و لە وەهمەوە نزیکترە تا راستی، چونکە لەراستیدا شەرعو مێژوو و واقیعیش ئەوە رەت ئەکەنەوە، لەبەر ئەوەی شەرع روو لە عەقڵ ئەکاتو داوا لە ئەو ئەکات لە شەرع وردببێتەوەو لێی تێبگاتو کاری پێ بکاتو ئیجتیهادی تێدا بکاتو ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە کە شەرع جێیهێڵاوە بۆ عەقڵ! (شەرع) نەک هەر حیجری نەخستۆتە سەر عەقڵ و نایدات لە قاڵب، بەڵکو فەرمانیشی پێ ئەکاتو هانیشی ئەدات بۆ توێژینەوەی ئازادانە و داهێنان کردن، لە ئیسلامدا هانی عاقڵان ئەدرێت عەقڵیان بجوڵێنن و نەیەڵن تەمەڵ ببێت، ئایەتەکانی قورئان و فەرمایشتەکانی پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەر بێت)لێوان لێون لەم بیرۆکەیە.

تەنانەت زانا ئیسلامییەکان خوێندنی زانستە گەردوونییەکانی وەک پزیشکیو ئەندازەو کیمیاو گەردووناسیو ئەو شتانە بە فەرزی کیفایە زانیوە لەسەر ئوممەتی ئیسلامی، ئەگەر کۆمەڵێک لەناو ئوممەتی ئیسلامیدا پسپۆری پەیدا بکەن تێیدا ئەوە گوناهی نەزانین لە کۆڵی هەموو موسڵمانان لائەبەن، خۆ ئەگەر کۆمەڵێک نەبن سەرقاڵی ئەو مەیدانە بن ئەوە هەموو موسڵمانان گوناهبار ئەبن، لە شارستانێتی ئێمەدا هەرگیز لە نێوان زانستو دیندا یان لە نێوان سروشو عەقڵدا ململانێیەک نەبووە با لە ناو ناموسڵماناندا ئەو شتەش بوونی بووبێت.

ئەو زانایانەی لەناو ئوممەتی ئیسلامییدا خەریکی توێژینەوەن، وا ئەبینین کە (سروش)و (عەقڵ) هەردووکیان دوو رێگە پیشاندەرن بۆ ئەم بینادەمەو دەستی ئەگرن بۆ ناسینی راستی، پێشەوا راغیبی ئەصفەهانی لە کتێبە بەنرخەکەیدا کە ناوی (الذریعة الی مکارم الشریعة)یە، ئەڵێت:

(خوای گەورە دوو نوێنەری خۆی ناردووە بۆ لای ئەم خولقاوەی خۆی: یەکەمیان شاراوەیەو لەناو خۆیدایە کە بریتییە لە (عەقڵ)و دووەمیان: بەدەرەوەیە و دیارە کە بریتییە لە پێغەمبەر، مرۆڤ رێگەیەکی تر شک نابات پێی بگاتە ئەو نوێنەرە دیارە کە هەیە تا سوودی لێوەربگرێ لە رێگەی نوێنەرە شاراوەکەوە نەبێت کە عەقڵە، نوێنەرە شاراوەکە دەرک بەوە دەکات کە نوێنەرە ئاشکراکە راست ئەفەرموێ، ئەگەر عەقڵ نەبوایە پێغەمبەر بە تەنیا نەئەبوو بە بەڵگە لەسەر خەڵکی!! هەر بۆیە خوای گەورە خەڵکی ئەنێرێت بۆ لای عەقڵ کاتێک کە گومان و دوودڵییان بۆ دروست ئەبێت لەسەر تاقانەیی خۆیو راستی پێغەمبەران! فەرمان بە



**عەقڵ چەند جۆرێکە و یەك جۆر عەقڵ نییە کە پێوەر بێت بۆ قەبوڵ و رەفز، عەقڵی فەلاسیفە جیایە لە عەقڵی پزیشکەکان، عەقڵی ئەوانیش جیایە لە عەقڵی زانا ئەزمونگەراکان.**

مرۆڤەکان ئەکات بگەڕێنەوە بۆ لای عەقڵی خۆیان تا بزانن پێغەمبەران بەراستی هاتوون، کەواتە راستە (کە ئەوترێ) (العقل قائد والدين مدد) عەقڵ رابەرەو دینیش هاریکار، ئەگەر عەقڵا نەبوایە دینیش نەیئەتوانی خۆی رابگرێو بمێنێتەوە، بە هەمانشێوە ئەگەر دینیش نەبوایە ئەوە عەقڵیش سەرگەردان و وێڵ ئەبوو، بۆیە کۆبوونەوەیان بە یەکەوە وەک خوای گەورە ئەفەرموێ: (نُورٌ عَلَى نُورٍ) نوور بەرەکەتێکە لەسەر نوورو بەرەکەتێکی تر


ئیمامی غەزالیش کە هاوچەرخی راغیبی ئەصفەهانییە لە ژمارەیەک لە کتێبەکانیدا ئەم راستییە ئەسەلمێنێ و دووپاتیئەکاتەوە، وەک لە کتێبی (المستصفى)و لە پێشەکییەکەیدا ئەفەرموێ: (عەقڵ وەک دادوەرێک وایە کە هەرگیز ناکرێ لەسەر کار لاببرێتو شتێکی تر بخرێتە جێگەی، شەرعیش وەک شایەتحاڵێکی متمانەدارو دادپەروەر وایە کە عەقڵ ئەکات بە کەشتی دینداریو هەڵگری سپاردەکانی خوا.

لە کتێبی (أحساء)کەشیدا ئەمە ئەسەلمێنێت و ئەڵێت: (شەرع تەنیا بەس نییە و عەقڵ وەلا بنرێت، یان عەقڵ بەس بێتو شەرع وەلابنرێت، چونکە زانستە عەقڵییەکان وەک خۆراک وانو زانستە شەرعییەکانیش وەک دەرمان وان، کەسی نەخۆش خواردن بۆی ئەبێتە زیان ئەگەر دەرمان نەخوات). بەرپەرچی ئەوانەش ئەداتەوە کەوا گومان ئەبەن زانستە عەقڵییەکان دژ بە زانستە شەرعییەکانن و ناکرێ و کۆکردنەوەیان بەیەکەوە کارێکی ئەستەمە! بەرای غەزالی ئەو بیرورایە دەرەنجامی کوێربوونەوەیەکی عەقڵییە لە خاوەنەکانیاندا).

هەروەها لە کتێبی (الاقتصاد فى الاعتقاد)دا پێناسەی کۆمەڵی راستەقینەو ئەهلی سوننەت و جەماعەت بەوە دەکات کە ئەوانەن هاوسەنگییان دروست کردووە لە نێوان داوا شەرعییەکانو قەناعەتە عەقڵییەکانداو ئەوانەن کە قەناعەتیان وایە کە (لا معاندة بين الشرع المنقول، والحق المعقول) یانی دژایەتی نییە لە نێوان مەنقولاتی شەرعیو مەعقولاتی عەقڵیدا.

لە کتێبی (معارج القدس) دا کە کتێبێکی تری ئیمامی غەزالییە، ئەم چەند وشەیە ئەخوێنینەوە کە ئەڵێت: (باش ئەوە بزانە کە: عەقڵ رێگەی راست نادۆزێتەوە بە بێ شەرع، شەرعیش رۆشن نابێتەوە بۆ خەڵکی بە عەقڵ نەبێت، عەقڵ وەک بناغە وایەو شەرعیش وەک خانووەکە وایە، بناغەیەک خانووی بەسەرەوە نەکرابێت بە کەڵکی چی دێتو بینایەکیش بناغەیەکی توندو تۆڵی نەبێت چۆن خۆی رائەگرێت!

دیسان، عەقڵ (ئەکرێ بووترێ) وەک چاو وایە و شەرعیش وەک رووناکی، چاو هیچ کەڵکێک ناگرێت ئەگەر لە دەرەوە رووناکی نەبێت (و شتەکان دەربخات)، رووناکییش هیچ کەڵکێکی نییە ئەگەر چاو ئیش نەکات، کەواتە شەرع بریتییە لە عەقڵێک لە دەرەوەی مرۆڤ و عەقڵیش بریتییە لە شەرعێک لە ناوەوەی مرۆڤدا، ئەم دوانەش نەک هەر دەستلەملانی یەکترین، بەڵکو هەردووکیان یەکیان گرتووەو یەک شتیشن.



**مادامێك عەقڵ گۆڕانی بەسەردا دێت و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و لە تەمەنێکەوە بۆ تەمەنێکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت، کەواتە ناکرێ بکرێتە پێوەری گشتی و نەگۆڕ بۆ قەبوڵ و رەفز..**

لەبەر ئەو مانایانەیە کە لە مێژووی شارستانێتی ئێمەدا خەڵکێکی زۆر لە هەردوو بواری (زانستە شەرعییەکان)و (زانستە عەقڵییەکان)دا هەڵکەوتوو دەرچوون، زانستە شەرعییەکان کە زانایان لە (سرووش)و زانستە عەقڵییەکان کە زانایان لە (سرووشت) وەریدەگرن لە یەک سەرچاوەوە هاتوون و ناکرێ دژ بەیەک بوەستنەوە..

شێخ ئیبن تەیمییەش لە کتێبی (درء تعارض العقل)دا کە کتێبێکی ١١ بەرگییە، ئەوە ئەسەلمێنێت کە شەرع و عەقڵ هەرگیز ناچن بە گژ یەکتریدا! بەڵکو یەکتری مەحکەم و تەواوتر ئەکەن.

زانستەکانی گەردووناسیی و فیزیاو کیمیاو پزیشکیو بیرکاریو شتانی تریش بەشێکن لە زانستە سروشتییەکان کە ئەویش خۆی بەشێکە لە زانستە عەقڵییەکان.

جابری کوڕی حەییان پێی ئەوترێ سۆفی جابیر! خوارەزمییش کە داهێنەری زانستی بیرکارییە (جەبرە)، لە کاتی دانانی نامیلکەیەکدا کە باس لە زانستی میرات (علم الفرائض) ئەکات رێیکەوت لەو زانستی جەبرو بیرکارییە!! سەیر لەوەدایە کە تۆ ئەو نامیلکەیە ئەخوێنێتەوە لە بەشی یەکەمیدا فەقیهێکی تەنیا فەقیهـ ئەبینی، کەچی لە بەشی دووەمدا بیرکارێکی تەنیا بیرکار ئەبینی.

یان ئیبنو روشدی حەفید کە خاوەنی کتێبی (الکلیات)ە لە پزیشکییدا ئەو کتێبەی کە ئەورووپا ماوەی چەند سەدە کردیانە مامۆستا بۆ خۆیان، هەر هەمان ئیبنو روشدە کە کتێبی (بدایة المجتهد ونهایة المقتصد)ی داناوە لە فیقهی بەراوردکارییدا!! کە بە راستی گەورەترین کتێبە کە لە فیقهی بەراوردکارییدا نووسرا بێت، ئیبن روشد قازییەکی شەرعی گەورەی ناو مالیکییەکان بووە لە کاتی خۆیدا!

یان فەخری رازی خاوەنی کتێبی (التفسیر الکبیر)و چەندان کتێبی تری بەناوبانگ لە (ئوصولی دین)و (ئوصولی فیقهـ)دا، یەکێکە لە شەرعزانەکانی مەزهەبی شافیعی و موتەکەلیمی گەورەی ئەشعەرییەکانیشە، لەگەڵا ئەمانەشدا یەکێکە لە دوکتورە بەناوبانگەکانی سەردەمی خۆی و ئەوانەی کە ژیاننامەی ئەم زانا گەورەیان نووسیوە دەربارەی ئەڵێن: (ناوبانگی فەخری رازی لە زانستی پزیشکییدا هیچی کەمتر نەبوو لە ناوبانگی لە زانستە ئاینییەکاندا).

هەروەها ئیبنونەفیس دۆزەرەوەی سووڕی بچووکی خوێن لە مرۆڤدا کە یەکەمین کەس بوو ئاماژەی بەوەدا کە هەناسۆچکە هەیەو خوێنەری تاجی هەیە.. ئەم زانایە یەکێکیشە لە فەقیهە گەورەکانی مەزهەبی شافیعیو ئیبنو سوبکی لە کتێبی (طبقات الشافعیة)دا ژیاننامەکەی تۆمارکردووە، هەروەها ئیمامی زەهەبییش و جگە لەویش لە مێژوونووسانی ئیسلامی باسی ژیاننامەی ئەم زانا گەورەیان کردووە.

کەواتە بە بیانووی ئەوەی عەقڵ لەگەڵ خوا و دیندا یەک ناگرنەوە کابرا دەست بداتە ئیلحاد و بێدینی ئەوە جگە لە وەهم و ناشارەزایی و فریودانی خۆی و خەڵکی هیچی تری لێ ناخوێنرێتەوە..

# عەقڵکاری لەنێوان ڕەوتە جیاوازەکاندا





**حەکیم ئەبوبکر**
زانکۆی کۆیە – بەشی پەروەردەی ئاینی

ئەگەر بمانەوێت لە تێزی عەقڵمەندان و عەقڵکاری لە نێو دەقە ئایینییەکان تێبگەین و ئاراستەکانیان پەی ببەین، بۆ دوور کەوتنەوە لە پەرت و بڵاوبوونەوە هزری؛ دەخوازێت پۆلێن بەندییەک بۆ ڕەوتەوانانی ئەم کایە هزرییە ڕێکبخەین لەوانەش:

١- ڕەوتی دەقگەراکان: ئەم ڕەوتە خۆیان لە روکەشخوێندنەوەی دەقەکان دەنوێنن، هیچ تێروانینێکی ئەرێنییان بۆ عەقڵکاری نییە، بەڵکو عەقڵکاری لەمەڕ دەقەکان بە هەوابازی دەچوێنن! تەنانەت جیاوازی نێوان چەمکی عەقڵ و عەقڵکاری ناکەن لە نێوان ڕەوت و مەزهەب و فەلسەفە و ئایین و شارستانییەتەکاندا.

٢- ڕەوتی ناخگەراکان: ئەمانە بانگەشەی تەصەوف دەکەن، زیاتر پشت بە هەست دەبەستن دوور لە عەقڵ و نەقڵ و ئەزموونکاری، بۆیە ئەم ڕەوتە ناخگەراییە بۆ مامەڵەکردنیان لەگەڵ دەقە شەرعییەکان پشت بە تەئویلی بزرکاو دەبەستن کە هیچ بنەمایەکی زمانەوانی و چوارچێوەیەکی جێگیریان نییە بۆ دەقەکان.

٣- ڕەوتی مۆدێرنەی ڕۆژاوایی: کە دەرکەوتەکانی لە نێو جیهانی ئیسلامی کوردەواریدا بە زەقی دەبیندرێ، پەرگیریان بۆ چەمکی عەقڵ تا بە خوداکردنی دەبەن، ئەو هوتافە دەڵێنەوە هیچ شتێک لەسەو عەقڵەوە نییە عەقڵ نەبێت! ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت عەقڵ تونای ڕەهایە لە بەرامبەردا هەموو شتێک بە ڕێژەیی دەبینن لە نێوانیاندا ئایین و وەحیدا.

ئەم جۆرە لە غروری عقڵکارانی ڕۆژئاوایی هاتوون لە نێو جیهانی ئیسلامی شەرێکی وەهمیان لە نێوان عەقڵ و نەقڵ دروستکردووە، وەک تەقلید کردنێک بۆ تێگەیشتنیان بۆ دەق پیرۆزکانی خۆیان، بێ ئەوەی دەرکی ئەوە بکەن کە ئایین و ژیاری ئیسلامی کە نەقڵ دەق تێیدا پەرچوویەکی عەقڵییە، لە بەرامبەرکێی زمانەوانی ووشەی «عەقڵ» نەقڵ نییە بەڵکو شێتییە.

٤- ڕەوتی پۆست مۆدێرن: خۆی درێژکراوەی مۆدێرنەتی ڕۆژئاواییە کە بانگەشەی هەڵوەشاندنەوەی ڕشتەبەندییە حوکمە جێگیرەکان دەکەن کە وەک عەقڵ و زانست و پێشکەوتن، جگە لە هیچگەرایی و فەوزەوییەت و گومانکارییەکی بزرکاو هیچ شتێکی ترمان پێنادەن، پاشان هەرجۆرە ڕەنگێکی گەشتبینی و خۆشنودی و دڵنیایی هەبێت لە مرۆڤی دادەماڵن.

٥- ڕەوتی پێنجەم: خۆی بەوە جیادەکاتەوە کە ڕەوتێکی میانڕەوی ئیسلامییە، عەقڵکاری لەسەر بنچینەی پێکەوە خوێندنەوەی سروش و گەردوون دانراوە و بە ڕووناکی عەقڵ و نوری شەریعەت عەقڵکارییەکی هاوسەنگ وەدەست دێنێت، عەقڵ بنچینەیە و دینیش ئەو پێکهاتە پتەوەیە لەسەر تێگەیشتن و تێفکرین و وردبوونەوە لە دەقەکان بنیاتنراوە.

ئەگەر سەیری فەلسەفەی ڕۆژئاوایی بکەین لە یۆنانی کۆندا عەقڵ بە گەوهەرێکی ئەبستراکت لە مادده دەبینین، ئیمرۆکە تێروانینی مۆدێرنەی ڕۆژئاوایی تەواو مادییان وێنای بیرکردنەوە دەکەن بەوەی چالاکییەکی ماددیە و کارلێکی خانە دەماری مێشکە، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێن کە ئیدراک و عەقڵکاری جگە لە کارلێکی هەستەوەرەکان چیدیکە نییە.

بەمەش عەقڵکاری و بیرکردنەوە پەیوەستە بە ئالیاتی لاشەوە وەک بەرەنجامێکی لاوەکی لاشە دەبیندرێت نەک شتێکی تر، بۆیە فەلسەفەی خۆرئاوایی لە کۆنەوە تا ئێستاکە ماددیانە بۆ چەمکی عەقڵ و عەقڵکاری ڕوانیویانە، لە سەردەمی ئیغریقدا لە بەرامبەر عەقڵ هیچ شتێکی تر نەبوو، بەڵام لەسەردەمی مۆدێرنەدا عەقڵکاری شۆڕشێک بوو بەسەر لاهوتی مەسیحیدا کە دژی عەقڵانییەت بوو.

بەڵام ڕەوتی ئیسلام و مسوڵمانان تێڕامانینان بۆ عەقڵ و عەقڵکاری تەواو جیاوازە، چونکی

عەقڵکاری ئیسلامی سەرچاوەی لە خودی دینەکەوە وەرگرتووە و ئایین پاڵنەری تیفکرینە، هەر بۆیە زنایانی ئیسلامیس لە فەقیهو کەلامییەکانیش پێناسەی تەواو جیاوازییان هەیە بۆ چەمکی عەقڵ کە پێیان وایە عەقڵ بەهرە و غەریزە و نورێکە خوا بە ئینسانەکانی دەبەخشێت، وابەستە ناکرێت بە ئەندامێکی لاشە و هەستەوەرەکانەوە بوونی لە نێو زیهندایە نەک لەبەر چاوان، عەقڵ لەسەر و هەستەکانەوەیە لە پەیپێبردنی شتەکان.

ئەگەر بە قورئاندا بڕوانین ٤٩ ئایەت بە لەفز باسی عەقڵ دەکات، لە کاتێکدا نزیکەی ٣٠٠ ئایەت بە هاوواتاکانی عەقڵ هاتووە.

بەڵام کێشەی گەورەی ئێمەی زۆرێک لە مسوڵمانان ئەوەیە، وەک هەر نەتەوەیەکی شکستخواردوو و داگیرکراو هەست بە کەمی بەهاکانی خۆمان دەکەین لەبەرامبەر دوژمنەکانمان دەستدەکەین بە لاسایی کردنەوەیان، ئەمە بۆ کەسانی تێنەگەیشتوو لە دەق و ماناکانی قورئان و ئیسلام تا حەدێک ئاساییە، بەڵام بگاتە ڕادەیەک زانایانی ئایین شانازی بە شوێنکەوتنی هزری ڕۆژئاوایی بکەن و ملی دەقەکان خوار بکەنەوە تا لەگەڵ فیکری بەناو پێشکەوتن خوازانەی غەربی بێتەوە قەیرانی قوڵ بۆ عەقڵی تاکی مسوڵمان دەخوڵقێنێت.

لە نموونەی ئەو کەسانەی گرنگی دەدەن بە مۆدێرنە و خوێندنەوەی مۆدێرنانە بۆ قورئان دەکەن و بەحساب «عەقڵانیەتیان» کردۆتە یەکێک لە پێوەرە سەرەکییەکانیان بۆ خوێندنەوەکانیان، هەر لێرەوەش بانگەشەی ئەوە دەکەن کە پێویستە خوێننەوەیەکی نوێ و ڕەخنەییانە بۆ سەرجەم توراسی ئیسلامی بکرێتەوە، تاوەکو لەلایەک لەو ڕێگەیەوە خاڵە عەقڵانیەکان ڕۆشن بکرێنەوە و پەرەیان بێبدرێت و وە لەلایەکی تریشەوە خاڵە نا عەقڵانیەتەکان وەلا بندرێن(١) و لە بنچیینەوە بسڕدرێنەوە، دەتوانین ئەمەش لە زۆر نموونەی ڕوونی کوردستانی خۆمان و جیهانی عەرەبی و ئیسلامی دەرک پێبکەین، ئێمە لێرەدا تەنها سەرنج دەخەینە سەر نمونەیەک ئەویش تێگەیشتنە لە مانای موعجیزە لای ئەم بەناو ڕەوتە عەقڵانیەتە، موعجیزەی قورئانی یان ئەو موعجیزانەی کە لە قورئاندا باسکراون یەکێکن لەو خاڵانەی کە تەحدادیەکی گەورەن بۆسەر عەقڵانیەت، کە بە هۆیەوە دەبێت غەیبیات و شتە دەرئاساکان و خەواریقەکان قەبوڵ بکرێن کە ئەمەش تەواو خۆیی لەو پەڕیی نا عەقڵانیەتتدا دەبینێتەوە، هەر لەبەر ئەوەیە موعجیزە و قسە کردن لەسەر ئەم تەوەرە لە ئەولەویاتی کارەکانی بە ناو عەقڵگەراکانی جیهانی ئیسلامین، بۆیە زۆر بەو پەڕی عینایەتەوە ڕوویان لەم بابەتە کردوو و کاریان بە جددی لەسەر کردووە، گەیشتونەتە ئەو بارەی کە بڵێن ئەم موعجیزانەی قورئان باسی لێوە دەکات، تەنها چەند نموونەیەکن لە ڕووداوە مێژووییەکان و لە ناو خۆیاندا هیچ دەلالەتێکیان تێدا بەرچەستە نەبووە وەک باسی دەکەن و بە شان و باڵیدا دەڕووانن، بۆیە پێویستە ئەمڕۆ ڕاڤەی نوێ بۆ هەموو ئەو دەقانا بکرێنەوە لە چوارچێوە و لە ژێر ڕۆشنایی هەموو ئەو ڕوانینە مۆدێرنانەی کە ئەمڕۆ هاتوونەتە کایەوە.

هەر لەم سۆنگەیەوە جۆرج تەرابشی کتێبێکی بە ناوی (المعجزة أو سبات العقل في الاسلام) نووسی، هەروەها حەسەن حەنەفی لە کتێبێکیدا بە ناوی (من العقيدة الى الثورة) لە بەشێکیدا لە ژێر ناو نیشانی (استحالة المعجيزة)ی نووسی (حەنەفی) دەڵێت: ڕابردوو سەردەمی بڵاوکردنەوەی پێغەمبەرایەتی و وڵامدانەوەی نکۆڵی کەرانی بوو، بەڵام ئێستا وا نییە، بەڵکو تەحەددای ئەو لە

ئێستا دا گۆڕینی وەحی یە بۆ (زانست)ێک لەسەر عەقل دامەزرابێت و پشت بە دۆکیمۆنتەکانی کایە سروشتیی (الطبیعیة)یەکان ببەستێت، هەروەها– حەنەفی – باوەڕی وایە کە باسکردنی موعجیزات لەکەدارکردنی عەقڵە، دەشبێتە هۆی ناشرینکردنی یاسا سروشتییەکان کەلەراستیدا ناگونجێت بۆ کەسێک و بەکرداری کەسێک ئەم شتانە بگۆڕدرێن، سەبارەت بەو موعجیزات و کارە دەرئاساییانەش کە لەقورئاندا باسکراون وەک کەرتکردنی مانگ بەشێوەیەکی حەقیقی شتێکە لەلای ئەو تەنها هۆکارێکە لەهۆکارەکانی خەیاڵبازی، رێگەیەکە لەرێگەکانی قەناعەتپێکردنی خەڵکانی بیاباننشین و دەشتەکی کە هیچ یاسایەکی زانستی و رێسایەکی سروشتیی نازانن(٢).

هەروەها (عبد المجید الشرفی) پێیی وایە ئەم موعجیزات و کارە دەرئاساییانەی باسکراون پەیوەندییان بەو خەیاڵپلاوی و ئەفسانەسازییە ئیسلامییەوە هەیە کەهیچ نەنگییەک نابینن لەوەی یاسایی هۆکارییەتی(السببیة)رەتبکەنەوە و تێکیبشکێنن(٣).

موحەممەد ئەرگۆنیش پێیوایە باوەڕبوون بە موعجیزە و کارە دەرئاساییاییەکان دەرهاویشتەی کۆمەڵە گوزارشتێکی تموحاوی و ویستخوازییەکە کە تەنها دەتواندرێت لە رێگایی شیکارییە مێژووییەوەکانەوە کەشفبکرێن کە لە ڕووی زانستی کۆمەڵایەتی و زانستیی دەروناسی زمانەوانییەوە ئاشکرایانبکەیت و تیانبگەیت(٤)، هەر لەبەر ئەمەشە تەئویلی مانایی راستەقینەی موعجیزەیان کردووە بۆ مانایەکی مەجازی(٥).

لە هەمبەر ئەمانەدا ئیمامی غەزالی وتەیەکی جوانی هەیە دەڵێ: عەقڵ بنچینەی نەقڵە، لەبەر ئەوەی ئێمە سروشمان بە عەقڵ پەیکردووە، کاتێکیش بە عەقڵ وەحی جێگیر دەبێت؛ وەک بوونی خوا و وەحدانیەت و حیکمەتەکانی، هەروەها دەرک کردن و ئیعتراف کردن بە نبوەت هەمان کاری عەقڵە، کە ئەمەش جێگیر بوو ئەوجا نۆبەتی وەحی ئەو پێغەمبەرانەیە کە بە عەقڵ دەرکیمان کردوون وەک ئەنجامگیرییەک دانمان پێداناوە ئەوەی پێغەمبەران هێناویانە راست و دروستە، بەمەش دەگەین بە تێگەیشتنێکی تەواو عەقڵکاری لەمەڕ بابەتە دینییەکانمان دور لە تەشەنوجاتی فیکری و خۆنەوی کردن بۆ هزری بێگانە و خۆبەکەمزانین.

**پەراوێزەکان:**


١- الجابري، محمد عابد. بنیة العقل العربي، بیروت، مرکز الدراسات الوحدة العربیة، چاپی حەوتەم،٢٠٠٤ز،لاپەڕە٥٢.

٢- حنفي، حسن. من العقیدة الی الثورة، بیروت، دار التنویر،چاپی ١، ١٩٨٨ز،بەرگی ٤ ،لاثةرة٥٧،٨٦، بەرگی ،لاپەڕە ١٤٩-١٥٠ .

٣- پێشەکە عبد المجید الشرفي لةسةر کتێبی : بسام الجمل، بەناوی: اسباب النزول ،الدرا البضاء،المرکز الثقافي العربي، چاپی ١، ٢٠٠٥،لاپەڕە ٩.

٤- ارکون، محمد، تاریخیة الفکر العربي الاسلامي: ترجمة هاشم صالح ،بیروت، مرکز الانماء القومي،١٩٩٦،لاپەڕە ٢٩٩.

٥- الجمل ، اسباب النزول، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٣٩٥-٣٩٧.

# عەقڵانیەت

## لای قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامی





**د.ئاراس محمد صاڵح**

مامۆستای زانکۆ و نوسەر، زیاتر لە ١٠ کتێبی چاپکراو و ژمارەیەک توێژینەوەی زانستی بڵاوکراوەی هەیە، بەشداری ژمارەیەک کۆنگرەی زانستی کردووە، لە کاتی ئێستادا مامۆستایە لە زانکۆی سلێمانی بە پلەی پرۆفیسۆر.

قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا بە پێشەوایەتی (جەمالودینی ئەفغانی: ١٨٣٨-١٨٩٧ز) و (شێخ موحەممەد عەبدە: ١٨٤٩-١٩٠٥ز) تەوژمێکی گەورەیان لەناو ڕەوشی ئایینی لە جیهانی ئیسلامیدا دروستکردووە، لە سەدەی نۆزدەدا جیهانی ئیسلامی بەهۆی ئەو دۆخە چەقبەستوەی تێکەوتبوو، لە بارێکی پاشکەوتوو و داڕوخاودا بووە، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی نەخۆش و پرزە لێبڕاو بووەو لەدوا ساڵەکانی تەمەنیدا توانای مانەوەی لە دەستداوە، هەرچەندە سوڵتانەکانی عوسمانی هەندێ هەوڵی چاکسازیو نوێکردنەوەیان دابوو، بەڵام ئەو هەوڵانە نەیتوانیوە دۆخی دۆگماو چەقبەستوی جیهانی ئیسلامی بگۆڕێت و چەند هەنگاوێک پێشی بخات و لەو دۆخە چەقبەستووە ڕزگاری بکات.

لە بەرامبەردا شارستانی ئەوروپا لە گەشەکردن و پێشکەوتنی بەرچاودا بووە، پێشهات و داهێنراوە زانستی و مەعریفیەکانی ئەو شارستانیەتەو ڕەوشی ژیان لە وڵاتە پێشکەتووەکاندا سەرنجی ڕۆشنبیران و توێژی سیاسی و ئازایخوازانی جیهانی ئیسلامی ڕاکێشاوەو هەموو کات چاویان لە پێشکەوتنی ئەوروپا بووە، پێشهاتەکانی ئەو شارستانیەتە گەیشتووەتە جیهانی ئیسلامی، ئەوەیش کاریگەری هەبووە لەسەر دیدو بیرکردنەوەی خەڵکی لە ڕۆژهەلاتدا، بەتایبەتی لە شارێکی فەرهەنگی وەک ئەستەمبوڵی ئەو ڕۆژگارە، ئەستەمبوڵی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی بووبووە شوێنی کۆبوونەوەی توێژە ڕۆشنبیرو ئازایخوازەکانی گەلانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی، هەموو ئەمانەیش چاویان لە پێشکەوتنەکانی ئەوروپا بووە.

لەو کات و دۆخەدا کەسێکی وەک جەمالودینی ئەفغانی بانگەشەی نوێبوونەوەو گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی ئیسلام و کردنەوەی دەرگای ئیجتیهاد و سوود وەرگرتن لە شارستانییەت و بەرهەمە زانستییەکانی ئەوروپا دەکات بۆ پێشخستنی ژیان و ئاوەدانکردنەوەی وڵات، ئەفغانی داوای کردووە ڕەوشی ئاییناری لە پابەندبوون بە ئیجتهادە فیقهیەکانی سەدەکانی دووەم و سێیەمی کۆچی ڕزگار بکرێت و بۆ پێشهاتەکانی ئەمڕۆ ئیجتیهادی نوێ و فیقهو تەفسیری نوێ بەرهەم بهێنرێت، هەموو ئەمانەیش بە گەڕانەوە بۆ ژیری و ئاوەزو عەقڵ بووە، چونکە خوای گەورە ڕێزی عەقڵی مرۆڤی گرتووەو هەموو کات داوا دەکات بیربکەینەوەو عەقڵ و ژیریو ئیجتیهاد بەکاربێنین بۆ تێگەیشتن لە ئاین و باشترکردنی ژیان و گوزەرانی خۆمان.

جەمالودینی ئەفغانی وەک ڕیفۆرمخوازێکی گەڕیدە دەست دەکات بەکارە نوێخوازیەکانی و پابەند نابێت بە شوێنێکی دیاریکراوەوە، ماوەیەک لە شارێکی گرنگی وەک ئەستەمبوڵی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی ئەو ڕۆژگارەوە دەست بە بڵاوکردنەوەی بیرو بۆچوونەکانی دەکات، کاتێک لەوێ ڕێگری لێدەکرێت دەڕوات بۆ قاهیرە، لەو کاتەدا قاهیرە شارێکی گرنگ و گەورە بووە، ناوەندێکی زانستی گرنگی وەک زانکۆی ئەزهەری تێدا بووە، هەروەها چاپخانەو بڵاوکراوەی هەمەجۆری زۆری تێدا بووە، ئەفغانی لە قاهیرەدا سوودی زۆر وەردەگرێت لە توێژی بەرفراوانی خوێندەواران بە بەراورد بە شوێنەکانی تر، زانکۆی ئەزهەرو بوونی دامودەزگای ڕۆشنبیری و چاپخانە لەو شارەدا، هەموو ئەوانە هاوکاری باش بوون بۆ بڵاوکردنەوەی پرۆژە ئیصڵاحیەکەی، لە هەمان کاتدا کەسێکی وەک شێخ موحەممەد عەبدە دەبێتە هاوکارێکی گەورەو کاریگەری پرۆژە ئیصلاحیەکەی، پاشان دەچێتە فەرەنساو درێژە بە کارەکانی دەدات و گۆڤاری (العروة الوثقى) دەردەکات، ئەو گەڕان و کۆڵنەدان و بەردەوام بوونە هاوکاری باشی ڕێبەرانی ڕیفۆرم دەکات لە بڵاوکردنەوەی تێزە نوێخوازیەکانیاندا.

### لە هێڵە گشتییەکانی بیری قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامی

قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامی خاوەنی کۆمەڵێک هێڵی گشتی بووە بۆ چاکسازی و پێشخستنی وڵات و ڕزگارکردنی گەلانی موسڵمان لە دواکەوتوویی، هەروەها بۆ نوێکردنەوەی ئایینی و باشتر کردنی باری فەرهەنگی و ڕەوشی خوێندن و چاکسازی کۆمەڵایەتی، لە گرنگترین هێڵە گشتیەکانی بیری قوتابخانەی ڕیفۆرم ئەمانەن:

**یەکەم**/ گەڕانەوە بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکانی ئیسلام: بە بۆچوونی ڕیبەرانی قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامی هۆی دواکەوتنی جیهانی ئیسلامی دوور کەوتنەوەیان بووە لە سەرچاوە ڕەسەنەکانی ئیسلام، بڕوایان وابووە تەنها ڕێگایش بۆ ڕزگار بوون گەڕانەوەیانە بۆ ئەو سەرچاوانە، ئەو وتەیە زۆر دووبارە دەکەنەوە کە ئەڵێت: (کۆتایی نەتەوەی ئیسلام تەنها بە ڕێگای پێشینی ئەم نەتەوەیە ئیصلاح دەبێت)، لەسەدەکانی سەرەتای ئیسلامدا موسڵمانان دەتوانن دەست بگرن بەسەر بەشێکی گەورەی جیهانداو شارستانییەتێکی گەورەیان دروستکردووە، لە شارێکی وەک بەغدادا نوسراو دەستنووس و بەرهەمی مەعریفی زانا موسڵمانەکان جێگای سەرسوڕمان بووە، بەڵام لەگەڵ داخرانی دەرگاکانی ئیجتیهاد و دوورکەوتنەوەی موسڵمانان لە سەرچاوە ڕەسەنەکان، نەتەوەی ئیسلام تووشی دواکەوتوویی و تاریکستان هاتووە، ڕیبەرانی قوتابخانەی ڕیفۆرم تەنها دەروازەی ڕزگاربوونیان لە گەڕانەوە بۆ ئەو سەرچاوانەدا بینیوە.

**دووەم**/ پاککردنەوەی ئەدبیاتی ئیسلامی لە هەموو شتێکی نابەجێ: بەهۆی زۆری قوتابخانەی کەلامی و زمانەوانی و دەروێشگەرایەکانەوە، هەموو زانستە ئیسلامییەکان پڕ کرابوون لە درێژدادڕی و (قیل و قال)ی بێسود و چیرۆکی هەڵبەستراو گێرانەوەی (الروایة)ی ناڕاست، هەموو ئەمانەیش بووەتە هۆی ونبوونی جوانیەکانی ئیسلام و قورسبوون و جەدەلی فەلسەفی و کەلامی بێسوود، بەشێوەیەکی وەها بنەماکانی عەقیدە کە کۆمەڵە شتێکی سادەو ئاسانەو هەموو کەس دەتوانێت لێی تێبگات و وەریبگرێت، بەڵام کراونەتە فەلسەفەیەکی کەلامی قوڵی وشک، ئەوەندەی باسی فەلسەفە دەکات کەمتر باسی بنەماکانی ئیمان دەکات، خەڵکی زۆر زانا و دەستەبژێر نەبێت سودی لێوەرناگرێت، خەڵکی ئاسایی لێی تێناگات و ناتوانێت لێی بەهرەمەند بێت.

قوتابخانەی ڕیفۆرم داوای ئاسانکردنی زمانی ئاییندارى پاکردنەوەی ئایینیان کردووە لە هەموو ئەو شتە زیادانەی تێکەڵاوی کراوە، بەشێوەیەک هەموو موسڵمانێک لێی سودمەند بێت و بتوانێت لە بنەماکانی ئایینەکەی تێبگات، بێگومان ئەم هەنگاوانەیش بە پاککردنەوەی زانستە ئیسلامییەکان دەکرێت لەهەموو ئەو شتە نامۆو زیادانەی تیکەڵاوی کراوە.

**سێیەم**/ ڕەتکردنەوەی ئەو شتانەی عەقڵ پەسەندی ناکات: بە سەنتەرکردنی عەقڵ لای قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامی وادەکات بە (قوتابخانەی عەقڵانی نوێ) ناوزەد بکرێن، هەندێ جار ئەو ناوە وەک ڕەخنەو توانج بەکارهاتووە لەلایەن ئاراستە نەیارەکانیانەوە، ئەگەرنا خۆیان ئەو ناوەیان لە خۆیان نەناوە، بەهۆی زۆر جەخت کردنەوەیان لەسەر عەقڵ و تەفسیری عەقڵانی بۆ هەندێ بنەماو دەقی ئایین، لەلایەن توێژەران و لێکۆڵەرانی دوای خۆیان بە قوتابخانەی عەقڵانی ناوبراون، هەر بەم هۆیەشەوە ڕووبەڕووی ڕەخنەی توندی ناوەندە ئایینیە تەقلیدییەکە بوونەتەوە، بەشێوەیەکی وەها هەندێجار هەوڵە ئیصلاحی و نوێخوازیەکەشیان ڕەتدەکەنەوە.

لەژێر هەژموونی بیری مادیگەرایی و ڕەتکردنەوەی غەیب لەلایەن بیری نوێی شارستانیەتی ئەورووپاوە، بەشێک لە مامۆستاو نووسەرو هەندێ لە موفەسیرەکانی ئەو قوتابخانەیە

هەوڵیانداوە تەفسیری هەندێ لە دەق و بنەماکانی ئایین بە عەقڵ و ژیری بکەن، ئەم ئاراستەیە لەناو ئەدەبیاتی قوتابخانەی ریفۆرمدا رەنگیداوەتەوەو بووەتە یەکێک لە خەسڵەت و سیما دیارەکانی ئەدەبیاتی ئەم قوتابخانە فکریە نوێخوازە.

هەروەها لە مامەڵە کردنیان لەگەڵ هەندێ دەقی فەرمووودەدا عەقڵیان کردووە بە پێوەر، هەندێ لەو فەرموودانەی کە بەڕوو کەش واتاکەی روون نییە، یان جۆرێک لە ئیشکالی تێدایە (مشکل الحدیث)، ئەوان بە پێوەری عەقڵ و ژیری بەناڕاستیان داناوە، بێگومان ئەم پێوەرەش بە لۆژیکی ئایین زۆرجار گونجاو نییە، هەندێ باس و بابەت لە رۆژگارێکدا عەقڵ و ژیری وەریناگرێت، بەڵام لەکات و سەردەمێکی تردا بەهۆی پێشکەوتن و گۆڕانەوە زۆر بە ئاسانی وەردەگیرێت، بۆ نمونە شەورەوی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە شەوێکداو چوون و گەڕانەوەی لە ماوەیەکی دیاریکراودا، بە لۆژیکی مادی قبوڵ ناکرێت، بەڵام بە لۆژیکی ئایین و موعجیزەی پێغەمبەران قبوڵەو پێویست بە تەئویل و لێکدانەوەی مادی ناکات.

**چوارەم**/ دوور کەوتنەوە لە ئیسرائیلیات و خورافەو چیرۆکی دروستکراو: تێکەڵکردنی دەیان بیری نەگونجاو کەلەپوری گەلانی پێشوو بە زانستە ئیسلامییەکان، لەهەمان کاتدا کاریگەری تەریقەتە دەروێشیەکان و زۆر کارکردن بۆ گەورەکردنی رێبەرو شێخەکانی تەریقەت و زیادەرەوی زۆر لە باسی کەرامەت و خەورایقدا، هەموو جوانیەکانی ئیسلامی داپۆشیوەو لە هەموو لۆژیک و عەقڵانیەتێک دوور خراوەتەوە.

لەبەرامبەر ئەو رەوشەدا زانایانی قۆتابخانەی ئیصلاح کاردەکەن بۆ گێڕانەوەی لۆژیک و عەقڵانیەت، تەنانەت هەندێ جار زیادەڕەوی دەکەن و هەوڵی رەتکردنەوەی ئیعجازی پێغەمبەران دەدەن، لەباسی مەلائیکەو رۆح و سونەتە خوایەکاندا تەفسیری مادیان بۆ دەکەن، هەموو ئەمانەیش تەنها لە پێناو پاککردنەوەی کتێب و نوسراوە ئیسلامییەکان لەو شتە دەخیل و خراپانەی تێکەڵاوی کراوە.

یەکێک لەو بابەتانەی کتێبەکانی تەفسیری لێ پڕکراوە ئیسرائیلیاتە، ئیسرائیلیات ئەو چیرۆک و گێڕانەوەیانە لە کتێبەکانی ئەهلی کیتابدا بەتایبەت جولەکەو مەسیحیەکانیدا هاتووە، چیرۆکی پێغەمبەران و گەلانی پێشوو لە کتێبە ئاسمانییەکانی وەک تەورات و ئینجیل و قورئاندا هاتووە، هەرچەندە لە قورئاندا بە کورتی و بە (مجمل)ی تەنها باسی شوێنی پەند و مەبەست دەکات، بەڵام موفەسیرەکان دەیان لاپەڕەیان لەو بارەیەوە رەشکردوەتەوەو زۆر شتی ناڕاستیان لە کتێبی ئەهلی کتێب گواستوەتەوە، ئەم هەنگاوەیش کاریگەری خراپی هەبووە لە سەر تەفسیرو تێگەیشتنی راست لە قورئانی پیرۆز، هەر بۆیە رێبەرانی قوتابخانەی ریفۆرم داوای پاککردنەوەی کتێبەکانی تەفسیر دەکەن لەو باسە بێسودانە.

**پێنجەم**/ گرنگیدانی بە تەفسیری دەقەکانی قورئان و سونەت بەپێی زانستی نوێ: پێکەوە گرێدانی تەفسیری قورئان و سونەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لەگەڵ زانستی نوێدا یەکێکە لە سیماو تایبەتمەندی قوتابخانەی ریفۆرم، لەکاتێکدا ناوەندە ئایینیە تەقلیدییەکە هەتا ناوەڕاستی سەدەی بیستەمیش زۆر بە توندی دژی زانستی نوێ و قوتابخانەو خوێندنی مۆدێرن بوون، بەڵام رێبەرانی قوتابخانەی ریفۆرم سوربوون لەسەر پێکەوە گرێدانی زانست و ئایین، تەنانەت هەندێ زیادەڕەویش دەکەن لەم بابەتەدا.

قورئانی پیرۆز زۆر ئاماژەی زانستی تێدایە لەبارەی ئاسمان و زەوی ئەستێرەکان دروستبوونی ژیان و گیانەوەران و زۆر بابەتی تر، موفەسیرانی قوتابخانەی ریفۆرم هەموو ئەو ئایەتانەی ئەو ئاماژە زانستیانەی تێدایە هەوڵیان داوە لەگەڵ بیردۆزە زانستییەکاندا بیانگونجێن،

بەتایبەتی شێخ محەمەد عەبدەو محەمەد رەشید رەزا لە تەفسیری مەناردا و شێخ ئەحمەدی مەراغی و شێخ موحەممەدی خاڵ و چەندانی تر.

**شەشەم**/ تەفسیری عەقڵانی بۆ دەقە شەرعییەکان: بە سەنتەرکردنی عەقڵ لە تەفسیری قورئانی پیرۆزدا یەکێکە لە سیماو تایبەتمەندیەکانی ڕێبەرانی قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامی، تێپەڕاندنی ڕابردوو پابەند نەبوون بە میتۆدی قوتابخانەی گێڕانەوە (الرواية)و زیاتر پشت بەستن بە تەفسیری ژیری (التفسير بالرأی) لەناو تەفسیری قوتابخانەی ڕیفۆرمدا تەواو ڕەنگیداوەتەوە، هەموو ئەمانەیش بۆ تێپەڕاندنی ڕابردوو، لە هەمان کاتدا بۆ ئەوەی بەرگێکی نوێ بە بەرگی ئەدەبیاتی نوێی ئیسلامیدا بکەن، مەبەستیان بووە ئایین وەک دەرچەیەکی ڕوناکبیری و هۆشیارکردنەوەی موسڵمانان بکەن بەناوەندێک و سەردەمی ڕابردوو تێپەڕێنن.

لە سیماکانی تەفسیری ئەم قوتابخانەیە هەموو گێڕانەوەیەکی ناڕاست ڕەتدەکەنەوەو لەبابەتە زمانەوانیەکاندا، درێژدادڕی (حشو) ناکەن وەک موفەسیرەکانی پێشوو، لەسەر چەمکە نادیارەکانی دەقەکان (المبهمات) ناوەستن، هەروەها لەگێڕانەوەی چیرۆک و کەسایەتیەکانی ناو قورئانی پیرۆز پەنا بۆ تەفسیری ناڕاست و خورافەو ئیسرائیلیات نابەن، ئەوان ڕایان وایە قورئان کتێبی تەشریع و هیدایەت و خواپەرستییە، نەک زمانەوانی و گێڕانەوەی باسەکانی مێژوو، پڕکردنی کتێبەکانی تەفسیر لە چیرۆکی مێژوویی ناڕاست جێگەی ڕەخنەی ئەوان بووە، لە شوێنێکدا کە خوای گەورە باسی ڕوداوێک یان کەسایەتیەک دەکات بە کورتی (مجمل)، بۆ ئەوەیە تەنها شوێنی پەندو ئامۆژگاری باس بکات، لەوە زیاتر ئەگەر سودی هەبوایە خوای گەورە باسی دەکرد.

هەر بۆ نموونە لە باسی هاوەڵانی ئەشکەوتدا (أصحاب الكهف)دا، موفوسیرە کۆنەکان دەیان لاپەڕەیان ڕەش کردوەتەوە لەسەر شوێن و ناو و ژمارەی ئەو هاوەڵانە، تەنانەت لەبارەی ناوی سەگی ئەو هاوەڵانەوە قسەی زۆریان کردووە، هەموو ئەم باس و گێڕانەوەیش زیادەن و هیچ بنەمایەکی زانستی ڕاستیان نییەو لە ئیسرائیلیات و چیرۆکی ناڕاستەوە وەرگیراون، ڕابەرانی قوتابخانەی ڕیفۆرم ئەمجۆرە درێژکردنەوەو گێڕانەوانە بە زیادە دەزانن و ئەڵێن پێویست ناکات کتێبەکانی تەفسیر بەو جۆرە چیرۆکانە پڕ بکرێتەوە.

**حەوتەم**/ ئیصڵاحی کۆمەڵایەتی: لە ڕۆژگاری دەرکەوتنی قوتابخانەی ڕیفۆرمدا جیهانی ئیسلامی لە دۆخێکی خراپی کۆمەڵایەتیدا بوو، نەخوێندەواری و نەزانی باڵی ڕەشی بەسەر کۆی گشتی ژیانی خەڵکیدا کێشاوە، دەسەڵاتی دەرەبەگی ئەوەندەی تر گوزەرانی خەڵکی تاڵ کردبوو، ڕەوشی ئاینی لە چەند تەریقەتێکی دەروێشی داخراوی چەقبەستوودا لەناو خورافەو خەون و وەهمدا دەسوڕایەوە.

لەم کاتە ناهەموارو پاشکەوتوودا قوتابخانەی ڕیفۆرم دەست دەکات بە پرۆژەی چاکسازی و باشترکردنی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئایینی، داوای کردنەوەی قوتابخانەی مۆدێرن و گرنگیدان بە ڕەوشی ڕۆشنبیری و هۆشیاری و پاککردنەوەی ئایین لە خورافەو خەو، لە هەمان کاتدا تەفسیر کردنی دەقەکانی ئاین بەپێی میتۆدی نوێ و تێکەڵاوکردنی بە پێشهاتە نوێیەکانی شارستانییەتی تازەو ڕزگارکردنی ناوەندە ئایینییەکان لە بیری دەروێشی و پاشکەوتوو.

**هەشتەم**/ سوود وەرگرتن لە شارستانییەتی ئەوروپا: لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا جیهانی ئیسلامی دەکەوێتە ژێر کاریگەری شارستانیەتی نوێی ئەوروپاوە، ئەم شارستانیەتە بەرهەمی ژیری و توانای مرۆڤ بووە، کاتێک گەشەی کردووە کە شۆڕشی فەرەنسا سەردەکەوێت و دین دەکرێتە دەرەوەی ژیانی گشتی و هیچ دەخڵێکی بەسەر بەرەوپێشبردن و بنیاتنانی وڵاتەوە نامێنێت و

دەخرێتە جوغزێکی تەسکی پەیوەندی تاکەسی بە خوای گەورەوە، بزاڤی زانستی و ژیاری ئەوروپا شارستانیەتێکە لەسەر توانای ژیری و مادیەت دروسکراوەو پەیوەندییە ڕۆحی ئیمانییەکان و لەناویدا نییە.

لەبەرامبەر پێشکەوتنی وڵاتانی ئەوروپادا جیهانی ئیسلامی ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو دواوە گەڕاوەتەوەو نەیتوانیوە هەنگاوێک بچێتە پێشەوەو خۆی لە نەریتی ڕابردوو ڕزگار بکات، لەم کاتەدا توێژی ڕوناکبیر داوای گواستنەوەو وەرگرتنی شارستانی ئەوروپی دەکەن بۆ وڵاتەکانیان، لەهەمان کاتدا توێژە تەقلیدی و کۆنەخوازەکەش زۆر بە توندی دژایەتی ئەو هەنگاوە دەکەن.

قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامی لەو نێوانەدا داوای کۆمەڵی ئیسلامی (الجامعة الاسلامية) دەکات، واتە: کار کردن بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەی ئیسلامی، بەڵام وەرگرتنی شارستانییەتی ئەوروپاو سوود لێوەرگرتنی بۆ پێشخستنی ژیان و دۆخی وڵاتانی ئیسلامی بەلاوە پەسەند بووە، خودی جەمالودینی ئەفغانی داوای نوێبونەوەی کردووە لە ڕەوشی ئایینی و ژیانی گشتیدا، لە هەمان کاتدا سوود لە چاپخانەو دەرکردنی ڕۆژنامەو گۆڤار وەردەگرن وەک یەکێک لە بەرهەمەکانی شارستانیەتی ئەوروپا بۆ بڵاوکردنەوەی دیدو بۆچوونەکانیان، دەرکردنی (العروة الوثقى) یەکێک لە هەنگاوە نوێخوازیەکانیان لە ڕەوشی ئایینی و فەرهەنگیدا کردوویانە.

قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامی و نووسین و دانراو تەفسیرەکانیان توانیان گۆڕانێکی گەورەی هۆشیاری لە جیهانی ئیسلامیدا دروست بکەن، زۆر کتێبی تەفسیر و دانراوی بە نرخیان نووسیوەو، سەدان دامودەزگای ڕۆشنبیری و پەیمانگاو زانکۆ لەسەر میتۆدو مەنهەجی ئەوان کراوەتەوە، لە ڕۆژگاری خۆیاندا هەر یەکە لە شێخ موحەممەد عەبدەو شێخ موحەممەد ڕەشید ڕەزاو قوتابخانەی (المنار) ڕۆڵی کاراو کاریگەری هەبووە لەسەر زانکۆی ئەزهەر و مامۆستایان و قوتابیانی ئەو ناوەندە زانستیە جیهانیە گرنگە.

بێگومان پرۆژەو نووسین و دیدو بۆچوونەکانی ئەو قوتابخانەیە دژو ڕێگری زۆری هەبووە، لەلایەن نەیارانی ئیسلامەوە بەردەوام دژایەتی کراوەو گومان و ڕێگری بۆ دروستکراوە لە گەیاندنی پەیام و پرۆژە نوێخوازی و چاکسازییەکانی، لە هەمان کاتدا لەلایەن ناوەندە ئایینیە داخراو دۆگما تەقلیدیەکەوە بە توندی دژایەتی کراوە، هەتا زۆرجار بەدگومانی و تۆمەتی کوفرو لادانی دراوەتە پاڵ، بەڵام هیچ یەکێک لەو بەربەست و ڕێگریانە نەیانتوانیوە بەر بە هەوڵەکانیان بگرن، توانیویانە لەسەرتاسەری جیهانی ئیسلامیدا بزاڤێکی نوێخوازی ڕیفۆرمی لە ڕەوشی ئایینی و میتۆد و دیدو بۆچوونە ئاینیەکاندا بەرپا دەکەن، بە جۆرێک وەها ئاین و ناوەندە ئاینییەکان دەتوانن بێنەوە ناو گۆڕەپانی کۆی گشتی ژیانی خەڵکی و لەگەڵ هەموو پێشهات و بیرە نوێیەکاندا ململانێی فکری و زانستی بکەن و شانبەشانی ئەوان ناوەندو ڕێکخراو و بڵاوکراوە زانستی و فکری و ڕۆشنبیری بڵاوبکەنەوە، دەتوانن ئایین لە چەند سروت و گیردانی لە هەندێ وەهم و خورافەی دەروێشیەوە بکەنەوە بە ناوەندێکی ڕوناکبیری زیندوو، بەشێوەیەکی وەها ئایین دەبێتەوە بە فاکتەری هۆشیار کردنەوەو پیشکەوتنی کۆمەڵ و نیشتمان نەک پاشکەوتوویی و بیری خوافە.

بێگومان ئیسلام گرنگی زۆر بە عەقڵ و ژیری مرۆڤ دەدات، تەنانەت لە کۆی پاراستنی پێنج مەبەست، یەکێک لەو مەبەستانەی شەریعەت (مقاصد الشريعة) تایبەتە بە پاراستنی عەقڵەوە، عەقڵ سەرچاوەی تەکلیفەو لە ڕێگەی عەقڵەوە لە ئایین تێدەگەین و پەیرەوی دەکەین، قورئانی پیرۆز لە زۆر ئایەتدا داوای بیرکردنەوەو بەکارهێنانی ژیری لە مرۆڤ دەکات، لە هەمان کاتدا سەرکۆنەی

عەقڵە دۆگماو داخراوەکان دەکات، هەروەکو دەفەرموێت (أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ أَمْ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا) محمد:٢٤. خوای گەورە عەقڵی کاراو زیندوی دەوێت، نەک عەقڵی کلۆم دراو و نەتوانێت بیر بکاتەوە.

سەرچاوەی ئایین نیگا (الوحی) خوایی گەورەیە، بەڵام سنوورێکی فراوانیش هەیە کاری عەقڵ، کارکردنی ژیری بۆ تەفسیرو ئیجتیهاد لە سنووری دەقەکانی ئیسلام و فیقهی ئیسلامیدا، لە هەمان کاتدا کاروباری و دنیایی و ئاوەدانکردنەوەو پێشخستنی ژیان هەمووی بۆ عەقڵ و بیرو توانای مرۆڤ دانراوە، ئیسلام نەهاتووە هەموو بنەماکانی ژیان بۆ مرۆڤ ئامادە بکات و ئەویش بێتە سەرحازری، بەپێچەوانەوە هەتا ڕۆژی قیامەت عەقڵ و ژیری مرۆڤ دەبێت کار بکات بۆ باشترکردن و بەرەو پێشبردنی و ژیان و ئیجتیهاد و ناشتوانێت تەواوی بکات، ژیان لە ڕەوتی خۆی بەردەوان دەبێت و لە هەموو هەنگاوێکدا دەبێت عەقڵ پێشڕەوی بێت.

لە کوردستاندا و لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا هەریەکە لە مەلای گەورەی کۆیەو شێخ موحەممەدی خاڵ دەکەونە ژێر کاریگەری بۆچوونەکانی قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئایینی، هەرچەندە بەهۆی دۆخی کوردستانەوە ئەم دوو زانا گەورەیە لە کات و ڕۆژگاری خۆیاندا ناتوانن وەک پێویست کاریگەریان هەبێت لەسەر ڕەوشی ئایینی و فەرهەنگی کورد، بەڵام لە ڕێگەی نووسین و بەرهەمەکانیانەوە دەتوانن بۆچوونە نوێخوازیەکانی ئەو قوتابخانەیە بڵاوبکەنەوەو بۆ دوای خۆیان کاریگەری زۆری هەبێت، تەفسیری خاڵ کە شێخی خاڵ لەسەر ڕێبازی قوتابخانەی ڕیفۆرم نووسیویەتی کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر توێژی گەنجانی دیندار، هەروەها هەوڵە ڕۆشنبیری و ئەدەبیەکانی جێگەی نرخاندنی گەورەن، فەرهەنگی خاڵ یەکێکی ترە لە شاکارەکانی شێخی خاڵ و خزمەتێکی گەورەیە بە زمانی کوردی، شێخی خاڵ ئەو فەرهەنگەی لە ژێر کاریگەری بۆچوونەکان جەمالودینی ئەفغانیدا نووسیوە، کەواتە قوتابخانەی ڕیفۆرم و پرۆژەو بەرهەمەکانیان کاریگەری لەسەر ڕەوشی ئایینی و فەرهەنگی کوردستان هەبووە.

## سەرچاوەکان

١/ شێخ موحەممەدی خاڵ، ناڵەی دەروون، چاپی دووەم ٢٠١١ز، دەزگای ئاراس- هەولێر.

٢/ شێخ موحەممەدی خاڵ، تەفسیری خاڵ، جزمی ٢٧، چاپی یەکەم ١٤١١ک-١٩٩٠ز، چاپخانەی (الحوادث) بەغداد.

٣/ شێخ موحەممەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، چاپی سێیەم ٢٠١٧، چاپخانەی ڕۆژهەلات- هەولێر.

٤/ د.محمد عمارة، جمال الدين الأفغاني المفترى عليه، الطبعة الأولى ١٤٠٤هـ ١٩٨٤م، دار الشروق- القاهرة.

٥/ د.محسن عبد الحميد، جمال الدين الأفغاني المصلح المفترى عليه، الطبعة الأولى ١٩٨٤م، مؤسسة الرسالة ناشرون، بيروت- لبنان.

٦/ ابراهيم البيومي غانم، صلاح الدين الجوهري، الإمام محمد عبده مائة عام على رحيله، الطبعة الاولى ١٤٣٠هـ ٢٠٠٩م، دار الكتاب المصري- القاهرة.

٧/ د. محمود بن علي بن احمد العمراني، موقف المدرسة العقلية المعاصرة من علوم القرآن وأصول التفسير، الطبعة الاولى ١٤٣٦هـ٢٠١٥م، مركز التفسير، الرياض.

٨/ د. فهد بن عبدالرحمن بن سليمان الرومي، منهج المدرسة العقلية المعاصرة في التفسير، الطبعة الثانية ١٤٠٣هـ ١٩٨٣م، مؤسسة الرسالة- القاهرة.

# پرس و پەیڤینی خود لە دەقە پیرۆزەکاندا

## قورئان وەک نموونە





**د. کامەران محەمەد**

سالّی ١٩٧٦ لە سلێمانی لەدایکبووە. هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە فەلسەفەی مێژوو. پێنج کتێبی چلپکراوی هەیە. چەندین توێژینەوەی بڵاوکردووەتەوە.

لە ئیسلامدا پەیڤین پەیوەندییەکی بنەڕەتی بە (ئیمان)ەوە هەیە، ئەمە لەکاتێکدا ئیمان (پەیوەندارێتی) مرۆڤ دیاری دەکات و بەبێ پەیڤین (ئیمان)ێکی قوڵ لەهزر و ناخدا بەدی ناکرێت، تەنانەت ئەو وابەستەییە ئەوەندە ڕیشەدارە وەک ئەوەی ئیسلام بەتەواوی بزوتنەوەی پەیڤین بێت! مرۆڤ سەرەتا لەگەڵ خۆیدا دەدوێت، لەناخیدا گفتوگۆ لەنێوان شیمانە (احتمال) یەک و شیمانەیەکی تردا و لەنێوان بیرۆکە جیاوازەکان و دیاردە ئەرێنی و نەرێنی یەکاندا ئەنجام دەدات. لێرەشەوە ڕۆڵێکی بونیادنەرانەی ئەو بیروباوەڕە دەبینێت کە شوناس و کەسێتی مرۆڤی پەیوەندیدار دیاریدەکات.

لە ئیسلامدا پەیڤین (مرۆڤی پەیڤینکار) دروست دەکات، ئەو کەسێتییە پێکدەهێنێت کەخاوەن کەسێتییەکی جێگیر و پابەند (الملتزم)ە، چونکە گەر مرۆڤێک نەتوانێت پەیڤین لەناخیدا بژێنێتەوە، ئەوا هەرگیز لەگەڵ کەسی بەرامبەردا ناتوانێت ببێتە ئەو کەسەی کەپێی بوترێت (مرۆڤی پەیڤینکار). (١)

ئەرکی پەیڤین لەوەدا چڕدەبێتەوە کەوا قایلبوون و پابەندییە خودییەکان یەک بخات، واتە لەدژایەتییەکدا نەیهێڵێتەوە کە بەردەوام لە پرۆسەیەکی لەرزینی فیکری و هەستی و سۆزداریدا لەنێوان پرس و بابەتە دژەکاندا بێت و بچێت.

لەم سەربەنەوە دەگەینە ئەو ڕاستییە ئاینییە بنەڕەتیەی کە ئیمان جوڵەیەکە لەئەقڵدا! نەک لەسەرەوە بێت، تەنانەت جیهانی میتافیزیکیش سەرەتا دەبێت بەئەقڵ تێبینی بکرێت، دواتر ئازادی گوزەرکردنی بەنادیارەکاندا بۆ دەرەخسێت، زیادەڕەوی نیە گەر بڵێین دەبێت بەئەقڵ تێبینی تەواوی ئەوەی لە بووندا هەیە، بکرێت! ئەمە هەرچەندە گەر ئامرازی تەواوی گەڕانی درێژبوونەوە و پەنهانەکانی ناو (بوون)یشی نەبێت! بێگومان دەبێت (بوون) عەقڵانی بێت، هەرچەندە گەر عەقڵیش توانای چارەسەرکردنی ئەوەی نەبێت کە لەناویدایە، وەک موفرەدات و ئەو ئاڵۆزکارییانەی کە بازنەی هەست و (باو) تێدەپەڕێنێت. مرۆڤ بە عەقڵ پەی بە (خودا) دەبات، هەرچەند ئامرازگەلێکی ئەوتۆی لەبەردەستدا نییە کەلە خودی خودا بکۆڵێتەوە.

تەنانەت لە (سەلماندن)ە ئاینییەکاندا بەعەقڵ تێبینی حەقیقەت و بوونی (غەیب) دەکرێت، بەڵام ئەودیوو ناوەڕۆک و بوونەکەی نازاندرێت، بەتەواوی وەک ئەوەی لەفەلسەفەدا هەیە، کە ناتوانرێت لەمیانەیدا ناوەڕۆک و جەوهەی بزانریت، بەڵام دەتوانریت ئاماژەی بۆ بکرێت. (٢)

بۆیە وشەی (عەقڵ) لەقورئاندا (٩٤)جار هاتووە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجدانە، کە لەیەک شوێندا بەشێوازی (چاوگ)، نەهاتووە! بەڵکو لە هەموو شوێنەکاندا بەشێوەی کردار (الفعل) هاتووە! تەواوی کردارەکانی عەقڵیش لە قورئاندا بەواتای (پەیبردن) و (بیرکردنەوە) و (تێگەشتن)ی مرۆڤ هاتوون! تەنانەت زۆر ڕاشکاوانە ڕەخنە لەمرۆڤ دەگرێت، کە بۆچی عەقڵیان بەکارناهێنن، وەک دەفەرموێت: «صُمٌّ بُكْمٌ عُمْيٌ فَهُمْ لَا يَعْقِلُونَ» البقرە ١٧١، واتە: (ئەمانە کەڕن، لاڵن، (لە وتنی قسەی دروست) کوێرن (لە بینینی ڕێی ڕاست)، بۆیە ئەقڵیان بەکارناهێنن!) یاخود وشەی عەقڵی وەک خەسڵەتێک بۆ زاناکان بەکارهێناوە، «وَتِلْكَ الْأَمْثَالُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ وَمَا يَعْقِلُهَا إِلَّا الْعَالِمُونَ»العنکبوت،٤٣، واتە: (ئەو وێنەو نموونانە بۆ خەڵکی دێنینەوە کە تەنها زاناکان لێی تێدەگەن). یاخود ئاماژە بۆ پرۆسەی شێواندن دەکات، دوای ئەوەی کە بەعەقڵیش پەی پێدەبەن و دەیزانن:» وَقَدْ كَانَ فَرِيقٌ مِنْهُمْ يَسْمَعُونَ كَلَامَ اللَّهِ ثُمَّ يُحَرِّفُونَهُ مِنْ بَعْدِ مَا عَقَلُوهُ وَهُمْ يَعْلَمُونَ» البقرە،٧٥ واتە: (دەستەیەک لەوان (مەبەست جولەکەکانە) فەرموودەی خوایان دەبیست (لە تەورات) کەچی لەپاش تێگەیشتنی دەستکارییان دەکرد، ئەمە لەکاتێکدا دەیانزانی (کە کارێکی ناڕەوایە). هەروەها

لە چەندەها شوێنی قورئاندا ئاماژەو داوا لەمرۆڤەکان کراوە کە بیربکەنەوە وەک دەفەرمووێت: «كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الْآيَاتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ» البقرە،٢١٩ واتە (ئاوەها خودا بەڵگەکان ڕوون دەکاتەوە بۆتان تا بیر بکەنەوە). یاخود خودا سەرنجی مرۆڤەکان بۆ دیاردە گەردوونییەکان ڕادەکێشێت، تا وایان لێبکات بیری لێبکەنەوە، وەک دەفەرمووێت: «وَهُوَ الَّذِي مَدَّ الْأَرْضَ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ وَأَنْهَارًا وَمِنْ كُلِّ الثَّمَرَاتِ جَعَلَ فِيهَا زَوْجَيْنِ اثْنَيْنِ يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ الرعد،٣ واتە: ( خودا ئەو زاتەیە کە زەوی ڕاخستوەو چەندەها چیاو ڕوباری تێدا داناوەو لە هەموو جۆرە میوەیەکیش، هەروەها جوتێ نێرو مێی تێدا دروست کردووە، شەو دەدات بەسەر ڕۆژدا، بەڕاستی لەوانەدا بەڵگەو نیشانە هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە بیر دەکەنەوە). واتا لەقورئاندا عەقڵ چاوگی پرس و بنەڕەتی بیرکردنەوەکانە.

(کارل یاسپرز)ی فەیلەسوف سەرچاوەکانی فەلسەفە بۆ (سەرسامبوون، گومان، دڵەڕاوکێ) دەگێڕێتەوە! ئەگەر لەم ڕوانگەیە بۆقورئان بڕوانین ئەوا خۆمان لەبەردەم بەشێکی زۆر لەم سەرچاوانەدا دەبینینەوە، بەلای ئەم فەیلەسوفەوە یەکەم کەسیک بەئاشکرا ئاماژەی بۆ (سەرسامی) کردبێت (ئەفلاتون)ە، ئەو پێیوایە ئەو مرۆڤەی لەنێوان ئەستێرەکانی ئاسمان و دیاردو قەشەنگەکانی سروشتدا چاودەگێڕێت، مەرجە لەبەردەمیاندا سەرسام بێت و پرسیار لە هۆکارەکان و ئەو هێزانەش بکات کە دەیگێڕێت. کەواتە سەرسامبوون بریتی یە لەسەرچاوەی پرسیار، واتە بواری فەلسەفاندن ورووژاندنی پرسیارە، زیاد لەوەی دەسکەوتنی وەڵام بێت (٣).

ئەگەر لەم سەربەنەوە بڕوانینە قورئان ئەوا خودا خۆی هەوڵ دەدات بیری مرۆڤەکان بجوڵێنێت و پرسیار گەلێکی گرنگیان ئاراستە بکات، پرسیارەکانیش دەربارەی ئەو بابەتانەن کە مرۆڤ بەتێڕامان لێیان سەرسام دەبن! لێرەدا ئێمە نامانەوێت بچینە ناو بابەتی پرسیارکردن لە قورئاندا! چونکە ئەم بابەتە پانتاییەکی فراوانی قورئانی داگیرکردووە و بەدەیەها تێزی دکتۆرا و ماستەرنامەی لەسەر نووسراوە، ئێمە لێرەدا تەنها چەند ئاماژەیەکی کورت بەچەند ئایەتێک دەکەین و ئەوی تری بۆ خوێنەر خۆی جێدەهێڵین، کە دەتوانێت زۆربەئاسانی سەدەها ئایەتی پەیوەندیدار بە سەرسامبوون و وروژاندنی بیر و ئەندێشەی مرۆڤەکان لە ڕوانگەی پرسیارەکانەوە لە قورئاندا بخوێنێتەوە!

بۆ نموونە سەرنجی مرۆڤەکان ڕادەکێشێت بۆ خاڵی دەسپێکی بەدیهێنان و هەوڵی ڕاچەنینی بیریان دەدات و ئەم پرسیارەیان ئاراستە دەکات: «مِنْ أَيِّ شَيْءٍ خَلَقَهُ؟!»، عبس ١٨. واتە: ( مرۆڤ بیر ناکاتەوە کە بزانێت خودا لە چی دروستی کردوە؟) یاخود بەوردی سەرنجی مرۆڤ بۆ خۆراکەکەی ڕادەکێشێت و وای لێدەکات بیگەڕێنێتەوە بۆ خاڵی سەرەتا و ئامانجەکانی دروستبوونی خۆراک وەک دەفەرمووێت: «فَلْيَنْظُرِ الْإِنْسانُ إِلى طعامه (٢٤) أَنَّا صَبَبْنَا الْماءَ صَبًّا (٢٥) ثُمَّ شَقَقْنَا الْأَرْضَ شَقًّا (٢٦) فَأَنْبَتْنا فِيها حَبًّا (٢٧) وَعِنَباً وَقَضْباً (٢٨) وَزَيْتُوناً وَنَخْلاً (٢٩) وَحَدائِقَ غُلْباً (٣٠) وَفاكِهَةً وَأَبًّا (٣١) مَتاعاً لَكُمْ وَلِأَنْعامِكُمْ» ٣٢ عبس. واتە: (دەبا مرۆڤ لە خۆراکەکەی بڕوانێت، بەڕاستی ئێمە لە هەورەوە بارانمان دارژاند، چۆن دارژاندنێک! پاشان درزمان لە زەویدا دروست کرد، تا ڕوەکی تێدا بڕوێت، ئینجا لە ناویدا دانەوێڵەو ترێ و سەوزەو زەیتون و دارخورماو باخاتی چڕو پڕو میوەو لەوەڕمان بۆ ژیانی خۆتان و ئاژەڵتان ڕواند).

هەروەها سەرنجی مرۆڤەکان نەک تەنها بۆ دیمەنە قەشەنگەکانی مرۆڤ و ژیان و گەردوون ڕادەکێشێت، بەڵکو وایان لێدەکات کە بیر لە هۆکار و چۆنیەتی دروستبوونیان بکەنەوە! واتە خودا هەوڵی داوە مرۆڤ بەسەر ناسینی خودی خۆی و پەی بردن بەنهێنییەکانی ژیان و بووندا بکاتەوە! وەک دەفەرمووێت: «أَفَلَا يَنْظُرُونَ إِلَى الْإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ (١٧) وَإِلَى

السَّمَاءِ كَيْفَ رُفِعَتْ (١٨) وَإِلَى الْجِبَالِ كَيْفَ نُصِبَتْ (١٩) وَإِلَى الْأَرْضِ كَيْفَ سُطِحَتْ (٢٠) (الغاشية١٧-٢٠. واتە ( دەی بۆ وردنابنەوە لە حوشتر کە چۆن دروستکراوە؟و لە ئاسمان کە چۆن بەرزکراوەتەوە؟ و لە چیاکان کە چۆن داکوتراون و دامەزرێنراون؟ و لە زەوی کە چۆن ڕاخراوە؟، واتە زۆر بەڕاشکاوی بیری مرۆڤەکان بۆ (تێڕامان) لە جیهانی دەوروبەر ڕادەکێشێت.

گەر لەسەربەنی ئەم ئایەتانەوە بڕوانین، ئەوا بەو ڕاستییە ئاشنا دەبین کە تەواوی ئایەتە پرس ئامێزەکان بۆ شڵەقاندنی بیری مرۆڤەکان و هەڵوێستە پێکردنیان بەرامبەر بەو بابەتانەی کە پرسیارەکان وروژاندونی و تەواویشیان بۆ دواندنی تاک بەتاکی مرۆڤەکانە! واتە ئامرازێکە بۆ وروژاندنی پەیڤینی مرۆڤەکان لەگەڵ خودی خۆیاندا. چونکە لە ئیسلامدا پرۆسەی گۆڕانکاری سەرەتا لە (خود)ەکانەوە دەستپێدەکات: «إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ» الرعد:١١ واتە: (بەڕاستی خودا (بارودۆخی) هیچ گەلێک ناگۆڕێت هەتا ئەوان خۆیان نەگۆڕن).

ئەگەر بەلای (دیکارت)ەوە بنەمای بیری فەلسەفی لەسەر گومانکردن لەحەقیقەتە باوەکان دامەزرابێت (٤)، ئەوا لەقورئاندا گومانکردن بناغەی ئەو ئاستەنگانە هەڵدەتەکێنێت کە دەبنە هۆی پەککستنی عەقڵ! لەگرنگترین ئەو پەکخەرانەش ئەو بەناو حەقیقەتە باوانەیە کە هەر سێ دەسەڵاتی (نەریت) لەلایەن کۆمەڵگاوەو و (ئاین) لەلایەن ڕێبەرانی و (سیاسەت) لەلایەن دەسەڵاتدارانییەوە دەیانەوێت بەهەر شێوازێک بێت، لەبیر و ژیانی مرۆڤەکاندا بیچەسپێنن! واتا قورئان ڕێگە بە مرۆڤی باوەڕدار نادات کە لەبەر بنەرەتی باوباپیران یان ئەوانەی بەناوی ئاینەوە دەدوێن و تەعالیم گەلێکی پێچەوانەی عەقڵ دەردەکەن، یاخود ئەوانەی بەهێز و زەبروزەنگ دەیانەوێت کۆمەڵگە بەپێی ئایدیۆلۆجیا و بەرژەوەندی سیاسی خۆیان ئاڕاستە بکەن، عەقڵیان فەرامۆش و پەراوێز بخەن!

ئەمەش هانی خەڵک دەدات تا بکەوێتە تاوتوێکردنی ئەو حەقیقەتە باوانە و بۆ گەیشتن بەدڵنیایی ڕەخنەیان ئاڕاستە بکات،. کەواتە (گومان) تەنها هەڵوێستێکی بناغەیی گرنگ نییە بۆ بواری زانست و مەعریفە، بەڵکو یەکێکە لەو پێویستییە سەرەکیانەی مرۆڤ سەبارەت بە زانین و دڵنیابوون لە بوونی خۆی بەگەڕی دەخات. وەک ئەوەی لە وتەزا بەناوبانگەکەی (دیکارت)دا هاتووە: (من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم). مەبەستی (دیکارت) لە وتەزای (بیردەکەمەوە) واتە گومان، بەڵام گەر من گومان بکەم لەهەموو ئەوشتانەی لە دەروونمدان و لەو زانیاریانەشی فێری بووم، ئەوا ناتوانم گومان لە خودی خۆم بکەم، ئەو خودەی لە ڕێگایەوە هەڵدەستم بەم پرۆسەی گومانکردنە. لێرەوە دیکارت دەستی بە سەلماندنی حەقیقەتەکانی تری وەک؛ (بوونی ڕۆح و جیهانی دەرەکی و یەزدان) کرد (٥).

لەم سەربەنەوە دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کەوشەی (گومان) لە قورئاندا بە هەردوو بێژەی (الشک)، (الريب) هاتووە، زیاتر لە (١٥) شوێندا وشەی (الشک) هاتووە. کە تەواوی ئەو ئایەتانە باسکردنە لە گومانی مرۆڤەکان بەرانبەر بە ڕاستی و ناڕاستی پەیامە ئاسمانییەکان و گومانکردن لە حەقیقەتی پەیامبەرێتی پەیامبەران و...تاد. واتە خودا خۆی لەسەر زمانی نەتەوە پێشینەکان (گومان) و (هۆکار) و (ئامراز) و (بیانوو) و بابەتی گومانکردنەکانیان دەخاتەڕوو! وەک دەفەرموێت: «قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنْ كُنْتُمْ فِي شَكٍّ مِنْ دِينِي فَلَا أَعْبُدُ الَّذِينَ تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ وَلَكِنْ أَعْبُدُ اللَّهَ الَّذِي يَتَوَفَّاكُمْ وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ» يونس:١٠٤واتە: (بڵێ ئەی خەڵکینە ئەگەر ئێوە لە گوماندان لە (ڕاستی) ئاینەکەم ئەوا من ئەوە ناپەرستم کە ئێوە دەیپەرستن، بێجگە لە خودا بەڵکو ئەو خوایە دەپەرستم کە ئێوە دەمرێنێ و من فەرمانم پێکراوە کە لە بڕواداران

بم). یاخود دەفەرموویت:» قَالُوا يَا صَالِحُ قَدْ كُنْتَ فِينَا مَرْجُوًّا قَبْلَ هَذَا أَتَنْهَانَا أَنْ نَعْبُدَ مَا يَعْبُدُ آبَاؤُنَا وَإِنَّنَا لَفِي شَكٍّ مِمَّا تَدْعُونَا إِلَيْهِ مُرِيبٍ» هود:٦٢ واتە: (وتیان ئەی ساڵح بەڕاستی تۆ لە ناوماندا جێی ئومێد بووی پێش ئەمە ئایا بەرگریمان دەکەیت لە پەرستنی ئەوەی کە باووباپیرانمان پەرستویانە؟ و بەڕاستی ئێمە لە گوماندایین!). هەروەها: «أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَبَأُ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ قَوْمِ نُوحٍ وَعَادٍ وَثَمُودَ وَالَّذِينَ مِنْ بَعْدِهِمْ لَا يَعْلَمُهُمْ إِلَّا اللَّهُ جَاءَتْهُمْ رُسُلُهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ فَرَدُّوا أَيْدِيَهُمْ فِي أَفْوَاهِهِمْ وَقَالُوا إِنَّا كَفَرْنَا بِمَا أُرْسِلْتُمْ بِهِ وَإِنَّا لَفِي شَكٍّ مِمَّا تَدْعُونَنَا إِلَيْهِ مُرِيبٍ» ابراهیم ٩. واتە: (ئایا بۆتان نەهاتووە هەواڵی ئەو گەلانەی کە لە پێش ئێوەدا بوون؟ گەلی نوح و عادو سەموود، هەروەها ئەوانەی کە لەپاش ئەوان بوون و هاتن، بێجگە لە خوا هیچ کەس نایانزانێ، پێغەمبەرەکانیان بۆ هات بە موعجیزەو بەڵگەی ئاشکراوە، ئینجا ئەوان لە ڕق و قینda دەست و پەنجەی خۆیان گەست و، وتیان بەڕاستی ئێمە بێبڕواین بەو (پەیامە)ی کە بە ئێوەدا نێردراوەو، بەڕاستی ئێمە لە گوماندایین، لەوەی ئێوە بانگمان دەکەن بۆ لای و دوودڵین).

یاخود خودا دەفەرموویت: (وَإِنْ كُنْتُمْ فِي رَيْبٍ مِمَّا نَزَّلْنَا عَلَى عَبْدِنَا فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِنْ مِثْلِهِ وَادْعُوا شُهَدَاءَكُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ) البقرە-٢٣. لێرەدا ئاڵنگارییەکی ڕوون بەرانبەر بەو کەسانەی کە گومانیان دەربارەی ڕاستێتی قورئان هەیە، دەکرێت. هاوکات خودا وەک بەدیهێنەرێک زۆر بەڕوونی ئەوەی خستووەتەڕوو کە گومانکردن تایبەتمەندییەکی سروشتی نێو تەواوی مرۆڤەکانەو تەنانەت خودی پەیامبەرانیش لێی بێبەش نین و ئەوەتا بە هەمانشێوە ئەوانیش دەدوێنێت، وەک بە پەیامبەری ئیسلام دەڵێت: (فَإِنْ كُنْتَ فِي شَكٍّ مِمَّا أَنْزَلْنَا إِلَيْكَ فَاسْأَلِ الَّذِينَ يَقْرَءُونَ الْكِتَابَ مِنْ قَبْلِكَ لَقَدْ جَاءَكَ الْحَقُّ مِنْ رَبِّكَ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ الْمُمْتَرِينَ) یونس – ٩٤.

بەمشێوەیە هەرکەسێک قورئان بخوێنێتەوە چەندەها ئایەتی بەرچاو دەکەوێت، کە بانگەشە بۆ پەیڤینی ناوەکی و بیرکردنەوەی خود دەکەن، کە بەسەر تەواوی دیاردە گەردوونی و ژیانیی و مرۆییەکاندا بکرێنەوە، بە ئامانجی گەیشتن بە کۆمەڵە ئەنجامێکی یەکلاکەرەوە.

لێرەدا دەبێت گەر کەسێک گومانی کرد واتای ئەوە نییە کە نکوڵیکارە! چونکە نکوڵیکردن پێویستی بە سەلماندنە وەک چۆن ڕاستیش پێویستی بە بەڵگەهێنانەوە هەیە.

لەکۆتاییدا دەتوانیین بڵێین لە ئیسلامدا (پرس و پەیڤینی خود) بنەڕەتی هزری مرۆڤەکانە و ئەو دەسپێکەیە کە سنوورەکانی دۆگمایی و داخران جێدێڵێت و بەهۆی کردارگەلێکی وەک (سەرسامبوون، گومان، دڵەڕاوکێ) کە لەسەر بنەڕەتی عەقڵ دامەزراوە، (حەقیقەت) و (درۆ) لەیەکدی جیادەکاتەوە و هەڵیان دەژێرێت.

## پەراوێزو سەرچاوەکان:


١. قورئانی پیرۆز.
٢. محمد حسین فچل الله: فی ئافاق الحوار الاسلامی المسیحی، دار الملاک، الگبعە الپانیە، بیروت، ١٩٩٨، ص ٨.
٣. هەمان سەرچاوە، ل ٩.
٤. کارل یاسبرز: مدخل الی الفلسفە، (ترجمە: محمد فتحی الشنیطی)، مکتبە القاهرە الجدیدە، الگبعە الاولی، ١٩٦٧، ص٥٥، مەگاع صەفەدی: ئامانجەکانی فەلسەفە، کتێبی: سەرەتاکانی سۆسیۆلۆژیا، (وەرگێرانی: شوان ئەحمەد)، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، چاپی دووەم، سلێمانی، ل ٢٢١.
٥. مەطاع صەفەدی: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢١.
٦. مەطاع صەفەدی: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢١، ٢٢٢، کارل یاسبرز: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧.

# مێژووی گەشەسەندنی عەقڵی ئیسلامی





**سەرتیپ عزیز فارس**

لەدایک بووی سلێمانی – ١٩٨٣ز. ماستەر لە زانستی فەرموودەناسی. مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی – کۆلێجی زانستە ئیسلامییەکان

مێژووی عەقڵ لە فکری ئیسلامییدا بە چەند قۆناغێکی جیاوازدا تێپەڕیوە کە وەڵامدانەوە بووە بۆ پێویستییەکانی واقع و کارتێکەرەجیاوازەکان، هەندێجار خۆکردبووە و هەندێجاری تر بەرگریکار و هەندێکی تر هێرشکەر بووە، هەربۆیە وشەی فکری ئیسلامی ئەو ناوەیە کە پانتایی ئەم جوڵەیە دەگرێتەوە بەشێوە جیاوازەکانی و پاڵفتەی بوونیانە، د.محمد ئەلبەلهی لە پێناسەی فکری ئیسلامیدا دەڵێت:

فکری ئیسلامی بریتییە لە هەوڵە عەقڵییەکانی زانایانی موسڵمان بۆ ڕاڤەکردنەوەی ئیسلام لە سەرچاوە ڕەسەنەکانییەوە: قورئان و سونەی صەحیح: یان تێگەشتن و هەڵهێنجانی حوکمە دینییەکان لە پەیوەندی مرۆڤ بە دروستکەرەکەیەوە لە پەرستشدا، یان لە پەیوەندی مرۆڤ بە مرۆڤەوە لە معامەلاتدا، یان بۆ دۆزینەوەی چارە بۆ ئەو شتە نوێیانەی دێنەبوون..هتد، یان لە ڕێکخستنی بنەماکانی ئایین و ڕێنماییەکانی لەلایەک لەگەڵ فکرێکی دەرەکی کە هاتۆتە ناو کۆمەڵگەی موسڵمانەوە، یان بە بەرگری کردن لە بیروباوەڕ ئیسلامییەکە یان بە ڕەتدانەوەی بیروباوەڕە دژەکە کە هەوڵی گرتنی جێگەیەکەی داوە لە ژیانی ئیسلامییدا(١).

**پێگەی عەقڵ لە ئیسلامدا:**

دەربارەی عەقڵ مستەفا عەققاد دەڵێت: « لە قورئاندا لە پلەیەکی بەرزدا نەبێ عەقڵ باسناکرێ، لەگەڵ هاندان بۆ کارپێکردن و گەڕانەوە بۆلای، بە شێوەی ڕاگوزەر یان ئاماژە لە سیاقی ئایەتێکدا باس نەکراوە، بەڵکو لە هەموو شوێنەکانەوە بە جەختکردنەوە و پێداگری لەسەری باسدەکرێ..».(٢)

عەقڵ لە ئیسلامدا پێگەیەکی بەهێزی هەیە، ئیسلام کار بۆ کەنارخستن یان دژایەتی عەقڵ لەبەرامبەر شەریعەتدا ناکات، ئەمەش خاڵی بەهێزی ئیسلامە، مستەفا سەبری شێخولئیسلامی دەوڵەتی عوسمانی دەڵێت: « موسڵمان دوو هێزی هەیە، هێزێک لە دینەکەیەوە، هێزێکیش لە عەقڵییەوە»(٣). عەقڵ بنەمای سەرەکییە بۆ زۆرێک لە سەرچاوەکانی شەریعەت، بێ عەقڵ هەرگیز بنەماکانی تێگەشتن لە دین نایەتە بوون، ئیجماع و ئیجتهاد و قیاس...هتد، هەموو بەرهەمی عەقڵن. بنەمای تەکلیف لە ئیسلامدا عەقڵە، کەسێ عاقڵ نەبێ هیچ تەکلیفێکی لەسەر واجب نابێ، بەڵکو لە حاڵەتی داخرانی عەقڵیدا وەک تورەبوونی زۆر یان لەحاڵەتی بیرچوون حوکمە تەکلیفییەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت بۆ کەسەکان، لەو بابەتانەشی کە جێی ئیجتهادن، ئیسلام ڕێیداوە عەقڵی مرۆڤەکان تێیدا بجوڵێن و ئەنجامەکەشی بە ڕێزەوە لێ وەگرتووە، بەوەی ئەگەر پێکای ئەوە دوو پاداشت وەردەگرێ، ئەگەریش نەیپێکا ئەوە نەک تاوانبار نابێ بەڵکو پاداشتێک وەردەگرێ بۆ ئەو هەوڵەی داویەتی. بەڵکو مشتومڕ هەبووە لە نێوان زانایانی کەلامیدا کە ئایا بە باوەڕی کەسێک دەوترێ دروست، ئەگەر تەنها بە چاولێکەری دایک و باوک و ژینگەکەی وەریگرتبێ و خۆی بە قەناعەتی خۆی وەرینەگرتبێ؟! لای هەندێکیان پەسەند نەبووە، ئەگەرچی بۆچوونی ڕاست ئەوەیە پەسەندە، بەڵام بوونی خودی ئەم مشتومڕە دەرخەری پایەی عەقڵە.

بێ لەبەرچاوگرتنی پێگەی عەقڵ هەرگیز ئیجتهاد نەدەچەسپا چونکە کردارێکی عەقڵییە، عەقڵ بنەمای زانستی ئسوڵی فیقهە، بەڵکو قسە لەسەر ئەوەیە ئایا زانستی ئسوڵی فیقه بەشێکە لە فەلسەفەی ئیسلامی یاخود نا؟ بەلای هەندێکەوە بەشێکە لێی.

ئەوەشی عەقڵ وەک باسێکی سەربەخۆ لە

کتێبەکانی ئسوڵدا باس ناکرێ لەبەر کەنارخستنی نییە، بەڵکو توانەوەی عەقڵە لە نێو رۆحی ئەم زانستەدا.

تاش کبری زادە دەربارەی عەقڵ دەڵێن: «رێزی عەقڵ شتێکی بەدیهییە..هەر بەڵگەیەک باسی رێزی زانست بکات بەڵگەشە لەسەر رێزی عەقڵ. چۆن رێزدار نابێت لەکاتێکدا ئەو هۆکاری بەختەوەرییە لە دنیا و دوارۆژدا» (٤).

## قۆناغە جیاوازەکانی فکری ئیسلامی:

### قۆناغی کەنارگیری:

لەم قۆناغەدا بیری ئیسلامیی بە رەسەنی مابۆوە هیچ تێکەڵبوونێکی لەگەڵ بیری دەرەکیدا نەبوو، ئەمەش قۆناغی سەرەتای ئیسلامە کە بە نزیکەی سەدەی یەکەمی کۆچی دەگریتەوە، بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی سنوری دروست بوون و پەرەسەندنی فکر بەشێوەیەکی لەسەرخۆ دەڕوات و ناتوانرێ بە ژمارە و کات سنورەکانی جیابکرێتەوە. لە قۆناغەدا بیرکردنەوەی ئیسلامی لە سنووری ناسینی خودا بەشێوازە سادە و رەسەنە ئیسلامییەکە، هەروەها پەیوەندی بەبەندەکانییەوە و پەیوەندی بەندەکان پێکەوە لەو چوارچێوەی شەرع بۆی دارشتوون (٥). ئەو جیاوازییانەی لەو دەمەدا دروست بوون بە تایبەت لە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەری خواوە (د.خ) (٦) سەرەتای دروست بوونی چەند گروپێک بوو وەک خەواریج و شیعە کە هەوڵێک بوو بۆ تێگەشتن لە هەندێ دەق بەشێوەیەکی جیاوازتر لە تێگەشتنی باو و رەسەنی جیلی پێشووتر، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو جیاوازەکان لە هەوڵی ئەوەدا بوون بە بەڵگەهێنانەوە بە قورئان و سوننە پشتگیری بۆ بۆچوون و راڤە تایبەتەکانیان بهێننەوە.

مێژوونووسان و توێژەرەوان لەسەر ئەوە کۆکن یەکەمین کەس کە نەفی سیفاتی خوایی کرد و لەکاری خست (تعطیل) ی کرد، جەعدی کوڕی درهەم بوو، دەربارەی پاڵنەرشی بۆ ئەم بیروبۆچوونە هەندێک پێیان وایە کۆمەڵگەی ژیانی جەعەد تێکەڵ بووە لەگەڵ جووەکاندا، ئەوانیش تەجسیم و چواندنی خوا بە دروستکراوەکانی تێیاندا زاڵە، ئەمەش وای لە جەعد کردووە پەرچەکرداری هەبێ و نەفی سیفەتی خوایی بکات، تا خوا لەهەرشتێک بەدوور بکات کە چواندنی تێیدابێ بە دروستکراوەکانی، هەروەها زۆری ئیسرائیلیات لەناو فەرموودەکاندا وایلێکردووە پەنا بۆ تەئویلی عەقڵی بەرێ. جەعد لە (٤٦ک) لە دایک بووە خالجی قەسری لە (١٠٥ک) کوشتی، واتە لە نیوەی دووەمی سەدەی کۆچی یەکەم و پێنجساڵی یەکەمی سەدەی دووەم ژیاوە، لە ژێر سایەی دەوڵەتی ئەمەیدا. لە کوفە جەهمی کوڕە سەفوان جەعدی دیووە و بیروبۆچون و مەنهەجەکەی لە تەئویلدا لێوەرگرتووە، جەهم ئەو کەسەیە کە کاریگەری گەورەی هەبوو لە جوڵاندنی بیروبۆچوونە کەلامییەکان لە ناوەندی ئیسلامی ئەوکات و کاریگەری بەسەر چەندین گروپی کەلامییەوە جێهێشتووە، جەهمیش لە کۆتایی سەدەی یەک و چارەکی یەکەمی سەدەی دووی کۆچیدا (٧٨-١٢٨)ک ژیاوە(٧).

ئەم مەنهەجە کە بەهۆی جەعدەوە هاتە ناو جیهان ئیسلامی ئەوکات دەنگدانەوە لە بواری فکرییدا دروستکرد و کردی بە دوو بەشەوە: ئەهلی سوننە لە بەرامبەر دژەفکرییەکانیان، یەکەمین کەسیش کە وشەی ئەهلی سوننەی بەکارهێنا محمدی کوڕی سیرین بووە، لە بەرامبەر ئەهلی بیدعە بەکاریهێناوە، لەوەی پێمانگەشتووە کەسی تر بەردەست نییە پێش ئەو بەکاریهێنابێ، هەر بۆیە دەتوانین کۆتایی نیوەی دووەمی سەدەی یەکەمی کۆچی وەک سەرەتای گۆڕانی فکری لە کۆمەڵگەی ئیسلامی و بەرامبەرگیری لە نێوان ئەهلی تەئویل و زانایانی سوننە دیاری بکەین(٨).

ئەم قۆناغە ئەگەرچی گروپ گەلێکی جیاوازی تیا دەرکەوتبوو لە خەواریجەکانەوە وەک یەکەمین

گرووپی ئیسلامی کەهیچ یەکێ لە مێژوونووسان هۆکاری دروست بوونیان ناداتە پاڵ کارتێکەری دەرەکی بەڵکو دەرئەنجامی خوێندنەوەیەکی جیاواز بوو بۆ دەقەکان دەربارەی حوکم و پێگەی کردار لە باوەڕدا و چارەنوسی ئەنجامدەری تاوانی گەورە، پاش شیعە وەک گروپێکی تر پایەکانی دەچەسپا کە تێڕوانینەکانی دەربارەی ئیمامەت و پێگەی ئالوبەیت تێیدا بنیادنا، کارتێکەرەکانی ئەمانیش هەر خودی بوون.

لەم قۆناغەدا بیری ئیسلامی تێکەڵ بە بیرکردنەوەی ئایدیا جیاوازەکان و ئاینەجیاوازەکان نەببوو کە لەگەڵی دەژیان، مەجلیسی علمیان هاوبەش نەکردبوو، بۆیە سروشتی بیرکردنەوەی ئەو قۆناغە فەلسەفی نەبوو، بەڵکو سادە بوو(٩).

**قۆناغی تێکەڵ بوون:**

پێچەوانەی قۆناغی پێشوو لەم قۆناغەدا بیری ئیسلامی تێکەڵی بیرەبێگانە و هاوردەکراوەکان بوو، لە دانیشتنە زانستییەکاندا گفتوگۆ و مناقشەی ڕاستەوخۆ لە نێوانیان ڕویدا، لە پاشتردا ئەم ڕۆشنگەریی و بیرە بێگانەیە وەرگێڕدرا بۆ زمانی عەرەبی(١٠). لەم قۆناغەدا بەشێکی زۆر لەباسە کەلامییە وردەکان و گروپی نوێ دەرکەوتن.

لە دەرئەنجامی ئەم دوو قۆناغە دوو زانست لەناو کۆمەڵگەی ئیسلامیدا گەلاڵە بوون ئەوانیش زانستی کەلام و فەلسەفە بوو. -کە درێژەی دوو قۆناغی پێشویان تێدا دەدەین- هەمیشە لەباسی ئەم دوو زانستەدا باسی سەرچاوەی ئیلهامی عەقڵی ئیسلامی دەکرێ، ئایا خۆکردە؟ یان بە درێژەپێدەری ئەو دۆزینەوە عەقڵیانەیە کە گەلانی تر هەیان بووە، موسڵمانان تەنها وەریانگێڕاوە و گواستویانەتەوە ناو خۆیان؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستە ئاماژە بەسەرچاوەکانی بیروتێگەشتن لای موسڵمانان بدەین.

سەرچاوەکانی ژیانی عەقڵی لای موسڵمانان و پرسە عەقڵییەکان:

**سەرچاوە ناوخۆییەکان:**

**یەکەم: قورئانی پیرۆز:**

وشەی (عقل) لە قورئانی پیرۆزدا وەک ناو نەهاتووە، بەڵام تێڕامانی عەقڵی و هاندان بۆبەکارهێنانی عەقڵ و بیرکردنەوە مەودایەکی فراوانی تێدا داگیرکردووە. بەواتای بەکارهێنانی عەقڵ بۆ عاقڵ بوون، چونکە عەقڵ ماهیەتێکی سەربەخۆی نییە، بەڵکو بریتییە لە کردارگەلێکی عەقڵی، وشە داتاشراوەکان لە عەقڵ لە (٤٩) جێگەدا بەشێوەی سیغەی فعلی وەک: عقلوە(١ جار)، نعقل (١جار)، یعقلها (١جار)، یعقلون (٢٢جار)، تعقلون (٤جار) هاتووە، ئەگەرچی وشەی عەقڵ لە قورئاندا نەهاتووە، بەڵام هاوواتاکانی هاتووە وەک: (اللب، الحلم، الحجر، النهى، القلب، الفؤاد). ئایەتێکی زۆرمان هەیە کە هەمووی هانی بەکارهێنانی عەقڵ و وردبونەوە و بەراوردکردن و تێڕامان دەدات(١١).

قورئان ئەگەر کتێبێکی فەلسەفی و جەدەلی نییە بەڵام کار لەسەر وەڵامدانەوەی پێویستییە عەقڵییەکانی مرۆڤ و هاندانی جوڵاندنی عەقڵی دەکات، دکتۆر ئەبو وەفا غەنیمی دەڵێت: «قورئان لە پاڵ لەخۆگرتنی بیرەباوەڕی ئیسلامی، بیروباوەڕە پێچەوانەکانیشی لەخۆگرتووە لەگەڵ باسی بەڵگە هەڵوەشێنەرەوەکانیان، ئەمەش یەکێک بوو لە هۆکارە گرنگەکان بۆ جوڵاندنی عەقڵی هەندێ لە موسڵمانان بۆ توێژنەوە لە بیرو باوەڕ و چۆنیەتی پارێزگاری لێکردنی لەبەرامبەر دژەکانی»(١٢).

**دووەم: سوننە:**

سوونەش وەک ڕاڤەکاری قورئان چەندان بابەتی لەخۆگرتووە دەربارەی فەلسەفەی ئیلاهی و ئازادی و جەبر و باسەکانی تر، کە لەنێوان قوتابخانە کەلامییە جیاوازەکاندا بۆتە جێی مشتومڕ.

**سێیەم: سەرچاوە دەرەکییەکان:**

بریتییە لە قۆناغی تێکەڵ بوونی ڕۆشنبیرییە بێگانەکان لەگەڵ فکری ئیسلامی و کاریگەرییان لەسەری، کە بووە هۆی هەڵمەتی زانایانی کەلام بۆ



**مستەفا عەقاد دەڵێت: «لە قورئاندا لە پلەیەکی بەرزدا نەبێ عەقڵ باسناکرێ، لەگەڵ هاندان بۆ کارپێکردن و گەڕانەوە بۆلای، بە شێوەی ڕاگوزەر یان ئاماژە لە سیاقی ئایەتێکدا باس نەکراوە**

بەرگریکردن لە ئیسلام بەپێی بنەما کەلامییەکانیان. ئەو ڕۆشنبیریانەی لە ناوچەکە بەئیسلام گەشت هەمەجۆربوون لە گرنگترینیان: ئایینی یەهودی. ئایینی مەسیحی، ئایینی مانەوی، ئایینی زەردەشتی، ئایینی سابئی. ئایینەکانی هند. هەریەک لەم ئایینانە پرسگەلێکی وروژاند کە قۆناغی کەنارگیریدا باسی فکری ئیسلامی نەبوون، گفتوگۆ و جەدەل لەگەڵ ئەم فکرانە و بەکارهێنانی بەڵگەی عەقڵی لەبەرامبەریان لەبری دەقە ئیسلامییەکان کە ئەوان پێچەوانەی گروپە ئیسلامییەکان هیچ پەیوەستییەکیان نەبوو پێوەی چونکە موسڵمان نەبوون، هۆکارێک بوو بۆ پەرەسەندنی جەدەلی عەقڵی و پێنانی بۆ قۆناغێکی نوێ. لەپاڵ ئەم سەرچاوانەی سەرەوە کرانەوە بەڕووی فەلسەفەی ئیغریقی و وەرگێرانی یەکێکی تر بوولە سەرچاوە و فاکتەرە بەهێزەکانی تێکەڵ بوونی فکری ئیسلامی بە بێگانە و دروست بوونی قۆناغی تێکەڵ بوون(١٣).

**گرنگترین ئەو باسانەی بوونە چاوگی دروست بوونی زانستی کەلام:**

**خەلقی قورئان:**

خودی قورئان بووە بابەتێکی کەلامی کە ئایا مخلوقە یان نا، بابەتێک تا سنووری چەوساندنەوە لەسەردەمی سێ خەلیفەی عەباسی مەئمون و موعتەسەم و واسیق ڕۆشت کە بە سەردەمی محینە بەناوبانگە تێیدا زیندانیکردن و کوشتن و لێدان بەسەر زانایانی سوننەدا هات، تا ناچاریان بکەن بڵێن: قورئان مەخلوقە(١٤). یەکەم کەسیش کەئەم وتەیەی هێنا جەعدی کوڕی درهەم و دواتر جەهمی کوڕە سەفوان و پاشان بشری المريسی بوو، پاشان بووە یەکێ لە وتەکانی موعتەزیلە(١٥)، لەسەردەمی مەئموندا بە ئاشکرا لە مەجلیسی خەلیفەدا قسەی لەسەر دەکرا.

**محکم و متشابە:**

هەروەها چۆنیەتی مامەڵەکردن لە گەڵ پرسی محکم و متشابە کە قورئان ئاماژەی پێداوە و بەشێکە لە ئایەتەکانی وەک دەفەرمێت: ((هو الذي أنزل عليك الكتاب منه آيات محكمات هن أم الكتاب وأخر متشابهات فأما الذين في قلوبهم زيغ فيتبعون ما تشابه منه ابتغاء الفتنة وابتغاء تأويله وما يعلم تأويله إلا الله والراسخون في العلم يقولون آمنا به كل من عند ربنا وما يذكر إلا أولو الألباب)) سورة آل عمران: ٧.

بێگومان لە دەرئەنجامی هەوڵەکان بۆ تێگەشتن لە ئایەتە متشابهەکان لەڕێی گەڕاندنەوەیان بۆ محەکەمەکان، و ئیجتهادی فکری کاریگەری هەبووە لەسەر دروست بوونی زانستی کەلام و گفتوگۆ کەلامیەکان(١٦).

**(ظاهر و باطن) ڕووکەش و ناواخن:**

بیروباوەڕی هەندێ لە گروپە کەلامییەکانی وەک هەندێ لە شیعەکان کە باوەڕیان وابوو شەریعەت دوو ڕووی هەیە، ڕوویەکی ئاشکرا کە ڕوکەشی شەریعەتە و ئەوەیە خەڵک دەیبینێ و ڕوویەکی پەنهانی کە تایبەتە بە ئەهلی تایبەتی خۆی و ئیمامەکان کاریگەری هەبوو لەسەر دروست بوونی جەدەلی کەلامی.



**وشەی (عقل) لە قورئانی پیرۆزدا وەک ناو نەهاتووە، بەڵام تێڕامانی عەقڵی و هاندان بۆبەکارهێنانی عەقڵ و بیرکردنەوە مەودایەکی فراوانی تێدا داگیرکردووە. بەواتای بەکارهێنانی عەقڵ بۆ عاقڵ بوون.**

**بابەتی تەئویل و تەفویز:**

واتە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دەقانەی باسی سیفاتەکانی خوادەکەن(١٧)، بەلای هەندێکەوە لێکچواندی تێدایە بە دروستکراوەکانی و وەرگرتنی وەک ئەوەی کە ماناکەی دەیبەخشێ پێچەوانەیە لە پاک و بەرزڕاگرتنی خوا و ئایەتی ((لیس کمثله شئ)) سورة الشوری: ١١, هەندێکیان ئاراستەی تەئویلکردنی ئەم سیفەتانەیان گرتەبەر تا خۆیان لە لێکچواندن بپارێزن، هەندێکی تریش وەک مجسمە ڕێگەی ڕۆچوونیان لە چەسپاندنی لێکچوندا گرتەبەر، هەندێکی تریش کە بریتی بوو لە سوننە ڕێگای تەفویزیان گرتە بەر واتە چەسپاندنی لەفز و ماناکەی وەک ئەوەی کە لەسیاق و زماندا دەیبەخشێ و چۆنیەتییان گەڕاندەوە بۆ لای خوا، وەک ئەوەی ئیمامی مالیک دەربارەی (استواء) دەیفەرموو: (استواء زانراوە بەڵام چۆنیەتیەکەی نەزانراوە و پرسیارکردن لێی بیدعەیە)، لەم نێوەندا پرسە کەلامییەکان زیاتر پەرەیان سەند. دەربارەی بوونی پرسە کەلامییەکان لە قورئاندا ئیبن عەساکر دەڵێت: «ئەو کەسە چەند سەیرە کە دەڵێت: لە قورئاندا زانستی کەلام نییە، لەکاتێکدا دەبینین ئەو ئایەتانەی باس لە ئەحکامە شەرعییەکان دەکەن سنوردارن، لەکاتێکدا ئەو ئایەتانەی سەر ج بۆ زانستە بنەڕەتییەکان دەجوڵێنن زۆر زیاترن لەوان»(١٨). کاریگەری قورئان لە سەر زانستی کەلام جوڵاندنی تێڕوانینی عەقڵی بوو، لە ڕێگەی دواندنی عەقڵ و خستنە ڕووی بەڵگەکان بۆی تا حوکم دەربارەی ڕاست و دروستیان بدات.

**ئیمامەت و خیلافەت:**

مشتومڕ لەسەر بابەتی سیاسی وەک ئیمامەت و مەرجەعی ئەم پۆستە، یەکێک بوو لەو بابەتانەی کە ڕوبەڕووی کۆمەڵگەی ئیسلامی بوویەوە،کە ئایا پێویستە بە دەقبێت لە مەعسومەوە یان لە بەرژەوەندی گشتییەوە و موسڵمانان خۆیان هەڵیدەبژێرن، مەرجەکانی چین(١٩).

جەدەلی حوکمی ئەنجامدەری تاوانی گەورە:

خەواریجەکان کە لە سوپای خەلیفە عەلی جیاببونەوە و دژی جەنگان، دەمارگیرییان تا سنوری تەکفیرکردنی هەر موسڵمانێ ڕۆشتبوو کە تاوانێکی گەورە بکات، بەمەش هەموو ئەوانەی لەدەرەوەی بازنەی خۆیان بوو تەکفیردەکرد لە خەلیفە عەلی و معاویە و هەموو بەشدارانی جەنگی جەمەل و سەفەین. لەبەرامبەریشدا مورجیئەکان دژیان وەستانەوە کە بەهیچ شێوەیەک نابێ موسڵمان کافربکرێ، ئەگەر کوفری ڕوون و ئاشکراشی لێدەربکەوێ، موعتەزیلەش لە نێوان هەردوو ڕاکەدا بۆچوونی خۆیان گەڵاڵەکرد و وتیان ئەنجامدەری تاوانی گەورە نە موسڵمانە و نەکافر لە نیوان هەردوو پلەکەدا دەمێنێتەوە، ئەگەر بمرێ و تەوبەنەکات ئەوا لەو دنیا بەهەتاهەتایی لە ئاگردا دەمێنێتەوە(٢٠) ، ئەهلی سونەش وتیان ئەنجامدەری تاوانی گەورە موسڵمانە بەڵام فاسقە بەهۆی تاوانەکەی، لە ڕۆژی دوایشدا مەترسی لەسەرە؛ چونکە هەڕەشەی لەسەرە بەڵام لە ویستی خوادایە ئەگەربیەوێ سزای دەدات، ئەگەریش بیەوێ لێیخۆشدەبێت. دروست بوونی

ئەم بۆچونانەش دەرهاویشتەی ئەو فیتنەیەبوو کە لە شەهید کردنی خەلیفە عوسمان رژایە ناو کۆمەڵگەی ئیسلامی و خوێنی موسڵمان لە جەنگی ناوخۆییدا ڕژا، کە ئەمەش شتێک بوو پێشتر ڕوینەدابوو. بەبۆچوونی هەندێ لە توێژەرانیش هەریەک لە ئەمەوی و عەباسییەکان بەمەبەست پشتگیری ئەم بۆچونانەیان دەکرد.

**دروست بوونی زانستی کەلام:**

لەپاش هاتنی قۆناغی تێکەڵ بوون، زانایانی موسڵمان پەرەیان بە زانستێکی ئیسلامی دا ئەویش زانستی کەلامە، زانستی کەلام زانستی لێکۆڵینەوەی باسە عەقیدەییەکانە، پێشی دەوترێ زانسنی بنەماکانی ئایین(٢١). ئەم زانستە بە بەکارهێنانی یاسا و بنەما عەقڵییەکان بۆ بەرگری لە ئایین و بیروباوەڕەکانی دامەزرا ، بەواتە ئەم زانستە لە ئاراستەی ئایینییەوە لەدایک بووە، غەزالی دەربارەی دەڵێت: «مەبەست لێی پاراستنی عەقیدەی ئەهلی سوننە و پارێزگاریلێکردنێتی لە تەشویشی بیدعەچییەکان»(٢٢). ئیبن خەلدونیش لە پێناسەیدا دەڵێت: «زانستێکە پارێزگاریکردن لە بیروباوەڕ بە بەڵگەی عەقڵی لە خۆدەگرێ، لەگەڵ بەرپەرچدانەوەی بیدعەچییە لادەرەکان لە بیروباوەڕی سەلەف و ئەهلی سوننە»(٢٣). فارابیش پێناسەی دەکات بە: « تواناییەکە کە مرۆڤ بە هۆیەوە دەتوانێ ئەو گوتار و کردارە سنوردارانە سەربخات کە خاوەنی ئایین دەریبڕییوە، هەموو پێچەوانەکانیشی بە وتەکان پوچەڵ بکاتەوە «(٢٤). لەم پێناسانانەوە ئەوە دەردەکەوێ کە زانستی کەلام پشت بە بەڵگەهێنانەوەی عەقڵی دەبەستێ، ئامانجەکەشی ڕوونە کە پارێزگاریکردنە لە ئایینی ئیسلام و هەوڵدانێتی بۆ پوچەڵکردنەوەی هەربۆچوون و وتەیەک کە لە بیروباوەڕدا دژ و پێچەوانەی بوەستێتەوە، واتە زانایانی بواری کەلام پێشوەختە باوەڕیان بەئایین و بنەماکان هێناوە و مەبەستیان لە بەکارهێنانی کەلام سەلماندنی ئەو ڕاستییەیە کە بیروباوەڕ ئیسلامییەکان پێچەوانە ناوەستنەوە لەگەڵ عەقڵ و لۆجیکدا، بواری گوتاری ئەوانیش بۆ موسڵمان و ناموسڵمانە، بەتایبەتر کەسی ناموسڵمان کە هیچ پابەندییەکی بە دەقەکانەوە نییە تا بە دەق گفتوگۆ و جەدەلی لەگەڵ بکرێ بۆیە دەبێت بەڕێگەی گوتاری عەقڵی لەگەڵیان بدوێن.

## قۆناغەکانی زانستی کەلام:

زانستی کەلام بە سێ قۆناغی سەرەکیدا تێپەڕبوو:

**قۆناغی یەکەم: سەردەمی ئەمەوییەکان:**

لەم سەردەمەدا سەرەتاکانی زانستی کەلام دەرکەوتن، بابەتی جەبر و اختیار، لە یەکەمینەکانی ئەو باسانە بوون کە لەم سەردەمەدا بوونە جێی مشتومڕ، موسڵمانان بەسەر بیروباوەڕی جەبری (زۆرەملێ) لەلایەن جەبرییەکان و ویستی ئازاد کە قەدەرییەکانی پێشین بوون و بنەمای موعتەزیلەکان بوون و کلابیە کە پێشینەی ئەشعەرییەکان بوون، هەر لەم سەردەمەشدا موجەسیمە و موشەبیهەکان دروست بوون کە لەلایەن هەموو موسڵمانانەوە دژایەتیان کرا(٢٥).

**قۆناغی دووەم: سەردەمی عەباسییەکان: ئەم سەدەیە بۆ سێ قۆناغ دابەشدەبێت:**

یەکەم: لە سەرەتای سەردەمی عەباسییەکان هەتا سەردەمی هارون رەشید:

ئەم قۆناغە دامەزراوەی حوکم و خیلافە لەپاڵ ئەهلی سوننە و حەدیسدا بوون و کەلامییەکانیان دەچەوساندەوە و ڕێگرییان لێدەکردن؛ چونکە پاراستنی بیروباوەڕی ڕاست لە ئەستۆی دامەزراوەکەدابوو وەک ئەوەی لە ئەستۆی زانایانی حەدیسدا بوو، کێشەی ئەم قۆناغە لەوەدا بوو گروپە کەلامییە ناسونییەکان ببوونە مەترسی بەسەر بیروباوەڕی خەڵکەوە، زانایانی حەدیسیش هێشتا بنەمای ڕێگەیەکی جەدەلییان پەرەپێنەدابوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی فکرییان، پشتییان بەشێوازی

تەقلیدی کۆکردنەوەی بەڵگەکان بەسەند و مەتنەوە لە ژێر بابە جیاوازەکان دەبەست تائەوە بسلمێنن بیرەباوەڕی ئەمان پشت بەستە بە دەق و هاوتای بیروباوەڕی سەلەفە(٢٦).

لە کۆتایی ئەم قۆناغەدا و لە نیوەی یەکەمی سەدەی سێیەمی کۆچیدا، زانا موعتەزیلە گەورەکان لە چینی دووەم دەرکەوتن وەک: ئەبو هوزەیلی عەلاف و هیشامی کوڕی حەکەم و نیزام، کە ئەمان بەتایبەت نیزام بابەتەکانی کەلامی تێکەڵ بە فەلسەفە کردبوو پێش ئەوەی جوڵانەوەی فەلسەفی پێبگات(٢٧).

**دووەم: لە سەردەمی مەئمونەوە تا سەردەمی موتەوەکل.**

ئەم قۆناغە قۆناغی هەڵگەڕانەوەی دامەزراوەی حوکم لە زانایانی سوننە و ئەهلی حەدیس و چەوساندنەوەیان بوو، لەگەڵ تەبەنی کردنی هەندێ بیروباوەڕی کەلامی ئیعتزالی لەلایەن دامەزراوەکەوە و هاوکاری هەندێ لە پیاوانی موعتەزیلە لەپاڵ خەلیفەکاندا لە چەوساندنەوەی دژەکانیان و دروستکردنی سەردەمە میحنە.

**سێیەم: سەردەمی دەرکەوتن و گەشەکردنی زانستی کەلامی سوننی ئەشعەری:**

لەم قۆناغەدا سێ بزوتنەوە دروست بوون کە مەبەست لەهەر سێکیان بەرگری کردن لە بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و بەرپەرچدانەوەی زیادە ڕەوییەکانی موعتەزیلە بوو لە بەحاکم کردنی عەقڵ بەسەر شەرعەوە ،. ئەو سێ جوڵانەوەیەش ئەشعەریەت لە عێراق لەسەردەستی ئەبوحەسنی ئەشعری (٣٠٠ ک) ، ماتردییە لە سەردەستی ئەبو مەنسوری ماتریدی (ک٣٣٣) لە هەرێمەکانی ڕۆژهەڵات، و تەحاوییە لەسەر دەستی ئەبوجەعفەری تەحاوی (٣٣١ک) لە میسر(٢٨). ئەم قۆناغە تێیدا بزوتنەوەی ئیعتزال لەبەردەم قوتابخانەی ئەشعەریی و ماتریبەدا تێکشکا و لە مەیدانەکە کشایەوە، لەدوای ئەوەی خۆیان لە کۆنترینی ئەو قوتابخانانەبوون کە بەهێزکەر و پەرەپێدەری زانستی کەلام بوون(٢٩).

سێیەم: قۆناغی بەهێزبوونی کەلامی سوننی بوو لەسەردەستی ئەشعەرییەکان و ماتردییەکان، جیاوازی ئەم دوو قۆتابخانەیە زۆرکەمە کە ڕەنگە هەندێکی پەیوەندی بە کاریگەری وابەستەبوونی ئەشعەرییەکان بە مەزهەبی شافعی و ماتردییەکان بە مەزهەبی حەنفی بێت.

ئەشعەری باوەڕی وابوو ئەو جڵەوبەردانە ڕەهایەی موعتەزیلە بە عەقڵی داوە خزمەت بە باوەڕ و ئایین ناکات بەڵکو دژی دەوستێتەوە، بۆیە هەوڵیدا لەو نێوەندەدا بوەستێ(٣٠).

لەم قۆناغەدا ئەگەرچی ئەشعەرییەکان کەوتنە نێو دوو بەرداشەوە هێرشی دوژمنە کۆنەکەیان موعتەزیلە، هێرشێکی تر لەناو قوتابخانەی سوننەوە لەلایەن حەنبلییەکان بەوپێیەی ئەشعەرییەکان تەبەنی ڕێگای ئەهلی حەدیسیان نەکردبوو لە هەمووشتێکدا، لەهەندێ باسدا نەفی و تەئویلیان کردبووە بنەما. بەڵام لەسەردەمی نیزام مولکی سەلجوقی کە پشتیوانی لێکردن و قوتابخانەی نیزامییەی بۆ تویژینەوە و بڵاوکردنەوەی ئەشعەری لە بەغداد و نیسابور دامەزراند بووە مەزهەبی فەرمی دەوڵەت(٣١) ، پاشان پشتیوانی ئەیوبییەکان لێیان ئەم پێیەکانی ئەم قۆتابخانەی چەسپاند و بڵاوبووەوە. بێگومان ئەم مەزهەبە لەسەردەستی کۆمەڵێ لەخوێندکاران و زانایان وەک باقلانی، جوەینی، ئیبن فۆرەک، ئەبو تەیبی تەبەری، غەزالی، ئیبن تۆمەرت، شەهرستانی.. بەهێزبوو و مایەوە.

قۆناغی سێیەم: سەدەی شەشەمی کۆچی:

لەم قۆناغەدا پاش چەسپانی زانستی کەلام و بڵاوبوونەوەی، زانستی کەلام تێکەڵی مەنتیق و فەلسەفە بوو، لەسەردەستی غەزالی وەک لە «تهافت الفلاسفة» دا وێنەی ئەم تێکەڵ بوونە

دەبینرێ، پاشان ڕازی لەسەر هەمان ڕێگە ڕۆشت و پەرەی پێدا، لەسەردەستی ئەو و گرووپێک بەشێوەیەک تێکەڵکران کە جیاکردنەوەیان لەیەک ئەستەم بوو وەک لە کتێبی «المواقف» ئیجی و لای بەیزاوی لە «الطوالع» دا دەبینرێ(٣٢).

بەم شێوەیە زانستی کەلام وەک زانستێکی ئیسلامی وەڵامدەرەوە بۆ ئاستەنگە فکرییەکان پەرەی سەند و چەسپا، جیاواز لە فەلسەفەی ئیسلامی ئەو کارتێکەرە دەرەکییەکانی لەسەر کەلام هەبوون کاریان لەسەر ڕەسەنایەتی هەڵقوڵانی نەکردبوو. ئەو ئاراستەیەشی کەلامییان ڕەتدەکردەوە کە دواتر لە ئیبن تەیمییە و خوێندکارەکەی ئیبن قەیمی جەوزی لە لوتکەدا خۆدەبینێتەوە، جۆرێکیان لە کەلام ڕەتکردەوە ئەویش کەلامی تێکەڵ بە تەئویل و فەلسەفە و نەفی کردنی مانا ڕوکەشەکانی ئەو ئایەت و فەرموودانەی باسیان لە سیفەتەکانی خوادەکرد و پێچەوانەکردنی دەقەکان، چونکە بەکارهێنانی عەقڵ بوو لە شوێنێک کە مەیدانی ئەو نەبوو، گەرنا هەرگیز مەبەست ڕەتدانەوەی عەقڵ نەبوو(٣٣)، هەر ئیبن تەیمییە خاوەنی کتێبێکی بەناوبانگە بەناوی «درء التعارض بين العقل و النقل» تێییدا پێچەوانە نەبوونی عەقڵ و شەرع سەردەخات. بەمانایەکی تر سنورەکانی توانایی عەقڵ جێی باسوخواست بوو نەک خودی عەقڵ.

زانستی کەلام هاوکاری گەورەی کرد لە دروست بوونی فەلسەفەی ئیسلامیدا لای فەیلەسوفانی موسڵمان، ئەگەرچی خودی زانستی کەلامیش لەپاڵ تەسەوف و زانستی ئسولدا وەک بەشێ لەم فەلسەفەیە دادەنرێت، بەڵام لەکۆتاییدا ڕێگای فەیلەسوف و کەلامی جیاوازە، فەیلەسوف ڕێگە بە عەقڵی دەدات بڕیار بەسەر موقەدیمەکاندا بدات، لەکاتێکدا زانای کەلامی بڕیاری ئەوەیداوە کە عەقڵ سنوردارە و جڵەوی خۆی داوەتەوە دەست شەرع و بەکەلام بەرگری لێدەکات(٣٤).

## سەرچاوە و پێڕستەکان

(١) بڕوانە: العمری، د.محمد نبيل طاهر: النبوة بين المتكلمين و الفلاسفة و الصوفية، دار الفتح، الأردن، ط١، ٢٠١٥، ص ١٣.

(٢) العقاد، مصطفى: فريضة التفكير في الإسلام. نهضة مصر، ط٦، ٢٠٠٧، ص ٣.

(٣) الصبري، مصطفى: موقف العقل و العلم و العالم من رب العالمين و عبادة المرسلين، دار الآفاق العربية،القاهرة، ط١، ٢٠٠٦، ١٥/١.

(٤) زادة، طاش كبرى: مفتاح السعادة. دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٩٨٥، ٢٢/٣.

(٥) بڕوانە: البلهى، د.محمد: الجانب الإلهي من التفكير الإسلامي: بدوم معلومات مكان الطبعة، ط٤، ١٩٦٦، ص ٣٩-٤٨.

(٦) الشهرستاني، محمد بن عبدالكريم: الملل و النحل. تحقيق: أحمد فهمي محمد، دارالكتب العلمية، بيروت، ط٧، ٢٠٠٧، ١/ ١٠-٢٩.

(٧) عزيز، سەرتيپ: التطور الدلالي لمصطلح أهل الحديث. مجلة كلية العلوم الإسلامية، جامعة بغداد،٣٠آزار ٢٠١٩، العدد ٥٧، ص ١٠٦.

(٨) هەمان سەرچاوە.

(٩) بڕوانە: البلهي: الجانب الإلهي من التفكير الإسلامي، ص ٧١.

(١٠) بڕوانە: هەمان سەرچاوە.

(١١) بڕوانە: اسماعيل، فاطمة: القرآن و النظر العقلي. المعهد العالمي للفكر الإسلامي،هيرندن - فيرجينيا، ، ط١، ١٩٩٣، سلسلة الرسائل الجامعية (٧)، ص ٦٣-٧٩. الرفاعي، عبدالجبار: مبادئ الفلسة الإسلامية، دار الهادي، بيروت، ط١، ٢٠٠١، ٧٠/١.

(١٢) التفتازاني، أبوالوفا الغنيمي: علم الكلام و بعض مشكلاته. دار الثقافة لللنشر و التوزيع، القاهرة، بدون معلومات الطبعة، ص ٧.

(١٣) بڕوانه: المشهدانى: المدرسه الكلامية الأشعرية، ص ٣٩-٤٥. النشار، سامى: نشأة الفكر الفلسفى فى الإسلام. دارالسلام، القاهرة، ط١/٢٠٠٨، ٥٩/١.

(١٤) بڕوانه: عزيز: التطور الدلالي لمصطلح أهل الحديث، ص ١٠٩-١١٥.

(١٥) المشهدانى، معالم سالم: المدرسة الكلامية الشعرية . دار الريلحين، بيروت- لبنان، ط١، ٢٠١٧، ص ٢٩.

(١٦) بڕوانه: هەمان سەرچاوە، لا ٣٣.

(١٧) بڕوانه: هەمان سەرچاوە، لا ٣٤.

(١٨) ابن عساكر، علي بن الحسن: تبيين كذب المفتري فيما نسب إلى الإمام أبي الحسن الأشعري. دار الكتاب العربي، بيروت، ط٣، ١٤٠١٤هـ ص ٣٥٩.

(١٩) بڕوانه: أبوزهرة، محمد: تاريخ المذاهب الإسلامية. دارالفكر العربي، القاهرة، بدون معلومات الطبعة، ص ١٣.

(٢٠) بروكلمان، كارل: تاريخ الشعوب الإسلامية. ترجمة: نبيه أمين فارس – منير البعلبكي، دار العلم للملايين، بيروت، ط٥، ١٩٦٨، ص ٢٠٦.

(٢١) بڕوانه: التهانوي، محمد علي: كشاف اصطلاحات العلوم و الفنون. تحقيق:د.علي دحروج، مكتبة لبنان ناشرون، بيروت، ط١، ١٩٩٦، ص ١٢٣١.

(٢٢) الغزالي، محمد بن محمد: المنتقذ من الضلال. المكتبة العصرية، صيدا- بيروت، لا.ط، ٢٠١١، ص ٣٨.

(٢٣) ابن خلدون، عبدالرحمن: مقدمة ابن خلدون. تحقيق: د.حامد احمد الطاهر، دارالفجر للتراث، القاهرة، ط١، ٢٠٠٤، ص ٥٥١.

(٢٤) الفارابى، احصاء العلوم. مركز الأنهاء القومين بيروت، بدون معلومات الطبعة، ص ٤١.

(٢٥) أبوريان، محمد: تاريخ الفكر الفلسفي في الإسلام.دار المعرفة الجامعية، ٢٠٠٠، ص ص ٢٢٨

(٢٦) بڕوانه: هەمان سەرچاوە. عزيز: التطور الدلالي لمصطلح أهل الحديث، ص ١٠٧-١٠٩ . عبدالرزاق: تمهيد لتاريخ الفلسفة الإسلامية ، ص ٤١٩ . ابن خلدون: مقدمة ابن خلدون، ص ٥٥٩.

(٢٧) أبوريان: تاريخ الفكر الفلسفي في الإسلام، ص٢٨٦.

(٢٨) بڕوانه: هەمان سەرچاوە ، لا ٢٨٩.

(٢٩) بڕوانه: كوربان، هنري: تاريخ الفلسة الإسلامية. ترجمة:نصير مروة- حسن قبيسي، عويدات، بيروت، ط٢، ١٩٩٨، ص ١٧٠،١٨٠ . زادة: مفتاح السعادة، ١٣٥/٢، ١٤٨.

(٣٠) كوربان، هنري: تاريخ الفلسة الإسلامية، ص ١٨٠.

(٣١) بڕوانه: هەمان سەرچاوە، لا١٩٠. تاريخ الفكر الفلسفي فى الإسلام، ص٣٠٢. عبدالرزاق: تمهيد لتاريخ الفلسفة الإسلامية، ص ٤١٢.

(٣٢) أبوريان: تاريخ الفكر الفلسفي في الإسلام، ص٣٠٣ . عمارة.محمد: تيارات الفكر الإسلامي. دار الشروق، مصر، ط٢، ١٩٩١، ص ١٧٧٠-١٧٣. عبدالرزاق: تمهيد لتاريخ الفلسفة الإسلامية، ص ٤٢٨. ابن خلدون: مقدمة ابن خلدون، ص ٥٦٠-٥٦١.

(٣٣) بڕوانه: ابن تيمية، أحمد بن عبدالحليم. دارالكتب العليمية، بيروت، ط٢، ٢٠٠٩، ١/ ١١٤-١١٥.

(٣٤) بڕوانه: المشهداني: المدرسة الكلامية الأشعرية، ص ١٠٥. آدامسون، بيتر: «علم الكلام».. الفلسفة على الطريقة الإسلامية. مدونات الجزيرة، ٢٠١٨/١٠/٦، https://www.aljazeera.net/

# میتۆدی عەقڵی قورئان لە گفتوگۆی نەیاراندا



نووسینی: ئەبولحەسەنی ئەشعەری

وەرگێڕانی بەدەستکارییەوە: خالید تۆفیق

قورئان وەک کتێبێکی ئاسمانی زۆرێکی زۆر لە بابەتەکانی پەیوەست بە ژیان و بیرکردنەوەی مرۆڤەکانی لە خۆگرتووە، لەو چوارچێوەیەدا عەقڵی وەک کەرەستەیەکی ڕەسەن ناساندووە. لە پێناو چەسپاندنی بیروباوەڕە ئیسلامییەکاندا قورئان هەوڵدەدات بە بەڵگەی لۆژیکی دوور لە ڕادەستبوون بەرەنگاری نەیارەکانی ببێتەوە، دەبینین قورئان لە چەندین جێگەدا بەکەرەستەی لۆژیکی و بەڵگەو بورهانی و یەقینی بابەتەکانی پەیوەستە بە بیروباوەڕ دەخاتە ڕوو، لە نموونەی بابەتەکانی پەیوەست بەخەلق ویەکتاپەرستی و پێغەمبەرایەتی و زیندووبونەوە، بە شێوەیەکی زانستییانە گەنگەشەی گشت ئەو بۆچوون و ڕێبازانە دەکات کە لەو سەردەمەدا نکۆڵیان لە زیندوو بوونەوە و تەوحید و چەندین بابەتی تر کردووە.

قورئان وەڵامی گشت لایەکیان دەداتەوە، ئەبوحەسەنی ئەشعەری لە پەیامەکەی خۆیدا (رسالة في استحسان الخوض في علم الكلام) تیشک دەخاتە سەر ئەوەی، کە قورئانی پیرۆز زۆرێک لە بابەت و بنەماکانی بیرو باوەڕی بەشێوەیەکی لۆژیکیانە و دوور لە پەنابردن بۆ غەیب و تەسلیمبوون خستووتە ڕوو، لە قورئاندا چیرۆکی گەیشتنی حەزرەتی ئیبراهیم بە یەقین بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە لەم بارەیەوە. وەڵامدانەوە بیربۆچوونەکانی ئەو سەردەمە لەبارەی بەگەورە زانینی خۆر و مانگ و پەرستنی هەندێک بابەتی تری بێ بایەخ وەک قورئان ئاماژەی پێدەکات ((وَكَذَٰلِكَ نُرِي إِبْرَاهِيمَ مَلَكُوتَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَلِيَكُونَ مِنَ الْمُوقِنِينَ)) **الأنعام: ٧٥**قورئان باس لەوە دەکات خودا مەلەکوتی ئاسمانەکان و زەوی نیشانی ئیبراهیم داوە، لە پێناوی چیدا؟ ((وَلِيَكُونَ مِنَ الْمُوقِنِينَ)) بۆئەوەی بگاتە پلەی یەقین .

دیارە وتووێژی ئیبراهیم لەگەڵ نەتەوەکەی بەزاراوەی لۆژیکی نوێ لە ئەوپەڕی لوتکەی بەرزی جەدەلی دابووە، بەوپێیەی جیدالێکی شانۆیی قۆناغ بەندییە ((فَلَمَّا جَنَّ عَلَيْهِ اللَّيْلُ رَأَىٰ كَوْكَبًا قَالَ هَٰذَا رَبِّي فَلَمَّا أَفَلَ قَالَ لَا أُحِبُّ الْآفِلِينَ)) **الأنعام: ٧٦**. ئەمە جوانترین شێوازی گفتوگۆیە لەگەڵ گەلەکەیدا، کە بریتییە لە جێگیرکردن (اثبات) نکۆڵیکردن (نفي) بەوپێیەی ئەوان هەرشتێک گەورە بووایە لە ڕووی قەبارەوە ئەوەیان دەپەرست. دەبینین ئیبراهیم یەکێک لە بەهێزترین کەرەستە عەقڵییەکان بەکار دەهێنێت (الزام الغير بما يعتقده)» بەستنەوەی کەسی بەرامبەر بەو بابەتەی کە بڕوای پێیەتی» لەم نیشاندانەی ئیبراهیمدا بەفۆرمێکی عەقڵی و زانستی سێ قۆناغ بەکارهاتووە (نفي) نکۆڵیکردن (اثبات) جێگیرکردن (الزام الغير بما يعتقده) بەستنەوەی بەرامبەر بەو بابەتەی بڕوای پێیەتی، دواتریش ڕێگەی (افحام) تێک شکاندن، دەگرێتە بەر.

ئیبراهیم لەچوارچێوەی گفتوگۆ عەقڵییەکەیدا ئەوە بۆ گەلەکەی ڕوون دەکاتەوە، نا عەقڵانییە مرۆڤ شتێک بپەرستێت، کە ئاوابوونی بەسەردابێت، گەرچی کاتیش بێت.

ئیبراهیم بەتەنها بەڵگەیەک دەستهەڵناگرێت، بۆ بەهێزکردنی بۆچوونەکەی پشت بە چەندین بەڵگەی تر دەبەستێت، تاوەکو بۆچوونەکەی بەهێز تربکات، وەک قورئان وێنای دەکات ((فَلَمَّا رَأَى الْقَمَرَ بَازِغًا قَالَ هَٰذَا رَبِّي فَلَمَّا أَفَلَ قَالَ لَئِنْ لَمْ يَهْدِنِي رَبِّي لَأَكُونَنَّ مِنَ الْقَوْمِ الضَّالِّينَ)) **الأنعام: ٧٧**دواتر ئیبراهیم باس لە گەورەتر دەکات، تاوەکو دواتر گورزێکی یەکلاکەرەوەی عەقڵی بدات لە بیرو بۆچوونی گەلەکەی ((فَلَمَّا رَأَى الشَّمْسَ بَازِغَةً قَالَ هَٰذَا رَبِّي هَٰذَا أَكْبَرُ فَلَمَّا أَفَلَتْ قَالَ يَا قَوْمِ إِنِّي بَرِيءٌ مِمَّا تُشْرِكُونَ))**الأنعام: ٧٨** دەبینین ئیبراهیم ئەوە بۆگەلەکەی دەخاتە ڕوو، گەر پێوەری پەرستن گەورەیی و قەبارە و زەبەلاحی بێت ئەوا خۆر شایەنی پەرستنە نە شتێکی تر، دیسان ئەوە بە گەلەکەی ڕادەگەیەنێت، بەو پێیەی خۆریش ئاوابوونی بە سەردا دێت ئەوا شایستەی پەرستن نییە، دواى هەموو ئەم گفتوگۆ لۆژیکیانە

وەک دیارە بەرامبەر بەهۆزەکەی وەک پێویست ئامانجی خۆیان نەپێکا ئیبراهیم بە ئاڕاستەیەکی تردا هەنگاو دەنێت.

**یەکەم: خۆبەریکردن لە بیروباوەڕی گەلەکەی بە ((إِنِّي بَرِيءٌ مِمَّا تُشْرِكُونَ))**

دووەم: ئاشکراکردنی تەوحید بە ((إِنِّي وَجَّهْتُ وَجْهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ حَنِيفًا وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ))الأنعام: ٧٩

ئەم بابەتانەی ئیبراهیم لە شێوازەکانی بەڵگەهێناوە و نکۆڵیکردن و چەسپاند و بەستنەوەی کەسی بەرامبەر بەوەی بڕوای پێیەتی، لوت شکاندن و قۆناغبەندی دەربڕین و نمایشتکردن، کەرەستەیەکی عەقڵانیی ڕەسەنی پەیامبەرانە لەهەمبەر خستنەوە ڕووی بیرباوەڕ و بەر پەرچدانەوەی گومانی نەیاران، ئەوەی جێی سەرنجە ئیبراهیم دەیەوێت بە بەڵگەی عەقڵی بگاتە کۆمەڵێک بابەت کە گومانی لێی هەبووە دەبینین پرسیارێکی تایبەتی لە پەروەردگار دەکات سەبارەت بەچۆنیەتی زیندوو بوونەوە، ئەم پرسیارە بۆ زاتێکی وەک ئیبراهیم لە پلەی پەیامبەریدا بەڵگەیە لەسەر گرینگی پرسیار و وتوێژی لۆژیکیانە و گەیشتن بە دڵنیای لە ڕێی بەڵگەو بورهانەوە، دەبینین ئیبراهیم زۆر بەسانایی ئەم پرسیارە لە پەروەردگار دەکات، بگرە لەوەش زیاتر داوای بەڵگەی زیندووی لێدەکات تاوەکو بگاتە پلەی دڵنیایی، ((رَبِّ أَرِنِي كَيْفَ تُحْيِي الْمَوْتَىٰ قَالَ أَوَلَمْ تُؤْمِنْ)) البقرة: ٢٦٠» پەروەردگارا نیشانم بدە چۆن مردووەکان زیندوو دەکەیتەوە « خودا پێی دەفەرمووێت ئیمانت نەهێناوە؟ ((أَوَلَمْ تُؤْمِنْ)) دەبینین عەقڵانیترین گفتوگۆی نێوا خودا و ئیبراهیمە، ئیبراهیم دەیەوێت باوەڕەکەی باوەڕێکی تەقلیدی نەبێت بەڵکو باوەڕێکی عەقڵی ئیستدلالی بێت بگاتە پلەی(اطمئنان- دڵنیای) ((بَلَىٰ وَلَٰكِنْ لِيَطْمَئِنَّ قَلْبِي))البقرة: ٢٦٠ «بەڵێ پەروەردگارا ئیمانم هێناوە، بەڵام دەمەوێت دڵنیابم.»

دیارە ئیبراهیم گومانی هەبووە بەرامبەر بابەتی زیندوو بوونەوە، گەر گومانی نەبوایە ئەوا داوای دڵنیایی نەدەکرد، هەرلەم ڕوانگەیەوە بەشێک لە زانایانی کەلام لەسەرو هەموویانەوە ئەبوحامیدی غەزالی پێیان وایە گومان (شک) پێشەکییە بۆ یەقین (الشک مقدمة للیقین) دەبێت هەموو یەقینێک بە گومان دەست پێبکات، بوونی گومانیش دەرئەنجامی بیرکردنەوەیە، کەواتە بیرکردنەوە پاشان گومان، دواتر یەقین، مرۆڤ هەتا بیرنەکاتەوە گومانی بۆ دروست نابێت، هەتا گومانی بۆدرووست نەبێت بەشوێن دڵنیایی و یەقیندا ناگەڕێت.

قورئان بەتوندی ڕەخنە لەو کەسانە دەگرێت کە بیرناکەنەوە عەقڵیان بەکارناهێنن، بگرە سەر زەنشتیان دەکات و بە خراپترین ئاژەڵ(شر دواب) ناویان دەبات وەک دەفەرمووێت: ((إِنَّ شَرَّ الدَّوَابِّ عِنْدَ اللَّهِ الصُّمُّ الْبُكْمُ الَّذِينَ لَا يَعْقِلُونَ)) الأنفال: ٢٢ قورئان دوای باسکردنی چەندین بابەتی تر لە کۆتاییەکانیاندا (لقوم یتفکرون) (لقوم یعقلون) (لعلکم تعقلون) بەکاردێنێت.

هەر لەم چوارچێوەیەدا دەبینین قورئان بەشێوەیەکی عەقڵانی وەڵامی گومان و ڕەخنەی هاوبەشی پەیداکەران دەداتەوە سەبارەت بەزیندوو بوونەوە کە دەیان گوت ((وَضَرَبَ لَنَا مَثَلًا وَنَسِيَ خَلْقَهُ قَالَ مَنْ يُحْيِي الْعِظَامَ وَهِيَ رَمِيمٌ)) یس: ٧٨ کێ جارێکی ترئەم ئێسقانە پروکاوانە زیندوو دەکاتەوە؟ قورئان ڕاستەوخۆ بە گوتارێکی عەقڵی وەڵامیان دەداتەوە ((قُلْ يُحْيِيهَا الَّذِي أَنْشَأَهَا أَوَّلَ مَرَّةٍ وَهُوَ بِكُلِّ خَلْقٍ عَلِيمٌ)) یس: ٧٩» تۆ بڵێ زیندووی دەکاتەوە ئەوەی یەکەمین جار درووستی کردووە» قورئان بەشێوەیەکی عەقڵانی ئەوە لە هاوبەشیکەران دەگەیەنێت درووستکردنی سەرەتا لە نەبوونە بۆ بوون گرینگترە لەدووبارە درووستکردنەوەی ((كَمَا بَدَأْنَا أَوَّلَ خَلْقٍ نُعِيدُهُ وَعْدًا عَلَيْنَا))الأنبیاء: ١٠٤

لەبابەتی مەحاڵی بوونی چەند خوایەیتدا قورئان بەشێوەیەکی عەقڵەیی تیشک دەخاتە سەر ئەم بابەتە ((لَوْ كَانَ فِيهِمَا آلِهَةٌ إِلَّا اللَّهُ لَفَسَدَتَا))الأنبیاء: ٢٢قورئان لەم

ئایەتەدا دەیەوێت ئەوە نیشانی کۆمەڵگەی هاوبەشی پەیدا کەران بدات کە بوونی زیاتر لە خودایەک لە گەردووندا لە ڕووی عەقڵییەوە مەحاڵە بەو پێیەی گەر دوو خودا پێکەوە بوونیان هەبێت ئەوا بێگومان سیستەمی گەردوون تێکدەچێت، دواتریش زانایانی کەلام لە سەرچاوەکانی خۆیاندا بەچەندین بەڵگە و کەرەستەی عەقڵی جیاواز مەحاڵی ئەم بابەتەیان سەلماندووە .

ئەشعەریی لەچوارچێوەی خستنە ڕووی دیدەکانی لەم بارەیەوە تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە دیدی کەلامییەکان لەبارەی بەڵگە هێنانەوە لەسەر تەوحید بەرگریکردن و هێرش کردنەوە سەرچاوەکەی ئەم ئایەتەیە کە دەفەرموویێت ((مَا اتَّخَذَ اللَّهُ مِنْ وَلَدٍ وَمَا كَانَ مَعَهُ مِنْ إِلَٰهٍ إِذًا لَذَهَبَ كُلُّ إِلَٰهٍ بِمَا خَلَقَ وَلَعَلَا بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ سُبْحَانَ اللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ))المؤمنون: ٩١ یان ((جَعَلُوا لِلَّهِ شُرَكَاءَ خَلَقُوا كَخَلْقِهِ فَتَشَابَهَ الْخَلْقُ عَلَيْهِمْ)) الرعد:١٦ دواتر ئەشعەریی ڕونتر تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە هزر و تیۆریایی کەلامییەکان پەیوەست بە باتەکانی تەوحید و بابەت لاوەکییەکانی تر، سەرچاوەی ڕەسەنی لە قورئاندا هەیە، قورئان لە بەرامبەر ئەوانەی گومرابوون لە کەسایەتی عیسا و بەخودای دەزانن، گفتوگۆی عەقڵیان لەگەڵ دەکات بەوەی ((إِنَّ مَثَلَ عِيسَىٰ عِنْدَ اللَّهِ كَمَثَلِ آدَمَ خَلَقَهُ مِنْ تُرَابٍ ثُمَّ قَالَ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ))آل عمران: ٥٩. قورئان داوادەکات لە پەیامبەر کە بە کەرەستەی لۆژیک و بانگەوازیی درووست و ئامرازی گونجاوەوە بەرەنگاری هاوبەشی پەیداکەران ببێتەوە

قورئان هەر بەمەوە ناوەستێت زیاد لەمە تەواوی گومان و ڕەخنەو دوو دڵییەکانی نەیاران تۆمار دەکات وەک دەستەبەرکردنی فەزایەکی ئازاد بۆ بێباوەڕان لە چوارچێوەی دەقەکانی خۆیدا بیرو بۆچونەکانیان دەخاتە ڕوو، بۆ نموونە لە بابەتی پەیوەست بە پێغەمبەرایەتیدا پێیان سەیرە چۆن دەگونجێت لە ناو مرۆڤدا پەیامبەر هەڵبکەوێت ((أَبَعَثَ اللَّهُ بَشَرًا رَسُولًا)) الإسراء: ٩٤

دیسان قورئانی پیرۆز بە شێوەیەکی عەقڵی بەرپەرچی گومانەکانی هاوەڵپەیداکەران دەبێتەوە لەبارەی مردنەوە کاتێک دەیان گوت ((أَإِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا ذَٰلِكَ رَجْعٌ بَعِيدٌ))ق: ٣ لەوەش زیاتر خودا پەیامبەرەکەی ئاراستەدەکات کە بە شێوەیەکی زانستی و عەقڵانی بەڵگەکانی ڕاستی و دروستی زیندوبونەوە بخاتە ڕو بۆ بێباوەڕان، سەبارەت بە نکۆڵیکردنی ئەوان لە زیندوبونەوە لە هەردوو شێوازی بیرکردنەوەی ئەوان.

**ڕێبازی یەکەم:** بەشێکیان بڕوایان بە درووستکردنی گەردوون هەبوو لە لایەن خوداوە، بەڵام نکۆڵیان لە بابەتەکانی قیامەت و کۆتایهاتنی دونیاو زیندووبوونەوە دەکرد لە بەرامبەردا کۆمەڵێکی تر لە هاوبەش پەیداکەران نکۆڵیان لە دروستکردنی گەردوون لە لایەن خوداوە دەکرد و پێیان وابو جیهان قەدیمە نکۆڵیان لە بوونی خودا دەکرد دەبینین قورئان بۆ بەرەنگار بوونەوەی هەر یەک لەم ڕێبازانە بەڵگە گەلێکی تەواو ڕوون و درووست دەخاتە ڕوو لە بەرامبەر بۆچونە کانیاندا دەبینین لەوەڵامی کۆمەڵی یەکەمدا کە بڕوایان بە دروستکردنی گەردوون و مرۆڤ هەبوو لەلایەن خوداوە بەڵام نکۆڵی لە زیندوبونەوە حیساب دەکەن بەوەی کە پێیان دەفەرموێت ((قُلْ يُحْيِيهَا الَّذِي أَنْشَأَهَا أَوَّلَ مَرَّةٍ وَهُوَ بِكُلِّ خَلْقٍ عَلِيمٌ)) یس: ٧٩. بەو واتایەی ئەو پرسیارە لە بێ بڕواکان دەکات بۆ دەبێت ئێوە بڕواتان بە دروستکردنی یەکەم هەبێت، بەڵام نکۆڵی لە جارێکی تری زیندووبونەوە دەکەن ئەی موحەمەد پێیان بڵێ ئەو خودایەی کە لەسەرەتادا لە نەبوونە ئێوەی هێناوەتە بوون هەر ئەو دەتوانێت جارێکی تر زیندویان بکاتەوەک دەفەرموویێت ((وَهُوَ الَّذِي يَبْدَأُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ وَهُوَ أَهْوَنُ عَلَيْهِ ۚ وَلَهُ الْمَثَلُ الْأَعْلَىٰ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ)) الروم: ٢٧یان دەفەرموویێت ((كَمَا بَدَأَكُمْ تَعُودُونَ)) الأعراف: ٢٩ دیسان پەروەردگار لەم ئایەتە دا دەیەوێت ئەوەیان پێ بڵێت کەسێک لە سەرەتاوە شتێک دروست بکات لە نەبونەوە بیهێنێتە

بون توانادارتر و ئاسان ترێکە بەلایەوە لەوەی جارێکی تر درووستی بکاتەوە دیارە ئەمە شێوازی گوزارشتی قورئانە لەگەڵ بێباوەڕاندا بە پێوەرە مرۆڤایەتییەکان، دەنا لای خوای گەوەر بابەتەکانی قورسی و سوکی هیچ واتایەکی نیە

**ڕێبازی دووەم:** نکۆڵی لە درووستکردنی گەردوون و جارێکی تری زیندووبوونەوەی مرۆڤەکان دەکەن و پێیان وایە جیهان قەدیمە ئەم کۆمەڵە بۆچوونی خۆیان لەوەدە خەنە ڕوو کە دەڵێن (ژیان گەرم و شێدارە مردنیش سارد و وشکە ئەمە لە سرووشتی گڵ خۆیەتی چۆن دەبێت ژیان و گڵ و ئێسقان ئەم دژانە پێکەوە کۆبکرێنەوە ژیانیان لێ پێکبێت بەوپێیەی کە بابەتە دژبە یەکەکان مەحاڵە پێکەوە کۆبنەوە (استحالة اجتماع الضدين) لەم ڕوانگەیەوە ئەوان نکۆڵی لە زیندوبونەوە دەکەن پاشان ئەشعەری باس لەوە دەکات کە هیچ کات دوو دژ پێکەوە کۆنابنەوە، بەڵام درووستە هە ردوو دژەکە پێکەوە لەیەک شوێند(على سبيل المجاورة) کۆببنەوە قورئان بەشێوەیەکی عەقڵانی وەڵامی ئەم گومانەیان دەداتەوە و و هاوشێوەیە ئەم بابەتەیان لەژیانی ڕۆژانە بۆ دەخاتە ڕوو ((الَّذِي جَعَلَ لَكُمْ مِنَ الشَّجَرِ الْأَخْضَرِ نَارًا فَإِذَا أَنْتُمْ مِنْهُ تُوقِدُونَ)) يس: ٨٠دەبين قورئان بە بەڵگەی عەقڵی و بەشێوازێکی تەواو عەقڵانی دەیەوێت ئەوە بۆ بێباوەڕەکان بسەلمێنێت کە کۆبونەوەی دژەکان (اجتماع الضدين) دەکرێت (على سبيل المجاورة) کۆببنەوە کە لەم ئایەتەدا باس لەوە دەکات کە ئاگر لەگەڵ گەرمییەکەی و وشکییەکەی لە دارێکی سەوزی تەڕەوە دێتەدەر، قورئان هەستانەوە و دروستکردنی یەکەمی کردوەتە بەڵگە لەسەر زیندوبونەوەی قیامەت، ئەوە دەسەڵاتی خودایە کە گڵ و ئێسقانی پێکەوە کۆکردوەتەوە و کردونی بە درووستکراوێکی ڕێک وپێک وەک دەفەرموێت((كَمَا بَدَأْنَا أَوَّلَ خَلْقٍ نُعِيدُه وَعْدًا عَلَيْنَا))الأنبياء: ١٠٤

پاشان ئەشعەری ئاماژە دەکات ئەوەی کە زانایانی کەلام باسی لێوە دەکەن لە بارەی بەرپەرچدانەوەی دەهرییەکان سەبارەت بە بۆچوونیان کە دەڵێن هیچ جوڵەیەک نییە مەگەر جوڵەیەکی تر پێش خۆی بووەتە هۆکاری درووستبوونی وەک دەڵێن(لاحركة الا وقبلها حركة) کە بە هۆیەوە دەور و زنجیرەیی دروست دەکەن و درووستبوونی خەلقی یەکەم لە لایەن خوداوە ڕەتدەکەنەوە بەڵگەی تریان لەو بارەیە کە دەڵێن هیچ ڕۆژێک نییە مەگەر ڕۆژێکی پێشتری هەیە و(لايوم الاقبله يوم)یان دەڵێن هیچ گەردیلەیەک نییە مەگەر دەکرێت بە چەند بەشێکی تری گەردیلە و تاوەکو ناکۆتا، ئەشعەری باس لە وە دەکات کە زانایانی کەلام وەڵامی ئەم بۆ چونانەی ئەهلی ئیلحاد و بێباوەڕەکان یان لە فەرموودەی پێغەمبەرەوە وەرگرتوە کە دەفەرمووێت (لاعدوي ولاطيرة) کاتێک پێغەمبەر ئەم فەرمودەیەی فەرموو پیاوێکی ئەعرابی گوتی (الإبل تكون في الصحراء، كأنها الغزلان، فيدخل فيها البعير الأجرب فيجربها) پێغەمبەر ویستی وەڵامێکی کابرای ئەعرابی بداتەوە و هیچ گومان دوو دڵییەکی لا نەمێنێتەوە پێی فەرموو (فمن اعدى الاول) ئەعرابی لەبەرامبەر ئەو گوتەیەی پێغەمبەردا وەڵامی پێنەما، ئەشعەری هەوڵدەدات ئەم گوتەیەی پێغەمبەر بکاتە بەڵگە لە سەرئەوەی کە خودی پێغەمبەر سەرمەشقی سەلمێنەرانی بابەتەکانی بیروباوەڕە لە ڕێی بەڵگەی عەقڵییەوە، لە بابەت بەکارهێنانی عەقڵ و بەڵگەی عەقڵانی لەو پێناو یەکلایکردنەوەی بابەتە جێناکۆکەکان و بێدەنگکردنی نەیاران پاشان ئەشعەری بەشێوەیەکی زانستیانە لە وەڵامی لایەنگرانی ئەو بۆچوونەدا کە دەڵێن (لا حركة الا وقبلها حركة) گەر بابەتەکە بەوشێوازە بێت وەک ئەوەی ئەوان دەڵێن ئەوا هیچ یەکێک لەو جوڵەو حەرەکانە نەدەهاتنە بوون بەوپێیەی کە شتێک کۆتایی نەبێت ئەوا سەرەتایشی نییە، ئەم وەڵامە

و هاوشێوەکانیان لە فەرموودەی پێغەمبەرەوە سەرچاوەی گرتووە.

ئەشعەری دەڵێت: هەر لەم ڕوانگەیەوە وەڵامی ئەوکەسانە دەدینەوە کە دەڵێن خودا جەستەیە و هاوشێوەیە لەگەڵ درووستکراوە کانیدا بەوەی کە دەڵێین گەر خودا لە شتێک لە شتەکان بچێت یان ئەوەتا لە هە موولایەکەوە لێی دەچێت یان ئەوەتا لە چەند ڕوویەکەوە لێی دەچێت گەر لەهەموو لایەکەوە لێی بچێت ئەوە دەبێت ئەوکات دروستکراو (محدث)گەر لە هەندێک لە لایەنەکانیەوە لێی بچێت ئەوا ئەوکات پێویستە کە درووستکراوبێت لەو لایەنەوەی کە لە درووستکراوەکانی دەچێت بەو پێیەی کە هەموو لەیەکچوویەک یەک حوکمیان هەیە و مەحاڵە درووستکراو قەدیم بێت قەدیمیش (محدث) بێت وە ک قورئان ئاماژەی پێدەکات ((لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ))الشورى: ١١ بابەتی ئەوەی کە جیسم و لاشە کۆتاییەکی هەیە و(گەردیلە) دابەش نابێت بۆ گەردیلەی لەخۆی بچوکتر لە قورئانەوە سەرچاوەی گرتووە کە دەفەرموێت ((وَكُلَّ شَيْءٍ أَحْصَيْنَاهُ فِي إِمَامٍ مُّبِينٍ))يس: ١٢ ئەمەبەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ناگونجێت ژماردنی شتێک کە کۆتای نەیەت.

ڕیتمی قورئانی پێغەمبەر ئاراستە دەکات کە وەڵامی ئەو کەسانە بداتەوە کە دەڵێن خودا پەیمانی پێداوین کە ((إِنَّ اللَّهَ عَهِدَ إِلَيْنَا أَلَّا نُؤْمِنَ لِرَسُولٍ حَتَّىٰ يَأْتِيَنَا بِقُرْبَانٍ تَأْكُلُهُ النَّارُ))آل عمران: ١٨٣ قورئان پێغەمبەر ئاراستە دەکات بەوەی کە پێیان بڵێت ((قُلْ قَدْ جَاءَكُمْ رُسُلٌ مِنْ قَبْلِي بِالْبَيِّنَاتِ وَبِالَّذِي قُلْتُمْ فَلِمَ قَتَلْتُمُوهُمْ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ))آل عمران: ١٨٣پاشان ئەشعەری هانا بۆ بەڵگەیەکی تر دەبات تیشک دەخاتەسەر کەرەستەی وەلامدانەوە (مغالطة) بەلاڕێدان بردنی دووژمنان و نەیاران لەم ئایەتەوە سەرچاوە دەگرێت ((إِنَّكُمْ وَمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ حَصَبُ جَهَنَّمَ أَنتُمْ لَهَا وَارِدُونَ (٩٨) لَوْ كَانَ هَؤُلَاءِ آلِهَةً مَّا وَرَدُوهَا وَكُلٌّ فِيهَا خَالِدُونَ(٩٩) لَهُمْ فِيهَا زَفِيرٌ وَهُمْ فِيهَا لَا يَسْمَعُونَ))الأنبياء: ٩٨ - ١٠٠

عەبدوڵڵای کوڕی زنجوری کەسێکی بەتوانا بوو لە جەدەل و شکاندنەوەی نەیارانەکانی، هاتەلای پێغەمبەر و پێی گوت ئەی موحەمەد تۆ واگومان نابەیت کە عیسا و عوزێر و فریشتەکان پەرستراون؟ کەواتە ئەوانیش لە دۆزەخدان! پێغەمبەر بێدەنگبوو نەک لەبەر ئەوەی وەڵامی پێنەبوو بەڵکو سەری سوڕما بوو لە نەزانی ئەو پیاوە بەوەی کە قورئان دەفەرموێت (ماتعبدون) ناڵێت (وكل ماتعبدون) پێی وابوو پێغەمبەر هەڵەی کردووە پاشان پڕبەدەم هاواری دەکرد(خصمت محمدا ورب الكعبة) قورئان پێغەمبەر ئاراستە دەکات بەوەی ((إِنَّ الَّذِينَ سَبَقَتْ لَهُم مِّنَّا الْحُسْنَىٰ أُولَٰئِكَ عَنْهَا مُبْعَدُونَ)) الأنبياء: ١٠١دوای ئەوەی کە پێغەمبەر ئەم ئایەتەی خوێندەوە کردی بە هەڵاو غەڵبەغەڵب .

بەگشتی ئەبو حەسەنی ئەشعەری دەیەوێت ئەو پەیامە بگەیەنێت لەپاڵ ئەوەی قورئان پەیامێکی رۆحی و ئیمانییە بۆ باوەڕدارن هاوکات لە هەناوی خۆیدا دونیایەکی کەرەستەی لۆژیکی و عەقلانی هەڵگرتووە کە دەکرێت موسوڵمانان وەک کەرەستەیەکی گرینگی بەرەنگار بوونەوەی هزریی و عەقائیدی نەیاران کەڵکی لێوەربگرن بەجۆرێک دوورکەوتنەوە لەکەرەستەی عەقڵی و بەڵگە لۆژیکییەکان واتای سڕبوونی چالاکی هزریی و فەلسەفیی و شارستانی موسوڵمانان.

## سەرچاوە:


بروانە رسالة في استحسان الخوض في علم الكلام . تأليف أبي الحسن علي بن اسماعيل الأشعري (٢٦٠-٣٣٤هـ) راجعه وقدم له محمد الولي الأشعري . من منشورات دار المشاريع للطباعة والنشر بيروت الطبعة الأولى ١٩٩٥


کێشەی عەقڵ و نەقڵ
لە نێوان موعتەزیلە و حەنبەلیەکاندا
باش و خراپی ژیریی (الحسن والقبح العقلیان) بە نموونە
عەلی تاهیر لەتیف
لەدایکبووی ١٩٨٨.
ماستەر لە مێژووی شارستانیەتی ئیسلام
مامۆستا لە زانکۆی گەرمیان

## پێشەکی

عەقڵ و ژیریی مرۆڤ لە نێو ژینگەی ئیسلامیدا کەوتۆتە نێو بەرداشی عەقڵگەرایی رووت و نەقڵەوە (دەقی ساف)، بەواتا عەقڵ و نەقڵ دوانەیەک نین بۆ هەڤرکی و دژیەکی؛ هێندەی دوانەیەکی وابەستەو تەواوکەری یەکدین و پێکەوە تۆوی مەعریفەخوازییەکی تەندروست دەچێنن و دەگەنە ئەوپەڕی سنووری ئەو راستییە رێژەییەی کە لەتوانست و سنووری ژیری مرۆڤدا لەهێلانەیان کردووە، چونکە بە راستی عەقڵگەرایی و گەنگەشە عەقڵییەکانی مرۆڤ؛ پرۆسەیەکی زهنی و ئاوەزیی ناوەوەی مرۆڤن و، مرۆڤ تەنها لە پەنجەرەی ژیریی خۆیەوە بۆ دونیای درک پێکراوو دەرئاگا و ئەودیو سروشتی روانیوەو دەڕوانێت، بەبێ گەڕانەوە بۆ وێستگە نەقڵیەکان، ئەو پرۆسە عەقڵگەراییەی مرۆڤ ناگاتە ئاستی کەماڵ و ناتوانێت خودی ژینگە مرۆییەکە تێپەڕێنێت، هەربۆیە لە کایە مەعریفییەکانی ئیسلامدا گرنگییەکی زۆر بە عەقڵگەرایی پشت بەستوو بە دەق بەستراوەو دەبەسترێت، نەک عەقڵی داماڵراوو خاڵی لە دەق، هەربۆیە خودا دوای ناردنی پەیامەکانی لەرێگەی نەقڵەوە؛ پێگەی عەقڵی بۆ تێگەیشتن و پێگەیشتن و هەزمکردنی ئەو دەقانە بەرز نرخاندووەو عەقڵی کردۆتە بنەماو سەنتەری فەهمکردنی نەقڵ، ئەمەش لای هەندێک نرخاندنی عەقڵە نەک بەکەم زانینی، هەرچەندە هەندێک تەیاری فیکریی لە مێژووی ئیسلامیدا دەرکەوتوون و فەزڵی عەقڵیان داوە بەسەر نەقڵدا و، لایان وەهایە عەقڵ پێش هاتنی نەقڵیش بەکاری خۆی هەستاوە کە درککردن و زانینی شتەکان و جیاکردنەوەی باش و خراپیانە، بۆیە ئەم دوو ئاراستە جیاخوازە گەیشتنە ئاستی بەیانکردنی ململانێیەکی نەبڕاوەی نێوان عەقڵ و نەقڵ دەرهەق بە زۆر پرسی هاوشێوەی(خوداناسی، پێغەمبەرناسی، تەفسیر و مەجاز و ...تاد)، کە یەکەمیان کەلامی و فەیلەسوفەکان و دووهەمیشیان ئەهلی سوننە نمایندەییان دەکردن، ئەوەتا (ابن تیمیە)لە پەرتووکی (درء تعارض العقل والنقل)دا لەزاری هەندێک لە فەیلەسوفانی ئیسلامەوە دەڵێت: (ئەگەر بەڵگەیەکی نەقڵی و سەلمێنراوێکی عەقڵی رووبەڕووی یەک بوونەوە، یان کار بەهەردووکیان دەکرێت، کەئەمەش نەگونجاوە، چونکە کۆکردنەوەی دوو شتی دژیەک یان هەردووکیان رەت دەکرێنەوە یانیش بەڵگە عەقڵیەکە پێش دەخرێت ئەمەش دیسان نەگونجاوە، چونکە عەقڵ بنەوای نەقڵە، ئەگەر پێشیشی بخەین، ئەوا لەنرخی عەقڵمان کەم کردۆتەوە، کە بنەماو ئەسڵی نەقڵە، بریندارکردنی بناغەی هەرشتێک بریندارکردنی خۆشیەتی، بۆیە پێشخستنی نەقڵ لێدان و بریندارکردنی عەقڵ و نەقڵیشە، کەواتە پێویستە عەقڵ پێش بخەین و پاشان نەقڵەکە یان(تأویل)بکرێت بەپێی خواستی عەقڵ یان وازی لێ بهێنرێت، بەڵام ئەگەر دژی یەک بوون کۆکردنەوەیان رێ پێ نەدراوە و کارپێ نەکردنیان رێ پێدراوە)؛ ئەمانەشی زۆر پێ باشترە لە جەهمی و جەبری و قەدەری و موعتەزیلە و هاوئاوازەکانیان لە فەیلەسوفان، کە زۆرینەی ئەو دەقانەیان رەت دەکردەوە ژیریی مرۆڤ پەی پێ نەدەبردن.

جیا لەوانەی سەرەوە؛ ئێمە وای دەبینین عەقڵ و نەقڵ دوانەیەکی وابەستەی یەکدین، نەقڵ بەبێ عەقڵ ئامانجی خۆی ناپێکێ، عەقڵیش بەبێ نەقڵ تولەڕێی گەیشتن بە یەقین ون دەکات و توشی هەڵدێر دەبێت، چونکە ئەگەر نەقڵ جەستەیەک بێت، عەقڵ رەوانێتی و پێچەوانەکەشی هەر راستە، ئەوەتا (حیدر اٌمولی) لە (جامع الاسرار) دا دەڵێت: (بە نەقڵ نەبێت؛ عەقڵ رێگای راستی ناپێکێ، بە عەقڵیش نەبێت؛ نەقڵ روون نابێتەوە) و تروسکەکەی دڵان تەی ناکات، بەم پێیەش بێت عەقڵ و نەقڵ هەماهەنگن نەک دژیەک، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە نێو گروپ و رەوتە ئیسلامییەکاندا پەیڤینێکی زۆر دەرهەق بەم بابەتە کراوەو

دەکرێت، هەروەک جەدەل و پەیڤینی نێوان گروپ و ئاینزاکانی کۆمەڵگای ئیسلامی؛ یەکێک بوو لە بابەتە پڕجیاوازییە (فیقە-فیکرییەکان)ی نێوکایەی ڕۆشنبیری کۆمەڵگای ئیسلامیی کە دەرهاویشتە و بەرمەبنای عەقڵکاری و خوێندنەوەو ڕوانینە جیاواز و تایبەتیەکانی کەسایەتی و زانا و گروپ و ئاینزاکانی کۆمەڵگای ئیسلامی بوون، جا جەدەل و گفتوگۆوململانێ زانستی و (فیقە-فیکریەکان)ی نێوان هەردووگروپی حەنبەلی و موعتەزیلەکان ڕەوتی بیرکردنەوەی یەک ڕەهەندی وفۆرمی تێڕوانینی تاکی کۆمەڵگای ئیسلامییان بۆ هەتایە گۆڕی، ئەمەش لەبەر ئەوەی بونیادی ئەوجەدەلە بۆخۆی بونیادێکی تا ئەندازەیەکی زۆر فیکری و فەلسەفی بوو؛ کە وایکرد بە تێپەڕبوونی کات عەقڵی تاکی کۆمەڵگای ئیسلامی چوست و چالاک بکات و بەرچاوڕوونی مەعریفیان لە پرس و پێشهاتە نوێیەکاندا پێ ببەخشێت. بێگومان ئەم هەوڵانەی هەردوو گرووپ تۆوی دووبەرەکییەکی کراوەی لەنێوانیاندا هێنایە کایەوە، کە زۆربواری گرتەوە؛ تیۆلۆجیا و خوداناسیش یەک لە وێستگە جەدەل ئامێز و ئاڵۆزەکانی ئەم بوارە بوو؛ تائێستاشی لەگەڵدا بێت بەردەوامی هەیە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە موعتەزیلەکان پەڕەموچیان لە حیبری عەقڵ دەقڵ دەژەند و مەعریفەیان پێ دەنەخشاند و بەدوای ماناو مەبەستە شاراوەکانی پشتەوەی دەقەکاندا دەگەڕان و تەفسیر و تەئویل و ڕاڤەی خودییان بۆ دەکرد و نەقڵی ناتەبایان لە عەقڵ نەشتەر دەکرد و ڕەچەتەی عەقڵیان بۆ دەکردە هەتوان و چارەسەر بۆی، سروشتی حەنبەلیەکانیش وابوو، بەدوای دەلالەتە شاراوەکانی دەقدا ڕۆنەدەچوون و تەنها بە ڕواڵەتی دەقەکە ئیکتیفایان دەکرد و عەقڵکاریی و تێڕامان و بیرکردنەوەی داماڵراویان لەدەق دەکردە دەرەوەی ئاینزاکەیانەوە، پەیڤینە ژیربێژییەکانیان بە مەعریفەی ناتەندروست هەژماردەکرد ، نەقڵیان دەکردە سەنتەری عەقڵ و مەعریفەخوازی. ئا لێرەوە هەردوو گرووپی (موعتەزیلەکان، حەنبەلییەکان)تووشی دەرگیریەکی توندی فیکری بوونەوە و سەریشی کێشا بۆ ئاستێکی مەترسیدار (خەلقی قورئان و ئەزموونکردنی زانا و دانا و کۆمەڵگەی ئیسلامی بەم پرسە) و هەر ڕەوتەیان خۆی پێ لەسەر ڕێگای ڕاستتربوو، بەحەقیقەتی بەڵگەسازییەکانیان؛ سەرابی خودپەسەندیەکانی یەکدیان بە نەسیمی ماریفەت ڕەدوودەنا.

لەسەر بنەمای ئەم گوتەزایانەمانە دەتوانین بڵێین، خودی مرۆڤ و ژیرییەکەی و ئەوبوونەشی کە تێیدایە؛ سنوردارە، مادامەکێ ژیریی مرۆڤ سنوردارە، کەواتە ناتوانێت بوونە بێ سنوورەکان بناسێت، ئەمەش وادەکات بڵێین مرۆڤ ناتوانێت بە عەقڵی پەتی خودا بناسێت، چونکە خودا بەدەرە لە سنووردارکردن، بەڵکو مرۆڤ پشت بەست بە نەقڵ دەتوانێت لە ڕێگای عەقڵەوە درکی خودا بکات و بیخاتە چوارچێوەی تێڕامان و(التخیل)ەکانیەوە، جا ئەم پەیڤینانەی نێوان عەقڵ و نەقڵ پەلی کێشا بۆ هاتنەکایەوەی چەندین قوتابخانە و گرۆی ژیریی، کە زۆر بابەتیان خستۆتە بەر نەشتەری ململانێ ژیرییەکانیانەوە، لەنێویشیاندا (موعتەزیلە و حەنبەلیەکان)، کە ئێمە لەنێو ململانێ و دەرگیرییە ژیرییەکانیان، تەنها (باش و خراپی یان جوان و ناشیرینی ژیری ـ الحسن والقبح العقلیان)مان بەنموونە وەرگرتووە.

## باش و خراپی(جوانی و ناشیرینی)ژیریی

١. چەمک و زاراوەی باش و خراپی(جوانی و ناشیرینی): باش و خراپی و جوان و ناشیرینی، چەشنی چەمکەکانی دیکە بەدواداچوون بۆلایەنە زمانەوانیەکەی کراوە و لێکدراوەتەوە، شارەزایانی بواری زمانەوانی باش(جوان)ی بەوە لێکدەدەنەوە کە دژی خراپی (ناشیرینی)ە، کە بەرانبەرەکەی لەزمانی عەرەبیدا(حسن ،قبح)ە و کۆیەکەشی (حسانون)ە، ئەگەر بە(هاء)یش بێت، ئەوا کۆیەکەی


دەبێتە (حسان و حسانات)(١)، ئەمەو زماناناسەکان کۆدەنگن لەسەرئەوەی، کە ماددەی باشی(حسن ــ جوان) لەزماندا دژی خراپی(قبح ــ ناشیرین) دانراوە، کەواتە باش و جوان دژی خراپ و ناشیرینە و باشی و جوانی دژی خراپی و ناشیرینییە(٢).

سەربارى ئەوانە شارەزایانی ئەم بوارە لایان وایە باش و خراپ (جوان و ناشیرین) بۆ سێ مانا بەکار دەهێنرێت، یەکەم: وەکو سیفاتێکی کامڵ یان ناکامڵ و کەمی بۆخودی شتەکە بەکاردێت، هەروەکو دەوترێت (زانست باش و جوانە و نادانی خراپ و ناشیرینە). دووەم: گونجاو بێت لەگەڵ مەبەست و ئامانجدا یان دوور بێت لێی، ڕەنگە بە بەرژەوەندی و خراپییش(المصلحة والمفسدة) گوزارشتی لێوەبکرێت، سێیەم: پەیوەست بوونی پیاهەڵدان و زەمکرن هەرلەدونیاداو، پاداشت و سزا لەدوارۆژدا(٣)، بۆیە هەرکردارێکی مرۆڤ باش بێت ئەوا لەدونیادا پیایدا هەڵدەدرێ و لەدوارۆژیشدا پاداشتی خوایی دەستدەکەوێت؛ ئەگەریش خراپ بێت هەرلەدونیادا زەمدەکرێت و لەدوارۆژیشدا سزای ئیلاهی دەچێژێت. کەواتە باشی (جوانی) ئەوە بێت، کە پیاهەڵدان و پاداشتی پێوە پەیوەست بێت لەدونیاودوارۆژدا، خراپی (ناشیرینی) ئەوە بێت کەزەمکردن و سزای پێوە پەیوەست بێت لەدونیاودوارۆژدا، ئەوا ئەوەی کە هیچ یەک لەمانەی پێوە پەیوەست نییە ئەوا لەدەرەوەی جوانی و ناشیرینییە، ئەمەش ئەومانایەیە ڕاجیایی لەسەرە.(٤)

باشی یان جوانی، کەلەزمانی عەرەبیدا بە (حسن) هاتووە، لەڕوی زاراوەوە بەبوونی(سەرە ــ فەتحە) ی ( حاء)ە، کە بەسێ واتادێت یەکەم مەبەست لێی ئەوشتانەیە کەخاوەن شەرع (خودا) مۆڵەتی بەکردنی داوە، یان بەواجبی داناوە و قەدەغەکردنی و وازلێهێنانی سزای لەسەرە، دووەم بەو واتایە دێت کە ئەگەر سزادان لەسەر تەرککردن و وازلێهێنانی نەبوو ئەوە بە سوننەت (مەندوب) هەژمار دەکرێت، سێیەم ڕەوایەتی پێدانی و حەلاڵکردنی واتای سێیەمیانە کەئەویش موباحە (ڕەوایە)، کەواتە باشی و جوانی (واجب و سوننەت و موباح)لەخۆدەگرێت. خراپیش(ناشیرینی) ئەوەیە،کە خاوەن شەرع (خودا) مۆڵەتی پێی نەداوە، جا یان بەنەهی لێکردنی و بەنەهی قەدەغەکردن(حەرام)، یانیش بە مەکروهـ(ناپەسەند)ڕێگەی پێ نەداوە، کەواتە خراپی و ناشیرینی (قەدەغەکراو»حەرام» و مەکروهــ(ناپەسەند) دەگرێتەوە(٥).

هەروەک هەندێکی تر ئاماژە بەوەدەکەن، کە باشی (جوانی) دەستەواژەیەکە بەکاردێت بۆهەموو ئەوشتانەی کە باش و جوانن لەلایەن ژیری و ئارەزوو و ئاوەزو هەستی مرۆڤەوە(٦)، بۆیە فێندەمێنتالیزمەکان بە شێوازێکی ڕەها باش(جوانی)یان لەبەرانبەر خراپ (ناشیرین)داناوە، لەمەشەوە خراپی دژی باشییەو ناشیرینیش دژی جوانییە،خوداش لەدەقی پیرۆزدا دەفەرموێت: (إِنْ أَحْسَنْتُمْ أَحْسَنْتُمْ لِأَنْفُسِكُمْ وَإِنْ أَسَأْتُمْ فَلَهَا)(٧)، هەروەك (وَلَا تَسْتَوِي الْحَسَنَةُ وَلَا السَّيِّئَةُ)(٨)، کە مەبەست لێی حوکمدانی شتە گشتگیرەکانە بەگشتگیرتر و تایبەت بەتایبەتتر، لەمەشدا ناشیرینی تایبەتترە لەخراپی، هەروەک چۆن جوانی تایبەتترە لەباشی و تایبەتترە بەوەی کە پیاهەڵدانی لەگەڵدا بێت(٩).

سەبارەت بەلایەنی زمانەوانی خراپ (قبح)، زماناناسە مسوڵمانەکان کۆدەنگن لەسەرئەوەی کەخراپی (ناشیرینی) لەزمانەوانیدا دژو بەرانبەری باشییە (جوانی)، هەروەک چۆن ناشیرینی دژەکەی جوانییە(١٠)، هەروەها خراپی (القبح) بەبۆری (زەنە ــ زەمە)ی (قاف)ەکەوە دژی باشی (الحسن) ە،بەبۆری(زەنە ــ زەمە)ی (حاء)ەکە و کۆیەکەشی (قباح)ە(١١)، لەدەقی پیرۆزیشدا بەم چەشنە ئاماژەی پێدراوە: (وَأَتْبَعْنَاهُمْ فِي هَذِهِ الدُّنْيَا لَعْنَةً وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ هُمْ مِنَ الْمَقْبُوحِينَ)(١٢). ئەمەسەرەڕای ئەوەی (الازهری) دەڵێت: خراپی (ناشیرینی)بریتییە لەدژی باشی (جوانی)و ئەمەش گشتگیرە لەهەمووشتێکدا، وەک لە



## عەقڵ و نەقڵ دوانەیەك نین بۆ هەڤڕکی و دژیەکی؛ هێندەی دوانەیەکی وابەستەو تەواوکەری یەکدین و پێکەوە تۆوی مەعریفەخوازییەکی تەندروست دەچێنن.

فەرموودەشدا هاتووە (لاتقبحوا الوجه) واتا: (مەڵێن ڕووخسار ناشیرینە)، ئەمەش لەبەرئەوەی،کە خودا بەدیهێناوە و خوداش هەمووشتێکی بەجوانی بەدیهێناوە(١٣)، ئەم گشتگیریە بۆ مەسەلەی کردەی مرۆڤەکانیش هەرڕاستە. هەربۆیە واتای خراپی ئەوکردارەیە کە خودا مۆڵەتی پێ نەداوە، واتا ئەوەی کە خودا نەهی لێکردوە بەنەهی قەدەغەکردن (حەرام)، یان کەراهەت (ناپەسەند)، کەواتە خراپی ناشیرینی (قەدەغەکراوو، مەکروهـ) دەگرێتەوە، بەپێچەوانەشەوە ڕاستە(١٤).

سەربارى ئەوانەی خستمانە ڕوو باش و خراپی (جوانی و ناشیرین) لەڕووی کردارەوە چەندین پێناسەی بۆکراوە، لەوانە:

أ- باش (جوان - الحسن): ئەوکردارەیە کەبکەرەکەی شایستەی زەمکردن نییەونابێت(١٥).

ب- خراپ (ناشیرین - القبح): ئەوکردارەیە، کەبکەرەکەی شایستەی زەمکردنەو دەبێت(١٦).

ئەمەو مانای باش و خراپی (جوانی و ناشیرینی) لای حەنبەلیەکان بەوەهاتووە ئەگەر خاوەن شەرع (خودا) فەرمانی بەشتێک کرد ئەوە بەباش هەژماردەکرێت (چونکە خودا فەرمان بەشتی خراپ ناکات)، ئەگەر نەهیشی لێکرد ئەوا بەخراپ هەژمار دەکرێت، (چونکە خودا نەهی لەشتی باش ناکات)(١٧).

سەربارى ئەوانەی باسمانکرد توێژەرانی ئەم بوارە ئاماژەبەوەدەکەن، کە لەڕاستیدا باش وخراپی (جوانی و ناشیرینی)دەگەڕێتەوە بۆ وەک یەکبوون یان پێچەوانەبوونی مەبەست و ئامانج وئاواتەکان، بەڵام ڕەنگە ببینین کەسێکی ژێر شتێک بەباش بزانێت و هیچ سوودیشی تێدانەبێت و شتێکیش بەخراپ بزانێت و سودیشی تێدابێت(١٨). هەروەها ئەوەشی گونجاوبێت لەگەڵ مەبەستی قسەکەر پێی دەوترێت باش (جوان)و پێچەوانەکەشی پێی دەوترێت خراپ (ناشیرین)، دەکرێت بەوەش گوزارشتی لێوەبکرێت، کەبەرژەوەندی و دژەبەرژەوەندی (المصلحة والمفسدة) تیادا بێت، بۆیە دەگوترێ باش(جوان) ئەوەیە کەبەرژەوەندی تێدابێت و خراپیش ئەوەیە کە خراپەی تێدا بێت، ئەمەش بەم واتایەوە بەخودی (زاتی)دانانرێت، بەڵکو ئەوە زیاتر عەقڵییە(١٩).

٢. دیدی موعتەزیلەکان بۆباش و خراپی: مەسەلەی بەباش زانین و خراپ زانینی عەقڵی یەکێکە لەوسێ بابەتە گرنگانەی،کەلە بنەمای دادگەری (العدل)ی موعتەزیلە جیابووەوە و یەک لەمەسەلە ژێربێژی و جێ بایەخەکانی موعتەزیلەکان بوو. لێرەدا پێویستە ئەوە بخەینەڕووکە موعتەزیلەکان یەکەمین گروپ نەبوون گرنگیان بەم بابەتە دابێت و لێکۆڵینەوەیان لەم تیۆرەیەدا کردبێت، بەڵکو پێش ئەمان هەریەک لە (الثنوية، والتناسخية، والبراهمة) وەکان باسیان لەوەها تیۆرەیەک کردووە کەتیایدا هاتووە: (دەکرێ ژێری مرۆڤ بڕیاری سەربەخۆی هەبێت لەهەمبەر هەندێک کردار لەڕووی خراپی و پێوست بوون و باشیەوە، وەکو باشی(ڕاستگۆیی و باوەڕو سوودەکانی) و (خراپی بێباوەڕی و



## مرۆڤ پشتبەست بە نەقڵ دەتوانێت لە رێگای عەقڵەوە درکی خودا بکات و بیخاتە چوارچێوەی تێرامان و (التخیل)ەکانیەوە.

زیانەکانی)(٢٠).

سەرەتای جیاوازی و ململانێ فیکریەکانیش لەئیسلامدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە هەر گروپێکی وتوێژکاری ئەم بوارە گوتەزاکانی خۆی لەم بارەیەوە خستەڕوو، ئەوەبوو موعتەزیلەکانیش گوتیان باش و خراپی کردار وشتەکان و پاداشت و سزاکانی سەریان لەڕێگەی ژیریەوە درکی پێدەکرێت و دەناسرێت(٢١). بەڵام حەنبەلیەکان لەڕەتی ئەم باوەڕەی موعتەزیلەکاندا دەڵێن لەڕاستیدا باش و خراپی شتەکان پاداشت و سزاکانی سەریان لەڕێی ژیری مرۆڤەوە هەستی پێدەکرێت و دەزانرێت، بەبێ ئەوەی پاداشت و سزاکە لەسەر ئەم زانین و ناسینە بنیات بنرێت(٢٢)، ئەمەش واتا هەرچەندە عەقڵە باش و خراپی شتەکان دەناسێت و جیایان دەکاتەوە، بەڵام ئەوپاداشت و سزایەی کەخودا دایناوە تەنها بۆئەوشتانەیە کەشەرع باش و خراپیانی سەلماندوە.

دیارە موعتەزیلەکان لەپرسە کەلامییەکاندا خاوەن گۆشەنیگای تایبەت بەخۆیان بوون و هەرگیز دەق نەیتوانیوە ملکەچ و کۆتیان بکات، بۆیە تێڕوانینیان بۆ ئەم پرسە جودایە لەتێڕوانینی گروپەکانی دیکەی ئیسلام، چونکە موعتەزیلەکان باشی عەقڵیان بەوە دیاریکرد کە بکەرەکەی شایستەی زەم نەبێت و خراپەی عەقڵیش بەوەی کە بکەرەکەی شیاوی زەمکردن بێت، بەڵام باشی شەرعی ئەوەیە کە بکەرەکەی شیاوی سزادان نییەو خراپەی شەرعیش ئەوەیە کەبکەرەکەی شیاوی سزادان بێت (ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە موعتەزیلەکان لایەنی شەرعی و عەقڵیان لەیەکدی جوداکردۆتەوە)(٢٣)، هەروەها دەڵێن: باشی و خراپی نابێت مەگەرلەسەرشێوەیەکی تایبەت ئەنجام بدرێت و بەهۆیەوە بکەرەکەی شیاوی پیاهەڵدان یان زەمکردن بێت لەدونیاداو، پاداشت و سزابێت لەڕۆژی دواییدا، کەواتە موعتەزیلەکان پیاهەڵدان و پاداشت و زەمکردن و سزایان لەسەر بەباش دانان و بەخراپ دانانی ژیری بنیات ناوە(٢٤). هەرلەم گۆشەنیگایەوە دەڵێن: خراپی کردارو باشیەکەی لەسەر هاتنی فەرمان و نەهی شەرعی بۆڕوونکردنەوەیان نەوەستاوە، چونکە هەردوووکیان ڕوون و ئاشکران و بەعەقڵ درکیان پێدەکرێت(٢٥)، و (النظام)ی موعتەزیلیش هەمان باوەڕی هەیە سەبارەت بە باش وخراپ دانانی عەقڵی لە تەواوی ئەو کردانەی مرۆڤ بە ژیریی دەیانکات و،ئەوەشی هەڵسوکەوتی تێدا دەکات، سەرەڕای ئەمە ئەوەشی زیادکردوە، کەئەم باوەڕە دەبێت دووڕوانگەو بیرکردنەوەی عەقڵی بێت، یەکێکیان عەقڵ فەرمان بەئەنجامدانی بکات، ئەوی دیکەشیان بەوازهێنانی، بەمەش ئازادی ئیرادەو هەڵبژاردنی مرۆڤ ڕاست و دروست دەبێت(٢٦)، ئەگەرنا مرۆڤ ئازاد نییە و بگرە پەیوەست و ملکەچ دەکرێت. ئەمەش وادەکات بگەینە ئەو باوەڕەی کە عەقڵ دەکرێتە پێوەر و سەنتەر بۆباشی و خراپی کردارەکان، بەو واتایەی کەعەقڵ کردەی باش و خراپ واجب دەکات، چونکە

کردارەکان سیفەتگەلێکی دەروونی باش و خراپن و پێویستە مرۆڤەکان بیاننا‌سن، ئەگەر شەرعیش ئەم مەسەلەیە بوروژێنێت ئەوا تەنها هەواڵی لێداوە نەک جێگیری کردبێت(٢٧). لێرەوە لەوە تێدەگەین، کەموعتەزیلەکان ژێری مرۆڤیان کردۆتە سەنگی مەحەک و یەکالاکەرەوەی ئەم پرسە، ئەوەتا (ابوالهذیل) پێیوایە پێویستە لەسەر موکەلەف پێش هاتنی بەڵگەی بیستراو خودا بناسێت بەبەڵگەوە و باشیەکانی باشی و خراپیەکانی خراپیش بزانێت، هەروەک پێویستە لەسەری باشەکان ئەنجام بدات وەکو(ڕاستگۆیی و دادگەری)و دووربکەوێتەوە لەخراپەکان وەکو(درۆکردن و خراپەکاری)(٢٨).

موعتەزیلەکان ئەم بەڵگە عەقڵییە دەکەنە بنەمای تێڕوانینەکانی سەرەوەیان، لایان وایە خودا لەکردارەکانی و فەرمان و نەهیەکانی لەباش زیاتر هیچ شتێکی دیکە ناکات و فەرمان بەشتێک ناکات مەگەرئەوەی باش بێت و هەروەها دورە لەخراپەکاری و نەهیشی لێدەکات، بنەمای ئەمەش ئەوەیە کەشتەکان لای ئەوان باشی خودی و خراپی خودییان هەیە(٢٩)، ئەم بەخودزانینەی باش و خراپ (ابوالهذیل)ی ئاراستە کردوە تابڵێت باش و خراپ دووشتی زاتین و بەعەقڵ درک دەکرێن پێش ئەوەی شەرع باسیان بکان، واتا باش و خراپ پەیوەست نین بەوەی بۆیان درک بکرێت یان دەقێکی شەرعی لەبارەوە هاتبێت، بەڵکو مرۆڤەکان خودی خۆیان درکی پێ دەکەن، چونکە عەقڵ دەتوانێت جیاوازی بکات لەنێوان باش و خراپ و جوان و ناشیرین بەبێ ئەوەی پێویستی بە وەحی و پەیامبەر هەبێت، لەبەرئەوەی شەرع تەنها هەواڵیان لێ دەدات نەک جێگیریان بکات، عەقڵیش درکیان پێ دەکات نەک دروستیان بکات(٣٠). دوای ئەوەی باش و خراپیان بەخودیی زانی موعتەزیلەکان باس لەوەدەکەن کە ئەم سیفاتە خودییانە هەیانە باشەو هەیانە خراپ، جا ڕۆڵی شەرع تەنها کورت دەبێتەوە لەسەر دۆزینەوە و باش و خراپی کردارەکانمان بۆدەدۆزێتەوە و بەیانی دەکات، بەڵام بڕیاردان لەسەرئەوەی،کەباشە یان خراپ دەگەڕێتەوە بۆعەقڵ، ئەمەش بەبنیات نان لەسەر سیفاتی باش و خراپی خودیی لەکردارەکەدا دەبێت،ب ەڵام شەرع تەنها ڕونکەرەوەی ئەوسیفاتانەیە(٣١)، چونکە هەموو خاوەن ژێریەک درک بەباش و خراپی شتەکان دەکات و یەکالا دەبێتەوە بەبێ ئەوەی بڕوانێتە شەرع، جا سوپاس و پیاهەڵدان دەکرێت لەسەرچاکەکەی و زەمی خراپەکاریش لەسەرخراپەکەی(٣٢).

سەربارى ئەمە موعتەزیلەکان پێیانوایە بنەماکانی زانین و سوپاسگوزاری نیعمەت واجبە پێش هاتنی بەڵگەی بیستراوو دەق، هەروەک پێویستە باش و خراپی بەعەقڵ بزانرێت و ئەوەش بزانرێت کە ئەنجامدانی کاری باشە و دوورکەوتنەوە لەخراپە واجبە(٣٣)، بەڵام هاتنی داخوازییەکان (التكاليف) سۆزی خودایە و ناردویەتی بۆ بەندەکانی بەهۆی پەیامبەرانەوە وەکو تاقیکردنەوەیەک(٣٤)، هەروەکو ئەم گوتەیە بە دەقی پیرۆز پشت ئەستورە، خودا دەفەرموێت: (لِيَهْلِكَ مَنْ هَلَكَ عَنْ بَيِّنَةٍ وَيَحْيَى مَنْ حَيَّ عَنْ بَيِّنَةٍ)(٣٥)، هەروەک موعتەزیلەکان بە پشتبەستن بەدەقی(يَأْمُرُهُمْ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنْكَرِ)(٣٦)، دەڵێن: ئەوچاکەیەی خودا فەرمانی پێ دەکات ئەوەیە کە عەقڵەکان بەباشی دەزانن و ئەو خراپەیەش کە نەهی لێکردوە ئەوەیە دڵەکان بەخراپی دەزانن و نکوڵی لێدەکەن، جا ئەگەر کرداری چاکەوخراپە نەزانراو بوایە تەنها بەهۆی شەرع و سروشەوە بزانرایە، ئەوکات واتای ئایەتەکە دەبووە (فەرمانیان پێ دەکات بەوەی فەرمانی پێکردون و نەهیان لێدەکات بەوەی نەهی لێکردون، ئەمەش دورە لەڕاستیەوە)(٣٧).

بۆیە بەکۆدەنگییەوە دەڵێن هەموو دین بەتەواوی لەسەرەتاوە بەیەکتاپەرستی و کرداری باش دەستی پێکردوە و دەشکرێت هەموو قەدەغەوحەرام کراوە خراپەکان باشی و خراپییەکەیان بەعەقڵ درکی پێبکرێت پێش ناردنی پەیامبەران، پاشان مرۆڤەکانیش پاداشت و سزادەدرێن لەسەر کارە

باش و خراپەکانیان بەبێ ناردنی پەیامبەر و دابەزاندنی کتێب و مەوعیزە(٣٨).

سەرباری ئەوەش موعتەزیلەکان لەوبڕوایەدان شەرع یان دەقی ساف تەنها گوزارشت لەوشتانە دەکات و باش و خراپیان دەستنیشان دەکات کە پێشتر ژیری مرۆڤ درکی بەباش و خراپیان کردووە و زانیویەتی و ناسیویەتی، بۆیە (القاضي عبدالجبار) دەڵێت: بزانە ئەو نەهیەی کە لەلایەن خوداوە هاتووە خراپی خراپەکە دەردەخات نەک خراپیەکەی واجب بکات، هەروەک باشی کردەکە دەدۆزێتەوە پیشانی دەدات نەک ئەوەی کە واجبی بکات(٣٩)، (بەم پێیەش بێت ناردنی پەیام و پەیامبەر لەلایەن خوداوە بۆڕێنمونی، هیچ ئەرزش و بەهایەکی نامێنیت، چونکە موعتەزیلەکان و لەنێویشیاندا (القاضي عبدالجبار) دیسانەوە ئاماژەبەوەدەکەن: خودا زانایە بەخراپی خراپەکان و بێ پێویستە لێیان و زاناشە بەبێ پێویستبوونی لێی، هەرکەسیش ئەمەی بۆڕوون ببێتەوە هیچ کات و بەهیچ تەرزێک خراپەکاری هەڵنابژێرێت و ئەنجامی نادات(٤٠).

لەم گۆشەنیگاوەیە کەسایەتیەکی موعتەزیلی وەکو (هشام الفوطي) دەڵێت: ئەگەرخودا هەر لە سەرەتاوە زانایە بەبێباوەڕبوونی بێباوەڕان، کەوایە چی مانایەک بۆناردنی پەیامبەر ماوەتەوە بۆیان و مانای بەڵگە ڕاستکردنەوە لە سەریان چییە؟ هەروەها مانای توشهێنان و گیرۆدەکردنیان چییە بەوەی کەزانراوو نەگۆڕە؟ ئایا کەسێک بەدانا دادەنرێت کە بانگەشەی کەسێک بکات و بشزانێت وەڵامی ناداتەوە و نایەت بەدەم بانگەشەکەیەوە و چاوەڕێی وەڵامدانەوەی لێناکرێ(٤١)، (هشام الفوطي)لەم پرسیارانەدا مەبەستی خودایەو لەوەی کە هەرلەئەزەلەوە دەزانێت مرۆڤەکان چ کردەوەیەک ئەنجامدەدەن و کافردەبن یان ئیماندار، جادەیەوێ بەوەی خودا زانایە بەکوفری کافران و بانگەشەشیان دەکات بۆباوەڕ؛ دانایی لەخودا دابماڵێت، هەروەک مەبەستێتی ئەوە بخاتەڕوو مرۆڤەکان خۆیان کردەکانی خۆیان دەخوڵقێنن و خوداش زانستی بەکردەکانی مرۆڤ نییە، ئەوەتا ئاماژە بەوەدەکەن و دەڵێن مرۆڤ ئەگەر بەدیهێنەری کردەکانی خۆی نەبێت بەشێوازێکی سەربەخۆ، ئەوا لەڕووی عەقڵییەوە دروست و ڕاست نییە پێی بگوترێ ئەوەبکە و ئەوەمەکە، ئەو ئەدەبدانە پوچ دەبێتەوە کەشەرع باسی دەکات، چونکە مانای ئەدەبدان نامێنێتەوە بۆکەسێک کە سەربەخۆ نەبێت لەبەدیهێنانی کردەوەکانی خۆیدا، بەمەش پیاهەڵدان و زەمکردن هەڵدەگیرێت(٤٢).

سەرباری هەموویەوانە موعتەزیلەکان جگە (العباد)، کۆدەنگن لەسەرئەوەی کەخودا باوەڕی بەباش و بێباوەڕیی بەخراپ هەژمارکردوە، هەروەها خودا بێباوەڕی بەبێباوەڕ و باوەڕداریشی بەباوەڕدار خەلق نەکردوە (چونکە ئەمە پێچەوانەی فیترەتی مرۆڤەو ناکرێت مرۆڤ کە لەدایک دەبێت باوەڕدار یان بێباوەڕبێت)(٤٣)، بەڵکو ئەوەخودی مرۆڤەکانن لە ژێر سایەی توانستیاندا کردەوەکانیان بەدی دەهێنن و بەئازادی هەڵبژارنەکەشیان چ کردەو ڕێگایەکیان بوێت هەڵی دەبژێرن. هەروەها نکۆڵیشیان لەوە دەکرد کە خودا ویستی شەڕوخراپەکاری هەبێت بۆ بەندەکانی، تاگەشتنە ئەوباوەڕەی وتیان خودا لەکافرو خراپەکارانیشدا ویستی ئیمان و گوێڕایەڵی هەبووە، نەک کوفروبێ باوەڕی و خراپەکاری، بەڵام مرۆڤەکان بۆخۆیان کوفریان دەوێت و هەڵیدەبژێرن، بەبۆچوونی ئەوان ویستی خراپەکاری بەدیهێنانی خراپەکاریە، بەڵام ئێمە ئەمە بەقەدەغەکراوو نارەوا دەزانین، بەڵکو خراپەکاری بەدەستهێنان و(کەسب)و ئەنجامدانی کردەوەی خراپەیە، لای ئەوان زۆرێک لەکرداری مرۆڤەکان بەپێچەوانەی ویستی خوداوە ڕوودەدات،ئەمەش باوەڕێکی خراپ و پوچە(٤٤).

موعتەزیلەکان هەر بەو بەڵگە عەقڵیانە ئیکتیفایان نەکردوە، بەڵکو بۆ بە هێزترکردنی

دیدو بیروبۆچوونەکانیان ئەم ئایەتە دەکەنە بەڵگە بۆنەفی کردنی ویست و ئیرادەی ئیلاهی بۆخراپەو کوفروبێباوەڕی: (وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ)(٤٥)، (الزمخشری المعتزلی)لە ڕاڤەیدا دەڵێت: خودا ئەوەی لێ ویستوون کەبەهەڵبژاردن و ئیختیاری ئازادی خۆیان بۆپەرستش بیپەرستن، نەک ئەوەی کەناچاریان بکات بۆی، لەبەرئەوەی خودا مرۆڤی بەتواناداری دروستکردوە، جا هەندێکیان دەستبەرداربوونیان لەخوداپەرستی هەڵبژارد هەرچەندە داوای ئەوەی لێکراوە کەبەندایەتی و پەرستش بۆخودا بکات، (ئەمەش مانای تەواوی ئەوئازادییە کەمرۆڤ هەیەتی لەهەڵبژاردنی کردارەکانیدا)، ئەگەر خودا بەخورتی و ملکەچی ئەوەی لێ بویستنایە، ئەوا لەهەموویاندا ئەوە دەردەکەوت کەخودا دەیەوێت(٤٦). بەڵام لەبەرئەوەی خودا ئەوەی خستۆتە ئیختیاری مرۆڤەکان، بۆیە موعتەزیلەکان ڕاڤەی خودی بۆ هەمان دەق دەکەن و لایان وایە،ئەمە بەڵگەیە لەسەرئەوەی کەخودا تەنها عیبادەت و گوێڕایەڵی لە مرۆڤەکان ویستووە، لەبەرئەوەی ئەو(لام)ە لامی مەبەستدارییە، ئەوەی کەئەهلی زمانەوانی پێی دەڵێن لامی (کی)(٤٧). لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە موعتەزیلەکان ڕۆڵی شەرع و عەقڵی مرۆڤیان لەهەمبەر کردەوەی باش و خراپ جیاکردۆتەوە و شەرعیان کورت کردۆتەوە بۆ هەواڵدان لە کردەی باش و خراپ و ڕۆڵی سەرەکی جیاکردنەوەی کردەوەکانیشیان بە عەقڵ سپاردوە و عەقڵ سەنتەرییان لە مرۆڤدا پێش شەرع باوەڕیی خستووە.

٣. حەنبەلیەکان و باش و خراپی (الحسن والقبح) و جەدەلیان لەگەڵ موعتەزیلەکاندا: وەک ڕوونە جەدەلە فیکریەکانی نێوان موعتەزیلەو حەنبەلیەکان زۆربواری گرتۆتەوە، یەکێکی دیکە لەوپرسانەی کەجەدەلی بەدوای خۆیدا هێنا پرسی باش و خراپی ژیری (الحسن والقبح العقلیان)بوو لەنێوان هەردوو گروپی ناوبراودا.

لەم بارەیەوە حەنبەلیەکان وەڵامی زۆرێک لەوبیروباوەڕو تێڕوانینانەی موعتەزیلەکانیان داوەتەوە، کە لەدیدی ئەمانەوە لادان و نادانییە. ئەوەتا لەڕەتی ئەو گوتەیەی موعتەزیلەکاندا، کەلایان وایە (عەقڵ پێوەرە بۆ باش و خراپی کردەوە و ناسین و جیاکردنەوەیان)(٤٨)، ئەمان پێیانوایە عەقڵ بەڵگەوپێوەرنییە لەسەرباشی و خراپی شتەکە لەحوکمی تەکلیف لەخوداوەو لەڕووی شەرعەوە، بەومانایەی کەکردەی مرۆڤەکان لەسیفاتە نەفسیەکاندا باش و خراپ نین، بەجۆرێک ئەگەرکەسێک ئەنجامی بدات یان دوور بگرێ لێیان ،ئەوا پاداشت و سزا بەم کردارەیان لەسەر خودا واجب بێت(٤٩)، بەواتایەکی تر ناکرێت بڵێین مرۆڤەکان بۆخۆیان باش و خراپ دەناسن و جودای دەکەنەوەو ئەنجامی دەدەن یان دووری لێدەگرن، بەو ئەنجامدان و دوورگرتنە خوداپاداشت وسزا لەسەرکردەوەکانیان دابنێت، بەڵکوئەوەی لەڕووی شەرعەوە فەرمان و نەهی لێ کراوە، هەرلەسەرئەمانەش پاداشت و سزای ئیلاهی دادەنرێت. هەروەک حەنبەلیەکان دەڵێن ڕەنگە شتێک بەپێی شەرع باش بێت، بەڵام هاوشێوەکەی لەهەموو سیفاتە نەفسی و خودیەکاندا خراپ بێت، بۆیە باشی ئەوەیە کەشەرع پیاهەڵدانی بکەرەکەی بکات و خراپیش ئەوەیە کەشەرع زەمی بکەرەکەی بکات(٥٠)، ئەم تێڕوانینەش تەواو پێچەوانەی تێڕوانینی موعتەزیلەکانە،کە پێیانوایە باش و خراپی عەقڵی مرۆڤ یەکالای دەکاتەوە و دەیناسێت،بەڵام حەنبەلیەکان دەڵێن ئەم پرسە تەنها شەرع یەکالای دەکاتەوە، هەروەک (الشهرستانی) لەخستنە ڕوی بیروباوەڕی ئەهلی سوننەو حەنبەلیەکاندا دەڵێت: ئەرکەکان هەموویان بەبەڵگەی بیستراو(دەقی بنەڕەتی)واجب دەبن و زانینیشیان بەعەقڵە، جا عەقڵ هیچ شتێک بەباش و خراپ دانانێت و واجبی ناکات، بەڵگەی بیستراویش هیچ زانینێک بۆمرۆڤ ناهێنێتە بوون بەڵکوتەنها شتەکان واجب دەکات(٥١). بۆ پشت ئەستوورکردنی گوتەزاو

تێڕوانینەکانیان حەنبەلیەکان دەڵێن: ئەگەرعەقڵ بڕیاری باش و خراپی لەسەرشتێک بدات، بەڵام پێچەوانەی کردارەکانی خودا بوو، ئەوا ئەوشتە خراپ بووە لەلایەنی خوداوە بۆیە فەرمانی پێ نەکردوە و بەمرۆڤی ڕانەگەیاندوە، کە ئەگەر فلان کردار بکەیت یان واز لەفلان کرداربێنیت سزات دەدەم، بەکۆدەنگیش ئەمە خراپ ناکرێت و خراپ نابێت، بەم پێیەش بێت پێویستە عەقڵ بخرێتە دەرەوەی بازنەی بڕیاردانی باش و خراپییەوە(٥٢).

هەروەها موعتەزیلەکان باش و خراپی عەقڵی و واجب بوونی پاداشت و سزا لەسەریان پێویست دەکەن، هەرچەندە دەق و شەرعیش لەم بارەوە نەهاتبێت(٥٣)، بەڵام حەنبەلیەکان ڕەتی ئەم گوتەزایەشیان دەدەنەوە بەوەی کرداری مرۆڤەکان بۆخۆی باش و خراپە، هەروەک هەندێکیان سودبەخش و هەندێکی تریان زیان بەخشە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پاداشت و سزایان لەسەر پێویست نابێت مەگەر بەفەرمان و نەهی ئیلاهی نەبێت، پێش هاتنی فەرمان و نەهی ئیلاهیش سزا لەسەر خراپە واجب نابێت؛ هەرچەندە خودی کردەکە خراپیش بێت، چونکە ئەوە لە تێڕوانینی ئێمەوە خراپە، بەڵام خودا سزای بۆدانەناوە تەنها لەدوای هاتنی پەیامبەرنەبێت، بۆ وێنە زوڵم وستەم و خراپەکاری ناشیرینن، بەڵام سزا واجب دەبێت لەسەریان ئەمەش بەمەرجی هاتنی شەرع لە بارەیانەوە(٥٤).

وێڕای ئەوانە موعتەزیلەکان پێیانوایە ڕاستکردنەوەی بەڵگە لەسەر مرۆڤەکان بەبێ ناردنی پەیامبەریش دەبێت، بەڵام حەنبەلیەکان لەم جەدەلەیاندا لەگەڵ موعتەزیلەکاندا دەڵێن حیکمەت و دانایی خودا وای خواستووە، کەپێغەمبەران ڕەوانەبکات و بیانوو بۆخەلق و بەدیهێنراوەکانی بهێنێتەوە و هیچ کەس سزا نەدات، مەگەر لەبەر سەرپێچی کردنی پەیامبەران نەبێت، هەروەک خودا لەمبارەیەوە دەفەرموێت: (وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّي نَبْعَثَ رَسُولًا) (٥٥)، دەڵێن ئەمەش لەفەزڵ و بەخشندەیی خوداوەیە بەسەرمرۆڤەکانەوە و بەسۆزە بۆیان، بەوەی کەهیچ کەس سزانەدات مەگەر پاش ناردنی پەیامبەران نەبێت، هەوەک لە دەقێکی دیکەدا خودا دەفەرموێت: (رُسُلًا مُبَشِّرِينَ ومُنْذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَي اللَّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ) (٥٦)، ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە، کەخودا بەناردنی پەیامبەران بەڵگەی لەسەر مرۆڤەکان ڕاست کردۆتەوە، بەهاتنی پەیامبەرانیش خەڵکی حوجەیان لەسەرخودا نامێنێت لەو پاداشت و سزایەی کەبۆی ئامادەکردون، نەک ئەوەی کە واجبی کردبێت لەسەریان و ناچاریان بکات بۆی هەروەکو موعتەزیلەکان دەڵێن، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەسزا جێگیر نابێت تەنها بەشەرع نەبێت(٥٧)، لەئایەتەکەشدا ئەوە دەخوێنرێتەوە،کە ڕاست و دروست نییە سزا بەسەرهیچ مرۆڤێکدا بدرێت تەنها بەبنیاتنان لەسەر ناردنی پەیامبەران نەبێت بۆخەڵکی، جا خودا بیانوی بۆخەڵکەکەی هێناوەتەوە و پەیامی خۆی پێ ڕاگەیاندون و بەڵگەی تەواوی لەسەر ڕاست کردونەتەوە بەناردنی پەیامبەران(٥٨)، لەگەڵ ئەوەشدا دەقی: (تَكَادُ تَمَيَّزُ مِنَ الْغَيْظِ كُلَّمَا أُلْقِيَ فِيهَا فَوْجٌ سَأَلَهُمْ خَزَنَتُهَا أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَذِيرٌ قَالُوا بَلَي قَدْ جَاوَنَا نَذِيرٌ فَكَذَّبْنَا وَقُلْنَا مَا نَزَّلَ اللَّهُ مِنْ شَيْوٍ إِنْ أَنْتُمْ إِلَّا فِي ضَلَالٍ كَبِيرٍ)(٥٩)، جائایەتەکە بەڵگەیە لەسەرئەوەی سزا جێگیر نابێت مەگەر بەشەرع نەبێت، چونکە خەزنەداری دۆزەخ پرسیاری سەبارەت بە سەرپێچی کردنی عەقڵ لێنەکردن، بەڵکو سەبارەت بەسەرپێچی کردنی پەیامبەرانیان پرسیاریان لێدەکات(٦٠).

هەرسەبارەت بەم پرسە حەنبەلیەکان لەڕەتی موعتەزیلەکاندا دەڵێن: خودا لە دەقی پیرۆزدا هەواڵی داوە خاوەن ژیریەکان پێش ناردنی پەیامبەران بۆیان پارێزراون لەسزا، کەواتە زانرا کە خودا هیچ شتێکی واجب نەکردوە لەسەریان لەلایەن عەقڵەوە، بەڵکو ئەوەی واجبی کردوە لەسەریان ئەوەیە،کە دوای هاتنی پەیامبەران بەپەیام بۆیانی ناردوە(٦١)، سەرباری ئەوانەش پەیامبەری ئیسلام(درودی خوای لەسەر بێت) ئاماژە بەوەدەکات هیچ کەس

بەئەندازەی خودا عوزری پێ خۆش نییە، هەر لەبەرئەمەیە پێغەمبەرانی بەترسێنەر و مژدەدەر ناردوە بۆئەوەی بیانکاتە حوجە بەسەر مرۆڤەکانەوە و ئەودەقانەشی کەبەڵگەن لەسەرئەوەی خودا سزای کەس نادات، مەگەر دوای ناردنی پەیامبەران نەبێت زۆرن و ڕەدی ئەوانەی کەبڕوایان بەباش و خراپی عەقڵی هەیە دەداتەوە، کە پێیانوایە خەڵکی لەسەر کردەباش و خراپەکانیان سزادەدرێن بەبێ ناردنی پەیامبەران بۆیان(٦٢)، هەروەها (ابن تیمیە)ش دەڵێت: ئەگەر باش و خراپی بەعەقڵ دەزانرێت، ئەی چۆن خودا پەیامبەرانی بۆهەمان بابەت ناردوە؟ دەکرێ بۆئەمە بگوترێت لەبەرئەوەی پەیامبەران نموونەی عەقڵی بۆخەڵکی دەهێننەوە کەبەهۆیەوە هاوشێوە و پێچەوانەکانیان دەزانن. چونکە پەیامبەران ڕێنیشاندەری خەڵک و ڕێنمونیکارن بۆئەوەی کەبەهۆیەوە دادگەری دەزانن و دەناسن، هەروەک بەهۆیەوە پێوەرە عەقڵییە ڕاستەکان بەهەماهەنگی لەگەڵ شەرعدا دەزانن، کە دەکرێتە بەڵگە لەسەرداواکاریەکانی دین، جا زانستی پەیامبەران کورت هەڵنەهاتوە تەنها لەسەرهەواڵدان هەروەکو موعتەزیلەکان لایان وایە ئەوەی کەبەعەقڵ دەزانرێت دەکرێتە هاوبەشی زانستی پەیامبەران(٦٣).

لەگەڵ ئەوەی حەنبەلیەکان حوکمی عەقڵ لەپرسی باش و خراپیدا ڕەتدەکەنەوە و چەسپاندن و جێگیرکردنی پاداشت و سزا بۆ ئەنجامدەرانی کردەوە باش و خراپەکان دەخەنەڕوو پێشیانوایە خودا لەگەڵ دروستکردنی ویست و ئیرادەو توانا بۆمرۆڤەکان لەسەرکردار، پەیامبەرانیشی بۆ ڕەوانەکردوون بەموژدەدەرو ترسێنەر، پاشان بانگی مرۆڤەکان دەکەن بۆلای خودا و ڕێگەی سەرفرازی و سەرکەوتنیان بۆڕوون دەکەنەوە(٦٤)،

هەروەک پێشتر باسمانکرد موعتەزیلەکان لەوبڕوایەدان (خودا ئیمان و باوەڕو گوێڕایەڵی لەکافروخراپەکاران ویستووە و دەوێت، نەک کوفرو بێباوەڕی ولادان، بەڵام ئەوە خودی بێباوەڕانن بێباوەڕیان دەوێت و هەڵیدەبژێرن)(٦٥)، جا حەنبەلیەکان بەوە ڕەتیان دەدەنەوە، کە خودا ویستی (بێباوەڕی)لەبێباوەڕو خراپەکار و، (باوەڕی) لەباوەڕداردا هەبووە، ئەمەش بەهەڵبژاردنی خودی مرۆڤەکان و بەبێ سەپاندن، هەروەکو خودا زانیویەتی لەهەردووکیاندا بڕوادار و بێباوەڕ باوەڕ و بێباوەڕی و فوسق و خراپەکاری هەڵدەبژێرن و شتێکی ئەستەمیشی داوا نەکردوە لەمرۆڤەکان(٦٦)، هەرلەم بارەیەوە (الاشعری)هەرچەندە(حەنبەلیش نییە)دەڵێت: ئێمە بینیمان کوفر خراپەیە و ناشیرین و پوچە و هەڵوەشێنەرەوەی کردەوەیە، بەپێچەوانەی ئەوکەسەی هاوڕا نییە لەمەدا، هەروەها بینیمان باوەڕ باش و جوان و ماندوکەرو بەئازارە، هەروەک بینیمان بێباوەڕ بەمەبەست و خۆگێلکردنێکی خودیی کوفر و بێباوەڕی بەباش دەزانێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە پێچەوانەی مەبەستەکەیەتی، هەروەک بینیمان باوەڕدار ئەگەرباوەڕی بوێت بەبێ ماندوبوون و ئازارچەشتن پێی ناگات، ئەمەش بەپێی ویست و ئیرادەی خۆی نابێت، بەڵکو تەواوی ئەمانە دەق گرتووی ویست و ئیرادەی ئیلاهین(٦٧). بەم پێیەش بێت ویستی ئیلاهی بۆتاوان و بێباوەڕی بەواتای ئەوە دێت کەخودا بەپێی ویستی مرۆڤەکان ڕوداوەکان و کردەی مرۆڤەکان دەخوڵقێنێت، نەک ئەوەی کە بەویستی خۆی مرۆڤەکان ناچار بەبێ باوەڕی بکات و ئیرادەی مرۆڤ بەلاوە بنێت، ئەمەش بەرمەبنای زانستە ئەزەلیەکەی خودایە پێش بەدیهێنان، بەوەی مرۆڤەکان کام بژاردە هەڵدەبژێرن، ڕێی ڕاست و باوەڕو کاری چاکە یان کاری چەوت و خراپەکاری و بێباوەڕی،جاخودا بەپێی بژاردەو ویستی مرۆڤەکان کردەکان دەخوڵقێنێت،دیارەئەمەش لەبەرئەوەیە کەهیچ شتێکی ئەم گەردوونە بەرینە لەزانستی ئەزەلی و ویستی ئیلاهی بەدەرنەبووە و نییەو نابێت.

وێڕای ئەوانەی سەرەوە حەنبەلیەکان و ئەهلی سوننە لەجەدەلی ئەوگوتەزایەی موعتەزیلەکاندا،

کەپێیانوایە خودا هەرگیز نەک هەرکاری خراپ و ناشیرین ناکات، بەڵکو هەموو کردەکانی خودا باش و جوانن، ئەمان دەڵێن: (وَمَنْ يَعْمَلْ مِنَ الصَّالِحَاتِ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَا يَخَافُ ظُلْمًا وَلَا هَضْمًا)(٦٨)، زوڵم و ستەم لێرەدا ئەوەیە لەخراپەکاری کەسی تر بخرێتەسەری و کەمکردنەوەش ئەوەیە لەچاکەکانی کەم بکرێتەوە، هەروەک خودا دەفەرموێت: (مَا يُبَدَّلُ الْقَوْلُ لَدَيَّ وَمَا أَنَا بِظَلَّامٍ لِلْعَبِيدِ)(٦٩)، لەم ئایەتەدا نەفی ستەم لەزاتی خۆی مانیفێست دەکات، ئەمەش بەڵگەیە لەسەرئەوەی کەخودا راپە ناکات، بەڵکو تەواوی کردارەکانی باش(٧٠) و هێندە جوانە کە هیچی لێ ناشیرین ناکرێت هەروەکو لەدەقی پیرۆزدا هاتووە: (الَّذِي أَحْسَنَ كُلَّ شَيْءٍ خَلَقَهُ)(٧١)، پەیامبەریش(د.خ) دەفەرموێت: خودا جوانە و جوانیشی خۆشدەوێت، کەواتە کردارەکانی خودا بەتەواوی جودایە لەکرداری دروستکراوانی و دوورە لەخراپەو ناشیرینی، بەڵکو هەمووی باش و جوانە(٧٢).

هەروەها حەنبەلیەکان لەڕەدی ئەوگوتەیەی موعتەزیلەکاندا، کە لایان وایە (بنەماکانی زانین و سوپاسگوزاری سەبارەت بە باش و خراپی کردەی مرۆڤەکان واجبە پێش هاتنی بەڵگەی بیستراو «دەق»)(٧٣)، دەڵێن بزانن کەوا هیچ حاکمێک نییە لەگەردووندا جگە لە خودا و هیچ بڕیارێک نییەو نابێت تەنها لەخوداوەنەبێت، واتە مرۆڤ لەدەرەوەی بڕیارەکانی دونیادایە و تەواوی بڕیارەکان لای خودایە، لەمەشدا ئەوە دەردەکەوێت کە عەقڵ باش و خراپی شتەکان نازانێت وتوانای ئەوەشی نیە، هەروەک ئەوکردەوانەی شایستەی سوپاسن(سوپاسگوزاری بەخش) واجب ناکات، چونکە هیچ بڕیارو حوکمێک لەگۆڕێدا نییە پێش هاتنی شەرع یان بەڵگەی دەقی بنەڕەتی(٧٤)، هەروەک کردەوە سوپاس بەخشەکان کەعەقڵ بڕیاری لێدەدات، لەسەر مرۆڤەکان واجب نییەونابێت، چونکە پاداشت و سزادانی لەسەر نییە پێش هاتنی شەرع(٧٥).

هەروەها موعتەزیلەکان لەگوتەزایەکی دیکەیاندا دەڵێن: ئەگەر کرداری چاکەوخراپە نەزانراو بوایە تەنها بەهۆی شەرع و سروشەوە بزانرایە، ئەوکات واتای ئایەتەکە دەبووە (فەرمانیان پێ دەکات بەوەی فەرمانی پێ کردون ونەهیان لێ دەکات بەوەی نەهی لێ کردون، ئەمەش دورە لەڕاستیەوە)(٧٦)، بەڵام(ابن القیم) لەمبارەوە باوەڕێک دەخاتە ڕوو، کەپێچەوانەی باوەڕەکانی موعتەزیلەکانە و دەڵێت: خودا لەدەقی پیرۆزدا دەفەرموێت: (يَأْمُرُهُمْ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنْكَرِ)(٧٧)، ئەم ئایەتە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەم دینەی لەڕێگەیەوە فەرمان ونەهی هاتووە، ئاماژە بەوە دەکات کە عەقڵە سەلیمەکان شایەتی و دان بەکردەوە باشەکاندا دەنێن و نەهی لەکردەوە خراپەکان دەکەن و لێی دوور دەکەونەوە، چونکە ئەگەر بەم تەرزە نەبوایە و خودی چاکەوخراپە لەڕێی سروشەوە بوایە ئەوکات فەرمان و نەهی پەیوەست دەبوو پێوەی و لەبری ئەوە دەگوترا (یأمرهم بما یأمرهم به وینهاهم عما ینهاهم عنه) بەواتا: (فەرمانیان پێ دەکات بەوەی فەرمانی پێکردون و نەهیان لێدەکات بەوەی نەهی لێکردون) ئەمەش دوورە لەڕاستیەوە وهیچ سوودێک لەمەدا نییە. بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە باش و خراپی کردەکان عەقڵ خۆرسکانە درکی پێدەکات و جودای دەکاتەوە،وەلێ شەرع پاداشت و سزاکەی دیاری دەکات(٧٨). بۆیە جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کە جەدەلی نێوان موعتەزیلەو حەنبەلیەکان لەم بارەیەوە ڕەگ و ڕیشەیەکی عەقڵانی هەیە و موعتەزیلەکان بە هێنانەوەی بەڵگەی عەقڵی و نەقڵی ویستوویانە ڕۆڵی شەرع لە بە باش و خراپ دانانی کردەوەدا وەدەرنێن و عەقڵ بکەنە سەنتەری جیاکردنەوەی ئەو دوو وێستگەیە، لەبەرامبەریشدا حەنبەلیەکان بە دەقی ڕەسەن ڕووبەڕووی عەقڵکاریەکانی موعتەزیلەکان وەستانەوە و تەواوی کردەوەیان بە باش و خراپەوە وابەستەی دەق کردو عەقڵیان بێ ڕۆڵ کردوو لەکاریان خست.

## پەراوێزەکان:

١- ابن سيدة: المخصص، كتاب الغرائز،٢٣٣/١.

٢- الفراهيدى: العين،٣ /٣٥؛ الازهري: تهذيب اللغة،٣١٤/٤؛عايض الشهرانى: التحسين والتقبيح العقليان،١٦٧/١.

٣- ابوالبقاء الكفومى: كتاب الكليات، فصل الحاء،٦٣١/١؛البيضاوى: طوالع الانوار، ص٢٠٢؛ ابن تيمية: مجموع الفتاوى،٨/ ٢٥٨_٢٥٩، ٣١٠؛جارالنبى: الحسن والقبح،ص٧_٨.

٤- الشهرستانى: نهاية الاقدام، ص٣٦٢_٣٦٣؛ ابن تيمية: منهاج السنة،١/ ٤٤٩؛ مجموع الرسائل،١٢١/٥؛الرازى:الاربعين فى اصول الدين،٣٤٦/١؛ بڕوانە:(الايجى: المواقف،١٧٢/٨، ٢٠٣؛التفتازانى:شرح المقاصد،٢٨٢/٤).

٥- البيضاوى: طوالع الانوار،ص١٩٧_١٩٨؛ الابهاج، ٦٣/١؛ جارالنبى: الحسن والقبح، ص٤؛ بڕوانە: (ابن الزركشى:ا لبحرالمحيط،١٣٤/١).

٦- الزبيدى: تاج العروس،١٧٥/٧، ١٤٠/١٨؛بۆزانيارى زياتر بڕوانە:(عايض الشهرانى:التحسين والتقبيح العقليان،١٧٠/١).

٧- الاسراء/٧. واتاکەی «ئەگەر ئێوە چاکەبکەن بۆختان دەیکەن، ئەگەرخراپەش بکەن هەربۆخۆتان دەیکەن».

٨- فصلت/٣٤. مانای ئایەتەکە»هەرگیز چاکەوخراپە وەکو یەک نین،خودا یەکەمیانی خۆشدەوێت و ڕقی لە دووەمیانە».

٩- ابن الزركشى: البحرالمحيط،١٣٤/١.

١٠- الازهرى: تهذيب اللغة،٥٧/٤؛ابن فارس: معجم مقايس اللغة، باب قبح،٤٧/٥؛فيروزابادى: القاموس المحيط، فصل القاف،ص٣٠٠.

١١- ابن منظور:لسان العرب، فصل قبح،٥٥٢/٢؛إبراهيم مصطفى واخرون: المعجم الوسيط،٧١٠/٢.

١٢- القصص/٤٢. مانای ئایەتەکە بەم شێوەیە»هەر لەم دونیایەدا نەفرینمان خستە شوێنیان و لەڕۆژی دواییشدا ئەوانەزۆر بێزراوو ناشیرینن».

١٣- الفراهيدى: العين،باب (كشح)، ١٧٦/١؛ الازهرى: تهذيب اللغة،٤٦٤/١.

١٤- الجرجانى: شرح المواقف،٢٠١/٨_٢٠٢؛ التفتازانى: شرح المقاصد،٢٨٢/٤_٢٨٣؛ بڕوانە: (احمدامين:ضحى الاسلام،٤٩/٣).

١٥- بڕوانە: (السيدالمرتضي: الذريعة الي اصول الشريعة، باب الكلام في الافعال،٥٦٣/٢؛ البيضاوي: الابهاج،٦٣/١)؛ قاضي ابي يعلي: العدة،١٦٨/١.

١٦- الايجى: شرح المواقف،٨ /٢٠٥؛ بڕوانە: (الامدى: الاحكام،١١٢/١)؛ السيد المرتضى: الذريعة الى اصول الشريعة، باب الكلام فى الافعال،٥٦٣/٢؛ محمد جوادمغنيه :معالم الفلسفة الاسلامية،ص١٢٦.

١٧- ابن تيميه: مجموع الفتاوى،٢٥٩/٨؛ بڕوانە: (الايجى: شرح المواقف، ٢٠١/٨_٢٠٢)؛ البيضاوى: الابهاج،٦٢/١.

١٨- الغزالى: الاقتصاد، ص١٢٢ .

١٩- الغزالى: المستصفى،١٨٠/١؛ الامدى: الاحكام، ١١٢/١، ١٢٠.

٢٠- بڕوانە: (البغدادى: اصول الدين، ص٤٣)؛ الشهرستانى: نهاية الاقدام، ص٣٦٢؛ الامدى: الاحكام،١١٣/١؛ عبدالستارالراوى: ثورة العقل،٤٠_٤١.

٢١- بڕوانە: (الغزالى: المستصفى،١٧٨/١؛ القاضى عبدالجبار: المغنى،١٤ /٧؛ شرح الاصول الخمسة، ص٥٦٥_٥٦٦).

٢٢- ابن تيمية: مجموع الفتاوى،٣١٠/٨؛ الرد على المنطقيين، ص٤٦٤_٤٦٥؛ بڕوانە: (ابن القيم: مفتاح دارالسعادة،٨٧٧/٢_٨٧٨).

٢٣- بڕوانە: (القاضى عبدالجبار :المنية والامل، ص١٤٨)؛ محمد جواد مغنيه: معالم الفلسفة الاسلامية، ص١٢٦؛ بڕوانە: (جولد تسهير: مذاهب التفسير، ص١٧٢).

٢٤- بڕوانە: (البغدادى: اصول الدين، ص٤٣،٤٤؛ الرازى: اربعين فى اصول الدين،٣٤٦/١؛ مطالب العالية،٣ /٢٨٩؛ ابن القيم: مدارج السالكين،٢٥٤/١؛ مفتاح دارالسعادة،٩٢٦/٢).

٢٥- الجوينى: الارشاد، ص٢٥٨، ٢٥٩؛ بڕوانە: (القاضى عبدالجبار: شرح الاصول الخمسة، ص٣١١_٣١٢)؛ احمد محمد بنانى: تنزيه الله تعالى، ص٨٩.

٢٦- الشهرستانى: الملل،٧٢/١؛ التفتازانى:علم الكلام، ص١٥٥ .

٢٧- الشهرستانى: نهاية الاقدام، ص٣٦٢_٣٦٣؛ قاضى عبدالجبار: المختصر فى اصول الدين، ص٢٢٢؛ احمدامين: ضحى الاسلام،٤٨/٣؛ صبرى عثمان: الميتافيزيقيا، ص٤٨؛

عبداللطيف الحفظى: تاثيرالمعتزلة، ص٦٩؛ حمەكريم هەورامى: زانستى كەلام،٤٨٠/١.

٢٨- الشهرستانى: الملل،٦٦/١؛ عواد المعتق: المعتزلة واصولهم الخمسة، ص١٦٤؛ مصطفى بن محمد: اصول والتاريخ الفرق،٣٤٩/١.

٢٩- بڕوانە: (القاضى عبدالجبار: المنيه والامل، ص١١٥، ١١٧)؛ محمد ابوزهرة: تاريخ المذاهب الاسلامية، ص١٩١.

٣٠- الغزالى: المستصفى،١٨٢/١؛ الشهرستانى: نهاية الاقدام، ص٣٦٣؛ ابن تيمية: مجموع الفتاوى،٨ /٢٥٦؛ ابوريان :تاريخ الفكر الفلسقى، ص٢٨١_٢٨٨؛ محمد عبده واخر: المعتزلة بين القديم والحديث، ص٧١.

٣١- بڕوانە: (الايجى: شرح المواقف،٢٠٢/٨)؛ قدرية عبدالحميد: موقف ابن تيمية، ص٤٠٤؛ عمر سليمان الاشقر: القضاء والقدر فى ضوء الكتاب والسنة، ص٢٥٥.

٣٢- القاضى عبدالجبار: شرح الاصول الخمسة، ص٣٣٢؛ العلامة الحلى: كشف المراد، ص٢٨١؛ احمد على زهرة: الكلام والفلسفة، ص٩٨٠؛ ابراهيم تركى: السببية عند القاضى عبدالجبار،ص٥٧ .

٣٣- الشهرستانى: الملل،٥٦/١، ٥٨؛ البيضاوى: الابهاج، ١٣٨/١؛ ابوحامد مقدسى: رسالة فى الرد على الرافضة، ص١٦٧؛ نصر حامد ابوزيد: الاتجاه العقلى، ص٩٥؛ هانم ابراهيم يوسف: اصل العدل، ص٩٠؛ مهند الجبالى: اثر الاعتزال، ص٧٢.

٣٤- التفتازانى: علم الكلام، ص١٥٤؛ ابوريان: تاريخ الفكر الفلسفى، ص٢٨١؛ بڕوانە: (صبرى عثمان: الميتافيزيقا، ص٥٠، ٥٢).

٣٥- الانفال/٤٢. ماناى ئايەتەكەش بەم چەشنەيە «ئەوەى بڕيارە لەناو بچێت لەناوبچێت و بەهانەى نەمێنێت كە لەزانستى خوداوە لەناوچووەو ،ئەوەشى بڕيارە بژى و زيندووبێت لەسەر بەڵگەو بەرچاوڕوونى دەژێت ولەزانستى خوداوە دەژى».

٣٦- الاعراف/١٥٧.واتاكەى بەم شێوەيە«فەرمانيان بەچاكە پێدەكات و لەشتى خراپ و ناپەسەنديش ڕێگرييان لێ دەكات».

٣٧- ابن تيمية: مجموع الفتاوى،٢٥٧/٨_٢٥٨، ٤٣٣؛منهاج السنة،١٧٩/٣.

٣٨- محمد عبده واخر: المعتزلة بين القديم والحديث، ص٧٢؛ عبداللطيف الحفظى: تاثير المعتزلة، ص٨٤؛ بڕوانە: (عادل عوا: المعتزلة وفكر الحر، ص٣٢٣؛ ابوريدة: ابراهيم بن سيار النطام، ص١٦٧).

٣٩- المغنى،١٦٤/١٤؛ المحيط بالتكليف ٣٤٤/٣_٣٤٥؛ البيضاوى: طوالع الانوار،ص١٩٧_١٩٨.

٤٠- شرح الاصول الخمسة، ص٣٠٢؛ الرازى: الاربعين فى اصول الدين،٣٥٢/١_٣٥٣؛ موهب على منصور: العدل الالهى، ص١٢٦.

٤١- الخياط: الانتصار، ص١١٧؛ بڕوانە: (الباقلانى: الانصاف، ص١٦١؛ سميع دغيم: الفلسفة القدر، ص٢٠٩)؛ عواد المعتق: المعتزلة واصولهم الخمسة،ص١٨١.

٤٢- الايجى: شرح المواقف،١٧٢/٨.

٤٣- الاشعرى: المقالات،٢٧٣/١؛ هانم ابراهيم يوسف: اصل العدل،ص٧٥.

٤٤- بڕوانە:(ابن ابى العز: شرح العقيدة الطحاوية، ص٢٢٥؛ العلامة الحلى: كشف المراد، ص٢٨٥؛ وليدبن صالح باصمد: اثر علم الكلام، ص٢٥٢)؛ التفتازانى: شرح العقائد النسفية، ص٢٠٧_٢٠٨؛ مصطفى الحلمى: قواعد منهج السلفى،ص١١٥.

٤٥- الذاريات/٥٦. ماناى ئايەتەكە بەم شێوەيە «بێگومان ئێمە جنۆكەو مرۆڤەكانمان دروست نەكردوە تەنها بۆ پەرستشى خۆم نەبێت».

٤٦- الكشاف،٦٢٠/٥_٦٢١؛ نصرحامد ابوزيد: الاتجاه العقلى، ص٢٢١؛ احمدشوقى ابراهيم: المعتزلة فى بغداد، ص٩٨.

٤٧- القاضى عبدالجبار شرح الاصول الخمسة،ص٣٦٢_٣٦٣؛ متشابه القران، ص٦٢٨، ٦٢٩؛ عبدالبارى داود: الارادة عند المعتزلة، ص٩٢؛ قدرية عبدالحميد: موقف ابن تيميه ،ص٤٤٣.

٤٨- القاضى عبدالجبار: المختصر، ص٢٢٢؛ صبرى عثمان: الميتافيزيقيا، ص٤٨؛ عبداللطيف الحفضى: تأثيرالمعتزلة، ص٦٩.

٤٩- الشهرستانى: نهاية الاقدام، ص٣٦٢؛ الجوينى: الارشاد،ص٢٥٨.

٥٠- الجوينى الارشاد، ص٢٥٨؛ احمد امين: ضحى

الاسلام،٤٩/٣؛ قدرية عبدالحميد: موقف ابن تيمية،ص٤٠٤.

٥١- الملل والنحل،٤١/١؛بڕوانە: (ابن القيم: مفتاح دار السعادة، ٩٢٥/٢_٩٢٦؛ الايجى: شرح المواقف،٨ /٢٠٢؛ البيضاوى:الابهاج،٦٢/١).

٥٢- الرازى: مطالب العالية،٢٢٣/٣ ، ٢٩٨.

٥٣- بڕوانە: (القاضى عبدالجبار: شرح الاصول الخمسة، ص٣٣٢؛ العلامة الحلى: كشف المراد، ص٢٨١ ؛على عبدالفتاح المغربى: الفرق الكلامية الاسلامية، ص٢٧٣).

٥٤- ابن القيم: مدارج السالكين،٢٥٤/١_٢٥٥؛ مصطفى بن محمد: اصول والتاريخ الفرق،٣٥٠/١؛ عوادالمعتق: المعتزلة واصولهم الخمسه، ص١٦٧؛ هەروەها بڕوانە:(حمەکەریم هەورامی:زانستی کەلام،٤٨٠/١_٤٨١).

٥٥- الاسراء/١٥. ماناكەی:»ئێمە سزای هیچ خەڵکێکمان نەداوەو تۆڵەمان لێ نەکردۆتەوە، هەتا پەیامبەرێکمان بۆنەناردبن و ڕێگای بۆڕۆشن نەکردبێتنەوە«.

٥٦- النساء/١٦٥. بەواتای: «هەموو پەیامبەران مژدەدەرو ترسێنەربوون و تا دوای ناردنی ئەو پەیامبەرانە هیچ بەڵگەوبیانوویەک بۆ ئەوخەڵکە لادەرو لاسارانە نەمێنێتەوە لای خودا».

٥٧- ابن تيمية: درء تعارض عقل والنقل،٤٩١/٨_٤٩٢؛ مجموع الفتاوى،٥٧/٨، ٥٨؛ مجموع الرسائل،٥ /١٢٢؛ ابن القيم: مفتاح دارالسعادة، ٩٥٦/٢؛عايض الشهرانى: التحسين والتقبيح العقليين،٤١٩/١؛ غالب على عواجى: فرق المعاصرة، ١١٨٧/٣؛ مواهب على منصور: العدل الالهى، ص٣٥٢ .

٥٨- محمد عبده واخر: المعتزلة بين القديم والحديث، ص٧٣؛ ابن العثيمين: بیروباوەڕی ئەهلی سوننەو جەماعە،لا٥٧.

٥٩- الملك/٨_٩.مانای ئایەتەکە بەم چەشنەیە:»نزیکە دۆزەخ لە ڕقا هەڵپرون هەڵپرون بێت، هەرچەندە دەستەیەکیان لێ فڕێ دەدرێتە ناویەوە، دەرگاوانەکە لێیان دەپرسێت، ئایا پەیامبەرێکی ترسێنەرتان بۆنەهاتووە لەدونیادا؟ئەوانیش دەڵێن بەڵێ، بەڵام بەدرۆمان دەزانی و پێمان دەوتن خودا هیچی نەناردۆتە خوارەوە ئێوە لەنێو گومڕاییەکی گەورەدان«.

٦٠- ابن القيم: مدارج السالكين،٢٥٥/١؛ع وادالمعتق: المعتزلة واصولهم الخمسة،ص١٦٥.

٦١- بڕوانە: (التفتازانى: شرح المقاصد،٢٨٤/٤_٢٨٥)؛ ابن القيم: مفتاح دار السعادة، ٩٥٦/٢.

٦٢- البخارى، كتاب التوحيد،(٧٤١٦)؛ مسلم: كتاب اللعان (١٧/١٤٩٩)؛ ابن تيمية: مجموع الفتاوى،٢٥٩/٨.

٦٣- الرد على المنطقيين، ص٤٢٧.

٦٤- ابن العمرانى: الانتصار،٥٤/١؛ بڕوانە: (صالح زين العابدين: اصول الخمسة عند المعتزلة، ص٩١).

٦٥- بڕوانە: (العلامة الحلى: كشف المراد، ص٢٨٥)؛ وليد بن صالح باصمد: اقرعلم الكلام، ص٢٥٢؛ مصطفى حلمى: قواعد منهج سلفى، ص١١٥.

٦٦- بڕوانە: (ابن ابى العز: شرح العقيدة الطحاوية، ص٢٢٥؛ العلامة الحلى: كشف المراد، ص٢٨٥؛ التفتازانى: شرح العقائد النسفية، ص٢٠٧؛ ابوالحنيفه: شرح الفقه الاكبر، ص١٢٨).

٦٧- اللمع، ص٧١.

٦٨- طه/١١٢.واتا: «ئەوەی کردەوەی چاکی ئەنجام دابێت و باوەڕداربوویێت، ئەوە نەلەستەم دەترسێ و نەلەکەمکردنەوەی پاداشتی».

٦٩- ق/٢٩. ماناكەی:»بەڵێنی من هیچکات گۆڕانی بەسەردانایەت وهیچ جۆرە ستەمێکیش لە مرۆڤەکان ناکەم«.

٧٠- ابن تيمية: مجموع الرسائل،٥ /١٢١؛ مصطفى بن محمد: اصول والتاريخ الفرق،٣٤٦/١؛ عواد المعتق: المعتزلة واصولهم الخمسة،ص١٥٩.

٧١- السجدة/٧. مانای ئایەتەکەش بەم شێوەیە: «زاتێکە(خودا)هەموو شتێکی بەجوانترین شێوە بەدیهێناوە».

٧٢- ابن تيمية:مجموع الفتاوى،٤٣٣/٨؛منهاج السنة،١٧٩/٣.

٧٣- الشهرستانى:الملل،٥٨/١؛ هانم ابراهيم يوسف: اصل العدل،ص٩٠؛ بڕوانە: (ابوريدة: ابراهيم بن سيارالنظام،ص١٦٧).

٧٤- الامدى :الاحكام،١١١/١؛التفتازانى:علم الكلام، ص١٦٠؛عايض الشهرانى: التحسين والتقبيح العقليان،٣٤٣/١؛ياسرقاضى:مقالات جهم،٧٥٩/٢.

٧٥- البيضاوى:الابهاج،١٣٩/١؛الشهرستانى:الملل،١١٥/١.

٧٦- ابن تيمية: مجموع الفتاوى،٢٥٧/٨_٢٥٨، ٤٣٣؛منهاج السنة،١٧٩/٣.

٧٧- الاعراف/١٥٧.واتاکەی بەم شێوەیە» فەرمانیان بەچاکە پێدەکات و لەشتی خراپ و ناپەسەندیش ڕێگرییان لێ دەکات«.

٧٨- مدارج السالكين، ٢٥٨/١؛بڕوانە: (اين تيمية: مجموع الفتاوى،٢٥٧/٨_٢٥٨).

# عەقڵانیەت





**ئیمداد تەها**
لەدایکبووی ١٩٩٠
بەکالۆریۆس لە زانستە ئیسلامییەکان.
چەندین وتاری بڵاوکراوەی هەیە

عەقڵانی بوون، بە مانای شرۆڤە کردنێکی عەقڵانیانە بۆ هەموو شتێک لە بونەوەردا، یان گوزەر پێکردنی هەموو شتێک بە پاڵاوگەی عەقڵدا بۆ پەسەندکردن یان رەتکردنەوە یان دیاریکردنی خەسڵەتەکانی ریبازێکی نویَ نییە لەنێو مرۆڤایەتیدا، ریشەیەکی مێژوویی هەیە، سوقرات و ئەرستۆ دوو گەورە فەیلەسوفی بەناوبانگن سەردەستەی ئەم رێبازە بوون.

سەردەمانێکی زۆر، رەوتە فەلسەفیەکانی یۆنان لە نێویشیاندا عەقڵانییەت، لە ئەوروپا باوو بوو، بەڵام لە چاخەکانی ناوەڕاست کەنیسە هات و ئەم هاوکێشەیەی گۆڕی و عەقلی کردە شوێنکەوتەی دەق و هیچ بەهایەکی بۆ نەهێشتەوە. کێشەی سەرەکی لێرەدا ئەو چەواشەکارییانە بوو کەنیسە پێی هەڵدەستا و بەرگی دین و سروشی بە بەردا دەکرد و بەتۆپزی عەقڵی مرۆڤایەتی دەکردە شوێن کەوتەی!(١).

عەقڵانییەت لە فەلسەفەی نوێدا لەسەردەستی فەیلەسوفانی وەک دیکارت و سبینوزا و..هتد، دەرکەوت و برەوی پێدرا. دیکارت کە فەیلەسوفێکی فەرەنسییە، کاری لەسەر رێبازی عەقڵانییەت کردووە بۆ چەسپاندنی بوون بەشێوەیەکی گشتی و بوونی خودای گەورە بە تایبەت، ئەمەش لە پێشەکییەکەوە گوتراوە کە لە ڕوانگەیەکی عەقڵی دوور لە گومانەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەویش وتەی بە ناوبانگەیە کە دەڵێت: (من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم).

لیبنتز کە فەیلەسوفێکی ئەڵمانییە وتویەتی هەموو شتێکی زیندوو جیاوازی لەنێوانیان نییە مەگەر بە جیاوازییان لە تێگەشتندا نەبێت. لە کۆمەڵگەی ئیسلامیشدا موعتەزیلەکان بەرێژەیەک عەقڵانی بوون. کاریان لەسەر عەقڵگەرایی کردووە و کردویانەتە بنەمای بیر کردنەوەیان، ئەمەش وای لێکردوون هەر دەقێکی ئایین لەگەڵ بۆچوونیان نەیەتەوە تەئویلی بکەن. بەناوبانگترین وتەی موعتەزیلە لەبارەی عەقلگەراییەوە ئەوەیە کە دەڵێن: پێویستە مرۆڤ بە عەقڵی خۆی باشە و خراپە لێک جودا بکاتەوە ئەگەر هیچ رێنومایییەکیش لە بارەیەوە نەهاتبێت. لەم ڕۆژگارەشدا خەڵکانێک هەمان رێبازی موعتەزیلەکان زیندوو دەکەنەوە ئەگەرچی بەرگی نوێگەری وریفۆرمیشیان پۆشیوە(٢).

زاراوەی عەقڵانییەت(ئاوەزگەرایی)، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ململانێ سەختەی لەنێوان کەنیسەی لاهوتی کە دژایەتی عەقڵ و زانستی دەکرد لەگەڵ فەلسەفە بەهەردوو جۆرەکەیەوە، تیۆری و ئەزموونگەرایی. سەرئەنجامەکەشی بەسەرکەوتنی عەقڵ کۆتای پێهات. هەروەها ئەم زاراوەیە بەسەر ئەو فەیلەسوفانەشدا دەبرێت، کە بانگەشەی ئەوە دەکەن زانیاری تەنها لە عەقڵەوە وەربگیرێت و، عەقڵ بە تاکە سەرچاوەی زانستی جیهان دەبینن، دوور لە پەیام و بانگەوازی پێغەمبەران و سروش و نیگاـ ڕۆژهەڵات ناسەکانیش ئەم زاراوەیەیان بۆ یەکەمجار بەرامبەر موسوڵمانان بەکار هێناوە و بە موعتەزیلەکانیان وتووە عەقڵانییەکان. هەرچەندە ئەم ناونانەی موعتەزیلە بەعەقڵانی کارێکی هەڵەیە و ڕۆژهەڵات ناسان ویستویانە پیشان بدەن، هەمان ناکۆکی نێوان کەنیسەو فەیلەسوفەکان، لەنێوان دەقەکان و موعتەزیلەکانیشدا هەیە.

لەگرنگترین هۆکارەکانی برەو سەندنی ئەم زاراوەیە: چاوکردن لەو ململانێیەی لەنێوان کەنیسە و فەیلەسوفەکان هەبوو، لەگەڵ بەهەڵە ڕوانینی ڕۆژهەڵات ناسەکان لە فیکری ئیسلامی. هەروەها هەڵەی فێرخوازی و بانگەوازکردن بۆ ئیسلام، هەندێک لە موسوڵمانان بە هەڵە لە مەودای کار کردنی عەقڵ و شکۆمەندی شەریعەت بۆ عەقڵ تێگەشتوون، بۆیە ئەم زاراوەیەیان برەو پێداوە و بڕیویانە بەسەر نەیارەکانیاندا. هەروەها

کەنیسە ئەو ناوەی بڕی بەسەر عەقڵانی و پێشکەوتنخوازاندا چونکە ئایینەکەیان پێچەوانەی عەقڵ کردبوو، بەڵام ئایینی ئیسلام بەپێچەوانەوەیە. بۆیە دەتوانین بڵێین بەکارهێنانی عەقڵانی بۆ ئەو کەسانەی دەقەکانی قورئان و فەرموودە لە مانا و مەبەستە ڕاستەکانیان لادەدەن (التحريف)، کارێکی هەڵەیە و دەکرێت بوترێت ئەوانە خەڵکی هەوەسگەران نەک ئاوەزگەرا(٣).

زانایانی پێشینانی ئوممەتیش ئەم ناوەیان بەسەر موعتەزیلەکاندا نەبڕیووە و پێیان نەوتوون عەقڵانی، بەڵکە بەگرۆی لاڕێ بوویان وەسف کردوون، بەڵام بە ئیمام ئەبو حەنیفە و قوتابخانەکەیان وتووە قوتابخانەی عەقڵ و بۆچوون.

سەرەتای عەقڵانیی بوون لە نێو موسوڵماناندا: دەتوانین بڵێین بۆ یەکەمجار دیاردەی حوکمی عەقڵ بەسەر نەقڵدا لەلای موسوڵمانان، لە جەعدی کوڕی درهەمەوە سەرهەڵدەدات، ئەو بۆ یەکەمجار ئەو ئایەتانەی لەکارخستن کە لەبارەی بڵندبوونی خوداوە هاتوون بەسەر عەرشدا، جەعد ئەم بیر و بۆچوونەی لە ئەبانەوە وەرگرت و ئەبانیش لە تالووت و ئەویش لە لەبیدی کوڕی ئەعسەمی یەهوودییەوە وەرگرتبوو. جەهمی کووڕی سەفوانیش یەکەمین کەس بوو ئەم بیر و بۆچوونەی وەرگرت و برەوی پێدا و تێکستی جەهمی بوونی درایە پاڵ.(٤).

عەقڵانییەت ناوە بۆ چەند قوتابخانەو بۆچونێک لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. خاڵی هاوبەشی هەموویان ئەوەیە، پێیان وایە سەرچاوەی یەکەم یان تاکە سەرچاوە، بۆ تێگەشتن لە شتەکان و دەستخستنی زانیاری عەقڵە نەک سروش و نیگاهـ. باوەڕیان بە نیشانە دەستەوسان کەرەکان (المعجزات) و دوور لە دابە باووەکان نییە. بیرو باوەڕە دینییەکان بە پێوەری عەقڵی دەپێون و هەر شتێک عەقڵ پەسەندی نەکات ڕەتی دەکەنەوە. عەقڵانی بوون ڕیشەیەکی مێژووی هەیە لە ڕۆژئاوا و لەلای موسوڵمانانیش.

لەم ڕۆژگارەشدا کۆمەڵێکی زۆر لە موسوڵمانان ئەم ڕێبازەیان گرتۆتە بەر و بە پاساوی پیشاندانی نەرم و نیانییەکانی ئیسلام و پێکەوەژیان و ...هتد، دەیانەوێت ئیسلام لەگەڵ پێشکەوتنەکانی ڕۆژئاوا و داب و نەریتی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتدا بگونجێنن. هەروەها سیمایەکی دیاری دیکەیان دژایەتیکردنی سوننەتە و بەسەرچاوەی دووەمی شەریعەتی نازانن، یان هەر فەرموودەیەک لەگەڵ عەقڵیان یێک نەیەتەوە وەری ناگرن. هەروەها بانگەشەی والاکردنی دەرگای ئیجتهاد دەکەن و هەوڵی نەهێشتنی سنوورەکانی دەدەن. عەقڵ پێش نەقڵ دەخەن و بەم کارەیان دەیانەوێت وا پیشان بدەن کە جیاوازی و ناکۆکی لەنێوان دەقەکان و عەقڵدا هەیەو بەرژەوەندییەکانیش پێش دەقەکان دەخەن و لە هەمبەر پێشکەوتنەکانی ڕۆژگاردا چەندین بەندی بن بڕ و بێ پێچ و پەنا لە ماناکەیدا، تەئویل دەکەن و لەگەڵ سەردەم دەی گونجێنن(٥). بەڵام محەمەد عەممارە بە پێچەوانەی ئەم بۆچونەی سەرەوە دەدوێت و پێی وایە کەوا عەقڵانی بوون لە ئیسلامدا بەمانای شۆڕش کردن بەسەر دەقەکاندا نایەت و بەڵکە لە دەقەکانی ئیسلام و سەرچاوەکانیەوە سەرچاوە دەگرێت و هەڵ دەقوڵێت و بێگانە نییە پێی، ئەو کتێبەشی عەقڵانی بوونی لێوە دەردەچێت قورئانە و بۆ سەرخستنی ئیسلامە. هۆکاری جیاوازی عەقڵانی بوونیش لە ئیسلامدا لەگەڵ ڕۆژئاوا و بێگانە، تێڕوانینی تایبەتی ئیسلامە بۆ عەقڵ و جیاوازە لە تێڕوانینی ئەوان. هەروەها باس لەوە دەکات لە چوارچێوەی ئەو گەڕانەوە بەرەو دواوەی کۆمەڵگەی ئیسلامی داگرتبوو، عەقڵانیەتی ئیسلامیش پێشکەوتنی بەخۆوە نەدی بۆ ماوەیەکی زۆر بیدعە و نەزانین باڵی بەسەر کۆمەڵگەی ئیسلامیدا کێشا لەبری ڕێبازی سۆفیگەری ڕاستەقینە و ئەو وتەیە بڵاو بویەوە کە دەیان گووت (هەرکەس فێری زانستی مەنتیق ببێت خۆی بێ دین کردوە) (٦).

## ڕۆژهەڵات ناسەکانیش ئەم زاراوەیەیان بۆ یەکەمجار بەرامبەر موسوڵمانان بەکار هێناوە و بە موعتەزیلەکانیان وتووە عەقڵانییەکان.



**دەتوانین عەقڵانییەت لەم چوار مانایەدا کۆ بکەینەوە:**

١- هەموو بونەوەرێک لە گەردووندا هۆکارێک هەیە بۆ هەبوونی، شرۆڤەکردنی ئەم هۆکارەش پێویستە عەقڵ قەبوڵی بکات، لەم بارەشدا شرۆڤە پەنهانییەکان وەرناگیرێت، ئەگەر لەڕێگەی نیگاهیشەوە هاتبن.

٢- زانیاری لە ڕێگەی بنەما عەقڵییە پێویستەکانەوە وەردەگیرێن، نەک لە ڕێگەی ئەزموونە هەست پێ کراوەکانەوە.

٣- باوەڕبوون بەعەقڵ و تواناییەکانی لە وەدەست خستنی زانستدا.

٤- عەقڵانییەت بەلای کەسە دینییەکانیشەوە بەچەند مانایەکی جیاواز دێت:

أ- بەرگریکردن لە بنەما و بەندە ئایینییەکان لە ڕێگەی عەقڵ و بەڵگە عەقڵییەکانەوە.

ب- پشت کردن لە هەموو بابەتێکی دینی کە عەقڵ پێی هەزم ناکرێت، لە ڕێگەی تەئویل، تەحریف، تەفویز کردنی.

ج- عەقڵ تاکە مەرجی پێوستە بۆ زانینی بابەتە حوکم و بابەتە دینییەکان.

لەسەرەتادا ڕوانینی ئیسلام لە عەقڵ و مەودای کار کردنی و چۆنیەتی بەکار هێنانی بەبێ کێشە دیاریکراو بووە و بەشێوەیەکی ڕێکخراو باسی لێوە کراوە. نە عەقڵ لەکار خراوە و نەعەقڵیش دەقی بە درۆ خستۆتەوە و هەوڵی گۆڕینی واتاکانی داوە، موسوڵمان بەهۆی عەقڵییەوە ویستویەتی لەمانای ئایەتەکان بگات و حیکمەتیان لێ دەر بهێنێت و کەڵکیان لێ وەربگرێت. خودای گەورە دەفەرموێت: (ؤقَالُوا لَوْ كُنَّا نَسْمَعُ أَوْ نَعْقِلُ مَا كُنَّا فِي أَصْحَابِ السَّعِيرِ) [الملك: ١٠]، (أَمْ تَحْسَبُ أَنَّ أَكْثَرَهُمْ يسْمَعُونَ أَوْ يعْقِلُونَ إِنْ هُمْ إِلَّا كَالْأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ سَبِيلًا) [الفرقان: ٤٤]، (أَفَلَمْ يسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُوبٌ يعْقِلُونَ بِهَا أَوْ يَذَانٌ يسْمَعُونَ بِهَا) [الحج: ٤٦]، (إِنَّ فِي ذَلِكَ لَذِكْرَي لِمَنْ كَانَ لَهُ قَلْبٌ أَوْ أَلْقَي السَّمْعَ ؤهُؤ شَهِيدٌ) [ق: ٣٧].

ئیبن تەیمیە دەفەرموێت: ئەمە بابەتێکی فراوانە و خودای گەورە بانگی بەندەکانی دەکات ڕێز و شکۆمەندی بۆ عەقڵیان دابنێن، کە بە هەستەوەرەکان پاڵ پشتی دەکرێت و لەڕێگەی هەستکردن بە نیشانەکانی خودا دەیخەنەکار و لەگەڵ بەرنامەی پێغەمبەران یەک دەگرێتەوە (٧).

ئەوەی ئێمە دەمانەوێت لە بارەیەوە بنووسین ئەو عەقڵانییەتەیە کە پەیوەستە بەدینەوە و لەهەمان کاتدا بەرهەڵستی و ناکۆکی لە نێوانیان هەیە: ئەمجۆرە عەقڵانییەتە خۆی لە پەیوەندی نێوان دین و فەلسەفە و حیکمەتدا دەبینێتەوە، ئەم ململانێیە چەند سەدەیەک لە ئەوروپا بەردەوام بوو، بەڵام لەجیهانی ئیسلامیدا لە دوای دروست بوون و دەرکەوتنی گرۆ ئیسلامییەکان و کەم گرنگیدان بەزانستی شەرعی پەیدابوو.

بیرمەندانی ئیسلامی بەئاراستەکردنی دوو پرسیار گفتوگۆ لەگەڵ عەقڵانییە سیکۆلارەکان دەکەن و دەڵێن: ئێمە دوو پرسیار ئاراستەی



# ڕەوتی کۆن پارێزی ئیسلامی و پەیوەست بە دەقەوە دەڵێن: ڕێباز-ڕەوت-ی عەقڵانییەتی سەردەم، ترسناکترین ڕێباز و گومڕا ترین ڕێبازە.

عەقڵانییەکان دەکەین کە دەڵێن هەر شتێک لەگەڵ عەقڵ نەیەتەوە قابیلی وەرگرتن نییە. پێیان دەڵێین: ئاخۆ ئێوە مەبەستتان لەکام عەقڵە؟ لەکاتێکدا ئەوان بەپێی ئارەزووەکانی خۆیان بڕیار دەدەن و دواتر بەرگی عەقڵانی بوونی بە بەردا دەکەن، وەڵام گەلێکیان لەلا دەست دەکەوێت، گرنگترینیان ئەم دوو وەڵامەیە دەڵێن: مەبەستمان بە عەقڵ ئەوەیە کە کۆمەڵێک لە بیرمەندان پەسەندی دەکەن، لە سەردەمێکی دیاریکراودا یان لەڕێبازێکی دیاریکراودا، کە لە یەک بەرنامەی کارکردن دا بێت، بۆ وێنە خەڵکانێک دەبینین شوێن مارکسیەت کەوتوون لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەمە عەقڵانییەتە، بەهۆی ڕێککەوتنی کۆمەڵێک بیرمەند لەسەری، یان دەڵێن مەبەست بە عەقڵ ئەوەیە کە زانست پشت ڕاستی دەکاتەوە.

بەڵام ئەو کەسانەی وەڵامی یەکەم دەکەنە پاساو بۆخۆیان لەڕاستیدا تەنها شوێن خەڵکی کەوتون و بەقسەی خەڵکیان کردوە نەک شتێکی نوێ بهێننە کایەوە، ئەمەش عەقڵانیەتێکی نا تەواوە. چوونکە کەسی شوێن کەوتە ناتوانێت باشی و خراپی ریبازێک لێک جودا بکاتەوە و بزانێت کامە بەکەڵکی کام ژینگەیە دێت.

ئەوانەش وەڵامی دووەم دەدەنەوە، دەڵێین هەر شتێک بدرێتە پاڵ زانست سیفەتی زانستی بوون، وەرناگرێت و تاوەکو ئێستاش بابەتێکمان نییە زانست سەلماندبێتی بەو پەڕی دڵنیا بوونەوە و پێچەوانە بێت لەگەڵ ئیسلام و دژایەتی بکات. (٨)

محەمەد عەممارە درێژە بەباسی عەقڵانییەتی ئیسلامی دەدات و دەڵێت: عەقڵانیەتی ئیسلامی لە نیوەی دووەمی سەدەی یەکەمەوە برەوی سەندووە، ئەوکاتەی فتوحاتی ئیسلامی پەرەی سەندووە، موسوڵمانان ڕوویان لەو وڵاتانە کردووە کە چەند دامەزراوەیەکی تێدا بووە کە دامەزراوەیەکی ئایینی و فەلسەفیش بوون، هەروەها بە چەندین گرۆی جگە لە ئیسلامی ئاشنا بوون. لەم کاتەشدا موسوڵمانان هەستیان بەگرنگی زانستی کەلام کرد تاوەکو لە ڕێگەیەوە بەرگری لە ئیسلام و موسڵمانان بکەن و بتوانن بە بەڵگە عەقڵییەکان باوەڕیان پێ بهێنن. لەدیارترین و لە پێش ترین گرۆیەکیش بەم کارەیان هەستابن موعتەزیلەکانن، کە توانیان بە فەلسەفەی ئیسلامی بەرگری لە گومانە دروست کراوەکانی سەر بیر و باوەری ئیسلامی بکەن و بۆ یەکەمجار فەیلەسوفی ئیسلامی لەلای ئەوانەوە دروست بوو.

بەڵام پێویستە ئێمە جیاکاری لە نێوان موعتەزیلەکانی بەغداد و بەسرەدا بکەین و ئەوەبزانین کە بەغدادیەکان زیاتر بە فەلسەفەی یۆنانی کاریگەر بوبون، نەک بەسرەییەکان، ئەو ڕووداوەش ڕویدا بەهۆی موعتەزیلەکانەوە کەبە میحنەتی خەلقی قورئان دەناسرێت و ئیمام ئەحمەدیان پێ توشی ئەشکەنجە و زیندان کرد،

بەلای زۆرینەی موعتەزیلەکانەوە جێگەی پەسەند کردن نییە و پەسەندی ناکەن، بەڵکە کەمینەیەک لە موعتەزیلەکان ئەم کارەیان کرد لەگەڵ مەئموون بوو بە پەڵەیەکی ڕەش بە مێژووی موعتەزیلەوە. بەڵام لەپاش نەمانی موعتەزیلە لەگۆڕەپانەکەدا ئەم هەوڵانە لەلای ئەشعەرییەکان هەر بەردەوام بێت و ڕێبازی موعتەزیلە وون نابێت. ئەگەر بەنموونە وەری بگرین ئیمام ئەحمەد و ئەشعەرییەکان وەڵامی وتەکانی باطنییەکانیان داوەتەوە کە بە فیکری کاریگەر بوون. پاشانیش ئیبن تەیمیە و خوێندکارەکەی ئیبن قەیم پێشەنگی ئەم ڕەوتی عەقڵانییەتەیان کردووە و توانیویانە بە بەڵگە عەقلییەکان بیر و باوەری ئیسلامی بچەسپێنن (٩).

لە بەرامبەریشدا ڕەوتی کۆن پارێزی ئیسلامی و پەیوەست بە دەقەوە دەڵێن: ڕێباز-ڕەوت-ی عەقڵانییەتی سەردەم، ترسناکترین ڕێباز و گومڕا ترین ڕێبازە، لە هەموو ڕێبازە لاکەوتوەکان زیاتر تەحریفی ئایەتەکان و شەریعەتی ئیسلامی کردوە، ئەم ڕێبازە زۆرێک لە بیرمەندان و ڕۆشنبیران گرتویانەتە بەر، دووژمنانی ئیسلام توانیویانە لەم ڕێگەیەوە- عەقڵانی بوون- زیانێکی گەورە لە ئیسلام و موسوڵمانان بدەن. ئەم خەڵکە عەقڵانییانە عەقڵی خۆیان کردۆتە دادوەر بەسەر دەقەکانی ئیسلامەوە، عەقڵی خۆیان لەگەڵ ئەو کەم و کورتی، سنووورداری تێگەشتن، جۆرا و جۆریەتی عەقڵیان و زۆری هەڵەیان کردویانە دادوەر بەسەر دەقی قورئان و فەرموودەوە، کە لەلایەن خوداوە و بە سروش هاتوەتە خوار. هەروەها لەگەڵ عەقڵیاندا پێشکەوتنەکانی ڕۆژگاریشیان کردۆتە دادوەر بەسەر دەقەکانی ئیسلامەوە، هەوڵی گۆرین و نەهێشتنی شەریعەتی ئیسلام دەدەن بەپێی داخوازییەکانی ڕۆژگار، زۆرێک لە قەدەغە کراوەکان دەبینین کار ئاسانی تێدا دەکەن و بە ڕەوای دەبینن، بە پاساوی خۆ گونجاندن لەگەڵ سەردەم، پێویستە دین لەگەڵ سەردەم بگونجێنین. بەشێوەیەکی گشتی ئەم ڕێبازی عەقڵانیەتە درێژ بوونەوەی ڕێبازی موعتەزیلەکانە، خاڵی هاوبەشی زۆر هەن لە نێوان موغتەزیلەکان و بێچووە عەقڵانییەکانیان لەم ڕۆژگارەدا، لە سەرچاوەی وەرگرتنی بیروباوەڕ و بەڵگە بۆ هێنانەوەدا و هەندێکی دیکە لە بیروباوەڕەکانیان. لە گرنگترین خاڵی هاوبەشیان بە هاوبەشکردنی عەقڵە لەگەڵ دەق و بەڵکە پێشخستنیەتی بەسەریدا، هاودەنگی هەیە لە نێوانیان لە شوێن کەوتنی ڕێباز و ڕێچکە فەلسەفییەکاندا، هەروەها بە ڕەوا بینینی ڕۆچوون لە قسە کردن لە بابەتە نەدیوەکاندا، لەگەڵ برەو پێدانی بۆچونە لاواز و ناوازەکان بە پاساوی ئازادی ڕا دەربرینەوە، هاودەنگیان لەسەر دژایەتیکردنی خەڵکی شوێنکەوتەی سوننەت (أهل السنة)، لە کۆندا موعتەزیلەکان ئەهلی سوننەیان بە موجەسیمە و عەقڵانییەکانی سەردەمیش بە تەسک بیر و بونیادگەرا و توند ڕەو و..هتد، ناوزەند دەکەن.

**بۆچوونەکانی عەقڵانییەکانی سەردەم خۆی لەم چەند خاڵەدا دەبینێتەوە:**

١- پیاهەڵدان بە موعتەزیلەکان و باسکردنی زۆریان بە باشە.

٢- نەهێشتنی بیر و باوەڕی دژایەتیکردن و دۆستایەتیکردن لەسەر بنەمای دینداری (الولاء والبراء)، ئەمەش لە ڕێگەی برەو دان بە بابەتی یەکێتی ئایینەکان، یان بانگەشەی نەتەوەگەرای و مرۆڤ دۆستی.

٣- نکوڵیکردن لە جێبەجێکردنی حوکمی پاشگەزبوونەوە لە ئیسلام(قتل المرتد)، بە پاساوی ئازادی بیروباوەڕ و ڕا دەربرین.

٤- بە ڕەوا بینینی تێکەڵاو بوونی ئافرەتان و پیاوان و کەمکردنەوەی بەهای باڵا پۆشی و، بە ڕەوا بینینی هەندێک جۆری سوود.

٥- وەر نەگرتنی ڕیوایەتی ئاحاد لە دەروازەی بیروباوەڕدا بە پاساوی ئەوەی سوودی دڵنیایی ناگەیەنێت.

٦- نکوڵیکردن و تەئویلکردنی هەندێک لە نیشانە دەستەوسان کەرەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) لەگەڵ کەراماتی پیاو چاکان.(١٠).

ئەنجام: لەکۆتای ئەم گوزەرە خێرایەدا دەگەینە ئەو ئەنجامی عەقڵانییەت ریشەیەکی مێژوویی دێرینی هەیە لە رۆژئاوا و لە نێو موسوڵمانانیشدا، هەروەها بۆچوونی جیاواز دەربارەی عەقڵانیەتی ئیسلامی هەیە و بەلای نەیارەکانیانەوە عەقڵانییبوون بەمانای تەحریفکردنی دەقەکان و لارێ بوون دێت و لادانە لە ئیسلامی ڕاستەقینە، بەلای عەقڵانییەکانیشەوە، عەقڵانی بوون کارێکی پێویستە و لەقورئانەوە سەرچاوە دەگرێت و بە مەبەستی خزمەت کردنی ئیسلامە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


١- مذاهب فكرية معاصرة، محمد قطب، دار الشروق، ط٣، ١٩٨٣م.

٢- الموسوعة الميسرة، الندوة العالمية للشباب الإسلامي، إشراف وتخطيط ومراجعة: د. مانع بن حماد الجهني، دار الندوة العالمية للطباعة والنشر والتوزيع، ط٤، ١٤٢٠ هـ

٣- «العقلانيون» مصطلح وتاريخ ونقد، د. فؤاد بن يحيى الهاشمي، http://www.nama-center.com/.

٤- بۆ خوێندنەوەی تەواوی ئەم بەسەر هاتە بڕوانە: الفتاوى الحموية الكبرى، ابن تيمية، المطبعة السلفية، القاهرة- مصر، ط٣، ١٣٩٨ هـ ص: ٢٠.

٥- العقلانية والدين ، أ. محمد خير رمضان يوسف، http://www.alukah.net.

٦- عقلانية الإسلام.. لماذا تفوقت على حضارة أوربا؟ ، https://www.masress.com.

٧- الصفدية، ٢٢٧/١ بتحقيق. د. محمد رشاد.

٨- العقلانية، د.حسن الأسمرى، https://saaid.net.

٩- معنى العقلانية الإسلامية ومقوماتها وأهميتها، د. محمد عمارة، http://www.aljazeera.net.

١٠- نظرة فى الاتجاه العقلانى المعاصر ومظاهره، د. عبدالعزيز بن محمد آل عبداللطيف، http://www.alukah.net.

نقض أصول العقلانيين.

الإتجاهات العقلانية المعاصرة



# بابەتی گشتی



# کاریگەری کیمیابارانی هەڵەبجە لەسەر ڕەوشی مرۆیی خەڵکی شارەکە

عادل صدیق عەلی

## پێشەکی

ئەگەر جەنگی عێراق ـ ئێران دەرفەتێک بوو‌بێت بۆ سەرلەنوێ بوژانەوەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، ئەوا بێگومان زۆر کارەسات و تراژیدیاشی بە دیاری لەگەڵ خۆیدا بۆ کۆمەڵگای کوردی لە باشووری کوردستان هێنا، بەوپێیەی کە ئەو جەنگە لە دەرەوەی خواستی کورد بووە و هیچ پەیوەندییەکی بە کوردەوە نەبوو. کوردستان (باشوور و رۆژهەڵات) بە درێژایی هەشت ساڵی جەنگ بوو بە بەرداشی نێوان دوو لایەنە شەرکەرە سەرەکییەکە، لەو نێوەندەدا کورد و خاکەکەشی هاڕدران، وڵاتانی دنیاش هەریەکەیان بە ئەندازەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و بەشێوازی جۆراوجۆر ئاگری ئەو جەنگەیان خۆش دەکرد، ئاگرێک کە لەسەرخۆ ماڵی کورد و جەستەی رۆڵەکانی ئەسوتاند، هەڵەبجەش بوو بە نموونەیەکی ئەو دەیان سوتانە، رووداوێک کە هەتا ئەمرۆش بە دەست کاریگەرییەکانییەوە دەناڵێنێت.

ئێران بۆ بەرژەوەندی خۆیی و حیزب و لایەنە کوردستانییەکانی باشووریش بە باش نەخوێندنەوەی بارودۆخەکە و حکومەتی عێراقیش بەهۆی بێدەنگی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەڵەبجەیان کردە ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی خۆیان، رووداوێک کە تیادا شارەکە سیخناخی کۆکتێلی گازە کوشندەکانی سەدەی بیست کرا و سەرئەنجامیش کوژران و بریندار‌بوون و ئاوارەبوونی دەیان هەزار مرۆڤی بێتاوانی خەڵکی هەڵەبجە و وێرانبوونی شارەکەی لێکەوتەوە.

بە کورتی هەڵەبجە نمونەیەکی ئاشکرای ئەو پرۆسە جینۆسایدە بەرنامە بۆ داڕێژراوەی حکومەتی عێراق بوو کە گیانی سەدان هەزار مرۆڤی کوردی کردە قوربانی و خاکەکەشی کردە وێرانە، بەوکارەشی بە ئاشکرا پێشێلی رێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی لە نمونەی جنێڤی ساڵی (١٩٢٥) و پەیماننامەی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆسایدی ساڵی (١٩٤٨)ی کرد و بەبێ هیچ سزایەکیش بەسەریدا تێپەڕی.

## باسی یەکەم:
## بارودۆخی ئاوارەکانی هەڵەبجە لە ئێران:

لە رۆژانی هێرشی سەر هەڵەبجە و دوای کیمیابارانی شارەکەدا، بە دەیان هەزار کەس ئاوارەی وڵاتی ئێران و شار و شارۆچکەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی بوون، بەشێوەیەک لە رۆژانی ١٧-٣/١٨دا ئێرانییەکان ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبیلی جۆراوجۆر و چەند هەلیکۆپتەرێکیان ناردە ناوچەکە بەمەبەستی گواستنەوەی ئاوارەکان و خاڵی کردنی ناوچەکە لە خەڵکی و گواستنەوەیان بۆ ئەو ئۆردوگایانەی کە لە هەرد و پارێزگای کرماشان و سنە بۆیان ئامادەکرابوو.

سەبارەت بە ژمارەی ئاوارەکان، زۆربەی سەرچاوەکان باس لە ئاوارەبوونی نزیکەی (٧٠٠٠٠) کەس دەکەن، سەرچاوەی دیکەش هەن ئاماژە بە بریندار‌بوونی (١٠٠٠٠)کەس و ئاوارەبوونی (٤٠٠٠٠)کەس دەدەن، بەڵام بەپێی سەرژمێری ١٩٨٧/١٠/١٧ حکومەتی عێراق، ژمارەی دانیشتوانی سنووری قەزای هەڵەبجە بریتی بووە لە (١١٥٢٩٩) کەس و بەمشێوەیە دابەش ببوون:

| شوێن | ژمارەی دانیشتوان | تێبینی |
|---|---|---|
| **ناوەند** | **٤٠١٥٧** | |
| **ناحیەی سیروان** | **٢٩٤٢٢** | |
| **ناحیەی خورماڵ- خورماڵ لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٧ راگوازرا** | | |
| **ناحیەی بیارە-بیارە لە ساڵی ١٩٨١ راگوێزرا** | | |
| **ناحیەی شارەزوور (سەیدسادق)** | **٤٥٧٢٠** | |

بەڵام دەبێ بزانین، ئەم ئامارە ئاوارەکانی مانگی ئایاری هەمان ساڵ لەخۆناگرێت کە بەهۆی خۆپیشاندانەکانی ١٩٨٧/٥/١٣ی شارەکەوە ئاوارەی ئێران بوون و بەپێی سەرچاوەکان ژمارەیان نزیکەی (١٠٠٠٠)کەس دەبوو، جیا لەوەش ژمارەیەک خێزانی تر لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا لە سنوورەکەدا دەژیان و ناویان لەو

سەرژمێرییەدا تۆمار نەکراوە.

بەگوێرەی یەکێک لە سەرچاوە ئێرانییەکان (٣٠٠٠٠)کەس لە ئاوارەکان بەسەر ئۆردوگاکانی کرماشان و سنەدا دابەشکراون و (٦٠٠٠٠) کەسیش ڕەوانەی کرمان کراون، ڕێژەیەکی زۆری تریشیان لە شار و شارۆچکەکانی تری ئێراندا نیشتەجێبوون و نەچوونە نێو ئۆردوگاکانەوە. نزیکەی (١٠) خێزانی تریشیان لە ڕێگای تاران - کرمان - بلوجستان چوونە شاری کوەیتەی پاکستان و دواتر ئیسلام ئاباد. بەڵام فاروق ئەحمەد زەوارە، کە لەوکاتەدا لێپرسراوی لقی مانگی سوری ئێرانی شاری پاوە بووە تێکڕای ژمارەی ئاوارەکانی بە نزیکەی (١٠٠٠٠٠)کەس لەقەڵەمداوە.

لە سەرەتادا بەهۆی زۆری ژمارەی ئاوارەکان و کەمی ئۆردوگای پێویستەوە ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارەکان و بریندارانی چەکی کیمیایی لەنێو: قوتابخانە، مزگەوت، نەخۆشخانە و یاریگاکانی شار و شارۆچکە و گوندەکانی بە پلەی یەکەم سەر بە پارێزگاکانی کرماشان، سنە و هەمەدان نیشتەجێکران. بەڵام دواتر ئاوارەکان بەسەر ئۆردوگاکانی (سەریاس، جوانرۆ، ڕوانسەر، سەلاسی باوەجانی، هەرسین، کەنگاوەر(سەراب فەرش)، سنغوری کولیایی، سەرچەشمەی سەحنە) سەر بە پارێزگای کرماشان و کامیاران(شەهرەک و وەرمەهەنگ)ی سەر بەسنەدا دابەشکران. هەفتەیەک دواتر بەهۆی زۆری ژمارەی ئاوارەکان و بچووکی ئۆردوگاکانەوە بە سەدان خێزانی ئاوارەی هەڵەبجە ڕەوانەی ئۆردوگایەکی نزیک قەزای بەردەسیری سەر بە پارێزگای کرمان کران، ئۆردوگاکە پێشتر ئاوارەی ئەفغانی بوو.

جیا لە هاوکارییەکانی ئێران و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئاوارە فەیلی و بارزانییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان بینی لە یارمەتیدانی ئاوارەکانی هەڵەبجەدا، بەڵام ئەو هاوکارییانە هەرگیز لە ئاست پێداویستییەکانی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەکاندا نەبوو.

سەبارەت بە شوێن و جێگەی ئاوارەکان، ئێرانییەکان بەپێی شوێنەکە خانوبەرە و کابینە و بەشێکیشیان خێمەیان بۆ دابینکردبوون، هەروەک ئەنجومەنیشیان لەنێو ئاوارەکان خۆیاندا بۆ دروستکردبوون، لە ڕێگە ئەو ئەنجومەنانەوە خواردن و پێداویستییەکانی ڕۆژانە بەسەر ئاوارەکاندا دابەش دەکرا، لە ڕووی ئاسایشیشەوە ئاوارەکان هیچ جۆرە مەترسییەکیان لەسەر نەبوو. ئەوەی گرفت بوو بەبێ بەڵگە بوار بە هیچ کەسێک نەدەدرا لە ئۆردوگا بچێتە دەرەوە تەنانەت بۆ کارکردنیش، لەبەرئەوە ئاوارەکان لە ڕەوشێکی ئابووری زۆرخراپدا دەژیان.

لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە، دابڕانی ئەندامانی خێزانەکان لە یەکتریی و ونبوونی منداڵان و دڵنیا نەبوون لە ژیان و مردنی کەسوکاریان و بوار نەدان بە خەڵکی بۆ سۆراغکردنیان و نیشتەجێکردنی هەر چەند سەد خێزانێک لە ئۆردوگایەک وایکردبوو ئاوارەکان ڕووبەڕووی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتیی و دەروونی ببنەوە. هەر ئەو ڕەوشەش پاڵی بە ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارەکانەوەنا، کە بێباک بن لە هەڵاتن و گەڕانەوە بۆ ناوچە قەدەغەکراوەکانی کوردستانی عێراق، هەروەک گەڕانەوەی بە لێشاوی دواتری ئاوارەکانی هەڵەبجەش دوای لێبورنە گشتییەکە هەر لەبەر ئەو حاڵەتە بوو.

دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەست لەگەڵ عێراقدا، ئێرانییەکان زۆر بەخێرایی و لە ڕۆژی ١٩٨٨/٧/١٨ەوە دەستیانکرد بە کشاندنەوەی هێزەکانیان لە ناوچەکانی هەڵەبجە و هەورامان و شارەزوور و سورێن و شلێر و شارباژێر و حاجی ئۆمەران، لەگەڵ پاشەکشەی ئێرانیشدا، سوپای عێراق دەستی بەسەر ناوچەکەدا گرتەوە، دواتریش لە ڕێگەی دینامیت و بیلدۆزەرەوە تەواوی بینا و خانووەکانی هەڵەبجە و ئۆردوگاکانی (زەمەقی و عەنەب)یان تەختکرد، دواتریش هەریەکە لە (خورماڵ، سیروان، سەیدسادق، پێنجوێن)ی تەختکرد. ناوچەکەش کرایە



**لە ئێستادا (١١٩) منداڵ لەلایەن (٧٤) خێزانەوە داواکراون، هەرچۆنێك بێت ئەم ئامارە ئاماری کۆتایی نییە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەم ڕێژەیە گۆڕانکاری بەسەردا دێت.**

ناوچەیەکی سەربازیی و بە بڕیارێک لە عەربەت هەتا دەگاتە هەڵەبجە کرا بە ناوچەیەکی قەدەغەکراو (محرمە).

ئۆردوگاکان جگە لە خەڵکی هەڵەبجە، ئاوارەی عەرەبی شیعەی عێراق و خەڵکی ناوچەکانی دیکەی کوردستانی باشووری لێ بوو. زۆربەی ئۆردوگاکان جگەلە بەربەستی خۆڵ، تەلبەند کرابوون و بە قوللەی سەربازیش گەمارۆ درابوون. چوونە دەرەوە لە ئۆردوگاکان بە هەموو شێوەیەک قەدەغەبوو. بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و ئاسایی بوونەوەی بارودۆخەکە و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆیان بارودۆخیان باشتر بوو. بەگشتیش بارودۆخی ئاوارەکان لە ئۆردوگایەکەوە بۆ ئۆردوگایەکی دیکە جیاواز بوو، بەنموونە بارودۆخی ئاوارەکانی ئۆردوگای کەنگاوەر لە هەموو ئۆردوگاکانی دیکە لە ڕووی خزمەتگوزاریی و بارودۆخی ئابووریی و ئەو ڕێ و شوێنانەی لە بەرامبەریاندا دەگیرایەبەر باشتر بوو.

ئاوارەکان ناچار نەدەکران بە گەڕانەوە، بەڵام بوار بە کەسیش نەدەدرا سەربەخۆ بگەڕێتەوە، لەکاتی گەڕانەوەدا خاچی سووری نێودەوڵەتی جگە لە دابینکردنی ئۆتۆمبیلی گواستنەوە بۆیان هەر خێزانێکی گەڕاوە بڕی (٢٥٠٠٠)تمەنی ئێرانییان وەک هاوکاری پێدەدا. ئەوانەشیان، کە ئامادەنەبوون بگەڕێنەوە دواتر لە ئۆردوگاکانی کەنگاوەر، سەحنە، سنغور، سەریاس لە پارێزگای کرماشان و کامیاران لە پارێزگای سنە کۆکرانەوە و تیایدا نیشتەجێ کران.

ئاوارەکان لە ماوەی مانەوەیاندا لە ئێران بە هۆکاری جۆراوجۆر ئاگاداری ڕەوشی خراپی باشووری کوردستان بوون، ئەوەش نەک هەر فاکتەرێکی سەرەکی بوو بۆ دواکەوتنی گەڕانەوەی ئاوارەکان، بەڵکو شەڕەکانی ناوخۆ کاریگەری نەرێنی لەسەر ژیانی ئەوان لە ئێران دادەنا، لەپاڵ ئەوەشدا لەنێو ئۆردوگاکاندا بوار بە ئاوارەکان نەدەدرا چالاکی سیاسی بۆ هیچ لایەنێکی سیاسی باشووری کوردستان بکەن. سەرباری گەڕانەوەی زۆربەی زۆری ئاوارەکانی ئەو ئۆردوگایانە لە چارەکە سەدەی ڕابردوودا، بەڵام تائێستاش ژمارەیەکی زۆر خێزان بەهۆکاری جیاجیا لە ئێران نەگەڕاونەتەوە.

### باسی دووەم: بارودۆخی خەڵکی هەڵەبجە لە دوای گەڕانەوەیان بۆ عێراق:

حکومەتی عێراق بۆ وەڵامدانەوەی ئەو هێرشە توندانەی، کە بەهۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیاییەوە دەکرانە سەری هەڵمەتێکی پەیوەندیکردنی گشتی بۆ قایلکردنی ئاوارەکان بە گەڕانەوەیان بۆ عێراق دەستپێکرد، بۆ ئەم مەبەستە لە ڕۆژی ٦ ی ئەیلولی ١٩٨٨دا سەدام حسێن لێبوردنێکی گشتی بۆ ئاوارەکان دەرکرد. لێبوردنە گشتییەکە نەک هەر ئاوارەکانی ئێران و تورکیا، بەڵکو هەزاران بەندکراویش، کە لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا گیرابوون و تا ئەوکاتە لە ژیاندابوون گرتەوە.



## لەڕاستیدا تا ئەمڕۆش ئامارێکی زانستی دروست سەبارەت بە قوربانیانی هەڵەبجە لەبەردەستدا نییە و هیچ ناوەند و دەزگایەکی لێکۆڵینەوەی زانیستیش بەو کارە هەڵنەساوە .

دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە، زۆربەی ئاوارەکان کەوتنە خۆسازدان بەمەبەستی گەڕانەوە بۆ عێراق، سەرەتا لەلایەن ڕێکخراوی مانگی سووری ئێرانییەوە سەرژمێری دەکران و ئۆتۆمبیلی گواستنەوەیان بۆ دابین دەکرا، دواتر لە خاڵی سنووری تەوێڵە بە لیست ناوی خێزانەکان رادەستی لایەنی عێراقی دەکرا، حکومەتی عێراقیش کە وەک دیلی جەنگ مامەڵەی لەگەڵدا دەکردن لەسەر سنوور ئۆتۆمبیلی سەربازی(زۆربەیان لە جۆری ئیڤا بوون) و بارهەڵگری بۆ ئامادەکردبوون. گەڕاوەکان ترسی ئەوەیان هەبوو کە ئەمانیش ئەنفال بکرێن، بەڵام دوای ئەوەی لە ناحیەی عەربەت زانیاریی ورد لە هەر خێزانێک و هۆکاری ئاوارەبوونی بۆ ئێران و شوێنی گیرسانەوەی لەو وڵاتە لێوەردەگیرا ڕەوانەی ئۆردوگاکانی (بازیان و باینجان و پیرەمەگرون) دەکران، لەوێشەوە ڕەوانەی ئۆردوگاکانی هەولێر کران.

بەوشێوەیە ئاوارەکان نەک هەربواریان پێ نەدرا، کە بگەڕێنەوە بۆ شارەکەی خۆیان، بەڵکو ڕێگەشیان پێ نەدرا لە سنووری پارێزگای سلێمانیدا نیشتەجێ ببن، بەپێی فەرمانێکی جەعفەر عەبدولکەریم بەرزنجی پارێزگاری سلێمان کە هاوکات سەرۆکی لیژنەی قەڵاچۆکردنی چالاکیی گەڕاوەکانی پارێزگای سلێمانیش، دەبوو هەموو ئاوارە گەڕاوەکانی هەڵەبجە بەخێرایی ڕەوانەی پارێزگای هەولێر بکرێن و لە ئۆردوگاکانی (گردەچاڵ، بەرحوشتر)ی سەر بە پارێزگای هەولێر نیشتەجێ بکرێن.

شانبەشانی ئەو هەنگاوانە ناوبەناو ڕژێم هەڵمەتی ڕەشبگیری لە ئۆردوگا و شار و شارۆچکەکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی و خودی شاری سلێمانیدا دەستپێدەکرد بۆ گرتنی ئەو هەڵەبجەییانەی، کە بە نهێنی و بەبێ ڕەزامەندی دامودەزگا ئەمنییەکانی ڕژێم لەو شارانەدا و لەنێو ماڵی خزم و کەسوکاریاندا خۆیان حەشار دابوو، هەڕەشەی ئەوەشی دەکرد، کە هەر ماڵێک خەڵکی هەڵەبجە داڵدە بدات یاخود خانوویان بەکرێ پێ بدات توندترین سزا دەدرێت، ئەو هەڵمەتانە تا لێبورنەکەی ساڵی ١٩٨٩ بەردەوامییان هەبوو.

بەڵام دواتر بەهۆی زۆرییانەوە ڕێگە بە ژمارەیەکیان درا لە ئۆردوگاکانی (بازیان، باینجان، پیرەمەگرون) و چەند ئۆردوگایەکی تری سەر بە سلێمانیدا نیشتەجێ ببن، بەشێکیشیان بەنهێنی و دوور لە چاوی دامودەزگا ئەمنییەکان لە سلێمانی و چەند شار و شارۆچکەیەکی دیکەی سەر بەو پارێزگایەدا گیرسانەوە. ئەوانەشیان، کە بەر لە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە ناوچەکەیان بەرەو سلێمانی بەجێهێشتبوو لە ئۆردوگاکانی (نەسر و برایەتی) نێوان ناحیەکانی عەربەت و زەڕایەن دا نیشتەجێ کران.

لە ڕووی خزمەتگوزارییەوە ئاوارەکانی هەولێر، جگە لە پێدانی پارچەیەک زەوی لەگەڵ پرۆژەی ئاوی ئۆردوگاکان هیچ جۆرە خزمەتگوزارییەکی دیکەی وەک: کارەبا، قوتابخانە و نەخۆشخانە

تەنانەت بنکەیەکی تەندروستی لێ نەبوو. نەخۆشیی و هەژاریی و بێکاری بە فراوانی لەنێویاندا بڵاوبوویەوە، منداڵانی نێو ئەم ئۆردوگایانە قوربانی یەکەمی ئەو برسێتی و سەرما وسۆڵەی زستانی سەختی(١٩٨٨-١٩٨٩) بوون، سەرەنجامیش ڕێژەیەکی زۆریان لێ مردن.

ڕژێم هیچ هاوکارییەکی ماددی ئاوارەکانی نەکرد بۆئەوەی خانوو ماڵی لەو ئۆردوگایانەدا پێ دروست بکەن، لە سەرەتاشدا بەهەمان شێوەی ئێران هەر چوونە دەرەوەیەک لە ئۆردوگاکان پێویستی بە بەڵگە هەبوو، بەڵام دوای نیشتەجێبوونی خەڵکیی و دروستکردنی خانوو بەڵگە نەما و بواریش بە خەڵکی دەدرا بەمەبەستی کارکردن بڕۆن بۆ هەولێر یاخود هەر شارێکی دیکەی عێراق.

لە ڕووی ئەمنیشەوە، جگەلەوەی ئۆردوگاکان بە تەلبەند دەورە درابوون، ئەمن و ئیستیخبارات چاودێری ڕەوشی ئۆردوگاکانیان دەکرد، بۆ زیاتر سوکایەتی کردن بە ئاوارەکان، ئەم دام و دەزگایانە ناوبەناو خەڵکیان کۆدەکردەوە و دەبوو دروشمەکانی بەعس لە نمونەی(کل الاكراد بعثية) بڵێنەوە و بە باڵای سەدام حسێن دا هەڵبڵێن، ناوبەناویش وێنەی سەدام حسێنیان بەسەر خەڵکی ئۆردوگاکاندا دابەش دەکرد و دەبوو لە ماڵەوە هەڵیبواسن. بەو حاڵەشەوە خەڵکی دڵنیا نەبوو لە ژیانی خۆیان و بە بەردەوامی لە ترس و دڵەڕاوکێ دا دەژیان.

خراپی ڕەوشی ئاوارەکان پاڵی بە ژمارەیەک لە کەسایەتی دیاری هەڵەبجەوەنا، کە هەوڵێکی جددی بدەن بۆئەوەی بتوانن چاویان بە خودی سەدام حسێن بکەوێت و لە ڕەوشی خراپی ژیانی ئاوارەکان ئاگاداری بکەنەوە، بەڵام ئەو لەبری خۆی عەلی حەسەن مەجیدی بۆ ئەو کارە ڕاسپارد، کۆبوونەوەکەش لە کەرکوک کرا، ئەگەرچی عەلی حەسەن مەجید بەڵێنی گەڕانەوەی ئاوارەکانی بۆ هەڵەبجە نەدابوو، بەڵام بەڵێنی ئەوەی پێدابوون کە کارئاسانیان بۆ بکات و سزاکانیان لەسەر کەمبکاتەوە.

جیا لە کیمیابارن کردن و دوورخستنەوەیان، حکومەتی عێراق چەند بڕیارێکی دیکەی لە دژی خەڵکی هەڵەبجە دەرکرد، لەوانە دوورخستنەوەی فەرمانبەرانی هەڵەبجە لەسەر کارەکانیان بۆماوەی دوو ساڵ و بوارنەدان بە خوێندکارانی هەڵەبجە بە پەیوەندیکردنەوەیان بە خوێندنگاکانی سنووری پارێزگای سلێمانی.

سەرباری ئەوانەش لە دوای کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، دامودەزگاکانی ڕژێم بە ئاشکرا لە خەڵکیان قەدەغەکردبوو، کە باس لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بکەن، تەنانەت ئەوانەی، کە بەدەست کاریگەرییەکانی ئەو چەکەوە دەیانناڵاند، بە هیچ شێوەیەک نەیاندەتوانی لە نەخۆشخانەکاندا بڵێن بەرکەوتووی کیمیایین، دەبوو بەناوی نەخۆشی دیکەوە سەردانی نەخۆشخانەکان بکەن. ڕژێم هەر بە بێدەنگ کردنی خەڵکی هەڵەبجە دانەکەوت، بەڵکو لە بەردەم ڕۆژنامەنووسانی بیانیشدا نمایشی پێدەکردن و لەژێر هەڕەشە و فشاردا ناچاری دەکردن، کە ئێران تاوانبار بکەن بە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، بەنموونە لەکاتی سەردانی تیمێکی تەلەفزیۆنی فەرەنسی بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر هێرشی سەر هەڵەبجە لە کانوونی دووەمی ١٩٨٩دا، ژمارەیەک لە خەڵکی هەڵەبجەی ناچارکران، کە لێدوان بۆ ئەو تیمە ڕۆژنامەنووسییە بدەن و پەنجەی تۆمەت بۆ ئێران درێژبکەن.

لەوانەش زیاتر تەنها (٤) ڕۆژ دوای کۆتایی هاتنی لێبوردنە گشتییەکە، بۆ سڕینەوەی یەکجاری شاری هەڵەبجە و هاوکات قەرەبووکردنەوەی ئەو خێزانە هەڵەبجەییانەی، کە لەکاتی هێرشەکەی ئێراندا ماڵ و خانوویان لەناوچووە وەک ڕژێم ڕایدەگەیاند، بە بڕیارێکی ڕاستەوخۆی سەدام حسێن قەزای هەڵەبجە ڕەتکرایەوە و لەبری ئەو

بڕیاردرا بە دروستکردنی شارۆچکەیەکی نوێ بەناوی (ناحیەی هەڵەبجە).

لەمبارەیەوە ڕۆژنامەی هاوکاری نوسیوویەتی: «بەگوێرەی ڕێنماییەکانی سەرۆکی فەرماندە سەدام حسێن لە ڕۆژانی داهاتوودا دەست بە دروستکردنی شاری هەڵەبجەی نوێ دەکرێت. بەڕێز عەدنان داود سەلمان وەزیری دەسەڵاتی خۆجێیی ئەمەی لەو کاتەدا ڕاگەیاند، کە سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەکی لێپرسراوانی دەزگاکانی حوکمی خۆجێیی و خزمەتگوزارییەکانی پارێزگای سلێمانی دەکرد بەئامادەبوونی جەعفەر عەبدولکەریم بەرزنجی پارێزگاری سلێمانی بۆ لێکۆڵینەوە لە نەخشەی بنەڕەتی شارە نوێیەکە».

شارە نوێیەکەش، کە ڕژێم زۆر مەبەستی بوو بەخێرایی تەواوی بکات لە ڕۆژی ١٨/١٠/١٩٨٨دا بە ئامادەبوونی عەدنان داود سەلمان و پارێزگاری سلێمانی (جەعفەر عەبدولکەریم بەرزنجی) و پارێزگاری کەرکوک (مونزر نسەیف جاسم) بەردی بناغەی دانرا، هاوکاری نوسیویەتی:» لەکاتی ئەو ئاهەنگەدا بەم بۆنەیەوە سازدرا هاوڵاتیان هەلهەلەیان دەکێشا و شانازی خۆیان بە سەرکردایەتی تێگەیشتووانەی دروستکاری سەرکەوتن و ئاستی بەڕێز سەدام حسێن دەربڕی!؟».

دابەشکردنی زەوییەکانی ئەو شارە نوێیەش لە ڕێگەی کارتی تایبەتییەوە بوو، بەپێی بڕیارێک ئەوانەی ئاوارەی ئێران بوون و دواتر گەڕانەوە لەو مافە بێبەش کران، واتە تەنها ئەو خەڵکانەی سنووری هەڵەبجە بۆیان هەبوو لەو پرۆژەیە سوودمەندبن، کە بەر لە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە ناوچەکەیان بەجێهێشتبوو. دواتر بەپێی فەرمانێکی سەدام حسێن ناوی قەزاکە لە برایەتی وەرگیرایەوە و شارە نوێیەکە کرا بە ناوەندی قەزا و ناونرا (صدامیة حلبجة). ئەوەش نموونەیەکی باڵای گاڵتەجاڕیی و سوکایەتیکردنی بەعس بوو بە هەست و نەستی خەڵکی هەڵەبجە، لەوەش زیاتر ڕۆژی کردنەوەی شارە نوێیەکە، دەکەوتە کۆتایی مانگی نیسانی ١٩٨٩وە کە هاوکات بوو لەگەڵ یادی لەدایکبوونی سەدام حسێن، ئاهەنگی کردنەوەکەشی بە ئامادەبوونی عیزەت دووری و لە ڕێوشوێنێکی سەربازی توندوتۆڵدا بەڕێوەچوو. لە ٢٤ی ئابی هەمان ساڵیشدا حکومەتی عێراق بڕیاریدا بە گێڕانەوەی فەرمانبەرانی هەڵەبجە بۆ سەر کارەکانیان.

بەوشێوەیە خەڵکی هەڵەبجە و دەوروبەری کران بە ئاردی ناو دڕک و، لە زێدی ڕەسەنی خۆیان هەڵکەندران و ئاوارەی وڵاتان و شاران کران، ئاوارەکان لەنێو ئۆردوگاکانی پارێزگای هەولێر و سلێمانی و بەشێکیشیان لە ئێران مانەوە، هەتا پاش ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ بواری گەڕانەوەیان پێ نەدرا، لەوە بەدوا خەڵکی هەڵەبجە و تەواوی گوندو ناحیەکانی سەر بەو قەزایە دەستیانکرد بەگەڕانەوە بۆ ناوچەکە و سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەی.

## باسی سێیەم:
## ئاماری قوربانیانی هەڵەبجە:

### یەکەم/ ئاماری مردووان و بریندارانی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە:

لە سەرەتادا بەهۆی زۆری ژمارەی قوربانیان و کتوپڕیی کارەساتەکەوە، نەدەتوانرا ئامارێکی دروستی قوربانیان بزانرێت، بۆیە لایەنە کوردستانییەکان دوای ڕاوێژ و گفتوگۆیەکی خێرا لە ڕۆژی ٣/١٧دا ژمارەی کوژراوەکانیان بە (٥)هەزار و بریندارەکانیشیان بە (١٠)هەزار کەس لەقەڵەمدا و ئامارەکەش درا بە ڕاگەیاندنەکانی ناوخۆ و دەرەوە. واتە ئەو ئامارەی، کە دراوە بە ڕاگەیاندنەکان لە ڕۆژی دووەمی کارەساتەکەدا بووە، ئەوە لەکاتێکدا لە ڕۆژانی دوای ٣/١٦دا بۆردومانەکانی ڕژێم هەر بەردەوامبوون و چەندین کەسیش لە ڕێگاکاندا کوژران و برینداربوون، بەگوێرەی ئامارێکی

(کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە) بەتەنها لەنێو نەخۆشخانەکانی ئێراندا (٧٦٣) کەس بە کاریگەریی چەکی کیمیایی گیانیان لەدەستداوە و هەر لەو وڵاتەش بەخاک سپێردراون.

لەبارەی ئاماری قوربانیانەوە محەمەدی حاجی مەحمود دەڵێت: «لە سەرەتادا کوژراوان بە (٣) هەزار کەس و بریندارانیش بە (٢٠)هەزار کەس مەزەندە دەکران، بەڵام لەو ڕێژەیە (٤) هەزاریان برینیان سەخت بوو، کە ژمارەیەکی زۆریان لە نەخۆشخانە و شار و ئۆردوگاکانی ئێراندا گیانیان لەدەستدا».

ڕێکخراوی (میدڵ ئیست وۆچ)یش ئاماری کوژراوانی بە (٣٢٠٠) کەس و، دەزگای هەواڵگری عێراقیش ڕۆژی ٢٠ی ئازار تێکڕای ئاماری قوربانیانی خەڵکی هەڵەبجە و سوپای پاسداران و پێشمەرگەی بە (٢٥٠٠ )کەس و ڕۆژی ٢٢ی ئازاریش ژمارەی کوژراوانی سوپای پاسدارانی بە (٣) هەزار سەرباز و برینداربوونی ژمارەیەکی زۆر و ژمارەی کوژراوانی خەڵکی سڤیلی هەڵەبجە و ئۆردوگاکان و گوندەکانی دەوروبەری بە (٤) هەزار کەس لەقەڵەمداوە. هەمان دەزگا ڕۆژی ٢٧ی ئازار ئاماری کوژراو و بریندارانی سوپای پاسدارانی بە(١٢٠٠) سەرباز و کوژراون و بریندارانی هەڵەبجەی بە نزیکەی (٢٥٠٠)کەس لە قەڵەمداوە.

محەمەد موقەدەمی فەرماندەی تیپی (ظفر)ی سوپای پاسدارانیش ئاماری قوربانیانی هەڵەبجەی بە (١٥٠٠)کەس لەقەڵەمداوە، بەڵام ئەمە ژمارەی ئەو کەسانەیە کە هێزەکانی ئێران لە ماوەی سێ هەفتەی دوای ڕووداوەکەدا بەشێوەی گۆڕی بە کۆمەڵ بەخاکیان سپاردون.

بەگوێرەی دواین ئاماری کۆمەڵە قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە ژمارەی قوربانیانی هەڵەبجە و دەوروبەری گەیشتووەتە (٣٢١٥) کەس، کە ژمارەیەکیان لەم چەند ساڵەی دواییدا بەکاریگەری ئەو چەکە گیانیان لەدەستداوە، ئەوە سەرباری ئەو سەدان بریندارەی، کە هەتا ئەمڕۆش بە دەم کاریگەرییەکانی ئەو چەکەوە دەناڵێنن و ناوبەناویش لێیان دەمرێت.

لەڕاستیدا تا ئەمڕۆش ئامارێکی زانستی دروست سەبارەت بە قوربانیانی هەڵەبجە لەبەردەستدا نییە و هیچ ناوەند و دەزگایەکی لێکۆڵینەوەی زانیستیش بەو کارە هەڵنەساوە. دیارترین ئەو گومانانەش، کە لەسەر ئەو ئامارانە هەیە دەتوانین لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کورتی بکەینەوە:

١. ئەو ئامارەی، کە لە بەردەستدایە تەنها ئاماری خەڵکی سڤیلی هەڵەبجە و سنوورەکەیە.

٢. لە دوای کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بە سەدان کەس بە کاریگەری ئەو چەکە لە کات و شوێنی جیاجیادا گیانیان لەدەستداوە، بەبێ ئەوەی هەست بکرێت، کە ئەو خەڵکانە بە کاریگەری ئەو چەکانە مردوون.

٣. بەهۆی ئەو جیاوک(امتیاز)انەی، کە شەهیدانی پێشمەرگە و سەنگەر لە ساڵانی ڕابردوودا هەیان بووە، جگە لە کوژراوانی سەر بە لایەنەکان، زۆرکەسی دیکەش مردووەکانیان بە کوژراوی سەنگەر لەقەڵەمداوە، نەک شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە.

٤. ژمارەیەک لەوانەی لە ڕووداوەکەدا تیاچوون، میوانی شارەکانی تر یاخود فەرمانبەربوون لە هەڵەبجە و خەڵکی شار و ناوچەکانی دیکەی کوردستان بوون و زۆربەی ئەو خەڵکانەش لە ناوچەکانی خۆیان ناوی شەهیدەکانیان تۆمارکردووە نەک لە دەزگای شەهیدان و کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجەی تایبەت بەو ڕووداوە.

٥. هەندێک خێزان و بنەماڵە بە تەواوی لەناوچوون و کەسیان لێ بەجێنەماوە لە پاش خۆیان، بەوهۆیەشەوە ناویان تۆمارنەکراوە، یاخود بەهۆی گرفتی کۆمەڵایەتییەوە نەتوانراوە

ناوی خەڵکانێک، کە لەو ڕووداوەدا تیاچوون تۆماربکرێت.

٦. تائێستاش ڕۆژانە خەڵکانێک بە کاریگەری ئەو گازانە گیان لە دەست دەدەن.

٧. تائێستا ئاماری کوژراوانی سوپای پاسداران و هێزی بەدری سەر بە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی نازانرێت.

٨. ئاماری قوربانیانی ئۆپۆزسیۆن و خەڵکی سڤیلی نەیاری ئێران کە بەهۆی هێرشی سەر هەڵەبجە و کیمیابانکردنی شارەکەوە گیانیان لەدەستدا تێدا نیە.

٩. ئاماری کوژراوانی سەر بە هێزەکانی ڕژێم تا ئێستاش نازانرێت.

١٠. بە دەیان منداڵی ساوا و بچووک لەو ڕووداوەدا ونبوون و تائێستاش هیچ سۆراغێکیان نییە.

سەبارەت بە بریندارەکانیش، ژمارەیەکی زۆریان بەهۆی بەهاناوەچوونی هێزی پێشمەرگە و ئێرانییەکانەوە لە ڕێگەی ئەو چارەسەرە سەرەتاییانەی، کە بۆیان دەکرا لە مردن ڕزگاریان بوو، ئەوانی دیکەیان دەگەیەنرانە نزیکترین نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکانی سەر سنوور لەناو خاکی ئێران تا بارودۆخی تەندرووستیان جێگیربکرێت، بەڵام دواتر لێپرسراوانی ئێران بڕیاریاندا ئەوانەیان کە برینەکانیان سوکە لە نەخۆشخانەکانی سنووری پارێزگاکانی کرماشان و سنە چارەسەر بکرێن و ئەوانەشیان کە برینەکانیان قورسە بگوازرێنەوە بۆ تاران و شارە گەورەکانی دیکەی ئێران، لە سەرەتاشدا نەخۆشخانەکان توانای لەخۆگرتنی ئەو ڕێژە زۆرەی بریندارانیان نەبوو لەبەرئەوە بەشێکی زۆریان لەنێو قوتابخانە، یاریگا، مزگەوت و شوێنە گشتییەکانی تردا چارەسەریان بۆ دەکرا. بەگشتی بریندارەکانی دیکە لە نەخۆشخانەکانی ئێران چارەسەریان بۆ کراو، نزیکەی (٥٤) بریندراری قورسیش بەمەبەستی چارەسەرکردنیان بە هەماهەنگی باڵوێزخانەکانی ئێران ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی وڵاتانی ئەوروپا، ئەمریکا و ئاسیا کران. لەو هەزاران بریندارەش کە لە ئێران و دەرەوەی ئێران چارەسەریان بۆ کرا بەهۆی قورسی برینەکانیانەوە (٧٦٣) کەسیان گیانیان لەدەستدا.

جێی خۆیەتی، کە بڵێین لە کاتی بۆردومانەکەدا هەرکەسێک لەنێو شاری هەڵەبجە و دەوروبەریدا بووبێت بەپێی دوورونزیکی لە جێگای بڵاوبوونەوەی گازەکانەوە زیانی بەرکەوتووە، هەرئەوەش ڕادەی قورسی و سووکی بریندارەکانی دیاری دەکرد. لە بەندی دووەمی پەیماننامەی ١٩٤٨ دەربارەی قەدەغەکردنی جینۆساید هاتووە، مەرج نییە تاوانی جینۆساید، هەر ڕاستەوخۆ کوشتنی بەدەنی ـ فیزیکی بێت، بەڵکو زیانگەیاندن بە لەش و شێواندنی بیری ئەندامانی ئەو کۆمەڵە هەر لە چوارچێوەی تاوانی جینۆسایددان. ڕاستە هەڵەبجە لە کاتی شەڕدا ڕوویداوە، بەڵام بەندی یەکەمی ڕێکەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید ئەوە دەسەلمێنێت، کە جینۆساید چ لەکاتی شەڕ و چ لەکاتی ئاشتیدا ئەنجامبدرێت، بەپێی یاسای نێودەوڵەتی بە یاساغ لەقەڵەمدەدرێت.

پرۆتۆکۆلی جنێفی ساڵی ١٩٢٥یش کە لە ئاکامی قوربانییەکانی گازی ژەهراویدا لە یەکەم جەنگی جیهانیدا هاتەکایەوە بەکارهێنانی ئەم گازەی قەدەغەکرد. لەو مێژووەشەوە هیچ وڵات و حکومەتێک ئەم گازەی بەو بەرفراوانییە بەکارنەهێناوە، بەڵام حکومەتی عێراقی سوودی لەو چەکە وەرگرت بۆ کوشتاری «گەلەکەی» خۆی. لەڕاستیشدا بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عێراقەوە شتێکی نوێ نەبوو، بەڵام ئەوەی، کە نوێ بوو، جیاواز لە هێرشەکانی دیکە، ئەمجارەیان شارێکی گەورەی خۆی کردە ئامانج و، نەدەکرا وەک ڕێوشوێنەکانی پێشووتری ئێران، بە ڕێوشوێنێکی خۆپارێزی دابنرێت. هەرئەوەش وایکرد بۆردومانی

کیمیایی هەڵەبجە وەک سامناکترین تاوانی ئەو قۆناغە مەترسیدارە هەژماربکرێت و ببێت بە سیمبولی جینۆسایدی کوردان، هاوشێوەی سریبرینیکا لە بۆسنە و ئاوشۆڤیتزی کوشتاری جولەکەکان لەلایەن هیتلەرەوە.

**دووەم/ ئاماری ئەنفالکراوانی هەڵەبجە:**

لەگەڵ ئەوەی هەڵەبجە بەشێک نەبوو لە هەڵمەتەکانی ئەنفال، بەڵام دوای کارەساتەکە خەڵکەکەی ڕووبەڕووی هەمان چارەنوسی ناوچە ئەنفالکراوەکانی دیکەی کوردستان کرانەوە، دەریشکەوت کاریگەریی و لێکەوتەکانی کیمیابارانی هەڵەبجە هیچی کەمتر نیە لە خودی کارەساتەکە ئەگەر زیاتر نەبێت.

پاش چەند هەفتەیەک لە کیمیابارانی هەڵەبجە زۆر کەس لە خەڵکی شارەکە بەهۆکاری جیاجیا و بەشێوازی جۆراوجۆر و بە دزییەوە دەگەڕانەوە نێو خاکی عێراق، هەشیان بوو ئاگاداری ئەوە نەبوو کە سوپای پاسداران لە ناوچەکە پاشەکشەی کردووە دەگەڕانەوە بۆ ناوچەکە، بەڵام هەر بە گەشتنەوەیان دەست بەجێ لەلایەن هێزەکانی ڕژێمەوە دەستگیردەکران و دواتر ڕەوانەی ئەمنی سلێمانی دەکران، پاش لێکۆڵینەوە لە هۆکاری چوونەکەیان بۆ ناو خاکی ئێران کە نەدەبوو بە هیچ شێوەیەک باسی کیمیابارانی شارەکە بکەن، ڕەوانەی تۆپزاوای کەرکوک و لەوێشەوە نوگرەسەلمان دەکران، هەشیان ڕاستەوخۆ بۆ نوگرەسەلمان دەبرا.

جیا لەوەش بەهەمان لۆجیکی ئەنفال، ئەو گوندنشینانەی سنووری هەڵەبجە، کە پاش کیمیابارانەکە گەڕانەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان یاخود هەر نەچووبوونە خاکی ئێرانەوە و لە ناوچە قەدەغەکراوەکاندا مابوونەوە بەتایبەتی لە گوندەکانی (مۆردین، سازان، عەبابەیلێ، هاوار، تەوێڵە) پاش گەڕانەوەی سوپای عێراق بۆ ناوچەکە سەرجەمیان ئەنفالکران، بەنمونە (٦)خێزانی کاکەیی و نزیکەی (٢٠) خێزانی گوندی تەوێڵە، بەو دەردە بران.

ئاوارەکانی کوردستان مۆڵەتی تا کاتژمێر شەشی ئێوارەی ڕۆژی ١٠/٩یان پێدرابوو بۆ گەڕانەوە، لەو کات و بەروارە بەدواوە کاری لیژنەکانی پێشوازیکردن کۆتاییان پێ دەهات، هەرکەسێک دوای بەسەرچوونی ماوەی لێبوردنەکە گەڕایەوە بەهەمان شێوەی ئەوانەی کە پێش لێبوردنەکە گەڕانەوە ئەنفالکران، ئەو ئاوارە هەڵەبجەییانەی کە لە دوای تەواوبوونی کاتی لێبوردنە گشتییەکە گەڕانەوە، بەهەمان شێوەی ئاوارەکانی دیکەی کوردستان ئەنفالکران. بەدەیان خێزان هەتا ئەمڕۆش چارەنووسیان بەنادیاری ماوەتەوە کە زۆرتر پێ دەچێت ڕووبەڕووی هەمان چارەنووسی ئەنفالکراوانی ناوچەکانی دیکەی کوردستان کرابنەوە.

بەپێی ئامارێک (١٥١٢)کەس بەوشێوەیە ئەنفالکران. لەو ڕێژەیە (١١٥٢)کەسیان لە نوگرەسەلمان و (٣٦٠)یان لە تۆپزاوا بوون، لە ماوەی مانەوەشیاندا (٤١) کەسیان لە نوگرەسەلمان بەهۆی: ئاوی پیس، سکچوون و ڕشانەوە، برسێتی، گەرمای زۆر و ئەشکەنجە) گیانیان لەدەستداوە. بەگشتی ڕێژەی قوربانیانی ئەنفالی هەڵەبجە زۆر لەوە زیاترە و بە وتەی سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە تێکڕای قوربانیانی ئەو حاڵەتە نزیکەی (١٥١)کەسە.

دوای لێبوردنە گشتییەکەی حکومەتی عێراق، زیندانییەکانی نوگرەسەلمان سەرەتا برانە نەخۆشخانەی شاری سەماوە و بۆماوەی هەفتەیەک چارەسەریان بۆ کرا، دوای گەڕاندنەوەیان بەشێکیان برانە (گواری )یەکەی سلێمانی و بەشێکیشیان برانە لای لیژنەی گەڕاوەکان لە عەربەت، هەندێک لە مانە ناچارکران کە برۆن بۆ ئۆردوگاکانی گردەچاڵ و بەرحوشتر، بەڵام هەندێکی تریان

ڕەوانەی ئۆردوگای بازیان دەکران، هەندێکیشیان هەر لەوێدا ئازاد دەکران و سەرپشک دەکران لە کوێ نیشتەجێ دەبن.

ئەنفالکراوەکان هەریەکەیان یاخود هەر چەند خێزانێکیان لە کات و شوێنێکی جیاوازدا گیران و ئەنفالکران بۆیە ماوەی زیندانیشیان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە خێزانێکەوە بۆ خێزانێکی تر جیاواز بوو، هەروەک چۆن شوێنی زیندانیکردنیشیان جیاواز بوو، تەنانەت لەکاتی ئازادکردنیشیاندا هەموویان بەیەکەوە ئازاد نەکران، بەڵکو هەر جارەی چەند سەد کەسێکیان لێ ئازاد دەکردن. لەکاتی ئازادکردنیشیاندا زیندانییەکان ترسی گوللەباران کردن و زیندەبەچاڵکردن یاخود گواستنەوەیان بۆ زیندانێکی خراپتر لە زیندانەکانی خۆیان هەبوو، هەر لەبەرئەوەش بوو لە سەرەتادا بە ترسەوە ناوەکانیان تۆماردەکرد کە بەمەبەست لێی ئازادکردن و گواستنەوەیان بوو بۆ شوێنی ئازادکردنیان.

## سێیەم:
## ئاماری مناڵە ونبووەکانی هەڵەبجە:

یەکێکی تر لە گرفتە گەورەکانی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بریتییە لە بابەتی مناڵە ونبووەکانی ئەو شارە، لەکاتی کیمیابارانی شارەکە و دواتر ئاوارەبوونی خەڵکی هەڵەبجە بۆ ئێران بە دەیان و سەدان منداڵ لە خێزانەکانیان دابڕان، شێواز و جۆرەکانی ونبوونی مناڵەکانیش زۆر و جۆراوجۆرن، ژمارەیەکی زۆر لەو منداڵانە هەر لەنێو هەڵەبجەدا لەدایک و باوکیان دابڕان و کەسوکارەکەشیان بەهۆی گەورەیی کارەساتەکە و ترس لە مردنی خۆشیان نەیانتوانیوە لەوکات و ساتانەدا سۆراغی مناڵە ونبووەکانیان بکەن، بەشێکیشیان بەهۆی بەرکەوتنیان بەچەکی کیمیایی هەر لە شارەکەدا گیانیان لەدەستداوە، زیند و یاخود بریندارەکانیشیان لەلایەن خەڵکانی دیکەوە یاخود لەلایەن سوپای پاسدارانەوە ڕەوانەی ئێران کراون، چونکە لە ڕۆژی دووەمەوە بەشێک لە هێزەکانی سوپای پاسداران بە پێی فەرمانێک کە لە سەروو خۆیانەوە بڕیاری لەسەر درابوو دەستیان کرد بە خاڵی کردنی شارەکە لە خەڵکی. هەروەک بەشێک لەو منداڵە ونبووانە لەگەڵ ئەوەی لەگەڵ خێزانەکانیاندا چوونەتە خاکی ئێرانەوە، بەڵام هەندێکیان لە نەخۆشخانەکان و هەندێکیان لە ئۆردوگا و شارەکانی ئێران بەهۆی خەستی برینی دایک و باوکیان یاخود خراپی ڕەوشی ئاوارەکان لە ڕۆژنی سەرەتادا لە دایک و باوکیان دابڕان و ونبوون.

هەموو ئەو منداڵانە ڕەوانەی ئۆردوگاکانی ئێران و نەخۆشخانە و فەرمانگەکانی بێسەرپەرشتانی شارەکانی ئێران کران، ئەم منداڵانە دواتر لەلایەن تیمە جیاوازەکانی سوپای پاسداران و فەرمانگەی بێسەرپەرشتانی ئێرانەوە بە مەبەستی دۆزینەوەی کەسوکارەکانیان بە ئۆتۆمبیل بەنێو هەموو ئەو شوێنانەی کە ئاوارەکانی هەڵەبجەی لێ نیشتەجێ کرابوو دەگەڕێنران، بەڵام بەهۆی:

١- گەورەیی کارەساتەکە و شپرزەبوونی ئاوارەکان.

٢- زۆری ژمارەی منداڵە ونبووەکان.

٣- بڵاوبوونەوەی ئاوارەکان بەناو شار و ئۆردوگاکانی ئێران، ئاسان نەبوو تەواوی ئەو منداڵە ونبووانە بە کەسوکارەکانیان شادببنەوە، ئەگەرچی لەو پرۆسەیەدا ژمارەیەکی زۆر منداڵ بە خێزانەکانیان ئاشنابوونەوە.

لەڕاستیدا ئەوە هەر منداڵەکان نەبوون کە دابڕابوون لە خێزانەکانیان، بەڵکو گەورەکانیش لە یەک دابڕابوون، بەشێوەیەک هەر ئەندامێکی خێزانێک کەوتبووە شوێنێکەوە، بەنمونە دایک و

باوکی هەبوون خۆیان ڕەوانەی کرمان کرابوون، بەڵام منداڵەکانیان بە شارو ئۆردوگاکانی پارێزگای کرماشاندا بڵاوببوونەوە، دواتر و وردەوردە لەگەڵ ئاسایی بوونەوەی ڕەوشەکەدا ئەو خەڵکانە کەوتنە سۆراغکردنی یەکتر و ئاشنابوونەوە بەیەکتر.

گومانی خێزانی مناڵە ونبووەکان لێرەوە دەست پێدەکات، لەبەرئەوەی زۆربەی زۆری مردووانی هەڵەبجە لەلایەن کەسوکارەکانیانەوە ئەسپەردە نەکراون، بەڵکو لەلایەن تیمە تایبەتییەکانی سوپای پاسداران و هێزی حیزب و لایەنە کوردستانییەکان و خەڵکی ئاسایی بە تاک و بە کۆمەڵ نێژراون، لەبەرئەوە ئەو خێزانانە منداڵەکانیان بە مردوویی نەبینیوە تا دڵنیا بن لە مردنیان، بەشێکیش لەو منداڵانە لە ئێران ونبوون یان بە بریندارى براونەتە ئێران و بەرلەوەی کە کەسوکارەکانیان بیاندۆزنەوە بەهۆی کاریگەری برینەکانیانەوە گیانیان لەدەستداوە، لەبەرئەوە خێزانی ئەو منداڵە ونبووانە تا ئێستاش بە گومانن لە مردوویی یاخود زیندوێتی مناڵەکانیان.

بەپێی ئاماری کۆمەڵەی کیمیابارانی هەڵەبجە تائێستا (١١٩) منداڵی ونبوو لەلای ئەوان ناوی تۆمارکراوە، تەمەنی ئەو منداڵە ونبووانەش لە یەک شەوەوە دەستپێ دەکات هەتا (١٨) ساڵ، بەڵام زۆربەیان تەمەنیان لە نێوان یەک شەوە هەتا(٧بۆ٨) ساڵی دایە، هەموو ئەو منداڵانەش پێشووتر ناویان لە لیستی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجەدا تۆمارکراوە، لەو ڕێژەیە دوای سۆراخکردنیان و ڕاگەیاندنی ئەنجامی پشکنینە پزیشکییەکان (DNA و (٨)منداڵیان دۆزراونەتەوە، یەکەمین دۆزراوە بریتی بوو لە (زمناکۆ/عەلی)، دوانی کۆتاییان (ئالان، چیا) لە ٢٠١٦/٣/١٦ دا ناسنامەکانیان ئاشکرا کرا.

لە ئێستادا (١١٩)منداڵ لەلایەن (٧٤) خێزانەوە داواکراون، هەرچۆنێک بێت ئەم ئامارە ئاماری کۆتایی نییە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەم ڕێژەیە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بەتایبەتی لە دوای دۆزینەوەی (زمانکۆ/عەلی) خاوەن منداڵە ونبووەکان ئومێدی لە ژیاندامان و زیندووبوونی منداڵەکانیان لەلا دروستبووە، بۆیە لەگەڵ دۆزینەوەی هەر منداڵێکی ونبوودا ژمارەیەکی دیکەی خاوەن منداڵی ونبوو پەیوەندی بە لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئەو دۆسیەوە دەکەن بەمەستی ئەنجامدانی پشکنینی (DNA) بۆیان تا لەو ڕێگەیەوە بە منداڵەکانیان شادببنەوە.

پێویستە بڵێین هەموو ئەو منداڵانە لە ئێران نین، ڕاستە ئاوارەکانی هەڵەبجە ڕوویان لە ئێران کردووە و منداڵەکانیش هەر بۆ ئەو وڵاتە گوازراونەتەوە، بەڵام حکومەتی ئێران پاش چەند ڕۆژێک ژمارەیەکی زۆر بریندارى قورسی لە هەموو تەمەنە جیاوازەکان ڕەوانەی وڵاتانی جیهان بەتایبەتی وڵاتانی ئەوروپا کرد، گومان دەکرێت هەندێک لەو منداڵانە نەگەڕێنرابنەوە ئێران و هەر لەو وڵاتانە مابنەوە، هەر بەپێی زانیارییەکان لەکاتی پرۆسەی گرتنی هەڵەبجە و پاشەکشەی سوپای عێراقدا چەند مناڵێکی دیکەی هەڵەبجە و سنوورەکە ئاوارەی شارەکانی دیکەی کوردستان بووبن و تائێستاش چارەنووسیان نادیارە.



# دەروونناسیی سۆفیزم و ڕەهەندەکانی کەشف


**ماری شیمیل، خانمە فەیلەسوفی ئەڵمانی**

و. زانا ناجی عبدالله، مامۆستای زانکۆ و ماستەر لە فەلسەفەی ئایینەکان، خاوەنی ٨ کتێبی چاپکراو.

پێگەی مرۆڤ لە ئیسلامداو بەتایبەت لەکن زانایانی رۆژئاوا جێگەی گەنگەشەو مشتومڕە، هەندێک دەڵێن مرۆ تەنها بەندەیەکی ملکەچی خودایەو کەمترین بەهاشی لەهەمبەر هەژموونی رەهای خودادا نییە. بە بۆچوونی ئەو زانایانە، چەمکی مەزهەبی مرۆڤایەتی کە ژیاری ئەوروپایی شانازیی پێوەدەکەن، لەکن بیرمەندانی ئیسلام بەزاراوەیەکی نادیار لەقەڵەم دەدرێ. هەندێکی دی پێیان وایە کە گەشەسەندنی ئەم دوایییەی سۆفیگەری بەجۆرێک لەجۆرەکان لەبیری لایەنگەراییدا خۆی مەڵاسداوە، چونکم کەسایەتی مرۆڤ وەها فوویتێکراوە کە خۆی وەک خوایەکی بچووککراوە دێتەبەرچاو و وێنە کامڵەکەی لەودا رەنگیداوەتەوە، ئەو ئایدیایەشی کە بڕوای بە کامڵبوونی مرۆ هەیە، لەکن هەندێ لە رۆژهەڵاتناسان وایە کە بە مەترسییەکی گەورە بۆ زانستی وەچەخستنەوە لە ئیسلامدا دادەنرێت. مەترسییەکەشی هیچ کەمتر نییە لەمەترسی بەسوک تەماشاکردنی مرۆڤ بۆ ئەو ووتەیەی کە دەڵێت مرۆڤ بەندەی خودایە. بێگومان ئاسان نییە خۆبخزێنینە باسی مرۆڤناسیو ئەنترۆپۆلۆجیا لەفیکری ئیسلامیدا کەوەک خودی ئیسلام پەلو پۆی زۆری لێدەبێتەوە، وەک چۆن جیاوازییەکی زۆریش لەنێوان سۆفیانی پێشینەو پاشینە هەیە، بۆیە تەنها دەتوانین ئاماژە بەهەندێ لایەنی مرۆ بدەین ئەمە بەبێ ئەوەی خۆ لەسەرەتای درووستبوونی مرۆڤیش بدزینەوە. بێگومان وەک خوداش لەقورئاندا باسی کردووە کە مرۆ بەدەستی خۆی چێکراوە، ئەو فیکرەیەش بەچەشنێکی چێژبەخش لە فەرمایشتێکی پەیامبەرەوە (درودی خوای لەسەر بێت) هاتووە، بەوەی خودا ژیان بەبەری ئادەمدا(سەلامی خوای لەسەر بێت) کردووە بۆ ماوەی چل رۆژی رەبەقو بەقووڕ شێلاویەتی، ئەمەش ئەوەدەگەیەنێ کە ئادەم (سەلامی خوای لەسەر بێت) بۆ ماوەی چلساڵ لەژێر کاریگەری خودای مەزندا بووە وەک بەقلیش هەمان ڕیوایەتی راڤەکردووەو دەڵێت:»شێوەی ئادەم چەشنی ئاوێنەی دوو خانووە، هەرچی تێدا دابنرێ هەر وێنەی خودا دەداتەوە، [هاکا وامان کرد ئەوانەی لە ئاسۆکانی زەمینو عاسماندان لەخۆشیاندا نیشانەو گەواهییەکانمان ببینن] مەبەست لە سیستەمی ئەفراندن ڕێزگرتنی مرۆڤە، چونکم سەرجەمی بەرهەمی خودا کامڵە، ئەو لە رۆحی خودادا دەژییو چەشنی ئاوێنەی رەنگدەرەوەی سیفاتەکانی خودای مەزنە، لە فەرموودەشدا هاتووە کە خودا ئادەمی لەسەر شێوەی خۆ ئەفراندووە. هاوکات ئادەم (سەلامی خوای لەسەر بێت) وەک نمونەی کەماڵی خودا لێی دەڕوانرێو دارای زانستێکی تایبەتە کە خودا پێیبەخشیوە، بێگومان زانینی نێوی هەر شتێک واتە توانستی سەرکردایەتی کردنی ئەو شتە، بۆیە ئادەم (سەلامی خوای لەسەر بێت) بەهۆی زانینی نێوی سەرجەم شتەکان بووە بە گەورەو مەزنی تێکرای بوونەوەران [وعلم ادم الاسماء کلها] ئەم گوزارشتە سادەیەی قورئان چەندەها شەرحی لێبەرهەم دێتو دەرخەری ئەو راستیەیە کە خودا سەرجەمی ناوە جوانەکانی فێرکردووەو تێکڕاشی رەنگیداوەتەوە لەسەر بوونەوەران. ئیدی ئادەم (سەلامی خوای لەسەر بێت) بوو بە ئەمیری زانستی ناوەکان، وەک مەولانا لەپەسنێکی جواندا دەڵێت: خودا بەهۆی خۆتەوە ناوەکانی فێرکردیت. خودا ئادەمی کرد بەجێنشینی خۆییو فەرمانی بە فریشتەکانیشدا کڕنووشی ڕێزی بۆ بەرن، چونکم مرۆ لە پەری مەزنترە. چونکە ئەوان دارای زانینی ناوەکان نین، لێ تەنها بیستنو فەرمانبەرداریان پێبەخشراوە، لێ مۆر با دووچاری کۆژانیش ببێتەوە بەڵام هەر سەرپشکو ئیختیاری بەدەستەو ئیختیارەکەشی قەدەر سنوورداری کردووە. ئەو هەڵگری راسپاردەیەکە کە ئاسمانو ڕێسمان لەئەستۆی نەگرت. ئەو راسپاردەیش چەندەها رووی جیاوازی لەخۆ گرتووە کە ئەویش بە بەرپرسیاریی، سەرپشککردن، خۆشەویستی، یان هێزی کەسێت ڕاڤەدەکرێت. وەلێ سەرباری

ئەو پێگەیەی مرۆ هەیەتی، ئەوا موتەسەویفەکان هەمیشەو پێش وجودیش سۆزیان بۆ وەتەنی رەسەن‌و پێگەی پربایەخی خۆیان هەبووە:

**ئێمە لەعاسمــانان بوویــن**
**لەوێ هاوەڵی چۆڵەوان بووین**
**ئەدی کەینگێ بۆ کنە وان دەگەڕێینەوە؟!**

یادی رۆژانی بەهەشت هەردەم لەدۆڵی خەماندا بووە بە هاودەمیان و، هەر ئەویشە لە دونیای فانییەوە بۆ نیشتمانی نەمریان دەبات.

بەکتاشی شاعیر پێی وایە بوونەوەر مرۆ بە ئامانجی خۆ دەگەیەنێ:

**ئەم گەردوونە درەختێکە**
**مرۆ بەرەکەیەتی**
**مەبەست (الغایە) هەر بەرە**
**ئیدی لەمەبەدوا بیر لەدرەختەکە مەکەوە**

ریوایەتێک هەیە لەم دواییەیانەدا بەردیدە کەوتووەو، چەشنی فەرموودەش لەقەڵەم دەدرێ، کە گوایە خودا فەرموویەتی: «من گەنجینەیەکی شاراوە بووم، پێم خۆش بوو بناسرێم، بۆیە جیهانم ئەفراند».* خودا لە تاکو تەنهایی جاویدانیدا ویستی بناسرێ، بۆیە بوونەوەری درووست کردو، مرۆشی وەک بەڵاترین مەشخەڵی توانستی خۆی نومایانکرد، لەفەرموودەی پیرۆزیشدا هاتووە: «خودا لەبەر مرۆڤ بوونەوەریشی ئەفراندووە».

قورئان پێگەی مرۆڤی بەرزنرخاندووەو، ئەهلی تەسووفیش ڕۆچوون لە دەرخستن‌و کەشفکردنی لایەنە جیاجیاکانی مرۆڤ. بۆیە توانستی خوداش چەشنی نمونەیەکی زیندوو لە مرۆڤدا نما بووە، چونکم مرۆڤ وەک رۆمی دەڵێت: «ئوستورلابی سیفاتی خودایە». سۆفی بۆ چەسپاندنی پێگەی بەرزی مرۆڤ، چەندەها رێگای هەمەچەشنی گرتۆتە بەر، لەو ئایەتانەش کەزۆر دڵگیرن بەلایانەوە، ئایەی: [سنریهم ایاتنا فی الافاق وفی أنفسهم ..]ە** وەهاش لەم ئایەتە دەگەن، وەک ئەوەی فەرمانی خودا بێ‌و، لە دڵەکانیان بروانێ‌و کانیاوی سازگاری تێدا وەدی کەن‌و بەدڵداری خۆیان کە خودایە شاد بن، کە لەرەگی بنکڵێشە زێتر لە مرۆوە نزیکترە.***

لەوەیە لەسۆنگەی ئەم ئایەتەوە ئەو فەرموودەیەش سەرچاوەی گرتبێ: «هەچ کەس خۆی ناسی، ئەوە خودای ناسیوە». زۆرێک لە تیۆرسازانی تەسەوف پشتیان بەو ریوایەتە بەستووە، چونکێکم هەرگا مرۆڤ خۆی ناسی، ئەوا مەعریفەی بەسەرجەم ئەو شتانەی کە لە وجوددا هەیە دەبێت‌و، خۆیشی لە میوانی ئەو رۆحە عەزیزەدا نومایان دەکات، کە نیشتمانی بەیەک شادبوونی نێوان ئەو شتەیە، کە هەم ئینسانییەو هەمیش ئیلاهیی، بەڵام قسەکردن لەبارەیەوە چەندین راڤەی جیاواز هەڵدەگرێ. نیانترینی گوزارشتی رەوانبێژییانە لەم بارەوە، چیرۆکی ئەو بەندە خۆشەویستەی سولتان موحەممەدی غەزنەوییە بەنێوی (ئایار)، کە مەولانا هێناویەتی‌و باسی لێوە دەکات، گوایە هەموو بەیانییەک پێش ئەوەی سولتان مەحمود بیکات بە خزمەتکاری خۆی، تەماشای پێڵاو و پۆشاکە دراوەکانی خۆی دەکرد، مەولاناش لێرەوە باس لەوەدەکات کە: «ئایار، هەردەم دەیویست حاڵ‌و گوزەرانی خۆی وەبیر بێنێتەوە، تا قەدری ئەو نیعمەتە بزانێ کە گەورەکەی هەیەتی بەسەر یەوە». راستە وەک ئەوەی مەولانا باسی کردووە، پێویستە مرۆڤیش لەبەردەم خودا هەمان چەشن بێ‌و، لاوازیی بێتەوانایی خۆی بنوێنێ. بۆیە زۆرێک لە سۆفییەکان وەها لەم قسە دەروانن، وەک ئەوەی پوختەی سەرجەم بنەماو شارەزاییەکانی تەسەوف بێ، کە مرۆڤ بەخودی خۆی ئاشنا دەکات، بۆیە عەتتاریش لە (مصیبت نامە)دا زۆر جوان وەصفی ئەو شوێنەی دەریای رۆح دەکات کە بابای پاڵەوان خۆی تێدا دەبینێتەوە.

ریوایەتێکی خۆشیش دەربارەی سۆفیەکان هەیەو ئەوەمان بۆ روندەکاتەوە، کە چۆن خودا لەدڵی دڵدارەکانیدا خۆی قەرارگرتووە، دەفەرموێت: «ئاسمان‌و رێسمان نەیانتوانی من بگرنەخۆ، وەلێ، دڵی بەندە بڕوادارەکان منیان لەخۆگرت». بێگومان



**زانینی نێوی هەر شتێك واتە توانستی سەرکردایەتی کردنی ئەو شتە، بۆیە ئادەم (سەلامی خوای لەسەر بێت) بەهۆی زانینی نێوی سەرجەم شتەکان بووە بە گەورەو مەزنی تێکرای بوونەوەران.**

دڵ نیشتمانی زاتی خودایە، یان ئەو باڵانوارەیە کە خودا زاتی خۆی تێدا نمایشدەکات، بەڵام دەبێ ئەو ئاوێنەیە بەهۆی زوهدو خودا پەرستییەوە، بریسکەی لێنەبڕێت تاوەک خۆڵو ژنگی پێوە نامێنێ، بۆ ئەوەی ئامادە ساز بێو، نووری خۆی تێیدا ڕەنگبداتەوە. وێنەیەکی دی ئەم تەریقەتە، شکانە، کە دەریدەخات مرۆڤ چۆن خۆی بۆ چرکەساتی دواهەمین وەجد ئامادە دەکات، لێرەدا فەرموودەیەکی قودسی هەیە: «من لەتەک ئەو کەسانەم کەلە پێناو مندا دڵیان شکاوە». بابەتی تێکشکان لەپێناو بونیادنان، بەتەواوی لەگەڵ پرۆسەی زوهدا وەک قۆناغی خۆسازکردن بۆ حاڵەتێکی مەزنتر، دێتەوە. ئەو ڕایەی شێخ جونەیدی بەغدادی کە سەلماندنی زاتی خودا لەڕێگەی عەدەمەوە باشترە، تا سەلماندن لە ڕێگەی وجودەوە، وای لە ماسینۆن کرد، بگات بەوەی کە بەشێوەیەکی گشتی عەقیدەی ئیسلامی مەیلی بۆ ئەوەیە کە (سەلماندنی زاتی خودا لەڕێگەی ڕوخانەوە زیاترە، تا بونیادنان). دەروون، جەستە، دڵ، سەرجەمی شتەکان، پێویستە تێکشکێنو تارومار بن، تا خودا ماڵۆچکەیەکی نوێی بۆ چێبکاتەوە، لەبەر ئەوەی ماڵە رووخاوەکە دارای چەندەها گەنجینەی پربایەخن، ئەو گەنجینانەش تاوەکو دیوارەکەی نەروخێندرێ، دەرنایەت، وەک لەچیرۆکی خدری زیندە لە سورەتی کەهفدا، روونکراوەتەوە.

**لەهەرکوێ کەلاوەیەک هەبووبێ**
**هومێدی گەنجینەش هەیە**
**ئیتر لۆ بەدوی ئەو گەنجینە ناگەڕێی**
**کەلە دڵە چۆڵەکاندایە**

عەتتار زیاد لەیەک شوێندا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە شکان وەسیلەیە بۆ گشتن بە خوداو ئاوێزانبوونی، چونکە تەمەنی ئاشی شکاو زۆرنابا، بۆیە ئەو کەسەی کە یاری ماقڵێن دەکات، هەر خۆشی تێکرای ئەو بووکەشوشانە گەرگەسان دەکا، کە خۆی بەکاری هێناونو، دواتر لە تاقە سندوقەکەی خۆیی دەنێت.

لەهۆنراوەی ئەم ساڵانەی دوایی سۆفیداو، بەتایبەت لە شێوازی هۆنراوەی هیندو-فارسی سەدەی حەڤدەهەمدا، دەبینی تێکاری گەورە هۆزانڤانان، بەنەقشبەندییەکان کاریگەر بوونو، لەو دەمەشدا ووشەی (شکست/شکان) خۆشەویسترین گوزارشت بووە بەلایانەوە. لەوانەشە بەکارهێنانی ئەو ووشەیە وک دڵدانەوەی شاعیرەکان بووبێت، لەساتێکدا کە هیندی ئیسلامی تارومارکرابوو، بەهەمان تەور شاعیرانیش ئومێدیان بەوە بوو کە ئەو شکانە ببێتە دەستپێکێکی نوی بۆیان..

مرۆی سۆفی گاهێک لەو دڵە خاڵییەیدا هەست بەتارمایی وەلی دەکاو، گاهێکیش لەژێر هەرەسی گەنجینەی شاراوەدا، گاز دەکاو سەرگەرمی حاڵەو سۆز دەیگرێ، وەک یونس ئیمرە دەڵێ: «ئەوەی هەرگیز نەمدیبوو، لە مرۆڤدا دیتمەوە». ئەو سۆفییە پەرۆشانەی کە بەزاهیر بەم حاڵە دەگەن، لەسەرجەم شتەکاندا هەست بەوەحدەتێکی گشتگیر دەکەنو زۆرجاران ئەو ڕوانگەیەش بەبیری مرۆدا دێ کە سنوور لەنێوان خوداو مرۆدا لەبیرکراوە، هەرچی تیۆرییەکانی ئیبن عەرەبیشە پاڵپشتی ئەمەن. دواتریش ((خودا هەر بەخودایی دەمێنێتەوەو بەندەش بەبەندە))، ئەمەش لەکن



**«. بابەتی تێکشکان لەپێناو بونیادنان، بەتەواوی لەگەڵ پرۆسەی زوهدا وەك قۆناغی خۆسازکردن بۆ حاڵەتێکی مەزنتر، دێتەوە.**

سۆفییە میانرەوەکان هەڵوێستێکی وەرگیراوە.

دەروونناسی سۆفی چەشنی زۆر شتی دیکەیان بەقورئانەوە بەندە. بیرکردنەوەیان دەرهەق بە نەفس –کە پیسترین بنەمای مرۆڤە– لەپێشدا ئاماژەمان پێدابوو. بڵندتر لە نەفس ((دڵ و رۆح))ـە. ئەم دابەشکارییە سیانییە کە بەردی بناغەی ئەو سیستمە ئاڵۆزەیە کەلەدواییدا لەسەری بونیادنرا، لە راڤەکەی جەعفەری سادق بۆ قورئان بەدی دەکەین. کە پێی وایە نەفس خواستێکی ستەمکارانەی هەیەو، هەرچی دڵە خواستی دەستپێوەگر(المقتصد) و، رۆحیش خواستی پێشبڕکێ: ستەمکار لەبەر نەفسی خودا خۆشدەوێ‌و، دەستپێوەگریش خودای لەبەر خودی خودا خۆشدەوێ، هەرچی پێشبڕکێکارە لێدەگەڕێ تا ویستو ئیرادەی لە ئیرادەی مەزنی خودادا بتوێتەوە. هەریەک لە بایەزیدی بۆستامی‌و تورموزیی‌و جونەیدی بەغدادی پەیرەوی لەم دابەشکارییە سیانەییە دەکەن، هەرچی خەررازیشە لەنێوان دەروون‌و دڵدا رەگەزێکی دی هێناوەو ناوی ناوە تەبع، کەمەبەستی ئەرکە سرووشتیەکانی مرۆیە.

هەمان کات پێشەوا ئەلنوری چوار ئاڕاستەی لە مرۆڤدا دیتۆتەوە کەبەچەشنێکی بلیمەتانە سەرچاوەکەی لەقورئانەوە هەڵێنجاندووەو، ئەمانەن:

- سینە (الصدر) کە پەیوەستە بە ئیسلامەوە.
- دڵ کە شوێنی باوەڕە.
- فوئادیش پەیوەستە بە زانین (المعرفة) وە.****
- کرۆک (اللب)یش پەیوەستە بە یەکتاپەرستییەوە.

لەگەڵ ئەمانەشدا زۆرێ لە سۆفییەکان لەچەندین شوێندا ووشەی نهێنی (السر)یان کەسەرچاوەی وەرگرتنی سروشە، بۆ سەربار کردووە. لەبەراوردکارییەکی نیاندا ئیمام جەعفەر عەقڵی وەک پەردەیەک لەنێوان نەفس‌و دڵدا پۆلێن کردووە، کە لەنێوانیاندا بەرزەخێکی غەیبی هەنە، بەڕادەیەک هەستە چەپەڵە تاریکەکان نابنە مەترسی بەسەر پاکیزەیی دڵەوە. هەموو یەکێ لەم مەڵبەندە رۆحیانە ئەرکی تایبەتی خۆی هەیە، کە عەمری مەککی هەنێ لە ئایدیا سۆفییە پێشووەکانی لە داستانێکی ئایینی نیاندا کورتکردۆتەوەو دەڵێ:

«خودێ، پێشی جەستە بەحەوت هەزار ساڵ دڵانی ئەفراندووەو، لەمەقامی قوربی خۆدا پاراستوونی‌و، پێش دڵان رۆحەکانی بەحەوت هەزار ساڵ ئەفراندووەو، لەمەقامی وەصڵی خۆدا پاراستوونی، دواتر کرۆکی لە رۆحو، رۆحی لەدڵو، دڵیشی لە جەستەدا بەند کردووە، پاشان تاقیکردونەتەوەو پەیامبەرانی ناردووە، ئیدی هەریەکەیان لەدووی مەقامی تایبەتی خۆ گەڕاوە. جەستە بە نوێژە سەرقاڵ بوو، دڵیش گەشت بە ئەوین‌و، رۆحیش لەمەقامی قوربی خودا نزدیک بویەوە. کرۆکیش کە یەکتاپەرستییە لەوەسڵی خودادا لەنگەری گرت.

ئەم رێساو ڕێنمونیانە کە دارای پەیوەندییەکی سادەیە لەدواییدا وای لێهات سۆفییەکانی دی پەیرەوییان لێدەکردو سیستم‌و نیزامیان لێوەردەگرت، بەڕادەیەک هەر ئەزمونێکی رۆحی لەو بوارەدا ئەندامێکی تایبەتی هەبوون‌و پێشوازی لێدەکرد. لەهەمان ئاستدا جۆرە جوداوازەکانی کەشف رێکدەخرا کە بەگوێرەی ئاستی ووشیاری دەدرا بە سۆفی تا بەمەعریفەی خودا شاد بێت،

بەوەی ئایا عەقڵییە یان لەدوننی. بەگوێرەی ئەم زاراوە سادانەش سۆفییە پاشینەکان جۆرەکانی کەشفیان بۆ ئەمانەی خوارەوە بەش کردووە:

ا. کەشفی گەردوونی: کە ئەنجامی کردەوەی چاکەو، پاکیزەبوونی نەفسی چەپەڵە، ئەمەش لە خەون و کەهنۆتی و پێشبینیکردنی داهاتوودا خۆی دەنوێنێ.

ب. کەشفی ئیلاهی: بەری پەرستشی بەردەوامەو، پاکڕاگرتنی بەردەوامی دڵە، کە لەڕێیەوە مەعریفە بەجیهانی رۆحو مەعریفەی دڵ دێنە بەرهەم، مەعریفەیەک کە مەردمی سۆفی توانستی بەسەر دیتنی غەیبو خوێندنەوەی بیرە شاراوەکاندا دەشکێ.

ج- کەشفی عەقڵی: ئەمەیان نزمترین جۆری مەعریفەی نوێیە، کەدەکرێ لەڕێی چاککردنی توانستە ئەخلاقییەکان پەی پێ ببەیت، ئەمەش هەندێ جار دەکرێ فەیلەسوفان پێڕابگەن.

د- کەشفی ئیمانی: بەری ئیمانی کامڵەو، ئەمەش کاتێک دێ، کە مرۆ بێپەردە بە کەلامی ئیلاهی شاد دەبێو، بە کەماڵی پێغەمبەرایەتی دەگات، کەجاری وا هەیە لەگەڵ پەرییەکان دەدوێو، بەرۆحی پێغەمبەران شاد دەبێو، شەوی قەدرو فەڕو بەرەکەتی مانگی رەمەزان لەشێوەی مرۆڤێکاو لەجیهانی میسالدا بەچاوی خۆ دەبینێ.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم دابەشکردنە تایبەتمەندی سۆفییە پاشینەکانە. بەڵام جۆرە جوداوازەکانی سروش بۆ پێوەری عەقڵ دەستنادەن، چونکم هەرلەدەمی ئەوەڵەوەو بەبێ گەرانەوە بۆ عەقڵ، تێکڕای ئەهلی تەسوف تەسلیمی سەرجەم وارگەی دیاردە غەیبییەکان بوون. ئەوان بەتەواوی جیاوازیان کردووە لەنێوان زانستی لەدوننیو – کە حیکمەتی کن خودایەو بەسۆزی میهری خۆی دەیبەخشێتە عاریفێک- لەنێوان مەعریفەی سادە. ئەوان بەم ئەزموونە چەشکەیان لەچەندەها چاوگو کانیاوی پرتەوی ئەو حیکمەتانە بردووە، کە مرۆی سادە بەهیچ کلۆجێ ناتوانێ لەڕێگەی زانستو بیرکردنەوە کەلامییو فەلسەفییەکان پەیپێ ببات.

## پەراوێزەکان

*- بەم چەشنە لفە ئەسڵەکەدا هاتوو، بەلام عەجلۆنی لە (کشف الخفاو)دا دەڵێت: « من گەنجینەیەکی شاراوە بووم، پێم خۆش بوو بناسرێم، بۆیە بوونەوەرم درووست کرد، بەخۆمم ناساندنو ئەوانیش ناسیمیان». گرووپێک لە بنکولکارانی فەرمووده دەبێژن: (ئەم قسەیە ئەسلاو ئەساسی نییە). وەرگێڕی عەرەبی.


**- دانەر لەوەرگێرانی ئەم ئایەتەدا لەوەدا کەوتۆتە هەڵەوە کە ڕاناوی وونی وەک دیار لێکداوەتەوە، واتە چمیری غایبی وەک مخاگب لێکردووە. و.ع

***- بنکلێشە: رەگی بناگوێ، وەک محوی دەڵێت: هێندە پر فیتنە بوو دونیا کە ئیبلیسێکی وەک ئیبلیس – نەیماوە مەئمەن غەیری بنکلێشەو کەلکەلەی مەخلووق. وەرگێڕی کوردی

****- النجم ١١. دەڵێن بۆیە لەم وارگەدا بە دڵ دەگوترێت فؤاد، چونکە جێی سوتانو بلێسەدانە. و.ک

## سەرچاوەکان:
## عەرەبیو فارسی و ئینگلیزییو ئەڵمانی


١. شرح شطحيات: ٥٤٥.
٢. المثنوی، الرومی، ١: ١٢٣٤
٣. كشف المحجوب: الهوجويری، ٢٣٩
٤. الرومی: ديوان كبير ٤٦٣.
٥. مصيبت نامه: عگار، ١٤٩
٦. أشترنامه: عگار، ١٣٧
٧. ديوان يونس إمره: ٧٩
8. Bergi: The bektashi, 118
9. corbin: Imagination creatrice et priere creatrice le soufisme dIbn Arabi (1956), S. 93
10. Mystical Dimensions of Islam: Nwyia, S. 17, 240–42, 321
11. M. Smith; Reading, Nr. 29



# گرنگی
# پلاندانانی زمانەوانی
# بۆ ئێستای کوردستان

د.فازل حەمە سەعید
زانکۆی سۆران

چەمکی پلاندانانی زمانەوانی (التخطیط اللغوي، Language planning) لە ساڵی ١٩٥٩ لەسەر دەستی (Einar Haugen)ی نەرویجی دەرکەوتوە(١).ناوەڕۆکی ئەم چەمکە بریتییە لە دەستنیشانکردنی کێشەکان و دیاریکردنی ئامانجەکان و گرتنەبەری ڕێگەچارە پێویستەکان بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە. ئەمەش بە مەبەستی پاراستنی پێگەی زمانێک یان چەند زمانێکی دیاریکراو.

پاش ئەوەی بۆ ماوەی چوار سەدە زمانی نەرویجی لە ژێر هەیمەنەی زمانی دانمارکیدا بوو، پێویستی بە پاکسازی و سەرلەنوێ بنیاتنانەوە هەبوو. بۆیە ئینار ئۆجن کێشەکانی زمانی نەرویجی تاوتوێ کرد و هەوڵیدا لەڕێی چارەسەرکردنیانەوە ناسنامەی وڵات بنیات بنێتەوە. چونکە لە ڕاستیدا پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان زمان و نەتەوەگەریدا هەیە، زمان بەشێکی گرنگی ناسنامەی وڵات و نەتەوە پێک ئەهێنێت.

هەموو ئەو وڵاتانەی لەژێر هەیمەنەی داگیرکاریدا (colonialism) بوون، پاش بەدەست هێنانی سەربەخۆیی هەمان ڕێچکەیان گرتەبەر. هەمووان هەوڵیاندا گرۆتینێک بە زمانەکانیان ببەخشنەوە و تەپ و تۆزی زمانە بێگانەکانیان لەسەر بتەکێنن. بەتایبەتی وڵاتانی ئەفریقی، هەرچەندە هەندێکیان تا ئێستاش نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی تەواو پێگەی زمانەکانیان بپارێزن و هێشتا زمانە بێگانەکان شانبەشانیان هەنگاو ئەبرن. لەبەر ئەوەی هێشتا ئەوانیش لەپاڵ زمانە نەتەوەییەکاندا زمانی فەرمی وڵاتن، بگرە لە هەندێک بواریشدا کێبڕکێی زمانە نەتەوەییەکان ئەکەن و تەنگیان پێ هەڵئەچنن، وەک کێبڕکێی زمانی فەرەنسی لەگەڵ زۆرێک لەزمانە نەتەوەییە ئەفریقیەکاندا.

ئەگەر سەیری بارودۆخی زمانی کوردی بکەین لە باشوری کوردستان، ئەبینین تا ساڵی ١٩٩١ لەژێر چەپۆکی زمانی عەرەبیدا بووە و نەیتوانیوە بەشێوەیەکی ئاسایی و سروشتی گەشە و نەش و نما بکات. سەرنجدانێکی خێرای نووسینە کۆنەکان، بە ئاشکرا بۆمان دەرئەخات کە وشە و دەستەواژە عەرەبیەکان وەک گیاکەڵە لێیان داوە و نوزەیان لێ بریوە.. لەدوای ئەو مێژووەشەوە دیسان نەیتوانیوە سەرپێ بکەوێتەوە، چونکە لەلایەک وەک پێویست بژار نەکراوە، لەلایەکی تریشەوە ئەوانەی ویستویانە بژاری بکەن، هەرچەندە وشەی عەرەبیان لێ چنیوە، بەڵام ئاخاندویانە بە وشەی ئینگلیزی و وشەی تری بێگانە. چونکە پاڵنەرەکەیان هێندەی دژایەتی عەرەبی بووە، هێندە خەمخۆری کوردی نەبوە، هێندەی سۆز بووە هێندە زانستی نەبوە، واتە کارێکی بێ پلان بووە، بۆیە سەرەنجام بەرهەمێکی دڵخۆشکەری نەبووە.

زۆر جاریش بەشێک لە نووسەران و ڕۆشنبیران بە ئەنقەست نووسینەکانیان پڕ ئەکەن لە وشە و دەستەواژەی بێگانە، بۆ ئەوەی بە خوێنەری نیشان بدەن کە ئاستی ڕۆشنبیریان بەرزە. لە ڕاستیدا هیچ کاتێک وشەی بیگانە نابێتە پێوەری ئاست و توانای ڕۆشنبیری، بەڵکو ئەبێتە نیشانەی خەمساردی و خۆ بەکەمزانی، خەمساردی بەرامبەر بە زمانەکەیان و خۆ بەکەمزانی بەرامبەر بە زمانی بێگانە. زمانی کوردی لە توانایدا هەیە هەموو بابەتێکی پێ بنووسرێت، ئەگەر لە شوێنێکیشدا نووسەرێک وشەی کوردی بەرامبەر بە وشەیەکی بیگانە نەدۆزیەوە، ئەتوانێت وشەیەک بتاشێت و وشە بیگانەکەش لە ناو کەوانەدا بنووسێت، تا ئەو کاتەی لیژنەی تایبەت بۆ هەر وشەیەک بەرامبەرێکی کوردی دا ئەنێن. ڕاستە زۆر وشە هەن، بەتایبەت لە بواری زانستیدا خۆیان بە هەموو زمانێکدا ئەکەن، بەڵام پێویستە بەپێی توانا بەرامبەریان بۆ دابنرێت و هەروا بەئاسانی نەخزێنرێنە ناو زمانی کوردیەوە. ئەمەش گرنگی پلاندانانی زمانەوانی دەرئەخات.

هەرچەندە نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت،

لەهەموو حاڵەتێکدا ئەم جۆرە پلاندانانە کاری دەوڵەتە، یان گروپێک لەناو دەوڵەتدا کە جۆرێک لە دەسەڵات و سەربەخۆیی هەبێت، بە پاڵنەرێکی زانستی و نەتەوەیی کێشەکان دیاری بکات و ڕێگا چارەی پێویستیان بۆ بگرێتەبەر. بەداخەوە ئەمە نەک نەکراوە، بگرە بە پێچەوانەوە خۆمان بەدەستی خۆمان پەتێکی توندمان لە گەردنی زمانی کوردی ئاڵاندوە و خەریکە هەناسەی لێ ببڕین و بیکەینە قوربانی زمانی بێگانە، بەتایبەتی زمانی ئینگلیزی.

لەوانەیە کەسێک کە هەست بەو مەترسیە ناکات و ڕۆژێک لە ڕۆژان بیری لێ نەکردوەتەوە، بە سەرسوڕمانەوە بپرسێت: کوا کەی شتی وا لە ئارادایە، کەی زمانی کوردی لە تەنگەژەدایە؟ هەرئەو کەسە ئەگەر کەمێک چاوی بکاتەوە و کەمێک ئەزیەت بداتە بەر خۆیی و ڕامێنێت لە ڕەوشی خوێندن، بەتایبەت لە قوتابخانە تایبەتیەکاندا، ئەبینێت بەهۆی ئەو گرنگیدانەوە بە زمانی ئینگلیزی، خەریکە وردە وردە زمانی کوردی پێگەی نەچەسپراوی خۆی لەدەست بدات. خۆ ئەگەر ئەو کەسە گرنگی فێربونی زمانی دایک لەو قۆناغەدا بزانێت، ئینجا بۆی ڕون ئەبێتەوە کارەساتەکە چەند گەورەیە و ئێمەش چەندە بێ ئاگاین. بەپێی بۆچوونی شارەزایانی بواری زمان، پێویستە منداڵ لە ساڵەکانی سەرەتای خوێندنیدا بە زمانی دایک بخوێنێت. دوای فێربوونی زمانی دایک، ئینجا فێربوونی زمانێکی تر دەست پێ ئەکات. ئەمە ڕێچکە دروستەکەیە، نەک ئەوەی ئیستا لە کوردستان ئەگوزەرێت.


ئەمە یەکێکە لەو کێشانەی کە پێویستە ئاوڕی لێ بدرێتەوە و چارەسەر بکرێت. چونکە گرنگیدان بە هەر زمانێک پێگەی ئەو زمانە لە چاوی هاوڵاتیاندا بەرز ئەکاتەوە. کاتێک هاوڵاتی یان منداڵ یان قوتابی ئەبینێت زمانێکی بێگانە زیاتر گرنگی پێ ئەدرێت، وردە وردە ئەو گرنگی پێدانە لە نەستیدا ڕەنگ ئەداتەوە، تا ئەگاتە ئەو ئاستەی بە چاوێکی باڵاتر بۆ زمانە بێگانەکە بڕوانێت.

هەرچەندە لە دوای ڕاپەڕینەوە تا ڕادەیەک نوێگەری لە زمانی کوردیدا کراوە و زۆر وشە و دەستەواژەی پوختی کوردی زیندوو کراونەتەوە، بەڵام ئەمە هەموو شتێک نییە و وەک پێویستیش نییە. بۆیە زمانی کوردی زۆر پێویستی بە پلانی ورد و تۆکمەی زانستی هەیە، تا لەلایەکەوە بژار بکرێت و پوخت بکرێتەوە، لەلایەکی تریشەوە فرەیی زمان و دیالێکتەکان گەنگەشە بکرێت و شێوازی دروستی بەکارهێنانیان دیاری بکرێت، بەجۆرێک هەمووان مافی خۆیان پێ بدرێت ببنە زمان یان دیالێکتی فەرمی و ناوچەیی و تەنها یەکێکیشیان ببێتە زمانی ستاندارد وسەرانسەری. چونکە لە نەبوونی زمانی ستاندارد وبەهۆی بەکارهێنانی چەند دیالێکتێکەوە حاڵەتی نەبوونی پەیوەندی و لێک نەگەیشتن (no-communication) دروست ئەبێت ،ئەگەرچی ئەو لێک نەگەیشتنە ڕێژەیی بێت و گشتی نەبێت.

ئەبێت ئەوانەی سەرگەرمی دیاریکردنی کێشەکان و دارشتنی پلانی پێویستن، بە پاڵنەری زمان و نەتەوە کار بکەن و بەهیچ جۆرێک کارەکانیان بارگاوی نەکەن بە سیاسەتەوە. بەداخەوە کاتێک سەیری زۆرێک لە نووسین و لێدوانەکان ئەکەین زۆر بەئاشکرا هەست بە نەفەسی ناوچەگەری و سیاسی ئەکەین. لەڕاستیدا ئەم جۆرە بیرکردنەوانە قورەکە خەستتر ئەکەنەوە و لە بری چارەسەر، کێشەکان قوڵتر ئەکەنەوە. بۆیە تەنها و تەنها پێویستە لە گۆشەنیگای زانستی و نەتەوەییەوە سەیری ئەم پرسە بکرێت.

---

(١) السياسات اللغوية،لويس جان كالفي،ترجمة محمد يحياتن،الدار العرية للعلوم ناشرون،الطبعة الأولى،



# نووسینی (برایەڵ)ـو هەوڵی پێشەنگی زانایانی مسوڵمان

نووسینی: خەلەف ئەحمەد ئەبو زەید
و: وریا ناجی عەبدوڵڵا- وەرگێڕو توێژەر لە زانکۆی سلێمانی

نووسینی دیار (بارز)، بۆ خوێندنەوەو نووسینی نابینایان/خاوەن پێداویستی تایبەت لەچاخی نوێدا، بۆ زانای فەرەنسی (لویس برایل ١٨٠٩-١٨٥٢ز) دەگەڕێتەوە، کە ئەم جۆرە نووسینە لە ناوەندە زانستیو ئەکادیمییەکاندا بە نووسینی برایل ناسراوە. بەهۆی ڕووداوێکەوە توشیاری نابینای ببوو، وەک دەڵێن لەداهێنانی ئەو فۆرمە لە نووسین شۆڕشێکی گەورەی هێناوەتە ئاراوەو، دواتریش ئەم سیستمە لەسەرجەم زمانەکاندا پەیڕەو کراوە. ئەو لە (کۆبفرای)ی فەرەنسا کە شارۆچکەیەکە لە ڕۆهەڵاتی پاریس، هاتۆتە دونیاوە، لە تەمەنی سێ ساڵیدا بە هەڵە لە وەرشەی شوێنی کارەکەی باوکیدا بەهۆی بەکارهێنانی دارێکەوە، یەکێک لە چاوەکانی لە دەستداوە، تەنانە دوای تیمار کردنیشی هێندە چاوی زیانی پێگەشتبوو بووە هۆی لەدەستدانی چاوەکەی دیکەی، ئیدی ئەو دەمەی پێی نایە تەمەنی پێنج ساڵی بەتەواوی هەر دوو دیدەی لەدەستدا. بەڵام وەک زانیارییەکان ئاماژەیان پێکردووە، ئەو کاتەی برایل لە پەیمانگا خوێندوویەتی، ئامێرێکی تێدا بووە تایبەت بە نابینایان، کە هەر خودی ئەمە دەرخەری ئەوەن کە خۆی داهێنەری ئەم ئامێرە یان ئەم شێوازە لەنووسین نەبووە.

بێگومان ڕاستییە مێژووییەکان جەخت لەوەدەکەنەوە کە هەوڵو تەقەلای زانایانی موسوڵمان لەداهێنانی نووسینی باریز بۆ کەسانی نابینا بەچەندان سەدە پێش برایل بووە، هاوکات لەم چەند دێڕەدا بەناوبانگترینی ئەو زانا لەپێشینانەی کە لەم بوارەدا بازووی باڵاو قامکی پڕبرشتیان هەبووەو داهێنانەکەیان کردووە، دەخەینە بەر دیدەو باسو خواسی لێوەدەکەین، بۆیە چەشنی زەغریدە هۆنکە -خانمە فەیلەسوفو ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی، کە خاوەنی کتێبی بەنێوبانگی ((شمس الله تسطع علی الغرب)) دەڵێ: گەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی پڕ بەهاو بەنرخی زانایێنی ئیسلام ئەوا زۆرێکیان داهێنانو شانازی گەلێکی پێدەبڕێت کە سەرجەم بوونەوەران بەهرەمەند دەبن پێی. لێرەدا نموونەی هەرە بەرزی ئەم داهێنانە لە هەوڵو کۆششی سێ زانای گەورەی ئیسلامدا نومایان دەکەین:

**١. ئیبن کەشاجیم (ابن کشاجم ٦٠ک - ٩٧٠ز):**

سەرەتای ئەم هەوڵانە بۆ سەدەی چوارەمی کۆچی دەگەڕێتەوە، کەلەسەر دەستی (ئەحمەدی کوڕی مەحموودی کوڕی حوسەینی کوڕی ئەبو فەتحی کەشاجیم)ی شیعەگەردا بووە، کە شاعیرێکی هونەرسازو ڕوناکبیر بووە، خەڵکی ڕەملەی فەڵەستینەو، بە ڕەچەڵەک فارسییەو خاو و خزمەکانی لە عێراق نیشتەجێ بوون، یەکێک بووە لە شاعیرەکانی أبو لهەیجای (عەبدوڵڵا) باوکی (سەیفو دەولە)، خاوەنی چەندین کتێبوی بەنرخە، لەوانە: (دیوان شعر)و (أدب الندیم)و (المصاید والمطارد)و (الرسائل)و (خصائص الطرب)و (الطبیخ) ـەهەر لەبەر ئەم پەرتووکەی کۆتاییە، دەوترێ، لەسەرەتاوە شێولێنەری سەیفو دەولە بووە..

ووشەی کەشاجم لەبارە عەرەبییەکەیدا بۆ ئەم مەبەستەی خوارەوە دەگەڕێتەوە: ک: بۆ نووسین (الکتابە). ش: بۆ هۆنراوە (الشعر). أ: بۆ دارشتن (إنشاء) هەرچەند دەکرێ مەبەست لە ووشەی ئینشا، زانستی(الإنشاء والمناظرة)ش بێت کە زۆرێک لەزانایانو هۆزانڤانان پەرتووکی بەنرخیان لەو بوارەدا داناوەو لە پێشەنگی ئەو زانایانەش مەلا خدری ئەحمەد شاوەیسی میکایەڵیی ناسراوە بە (نالی)یە بەنێوی (مناظر الإنشاء). ج: بۆ مشتوومڕ (الجدال). م: بۆ لۆژیک (المنطق) یان زانای زانستی کلام (متکلم) یان ئەستێرناس (المنجم) بووە. دەگووترێت بۆیە ئەم نازناوەی پێبەخشراوە، لەبەر ئەوەی نووسەرێکی هۆزانڤانی ئەدەبی جوانو دانسقە بووە، کە هەرخۆی دارای دیوانێکە بەنێوی (دیوان کشاجم). هاوکات ئم زانایە یەکەمین کەسە کە ئەو جۆرە نووسینەی لەبۆ نابینایان داهێناوەو کەشف کردووەو، بەسەر مەشقی ئەو بوراە دادەنرێ

**٢- عەلی کوڕی ئەحمەدی کوڕی یوسفی کوڕی ئەلخەزر زەینوددین ئەبو لحەسەنی حەنبەلی ئامێدی (٧١٤ک - ١٣١٤ز):**

هەرچی هەوڵو تەقالای دووەمە، لەسەر دەستی ئەم زانا مەزنەی کوورد بووە، کە خەڵکی (دیار بەکر)ەو لە بەغدا نیشتەجێبووە. وەک ئەوەی لە سیرەی ژیانیدا باسکراوە، کە مەردێکی سەنگینو بەشانو شکۆ و پیاو باشو متمانە پێکراو ڕاستگۆ و قەدر گران بووە .. لەسەرەتای ژیانیدا چاوی لەدەست داوە، سەرباری ئەوەش هەر سەرقاڵی کتێوفرۆشی و جەمکدرنی کتێوان بووە، تەنانەت صەفەدی دەگێڕێتەوە: کە فەرموویەتی جارێک لەخەونمدا کەسێ مریشکێکی سوورۆکراوی بۆ هێناو لێم خوارد، کە بەخەبەر هاتمەوە بەشەکەی تری لەنێو دەستمدا بوو. خاوەنی چەندەها دانراو بووە لەوانە (جواهر التبصير في علم التعبير)، بازرگانی کتێب بووەو، زوبانزانێکی باشیش بووەو هەریەک لە زوبانەکانی (فارسی و تورکی و مەغۆلی و ڕۆمی) زانیوە، بۆ ئەوەی فێری نێونیشانی ناوی دانەر و نرخی کتێوەکان ببێت، هاتووە شێوازی نووسینی دیاری داهێناوە، تەنانەت هەرگا کتێبێکی لێداوا کرابایە، دەیزانی کە لەکنیەتیو، دەستبەجێ لەشوێنی خۆ بەرزدەبووەو لە کتێبخانەکەدا دەریدەهێنا، وەک ئەوەی هەر ئەو دەقەیە خستبێتییە ئەو شوێنە، هاودەم گەر کتێبەکە چەند بەرگێک بایەو داوای بەرگی یەکەم یان دووەم یان چوارەمت لێکردبایە، هەمان ئەو بەرگەی دەردەهێناو دەیخستە خزمەت بابای داخوازیکاری بەرگەکەوە. بۆیە پێش هەموو چتێ دەستی لەکتێبەکە دەداو دواتر دەیووت ئەم کتێبە لەوەندەو لەوەندە ناملیکە (کراسە) پێکهاتووە، هەرچی دەگووت وا دەردەچوو .. کاتێک پەڕەیەکی هەڵبدایەتەوە، دەیووت ئەم پەڕەیە لەوەندە دێڕ پێکهاتووە، لێرەشدا بە پێنووسی قەبە نووسراوە، لەم شوێنەدا بەو ئاڕاستەیە نووسراوە، لێرەکانێ بە خەتی سوور نووسراوە، ئەم بابەتانەی دیکەش بەو ڕەنگە نووسراوە، ئیدی ووردو درشتی سەرجەم شتەکانی بێ کەمو زیاو دەگووت، تەنانەت لە شوێنێکدا بەر قامکی کەوتبایە کە نووسینەکە جوداوازە، دەیگوو ئەمەیان بە سێ خەت یان بە چوار خەت نووسراوون، یان ئەم خەتەیان لەوانی دیی ناچێ و جیاوازە، ئیدی هەرچۆنێ تاقیکرابایەوە بە هاسانی لێی دەرباز دەبوو. نرخی تێکڕای ئەو کتێبانەشی دەزانی کە کڕیبوونی، بۆیە هەرگا کتێبێکی بە نرخێکی زانراو کڕیبوایە، پارچە کاغەزێکی تەنکی دەهێناو چەشنی پلێتەیەکی نیانو ناسکی لێدەکردو زیاد لە چەند پیتێک لە پیتەکانی هیجائی هێندەی ژمارەی نرخی کتێبەکە بە پێی ڕستەکان، لێ درووست دەکرد، دواتر بە لێواری بەرگی ناوەوەی کتێبەکەیەوەی دەلکاند و پەڕەیەکی چکۆلەشی بە سەرەوەیەوە دەلکاند بۆ ئەوەی بۆ هەمیشە بمێنێتەوە، هەرکات نرخی کتێبێکی لەکن عەلاجەوی بوایە، دەستی دەدا لەو شوێنەی کە خۆی دەیزانیو، لە ڕێگەی ئەو ژمارەیەی کە پێوە لکێنرا بوو نرخەکەی دەزانی.

لێرەکانەوە بەوە ئاشنا دەبین کە (عەلی کوڕی ئەحمەدی کوڕی یوسفی کوڕی ئەلخەزر زەینوددین ئەبو لحەسەنی حەنبەلی ئامێدی) گەواهییەکی سەراسیمەی نابینایانەو، دارای هێزێکی لە بن نەهاتوو بووە لە دەستلێدانو لەمسکردنا .. هاوکات یەکێک بووە لە زانا یەکەمینەکانی هێنانە کایەی ئەم شێوازە ناموزونە لە خەتدا، بۆ ئەوەی زۆر بە سووک و ئاسان و بێ گرێو گۆڵ سەرجەم خاوەن پێداویستیانی تایبەت و نابینایان بەم جۆرە لە خوێندنەوەو درککردن بە چتەکان شاد بن.

٣- ئەحمەدی کوڕی موحەممەدی کوڕی عەبدولواریسی ئەندەلوسیی

هەوڵی سێیەم لە لایەن ئەم کەڵە زانایەوە بووە، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی سیازدەی زایینیدا ژینی گوزەراندووە، کە بەنێوی (ئەحمەدی کوڕی


موحەممەدی کوڕی عەبدولواریسی ئەندەلوسیی) نێوبانگی دەرکردووە، وەک زانای گەورە ئیبن حەزمی ئەندەلوسی لە کتێبەکی بەنێوی (التقریب لحد المنطق والمدخل إلیه بالالفاظ العامیة والامثلة الفقهیة)دائەوەمان بۆ دەگێڕێتەو دەڵێت: «مامۆستاو تەربیەتدەرەکەم (ئیبن عەبدولواریس – خوای لێرازی بێ-) بۆی باس کردم، کە باوکی کوڕێکی نابینای هەبووەو، ویستوویەتی فێری خوێندنەوەی بکات، بۆیە لەماددەی قیر و بە چەشنێکی دیار، وێنەی پیتەکانی هیجائی بۆ کێشاوە، دەستی پێخستۆتە سەر یەک بەیەکی پیتەکان، بۆ ئەوەی هەم بە مێشکو هەمیش بە هەست، درک بە سەرجەم پیتەکان بکات، دواتر پێکهاتەو چۆنییەتی پیتەکانی پێ ئاشنا کردووە، تا شێوەی خەتەکان بناسێتەوەو هەربەخۆشی بیخوێنێتەوە، ئیدی بەم کارەی غەمو پەژارەو دڕدۆنگییەکی گەورەی لەکن ڕەواندەوە.

لەم چیرۆکەی کە ئیبن حەزم لە ئیبن عەبدولواریسەوە هێناویتی، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، کە چۆن لەو سەردەمەدا ئەم پیاوە دارای وەها بیرێ بووە، کە توانیویتی نابینایان شاد بکاتەوە بە خوێندنەوەو ئەم شێوازە لە خوێندنەوەیان بۆ فەراهەم کات، کە هەر هەمان چەشنە لەم سەردەمی نوێدا لە پەیمانگا جیهانییەکانی تایبەت بە نابینیان پەیرەو دەکرێ‌و، سەرجەم ئەو کەسانەش پشت بەو پیتە دروستکراوانە دەبەستن بۆ خوێندنەوەو نووسین، کە لە کانزای تایبەت درووستکراوە، ئەمەش گومانی تێدا نییە سەرمەشقی و پێشڕەفت بوونی زانایانی مە دەردەخات لەم بوارەدا.

بریا لەم ڕێگەیەوە توانیبێتمان گەر هیچ نەبووبێ پەردەیەک لەسەر ئەو لایەنە نادیارەی بەرهەمە نایابەکانی زانایانی بسوڵمان لادەین‌و بۆ سەرجەم گەلانی دونیای بسەلمێنین کە ئەو زاتانە پێشەنگ بوون لە زۆر بوراداو ئەمەش یەکێکە لەو بوارانە، کە گومانبڕو بەدیهییە ئەمان زۆر پێش زانای فەرەنسی (لویس برایلا) کەوتوون، لەوەشە بەتێپەربوونی کات و زەمەن زۆرێکی دی لە زانایان لەم بوارەدا ئەسپی خۆیان تاو دابێ‌و بەلام ئێمە هەنووکە بەر دیدەو چاومان نەکەوتبێ، بۆ نا؟!

## سەرچاوەکان:


١. نکت الهمیان فی فی نکت العمیان: للصفدی، دار الکتب العلمیة/ بیروت – لبنان، ص ١٨٩-١٩٠.
٢. الدرر الکامنة فی أعیان المئة الثامنة: ابن حجر العسقلانی، مصدر الکتاب: الوراق، (٢١/٣).
٣. سیر أعلام النبلاء، شمس الدین أبو عبد الله محمد بن أحمد بن عثمان بن قایماز الذهبی (ت ٧٤٨هـ)، دار الحدیث- القاهرة، الطبعة: ١٤٢٧هـ-٢٠٠٦م، (٣١٠/١٢).
٤. التقریب لحد المنطق والمدخل إلیه بالالفاظ العامیة والامثلة الفقهیة: ابن حزم الاندلسی (ت ٤٠٦ک)، دار الکتب العلمیة، بیروت – لبنان، ل ١٨٥-١٩٢.
٥. الاعلام: خیر الدین الزرکلی، دار العلم للملایین، ط ٧، (٢٥٨/٤).
٦. مجلة حراء: السنة الرابعة عشرة/ (سبتمبر – أکتوبر) ٢٠١٨، العدد ٦٨، ص ٦٢-٦٣.



# ناپاکیکاران لەحەقیقەت ئایا زانایانی سروشت هەڵمان دەخەڵەتێنن؟

**نووسینی: ئیسماعیل عرفە**

وەرگێڕانی: ڕێدار ئەحمەد

لەجیهانێکدا کەڕۆژئاوا لەبواری ژیاریدا باڵادەستە بەسەر هەموو ژیارەکانی دیکەدا، هەمیشە مێشکی ژێردەستە پەیوەستە بەڕشتەبەندە بەهایی و مەعریفییەکانی ژیارە زاڵەکەوە، لەبەر ئەمەیە ئیبن خەلدون لە (مقدمة)کەیدا بەشێکی تەرخانکردووە بەناوی (باب في أن المغلوب مولع أبدا بتقليد الغالب). لەم میانەشدا خەریکە کەس نەبێت یەکێک لەگرنگترین پایەکانی ژیاری ڕۆژئاوایی لەیاد نەبێت، ئەویش زانستی تەجریبی سروشتییە، هیچ بابەتێک ناخرێتە ڕوو دەستەواژەی (زانایان سەلماندوویانە)ی لەگەڵیدا نەبێت، ئیدی ئەو بۆچوونە دروست دەبێت کەپێویستە باوەڕی تەواومان بەو بیرۆکەیە هەبێت، چونکە زانستی تەجریبی –ڕۆژئاوا– سەلماندوویەتی.

بەڵام جێی خۆیەتی بپرسین: «بێلایەنیی» «زانست» و»بابەتیبوون»ی تا چ ڕادەیەکە؟ ئایا هەر بەڕاست زانست دەتوانێت بگاتە پلەی بنبڕی ڕەها (القطع المطلق) بەتایبەت لەگەڵ ڕشتەبەندە دامەزراوەییە زۆر ئاڵۆزەکەیدا؟ هەردوو توێژەری ئەمریکی نیکۆلاس واد و ویلیام برود یەکدەنگن کە«پێویستە پێشبینی بکەین گزی (تەزویر) لەزانستدا بەڕادەی زیاتر یان کەمتر لەوەی لەکۆمەڵگادا بەشێوەیەکی گشتی هەیە ڕوودات» (١).

ستیڤن جای جۆلد هۆکارەکەی ڕوون دەکاتەوە کە« گزی نائاگایی لەوانەیە لەزانستدا هەبێت، بەوپێیەی کە زانایان مرۆڤن و هەڵگری ڕۆشنبیرییەکی دیاری کراون، نەک ئامێر بن و ڕووەو حەقیقەتی دەرەکی ئاراستە کرابن»(٢). زانای کۆمەڵناس دینا فاینستاین جەخت لەوە دەکاتەوە کە: «گزیکردن (تەزویر) هەرچەندە پێچەوانەی ئامانجەکانی زانستە وەک چالاکییەکی ڕۆشنبیری، لەگەڵ ئەوەدا لەڕووی بونیاتنانەوە لەو زانستەدا هەیە کەلەکۆمەڵگای هاوچەرخماندا دامەزراوە«(٣).

## ئایینی زانست

**«زانست تاکە ئایینە»**

(مارتن هیدگەر)

ئایا دەکرێت زانستی تەجریبی بەئایین دابنرێت؟ هەرچەندە پرسیارەکە نالۆژیکییە بەڵام لەڕاستیدا ئەم پرسیارە کراوەو وەڵامی کۆتایشیان بۆ داوەتەوە، بۆ نموونە تەریفە خەولی مامۆستای فەلسەفە بۆچوونی وایە باوەڕهێنان بەپێشکەوتنی زانستی و باڵادەستی تەکنەلۆژی شارستانییەتی ڕۆژئاوا گەیشتووەتە ئاستێک کەمەنهەجیەتی تەجریبی ماددی «بۆ ئاستی بەرزتر لەهەر مشتومڕو قسە لەسەرکردنێک بەرزکردوەتەوە، لەزانستدا گەیشتوتە ئەو پلەیەی کەوەحی لەئاییندا هەیەتی، هیچ بوارێک بۆ مشتومڕ لەسەر ئەم وتاوتوێی ئەو نییە«(٤). پاشان دەڵێت: «ئەو مەعصومیەتەی ڕۆژگارێک دەدرایە پاڵ کتێبی پیرۆز یاخود پاپای باڵا بەتەنها لەئێستادا گوێزراوەتەوە بۆ خودی عەقڵی مرۆڤ»(٥).

نزیکەی سەدو پەنجا ساڵە زانای کیمیاناسی ناوداری فەرەنسی لویس پاستۆر دەستەواژەیەکی ڕاستی نووسی لەکاتێکدا کەبانگەشەی بۆ گرنگیدان بەزانستی سروشتی دەکرد وەک ئایینێکی نوێ کەمرۆڤ بۆ بەرزترین پلەی دانایی بڵند دەکات، پاستۆر نووسی: لەسەر دەسەڵات پێویستە گرنگی بەو دامەزراوە پیرۆزانە بدەن کەناونراوە تاقیگە، هەروەها داوای کرد پێویستییەکانیان چەند قات زیاتر بۆ دەستەبەر بکرێت چونکە پەرستگای سەرمایەو ئایندەن، بەمجۆرە مرۆڤایەتی گەشە پێدەکەن و باشترو بەهێزتر دەبێت»(٦). ئەمە هەمان تێڕوانینە کەفەیلەسوفی فەرەنسی لیکۆمت دی نوی هەیەتی و دەڵێت: «متمانەی خەڵکی بەزانایانی سروشت لەئێستادا بەهەمان شێوەی متمانەیانە بەکاهینەکان لەسەردەمی کۆندا»(٧).

ڕۆبرت شڵدراک خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا



**ئایا هەر بەڕاست زانست دەتوانێت بگاتە پلەی بنبڕی ڕەها (القطع المطلق) بەتایبەت لەگەڵ ڕشتەبەندە دامەزراوەییە زۆر ئاڵۆزەکەیدا.**

لەکیمیای زیندەکیدا لەزانکۆی کامبردج ڕەخنە لەو تێڕوانینە دەگرێت کەزانایان و زانستی تەجریبی دەگەیەنێتە ئاستی پیرۆزبوون و بێ هەڵەیی، شلڵدراک باوەڕهێنانی کوێرانە بەزانایانی سروشت وا باس دەکات کە: «زانایان –سروشتناس– نمونەی بابەتیبوون بۆیان بەجۆرێکە کەعەقڵی زانستی – لایان– لەکۆت وبەندە سروشتییەکانی جەستەو هەست و نەست و پابەندییە کۆمەلایەتییەکان دەرباز دەکات، ئەوان خاوەنی زانستێکی بەڕێزی وەهان کەلەگەردوون و شوێن و کاتدا نیمچە خواوەندییە، بەڵکو تەنانەت لەگەردوونەکانی دیکەی دەرەوەی گەردوونی خۆمانەوە. زانایان دەسەڵاتێکی کاهینانەی وایان هەیە کەلەسەرەوەی دەسەڵاتی ئایینەکانە، کار بۆ پاراستنی هەیبەت و هێزی خۆی دەکات لەڕێگەی یاریکردن بەنەفامی مرۆڤ و ترسیانەوە«. پاشان بەمە کۆتایی بەقسەکانی دەهێنێت: «زانایان –بەسروشتی خۆیان– ئەوانیش مرۆڤن دەکەونە ژێر کۆت وبەندی کەسایەتییەکان و سیاسەت و کۆمەڵەکانی فشار و مۆدەو پێویستی هاریکاریکردنەوە«(٨).

## گزیکاری لەدالاْنەکانی زانستدا جۆن دارسی بەنموونە

ئاشکرایە هۆکاری مرۆیی پایەیەکی سەرەکییە لەپرۆسەی زانستی تەجریبیدا، باشە چۆن ئەم فاکتەرە بانگەشەی بابەتیبوونی زانستی ڕەت دەکاتەوە؟ دەکرێت جۆن دارسی بەنموونەیەکی نموونەیی نیشاندانی ئەم خاڵە وەربگرین، بەئومێدی بەرزبوونەی پلەی ئەکادیمی و چاوبڕینە بەدەستهێنانی پێگەیەکی زانستی بەرز بەشێوەیەکی خێرا، هەندێ لەتوێژەرە بچووکەکان پەنا دەبەنە بەر فێڵکردن لەپێناوی بەدەستهێنانی ناوبانگ و گەیشتنە پلەی زانستی. لەم ڕووەوە جۆن دارسی ئەمریکی یەکێکە لەبەناوبانگترین نموونهکانی ئەو جۆرە کەسانە، پاش دەرچوونی وەک یاریدەدەری توێژەر لەزانکۆی هارفاردی پزیشکی دەست بەکار بوو، لەماوەی یەکەم پازدە مانگی کارکردنیدا لەوێ دارسی هەستا بەبڵاوکردنەوە زیاتر لەپازدە توێژینەوە (٩)، لەماوەی تەنها دوو ساڵدا هەستا بەبڵاوکردنەوەی زیاتر لەسەد توێژینەوە، بەهەر شێوەیەک بێت ئەمە بەژمارەیەکی پێوانەیی خەیاڵیی دادەنرێت (١٠).

زانایان سەریان سوڕما لەتوانای توێژینەوەی دارسی و بەزانایەکی هەڵاوێرد (عالم استثنائي) یان لەقەڵەمدا و بووە جێگەی سەرنجی تێکڕای کۆمەڵگەی پزیشکی، تا ئەوکاتەی ئاشکرا بوو کەشەوێک توێژینەوەیکی دزیووە، خۆی دانی بەدزیەکەدا نا، سەرەڕای ئەوەش بەردەوام بوو، چونکە کارگێڕی هارفارد کەسیستمی زانستی توانای ئاشکراکردنی هەڵەکانی بەوردی هەیە، پاشان ناکرێت بەهۆی هەڵەیەکەوە لەپێگە زانستییە مەزنەکەی بخرێت، ویڕای ئەم هەڵە ئابڕووبەرو ئاشکرایە هیچ ڕێ و شوێنێک لەدژی نەگیرایە بەر.

دارسی لەتاقیگەکەیدا بەردەوام بوو، لەیەکێک



# تەنها حەز و ئارەزوو لەپشت گزی کارییەوە نییە، بەڵکو بۆی هەیە حاڵەتی دەروونی توێژەران هۆکار بێت.

لەپرۆژە توێژینەوەکانیدا توانی بڕی زیاتر لە (٧٠٠هەزار دۆلار) هاریکاری بۆ وەربگرێت، کارەکەی وەک ئەوەی پێشتر هیچ ڕووی نەدابێت و هیچی لێ ئاشکرا نەبووبێت بەردەوام بوو، پاش شەش مانگ لەڕووداوی دزینی یەکەمی، چەند دزییەکی تری ئاشکرا بوو کەپێشتر ئەنجامی دابوون، دەرکەوت کەتێکرای توێژینەوەکانی لەو کاتەوەی کەخوێندکار بووە لەزانکۆ شێواندوونی، هەندێجار بەداهێنان لەنەبووەوەو هەندێجاریش بەدرێژکردنەوەی ماوەی تاقیکردنەوە لەکاتژمێری کەمەوە بۆ چەند هەفتەیەک درێژەکێشان، جاری دیکەش یاریکردن بەدەرئەنجام و ژمارەکان، پاش ئەم ئاشکرابوونەی دووەم لەکاری توێژینەوە ڕاگیرا ودەرکراو دواتر مۆڵەتی ئەنجامدانی کاری پزیشکیشی لێ وەرگیرایەوە (١٠). بەڵام ئەو پرسیارە هەر ماوەتەوە: باشە چۆن ١٠٠ توێژینەوەی لەگۆڤاری موحەکەمدا بڵاو کرایەوە بەبێ ئەوەی بزانرێت شێواندن و گزی تێدا کردوون؟ لەوانەیە پرسیارێکی گرنگتریش هەبێت: دەبێت چەند جۆن دارسی دیکە ئێستا لەنێوماندا بوونی هەبێت؟!

## زانایانی سروشت چۆن کاریگەریان لەسەر دەرئەنجامی تاقیکردنەوەکانیان دەبێت؟

تەنها حەزو ئارەزوو لەپشت گزی (تەزویر) کارییەوە نییە، بەڵکو بۆی هەیە حاڵەتی دەروونی توێژەران هۆکار بێت، لەگفتوگۆیەکی زانای بەریتانی خاوەن خەڵاتی نۆبڵ لەبواری پزیشکیدا پیتەر مدور لەڕادیۆی (BBC)، لەوەڵامی پرسیارێکدا: ئایا بابەتە زانستییەکان گزیان تێدایە؟ لەوەڵامدا وتی: بەڵێ (١١). لەو ڕوانگەوەی کەبونیاتی بابەتی زانستی لەئێستادا بەبۆچوونی ئەو زانایە ئەو پرۆسەی بیرکردنەوەیەی کەلەکاتی تاقیکردنەوە زانستییەکەدا هەیە خراپ بەکار دێت، پاشان چەمکی عیلم بەتەواوەتی دەشێوێنێت. تەنانەت ئەگەر بناغەی بابەتی عیلمی ئێستا (پوختە- پێشەکی- ئەنجامدان- دەرئەنجام- بەدەستهاتووەکان) ساغ و دروست بن، بەڵام فاکتەری مرۆیی بەخەسڵەتە دەروونییەکەیەوە لەئەنجامەکانی توێژینەوەکەدا دەستوەردانی دەبێت هەرچەندە توێژەرەکەی بانگەشەی بێلایەنبوون و بابەتیبوون بکات. لەئەزموونێکدا کەلەزانکۆی هارفارد بۆ ڕوونکردنەوەی ڕادەی کاریگەری بیروباوەڕەکان و پێشبینییە لەپێشینەکانی زاناکە لەسەر ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەکەی (١٢)، کەلەلایەن مامۆستای دەروونناس ڕۆبەرت ڕۆزنساڵەوە ئەنجامدرا، ئەزموونێکی سەرنج ڕاکێش بوو، هەندێک لە خوێندکارەکانی بۆ دوو تیم دابەش کرد، هەر تیمێکیان مشکی تاقیکردنەوەی پێدان و داوای لێکردن کە مشکەکان بخەنە شوێنی تەقلیدییەوە (متاهات تقليدية)، بەهەریەک لەتیمەکانیشی ڕاگەیاند کە ئەو مشکانە زۆر بەدیقەتەوە لەجۆری جیاوازی جۆراو جۆرەوە هێنراون کەنەوە دوای نەوە جودا بوون، ئەوەشی

پێ وتن کەمشکەکانی تیمی یەکەم لەچونەدەرەوە لەشوێنەکەیان زیرەکترن و مشکەکانی تیمە دووەم زیرەکییان لەوانەی تیمی یەکەم کەمترە.

لەڕاستیدا مشکەکانی هەردوو تیمەکە لەیەکجۆر بوون، هیچ جیاوازییەکیان نەبوو، نەوەی یەکجۆرە مشک بوون، مامۆستا رۆزنساڵیش بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لەنێو مشکەکانی کارگەی تاقیکردنەوەکەیدا هەڵبژاردبوون، بەو واتایەی لەواقیعدا مشکەکان هەموویان وەک یەک بوون، جیاوازی لەنێوان مشکەکانی تیمی یەک و تیمی دوودا نەبوو، بەڵام ئەوەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەندامانی ئەو تیمەی پێیان وترابوو مشکەکانتان زیرەکە، لەلایەن چاودێرانەوە تێبینی ئەوە کرا کارەکەیان خێراتر لەتیمەکەی تر ئەنجامدا، ئەمە لەکاتێکدا کەتاکە جیاوازی نێوان دوو تیمەکە تەنها ئەو فاکتەرە دەروونییەی خوێندکارەکان و پێشبینی لەپێشینەی زاناکە بوو پێش ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە، رۆزنساڵ لەم تاقیکردنەوەوە بۆی دەرکەوت کەفاکتەری دەروونی و پێشبینیەکانی لەپێشینەی زانا تەنها کاریگەری لەسەر توێژینەوەکەی نابێ بەڵکو لەسەر دەرئەنجامەکانیشی کاریگەری دەبێت.

## سەلمێنراوە زانستیەکان لەڕاستیدا دەگۆڕێن

لێکۆڵەر رۆبەرت شڵدراک هەستا بەبەدواداچوون بۆ یەکێک لەسەلمێنراوە بناغەییە چەسپاوەکانی ناوەندە زانستیەکان کەئەویش خێرایی تیشکە، بۆی دەرکەوت کەیاسای چەسپاوی خێرایی تیشک کەلەڕووی زانستیەوە لەساڵانی (١٩٢٥ز) بۆ (١٩٤٥ز) دیاریکراوە بەنزیکەی بیست کیلۆمەتر لەچرکەیەکدا لەوە کەمتر بووەتەوە کەلەو ساڵانەدا دیاری کراوە، پاشان بۆ جارێکی تر لەساڵی (١٩٤٨ز) بەرزبووەتەوە بۆ ئەوەی ئێستا هەیە. ئەم دۆزینەوە هەژێنەرەی پایەکانی زانستی تەجریبی هاوچەرخ کاری کردە سەر ئەوەی رۆبەرت بچێت بۆ لای سەرۆکی دەستەی زانستی فەرمی بەریتانی تایبەتمەند بەدیاریکردنی سەلمێنراوە زانستییەکان و ئەو پرسیارەی ئاراستە بکات: ئەم گۆڕانە هۆی چییە لەکاتێکدا وا دادەنرێت کە چەسپاوێکی گەردوونییە؟ لەوەڵامیدا وتی: «زۆرترین ئەو ماوانەی شەرمەزاری لەمێژووی زانستیماندا تێدایە بۆ دەرکەوتووە»، پاشان رۆبەرت لەبارەی چۆنیەتی یان رێگاچارەی ئەو گۆڕانە لەسەلمێنراوەکان پرسیاری کرد؟ ئەویش وەڵامێکی سادەو سەرسامکەری دایەوە: «ئێمە بەشێوەیەکی زانستی خێرایی تیشکمان چەسپاندووە» (١٣) هیچ شیکردنەوەیەکی لەبارەی ئەو چسپاندنەوە باس نەکرد.

رۆبەرت سەبارەت بەهۆکاری گۆڕینی چەسپاوێکی گرنگی وەک ئەمە لەناوەندە زانستییەکاندا پرسیار دەکات؟ پاشان باسی ئەوە دەکات کە هۆکاری ئەمە لەدوو ئەگەر بەدەر نییە: یان ئەوەتا زانایانی سروشت لەتەواوی ئەزموونەکانیان بۆ دیاریکردنی خێرایی تیشکدا هەڵەیان کردووە، یان ئەوەتا ئەوەی بۆ خێرایی تیشک چەسپاوە لەبنەڕەتدا چەسپاو نییە بەڵکو خەمڵاندنە، گۆڕاوێکە بەگۆڕانی کات و شوێن دەگۆڕێت، لەهەردوو حاڵەتەکەدا کارێکی لەمجۆرە بەکارەسات دادەنرێت لەناوەندی زانستیدا، چونکە نەک تەنها ئەو دەرئەنجامانە لەکار ناخات کەلەسەر خێرایی تیشک بونیات نراون، بەڵکو یەکە چەسپاوەکانی پێوەری ماوەکان لەبنەڕەتەوە دەخات، چونکە ئەو یەکانە لەسەرەتاوە لەڕێی خێرایی تیشکەوە لقی لێ بووەتەوە. هەموو ئەمانە پاڵی نا بەرۆبەرتەوە کتێبی وەهمی زانست (The Science Delusion) بنووسێت، لەم کتێبەدا رەخنە لەهەندێ لەو ئەفسانانە دەگرێت کەزانستی سروشتی هاوچەرخی لەسەر دەڕوات.

## کۆدەنگی بەلاڕێدا بەر

یەکێک لەزاراوە هەرباوەکان لەبواری زانستی خەڵکدا (Popular Science) زاراوەی «کۆدەنگی –اجماع»ە کە بۆ گوزارشتکردن لەسەر بەڵگەبوونی بیردۆزەو لێکەوتەکانی بەکار دێت، بەڵام ئایا تا چ ڕادەیەک کۆدەنگی لەبواری زانستی تەجریبیدا ڕاستە؟

مامۆستای نەشتەرگەری حسامە دین حامید نموونەیەک باس دەکات ئەو کەسانەی باوەڕیان بەبابەتی پەستانی گەرمی هەیە دەستەواژەی «کۆدەنگی» زانایان سەبارەت بەم بابەتە دەهێننەوە، ئەمە لەکاتێکدا کە(٩٧٪)ی زانایان پشتگیری بابەتی پەستانی گەرمی دەکەن، بەتەنها (٣٪)ی زانایان ڕەتی دەکەنەوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە دەستەواژەی کۆدەنگی لەڕاستیدا کۆدەنگی ڕاستەقینە نییە، نزیکترین دەستەواژە زاراوەی (قسەی زۆرینە– قول الجمهور)ە کەلەفیقهی ئیسلامیدا بەکار دێت، بەواتای زۆرینەی زانایان (١٤). لێرەوە جیاوازییەکە لەنێوان دەربڕینی ((Consensus کەبەواتای نەبوونی نەیار دێت، لەگەڵ دەربڕینی (Unanimity) کەبوونی نەیار پێویست دەکات دەردەکەوێت، لەمەوە ئەو شێواندنە ڕوون دەبێتەوە کە ئەوەی ناونراوە زانست (علم) ئەنجامی دەدات تا خەڵکی ڕەشۆکی ئەوەی لا دروست ببێت کەناکۆکی و جیاڕاییەکی زانستی لەسەر بابەتەکە نییە.

مامۆستای زانستی دەرمان جۆرج بایۆ لەژێر ناونیشانی «ئەو زانستەی لەسەر کۆدەنگی بونیات نراوە و پێداچوونەوەی سەدەکان» باسی ئەوە دەکات کە دەربڕینی «کۆدەنگی» لەزۆر بواردا سەرلێشێوێنەرە، ڕوونی دەکاتەوەو دەڵێت: «من دڵنیام کەزۆربەمان ڕووبەڕووی چەمکی سروشتی بووینەتەوە کەلەسەر کۆدەنگی و سەرئەنجامەکانی بونیات نراوە، لەڕاستیدا ئەوەی پێداچوونەوە بەگوتارە زانستیەکانی گۆڤارەکان و ئەوانەی بۆ بەدەستهێنانی پلەی توێژینەوە پێشکەشکراون بەزۆری ئەم دەربڕینە بەکار دەهێنن «ئەمە کۆدەنگییە لەبواری» وەک کەرەستەیەک بۆ دەمکوتکردنی ئەوانەی کەهاوبۆچوونی بیروڕاکانی ئەمان نین» (١٥).

### سەرچاوەکان:


1. 1Betrayers of-the truth: Fraud-and-deceit in the Halls-of-Science. P. 86
2. 2Stephen Jay Gould, Morton›s Ranking of Races-by Cranial .Capacity,Science,200,1978,pp.503-509
3. 3Deena Weinstein, Fraud in Science, Social .Science Quarterly, 59,1979,pp.639-652

٤. يمنى الخولي،العلم والاغتراب والحرية:مقال في فلسفة–العلم من الحتمية–إلى اللاحتمية،ص٤٥.

٥. المصدر السابق، (ص/ ٣٣٤)


6. 6Rene Dubos,Pasteur and modern science. .1960, P. 146

٧. ليكومت دي نوي، «مصير الإنسان»،ترجمة: خليل الجر، (١٩٦٧م)، (ص/٢٧٥).

8. 8Rupert Sheldrake, The science delusion, .Chapter11:The illusions of objectivity
9. 9Wallis, Claudia (February 28, 1983).»Fraud in .a Harvard lab».Time
10. 10William Broad, Nicholas Wade, Betrayers .of the truth, P.13
11. 11Is the scientific paper a fraud? Sir Peter Medawar
12. 12Robert Rosenthal, Experimenter Effects in .Behavioral Research, Chapter 10
13. 13Rupert Sheldrake - The Science Delusion BANNED TED TALK

١٤. حسام الدين حامد، الإلحاد: وثوقية التوهم وخواء العدم، (بيروت:مركز نماء،٢٠١٥م).

15. 15Jorge Barrio,Consensus Science and Peer .review.Mol Imaging Biol 2009,11:293



# خوێندنەوەیەك بۆ رۆمانی

# كۆتری ئاشتی

# دكتۆر نەجیب گەیلانی

د. عەبدوللەتیف یاسین

# ئەو رۆمانە یەکێکە لە شاکارەکانی دکتۆر نەجیب گەیلانی، هەر وەك ئاشکرایە بەرێزیان چەندین رۆمانی ناوازەو پڕ پەند و حیکمەتی نووسیوە.

**کورتەیەك لە ژیاننامەی:**

ناوی: دکتۆر نەجیب عەبدوللەتیف ئیبراهیم گەیلانییە، لە ساڵی ١٩٣١ز لە گوندی شەرشابە لە دایکبووە، سەر بە سەنتەری زفتی سەر بە پارێزگای رۆژئاوای میسری، نۆبەرەی دایک وباوکی بووە، لەبنەماڵەیەکی دێ نشین لە دایکبووە کە کاری سەرەکیان کشتوکاڵ بووە، لەتەمەنێکی بچوک چویتە قوتابخانە و خەریکی زانستی فەرمووده و ژیاننامەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) بووە لەگەڵ مێژوو .

**خوێندنی:**

چویتە قوتابخانەی سەرەتایی، دواتر قوتابخانەی ئیراسلیەی ئەمەریکی لە سونبات، دواتریش ئامادەیی لە تەنتا تەواو کردوە، لەساڵی ١٩٥١ لە کۆلێژی پزیشکی قاهیرە وەرگیراوە، دوای دەرچوونی بە پزیشکی ئیمتیاز دەستبەکار بووە، چەندین پۆستی وەرگرتوە دواتر چویتە کوێت و دواتریش ئیمارات ئەو گەشتە نزیکەی ١٦ ساڵی خایاند.

**پێکهێنانی ژیانی هاوسەریی:**

لەساڵی ١٩٦٠ چویتە ناو ژیانی هاوسەریی وخێزانێ پێکهیناوە، خێزانەکەشی خاتوو (کەریمە شاهین) شاعیر و ئەدیبێکی ناسراو بوو، خوشکی خاتوو( نەفیسە شاهین) بوو یەکێک بوو لە شاعیر و ئەدیبە ناسراوەکانی ئیزاعەی میسری، چوار منداڵیان هەبوو سێ کورو یەک کچ، دکتۆر جەلال و ئەندازیار حوسام و پارێزەر مەحمود، و دکتورە عەزە.

خورەوشتی: کەسێکی رووگەشی دەم بە پێکەنینی خاکی سروشت، کەسێکی ئاوەدان و خۆش مەشرەب بوو.

**وەفاتی:**

بەهۆی نەخۆشی فایرۆسی جگەر و شێرپەنجە لە ساڵی ١٩٩٥ کۆچی دوایی کرد.

ئینتمای سیاسی و فیکری: لە ساڵی ١٩٤٨ پەیوەندی بە کۆمەڵی برایانی موسڵمان کردوە و چەندین جار دەستگیر کراوە.

کار و بەرهەمەکانی: یەکەم بەرهەمی ئەدەبی لە ساڵی ١٩٥٦ز کە لە بەندیخانە نووسی، بریتی بوو لە رۆمانێک بەناوی (رێگایەکی دوور) (الطريق الطويل) خەڵاتی وەزارەتی پەروەردی بەدەست هێنا دواتر بووە پرۆگرامی خوێندن لەساڵی ١٩٥٩. بەرهەمی دووەمی (اليوم الموعود) و (في الظلام)، (قاتل حمزة)، (أهل الحميدية)، (مملكة البلعوطي)، (نور الله)، (ليل وقضبان)، (نور الله)، (ليل وقضبان)، (رجال وذئاب)، (حكاية جاد الله)، (مواكب الاحرار)، (عمر يظهر بالقدس)، (ليالي تركستان)، (عمالقه الشمال)، (أميرة الجبل)، (عذراء جاكرتا)، (اعترافات عبد المتجلي)، (امرأة عبد المتجلي)، (الكابوس)، (رحلة إلى الله)، (الرايات السوداء)، (ملكة العنب).

چیرۆکەکان: (عند الرحيل)، (موعدنا غدا)، (العالم الضيق)، (رجال الله)، (فارس هوازن)، (حكايات طبيب).

### بەرهەمی تری:

(المجتمع المرضى)، (الإسلام والقوى المضادة)، (الطريق إلى اتحاد إسلامى)، (مدخل إلى الادب الإسلامى)، (الإسلامية والمذاهب الادبية)، (فى افاق الادب الإسلامى)، (الادب الإسلامى بين النظرية والتطبيق)، (تجربتي الذاتية في القصة الإسلامية)، (لمحات من حياتي، سيرة ذاتية)، (إقبال الشاعر الثائر)، (شوقي في ركاب الخالدين)، (فى رحاب الطب النبوي). لەگەڵ بوونی چەند دیوانێکی شیعری.

### شێوازی نووسینی:

هەر کەسێک رۆمان وچیرۆکەکانی دکتۆر بخوێنیتەوە، کۆمەڵێک تێبینی لا دروست دەبێت:

یەکەم: روحی موسلمانبوون و ئیلتزام بوون بەشێکی گرنگ بووە و ڕەنگدانەوەی زۆری لەسەر ژیانی هەبووە، رۆمانی (نور الله) کە ژیاننامەی پێغەمبەری سەروەرە (درووودی خوای لەسەر بێت)، کاتێک دەیخوێنیەوە بەشێوازێک نووسیتی (کە دواتر باسی شێوازەکەی دەکەین) هەست دەکەی لەگەڵ پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر بێت) هاتووچۆ دەکەی و سوچ و کۆڵانەکان دەبینی، کاریگەر لەسەر خوێنەر لە فیلیمی رسالە کەمتر نییە، چونکە توانای دکتۆر لەسەر وێناکردن و بەرجەستەکردنی دیمەنەکان زۆر بلیمەت و لێهاتوە بوو. ئەوە جگە لە رۆمانی (قاتل حمزة) وبابەتەکانی بە گشتی بەرەو ئەو ئاقارە دەڕوات.

دووەم: سەردەمی ژیانی دکتۆر کۆمەڵێک گۆڕانکاری زۆری بەخۆیەوە بینیووە، سیاسی و فیکری و ئابووری و کۆمەڵایەتی، لەبیرمان نەچێت چەنگی جیهانی دووەم لەسەردەمی ئەودا بووە، رۆمانی (عزراء جاكارتا)، (عومەر يظهر في القدس)، (ليالى تورکستان) باس لەو واقعە دەکات کە سیستمی نوێی جیهانی بەسەر جیهانی موسڵماناندا فەرزی کرد و کردیە ئەمری واقع، هەروەها لە رۆمانی حەمامەت وئەلسەلام باس لە جەنگی جیهانی دووەم دەکات و کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەی میسری.

سێیەم: کاریگەری بەندیخانە و ستەمی شا فارۆق و جەمال عەبولناسری بینیووە، ئەوەش بەزەقی لە نووسینەکانیدا دیارە، رۆمانەکانی (ليل و قضبان) و( الكابوس ) و (اعترافات عبدالمتجلي) و (إمراءة عبدالمتجلي) وبەرهەمەکانی تری ئاماژە بە حاڵی موسڵمانان دەکات لەسەردەمی (فاروق و ناسر).

چوارەم: واقعی کۆمەڵگاو ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکاریانەی بەسەریدا دەهات بە روونی دەبیندرا لە هەموو بەرهەمەکانیدا.

پێنجەم: شێوای نووسینی جێگای سەرنج و گلەیی رەخنەگرەکان بوو، بەتایبەتی لە وێناکردنی پەیوەندی نێوان ژن وپیاو لە بەشە ئیسلامییەکەی، بەرێزیان زۆر دەچووە ناو وردەکارییەکانی ئەو پەیوەندییە، بۆ ئەو کاتەی رابوونی ئیسلامی ئەو بابەتانە بڤەو هەستیار بوو، بەڵام دکتۆر وێنای دەکرد وباسی لێوە دەکرد، (مليكة العنب) يان (عمر يظهر في القودس) يان (ليل و قضبان)، شتێکی نوێ بوو کەسی مولەتزیم لەسەر ئەو بابەتە شت بنووسێت بەو شێوازە وێنای بکات، بەڵام گرفتی رەخنەگرەکان بەقەناعەتی من دادپەروەر نەبوون لە رەخنەکاندا، چونکە گۆڕەپانی ئەدەبی ئەوکاتە کەسی وەک مامۆستا نەجیب مەحفوز و ئیحسان عەبدولقودوسی تێدا بوو، بۆیە دکتۆر توانی هاوشانی ئەوان هەنگاو بنێت و ئەدەبێکی مولتەزیم ببەخشێت، هەردەم بە پێوەری ئەدەبی بخوات و هەم پەیامداریش بێت.

شەشەم: لەگەڵ ئەوەی خەریکی نووسینی رۆمان و چیرۆک بوو، هاوکات رەنگرێژی بۆ قوتابخانەی ئیسلامی دەکرد سەبارەت بە ئەدەب، سەیر نییە ئەگەر بڵێم (سەید قوتب) لە کتابەکانی


(کتب و شخصیات) و (النقد الادبی اصوله ومناهجه) ئاکار ئەدەبی ئیسلامی دیاری کرد، بۆ ئەوەی دکتۆر فراوانتر بێتە ناو ئەو فەزایە، هەر ئەوکاتە قسەو باس لەسەر ئەدەبی ئیسلامی کرا، ئایا ئەدەبێکی مولتەزیمە، یان ناوی ئەدەبی ئیسلامییە، یان ئەدەبی ئیسلامی ئەدەبێکی ئینسانییە، وپێم وایە سەرکەوتوو بوون لەوەی ئەدەبی ئیسلامی وەک ئەدەبێکی ئیسانی بناسێنن، بەوەش هەموو ئەو نووسینانەی کەڵە شاعیر و ئەدیبانی جیهان نوسیتیان بەشێکە لە ئەدەبی ئیسلامی، وەک ڤۆلتێر و گوتە و تۆلیستۆی و هتد، پێشتر و پاشتریش تا ئێستا، هەر ئەو ئاراستەیە کتابەی دکتۆر (عیمادالدین خلیل)ی هێنا بوون لەسەر رەخنەی ئەدەبی، ئەو مەنهەجە دوای ئەوانە خزمەت نەکرا و کەلێنێکی گەورەی بەجێهێشت لەو بوارە.

حەفتەم: هەروەک چۆن زۆر سەرکەوتوو بوو لە وێنا کردنی دەم وچاوەکان ئەوهاش سەرکەوتوو بوو لە مامەڵە کردن لەگەڵ سروشت و جوانی ئەو بوونەوەر جوانە.

هەشتەم: دووریش نەبوو لە نمایشکردنی واقعی ناو ناخی مرۆڤەکان، چۆن بەرز بوونەوەو دابەزین بەخۆیەوە دەبینی، وچۆنیەتی کارگەری لەسەر بڕیارەکان.

**خوێندنەوەیەك بۆ رۆمانی کۆتری ئاشتی (حمامه السلام):**

ئەو رۆمانە باس لە گوندێک دەکات لە ولاتی میسر، کارەکتەرەکانی لەسەردەمی دەرەبەگ و ئاغایەتیدان، بەهەمان شێوەی لای خۆشمان تەمسیلی و چیرۆکەکانی کوردیش باسی لە دەرەبەگ و ئاغا دەکرد، من لێرانە باس لە راست و دروستی بابەتەکە ناکەم بەڵام وێنەکە دەگوازمەوە، کەسێک بەناوی حاجی عەبدولوەدود، دەستی بەسەر داهات و خێر وبێری ئەو گوندە داگرتوەو وخاوەن دەسەڵاتێکی رەهایە، بەتایبەتی کە خاوەن چوار کوڕی خاوەن بڕوانامەی بەرزن بۆ ئەو کات، بەتایبەتی یەکیان پزیشکە، ئەویتری ئەندازیار و مامۆستاو ژمێریار، دوو کوڕیشی خوێندنیان تەواو نەکردوە لەبەر کاروباری باوکیان، هەیبەت و دەسەڵاتی حاجی عەبدوولوەدود پەڵەیەکی رەشی بەسەر گوند و خەڵکی ئەو گوندەدا گرتبوو، بەشێوەیەک هیچ کەسێک توانای قسەکردنی نەبوو لەبەرامبەری، تەنیا کەسێک نەبێت، ئەویش رەبیعی کوڕی بوو، دەیتوانی لەبەردەم باوکی قسە بکات، دکتۆر لەم رۆمانەدا ئەوە دەخاتە روو کە ژنەکەی حاجی ئەوەندە ئێسکگران و ناشیرین بوو کەش و هەوای ناو ماڵی هەموو تێک دابوو، چەندین جار حاجی بەخۆی ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە ژنەکەی زۆر ناشیرین و ناحەزە بەڵام ژنێکی عاقڵ و ئیدارییە، توانای بەڕێوەبردنی ماڵی هەیە، وای پێشان دەدات کە ئەو ژنەی لەبەر عەقڵ و دانایی هێناوە، بەڵام رەبیعی کوڕی پێی گوت تۆ داکمت لەبەر پارەو پول هێناوە، چونکە کچی پیاوێکی دەوڵەمەند بووە و چاوت لەسەرمایەی باوکی بووە، دواتر راست دەرچوو بوو، مولک وماڵیکی زۆری لەگەڵ خۆی هێنا بوو، بەڵام هەردەم وەک شتێکی ناحەز وناشیرین وەسفی دەکرد و گلەیی لێ هەبوو، بەوەی تا ئێستا نازی ئەو پیاوەی هەڵنەگرتووەو قسەی خۆشی لەگەڵ نەکردووە، بۆیە کاتێک (سەکینە) کە کچە هەژارێکە وبێ دایک گەورە بووە بەڵام لە جوانی وەسف ناکرێت سەردانی دەکات لەکاتی نەخۆشی کە پێشتر رەبیعی کوڕی دەست لەسەر دانا بوو و بەباوکی گوتبوو کە دەیەوێت بیخوازێت و





هاوسەرگیری لەگەڵ بکات، هەر کە چاوی پێ دەکەوێت دەکەوێتە دڵی، بۆیە لەناکات دیمەنی رووداوەکان دەگۆڕدرێت لەکاتێک کە هەموو خەڵک دیهاتەکە حاجی تورەن لەبەر گرانکردنی نرخی کرێ زەوی و نارەزایی خەڵک حاجی دەچێتە ماڵی سەکینە و خوازبێنی دەکات، باوکی سەکینە وا دەزانێت بۆ رەبیعی کوڕیت بەڵام کاتێک دەستی دەخاتە دەستی باوکی سەکینە ناوی خۆی دێنێت وشلەژاویەک دروست دەبێت، بەڵام هەر زوو باوکی سەکینە رازی دەبێت وئەو هەواڵە وەک ئاگری ناو پوش بڵاو دەبێتەوەو هەموو خەڵکی گوند بەوە دەزانن.!!

دوای ئەوەی حاجی بەرەنگاری نارەزایی خێزانی و منداڵەکانی دەبێتەوە بریارەکەی خۆی دەباتە سەر و سەکینە دەگوازێتەوە.

هاوکات دکتۆر کەسایەتییە زانا و سۆفییەکان بە جوانی وەسف دەکات و بە هۆکاری خێر و ئاشتی و چاکسازی دەناسێنێت، کاریگەری قسەباشەکانیان لەسەر حاجی وێنا دەکات لەگەڵ قسە باشەکانی سەکینە، وا دەکات کاروباری ئەو کۆمەڵگایە بەرەو ئاشتی و ئاشتبونەوە ببات، بۆیە حاجی نازناوی کۆتری ئاشتی بۆ سەکینە دیاری دەکات، ئەو شەوەی بی گرفت و رقی خەڵک دەخەوێت و پشوو دەدات دەڵێ ئەوە هەموو لە نێوچەوانی تۆ بوو کۆتری ئاشتی. کورتیەکەی دکتۆر دەیەوێت بڵێت ژنی باش و ژیر و جوان و عاقڵ ئاراستەی پیاو دەگۆڕێت ودواتر ئاراستەی کۆمەڵگاش دەگۆڕێت.

# بڵاوکراوەی نوێی
# سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی




زنجیرە (٧٩)ی کتێبی
**سەنتەری زەهاوی**
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری
(٤٣٠) لاپەڕە




زنجیرە (٨٠)ی کتێبی
**سەنتەری زەهاوی**
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری
- چاپی دووەم . (١٣٦) لاپەڕە




زنجیرە (٨١)ی کتێبی
**سەنتەری زەهاوی**
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری
(٤٢٧) لاپەڕە

## بڵاوکراوەی نوێی
## ڕێکخراوی هزیی و ڕۆشنبیری خاڵ




## ڕۆژژمێری خاڵ

ئەم ڕۆژژمێرە گرنگترین ڕووداوەکانی لەخۆ گرتووە، یاوەری خوێنەرە لەماوەی ساڵێکدا بۆ تۆمارکردنی یاداشتەکانی و ئاگاداربوون لەڕووداوە گرنگەکانی ڕابردوو.

دابەشکاری سەرەکی کتێبخانەی ڕێدار
٠٧٥٠٤٦٠٣٩١٥
٠٧٧٠٤٦٠٣٩١٥

# بڵاوکراوەی نوێی
# ڕێکخراوی هزیی و ڕۆشنبیری خاڵ




## بڵاوکراوەی نوێی خاڵ

کتێبی ڕیشەی ئیلحاد لەکوردستان

لەنووسینی: مەسعود عەبدولخالق

دابەشکاری سەرەکی کتێبخانەی ڕێدار

٠٧٥٠٤٦٠٣٩١٥

٠٧٧٠٤٦٠٣٩١٥

دواخاڵ



# گرفتی عەقڵ و نەقڵ لە کوێدایە

تۆفیق کەریم

پێشخستن و دواخستنی عەقڵ و نەقڵ بەسەر یەکدیدا، لە قۆناغێکی مێژووی موسڵمانانندا هەرایەکی گەورەی نایەوە و کردی بە دوو بەرەی دژ بەیەک، چەندین زانا و گەورە پیاو بە هۆیەوە زیندانی کران، دەسەڵاتداریێتی بەشێوەیەک سەرقاڵکرد نەیپەرژێتە سەر ئەرکەکانی و بووە بەشێکی ئەم چەلەحانەیە.

عەقڵ و نەقڵ دوو بەخششی خودان بۆ ڕێنمونی مرۆڤ، لەیەک ئاڵێنراون و جیاناکرێنەوە، خۆ مرۆڤی نائاوەز لە هیچ شەریعەتێکی ئاسمانی و زەمینیدا لە ڕووی ئەرکبارکردنەوە لێپرسینەوەی لەسەر نییە، شەریعەتیشی پێنەگەیشتبێت هیچ ئەرکێکی لەسەر نییە، لەلایەکی دیکەوە هەموو ئاوەزی مرۆڤایەتی کۆکەرەوە، پەی بە وردەکارییەکانی شەریعەت، کە بە نەقڵ بە ئێمە گەیشتوون نابات، لە نموونەی وردەکاری: نوێژ و زەکات و حەج و بابەتەکانی دیکە. ئەگەر لە بابەتە سەرەکییەکاندا، وەک ناسینەوەی پەروەردگاری جیهانیان، زەرورەتی بەندایەتیکردن، باوەڕبوون بە سیفاتە بەرزەکانی، بە عەقڵیش پەییان پێ ببرێت، دەگونجێت کۆمەڵە عەقڵێکی دیکە نکوڵیان لێ بکەن و چەندین بەڵگەیان بۆ بێ باوەڕیەکەیان هەبێ.

لە ڕووەکەی دیکەشەوە هەرچی نەقڵ و دەقی جوان و پیرۆز و بەپێز هەن، ئەگەر عەقڵێکی بەهێز لێکیان نەداتەوە و چۆنیەتی جێبەجێکردنیان نەڵێن، ئەو دەقانە لەو بەرزیەوە هەر بە پیرۆزی دەمێننەوە، نایەنە ناو کۆمەڵگە و لە واقیعی ژیاندا جێبەجێ ناکرێن. دەکرێت هەر بەم لۆژیکە مامەڵەش لەگەڵ بابەتی دیاریکردنی جوان و ناشیرین بکەین، واتە: کێ دیاریکاریانە، عەقڵ یان نەقڵ؟ وەڵامی هەڵەی ئەم پرسیارە لەوەدا زەق دەبێتەوە کە لەم دوو چەمکە پێکەوە ئاڵاوە وەک دوو هاودژ و ناتەبا بڕوانین، بە پەرۆش بین بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێی نێوانیان و خێرا عەقڵ یان نەقڵ بکەینە خانەخوێ و ئەویدیکەیان دەرپەڕێنینە دەر، ئیدی ئەوەمان بیرچێتەوە کە سەرچاوەی ئەم دووە تەنها زاتێکە.

دەبوو لەبری ئەوە بپرسرایە: ئایا عەقڵ و نەقڵ لە کوێدا بوونەتە دژی یەک و لە چەند شوێندا ناکۆکن؟ ئەو بابەتە نەقڵیانە کامانەن کە جوانن، کەچی بەلای عەقڵەوە ناشیرینن؟ ئەدی پەسەندکراوەکانی عەقڵی سەلیم کامانەیە وا نەقڵ بە ناپەسەندی دادەنێت؟ هەر لەم کێشمەکێشەدا گرفتێکی بێ چارەسەر سەبارەت بە خودی قورئانی پیرۆز داهێنرا، خالیقە یان مەخلوق، لەکاتێکدا خودی پرسیارەکە داهێنراوێکی ناپەسەند و بێ جێیە. چونکە وەڵامەکەی هەرچی بێت گەردیلەیەک کەم وزیاد لە ژیان ناکات.

ئەم مشتومڕە سەختە خەڵکێکی زۆری لەسەر گۆشکراو نووسین و کتێبی دەربارە دانرا، هەتا بوو بە دوو قوتابخانەی سەربەخۆ و هاودژ، کە هیچ لایەکیان دانی خێری بەوی دیکەیاندا نەدەهێنا، تا هەنووکەش بوونیان هەیە، پێناچێت بەو ئاسانییەش بسڕێتەوە و کۆڵ بدەن، ئەم دوو قوتابخانەیە لە خاڵی ئەرێنی خەرمانێک لە فیکر و خزمەتیان پێشکەش کردووین، زانای گەورە و مەزنیان پێگەیاند، بزووتنەوەیەکی مەعریفی فرە ڕەهەندیان خستەگەڕ، ئەگەر ململانێکە ڕیشەی عەقیدەیی بۆ دانەهێنرابا و سیاسییەکان سپۆنسەریان نەکردبا، بە دڵنیاییەوە خزمەتی گەورەی لە بوارە فیکری و مەعریفییەکەدا دەکرد، بەڵام بەداخەوە بەو ساتەوە تا هەنووکەش، ململانێکە وەک خۆی ماوە و چەندین جۆری تۆمەت دەدەنە پاڵ یەکدی تا سنووری بەکافرکردن.